




# له ”ڕۆژنامەی کوردستان“

# و”کوردستان میدیا“وه

ڕەزبەری ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- خوێندن له سێبەری هەژاری، جیاکاری و قەیراندا؛ تێڕوانینێک بۆ دۆخی پەروەردە و فێرکردن له ئێران و کوردستان....
........................................................................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ٤
٢- ئێمە پتر خۆمان بە ئێرانی دەزانین!......................................... مستەفا مەولوودی ..... ١١
٣- کەریم پەرویزی: خەباتێک توانای خۆنوێکردنەوەی سیستماتیکی هەبێ، هەرگیز بە تێرۆری ڕێبەرەکانی تووشی نسکۆ نابێت.......................................................................... شەهرام سوبحانی ..... ١٥
٤- ورمێ لە نێوان بەربەستە پێکهاتەییەکان و واقعی ڕاستەقینەی شەقام.................... شاڕوخ حەسەنزادە ..... ٢١
٥- میکۆنۆس؛ جینایەتێکی لەبیرنەکراو و زامێکی سارێژنەبوو!.................................. هەیاس کاردۆ ..... ٢٥
٦- کرانەوەی فوتابخانەکان و زانکۆکان............................................... ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ٣١
٧- کورد و هاوکێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست!........................................ عەزیم ئەلیاسی ..... ٣٧
٨- شۆڕشی ژینا لە ڕووی بابەتی و چۆنیەتییەوە هەروا لە لووتکەدایە............................ مستەفا مەعرووفی ..... ٤٢
٩- گەڕان بە ئەشقی وشەوە (ئاوڕدانەوەیەک لە شێعری سەحەر موعیزی)........................... سارۆ خوسرەوی ..... ٤٧
١٠- لە پەراوێزی قسەکانی مەسعوود پزشکیان لە ٨١مین کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا...............................
.............................................................................. مستەفا مەولوودی ..... ٥٢
١١- فۆرموڵەکانی بێدەنگی و گوللەکانی بێرلین................................................. زانیار حوسێنی ..... ٥٩
١٢- کێشەی بنەڕەتیی ئابووریی ئێران نەبوونی ئازادییە........................................ فەرهاد سلێمانپوور ..... ٦٥
١٣ -پێشمەرگە؛ چەمکێکی گرێدراوی بزووتنەوەی مەدەنی - سیاسیی کورد..................... د. ئازاد محەممەدیانی ..... ٧٢
١٤- ئێمە پتر خۆمان بە ئێرانی دەزانین!........................................................ مستەفا مەولوودی ..... ٧٥
١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ لە پرسێکی نێوخۆییەوە بۆ سەنگ و قورساییەکی ژێئۆپۆلیتیکی!.......... ڕەزا دانشجوو ..... ٧٨
١٦- بەباکردنی خەرمانی کۆمیتەی ئیمداد....................................................... دارسمە ..... ٨٣
١٧- پزشکیان؛ گورگێک لە پێستی مەڕدا........................................................ عادڵ درەخشانی ..... ٨٦
١٨- نوخبەی سیاسی؛ خوڵقێنەری گۆڕانکاری یان بەڕێوەبەری دۆخی ئارایی؟........................ سەلام سەدیقی ..... ٩٢
١٩- سەروتاری ڕۆژنامە: «تێپەڕینی کات لە زیانی کۆماری ئیسلامییە»........................... حەسەن شێخانی ..... ٩٦
٢٠- ناسر باباخانی: هێرشەکانی ٦ی ڕەزبەر، نیشانەی دەستەپاچەیی و داماویی کۆماری ئیسلامی بوو نەک باڵادەستی.......



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەزبەری ٢٧٢٦


........................................................................................... وتووێژ: ناسر باباخانی ..... ١٠١

٢١- چەند سەرنجێک لەسەر وتارەکەی پزشکیان لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.......... عومەر باڵەکی ..... ١٠٩

٢٢- ئازاری کوردبوون لە وڵاتێکدا بە ناوی ئێران............................................ هەیاس کاردۆ ..... ١١٤

٢٣- کورتە وڵامێک بۆ بانگەشە و چەواشەکارییەکانی کۆنسوولی ئێران لە هەولێر................................ ١١٩

٢٤- دیسکۆرسی نوێ و ئامانجەکانمان......................................... ناهید حوسێنی ..... ١٢٢

٢٥- کاتێک ئەمریکا دەکشێتەوە.................................................. وەرگێڕانی کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٢٦

٢٦- ماشێنی مەرگ و قەیرانی مافی ژیان لە ئێران........................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ١٣٠

٢٧- نیشتمانپەروەری وەک ڕێباز.............................................................. عەلی فەتحی ..... ١٣٥

٢٨- پاشەکشەی ئیدئۆلۆژیک...................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٤٠

٢٩ سیاسەت بە وشەکانەوە دەست پێ دەکات..................................................... ئازاد مستۆفی ..... ١٤٤

٣٠- لە بانگەشەی سەقامگیرییەوە بۆ پەلەقاژە لەپێناو مانەوەی زیاتردا............................... عەلی بداغی ..... ١٤٩

٣١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمەنی سیاسیی دوێنێ و ئەمڕۆدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان......................

........................................................................................... حەسەن قارەمانی ..... ١٥٣

٣٢- خالید عەزیزی بۆ ڕووداو: گوشارەکان بزووتنەوەی کورد ناسڕنەوە؛ ڕیشەمان لەنێو ملیۆنان مرۆڤدایە............. ١٦١

٣٣- لە بڕیاری تاکەوە بۆ سەقامگیریی ئابووری؛ شۆڕشی زانستیی دوو براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئابووریی ٢٠٢٦...............

........................................................................................... ئەمیر سوڵتانی ..... ١٦٥

٣٤- د. جەواد دانشپەژووهـ: ئەگەر بەپەلە شایەدیی شایەتحاڵەکان تۆمار نەکرێت، تووشی کارەساتی سڕینەوەی مێژوو

دەبینەوە................................................................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٦٩

٣٥- هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ پێویستییەک لە قۆناغی گۆڕانکاریی ئێراندا............................

........................................................................................... شەهێن زادئەحمەد ..... ١٧٥

٣٦- بۆچی ئەنتێگرە نابین؟........................................................................ کەریم پەرویزی ..... ١٨١

٣٧- کوردستان؛ لە پێشەنگایەتیی شۆڕشەوە تا نەخشەڕێگای داهاتووی ئێران (ڕۆڵی حیزبەکانی کوردستان لە قۆناغێکی

چارەنووسسازدا)............................................................................. ئەهوەن ڕۆژهەڵات ..... ١٩٣

٣٨- ئێران لە بەردەم گۆڕانکاریی مێژووییدا...................................................... ئیبراهیم لاجانی ..... ١٩٧

٣٩- کلکی سەرۆکی ئەشکەنجەگەران بە تەڵەوە بوو!؛............................................. هەیاس کاردۆ ..... ٢٠٣

٤٠- نەبوونی «هەیئەتی حاکمە» لە ئێران؛ شیکاریی ناسیستمێکی قەیرانساز؛............................. حەسەن شێخانی ..... ٢٠٨

٤١- خاوتکار، خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی کورد و پارسان........................................... سارۆ خوسرەوی ..... ٢٠١٤

# خوێندن لە سێبەری هەژاری، جیاکاری و قەیراندا؛ تێڕوانینێک بۆ دۆخی پەروەردە و فێرکردن لە ئێران و کوردستان





ئیبراهیم لاجانی

لە کاتێکدا ساڵی نوێی خوێندن دەست پێدەکات، ملیۆنان قوتابی و خێزانەکانیان لە جیاتی ئەوەی بە هیوا و دڵخۆشییەوە پێشوازی لە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان بکەن، بە نیگەرانییەکی قووڵەوە ڕووبەڕووی داهاتووی خوێندنی منداڵەکانیان دەبنەوە. دەستپێکی ساڵی خوێندن بە سروشتی خۆی دەبێت بۆنەیەک بێت بۆ نوێبوونەوەی هیوا، پشکوتنی تواناکان و

گەشەکردنی نەوەی داهاتوو؛ بەڵام لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم بۆنەیە بۆ بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بووەتە وەبیرهێنەرەوەیەکی دیکەی هەژاری، نایەکسانی و بێدادیی کۆمەڵایەتی.

پەروەردە و فێرکردن تەنیا پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری نییە؛ بەڵکوو بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، پەرەپێدانی هۆشیاری، بەهێزکردنی ناسنامە و گەشەپێدانی کەسایەتیی مرۆڤە. هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ سیستەمێکی پەروەردەیی دادپەروەرانە و پێشکەوتوو ناتوانێت بەرەو ئازادی، دێموکراسی و گەشەپێدانی بەردەوام هەنگاو بنێت. بەڵام سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، پەروەردەیان لە مافێکی بنەڕەتییەوە گۆڕیوە بۆ دەرفەتێکی نایەکسان کە ڕادەی دەستڕاگەیشتن پێی، زیاتر بە داهات و پێگەی کۆمەڵایەتیی خێزانەکانەوە بەستراوەتەوە.

## هەژاری و مەترسیی بێبەشبوون لە خوێندن

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، هەڵکشانی بێوچانی نرخەکان، دابەزینی توانای کڕینی خەڵک، بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان و مووچەی ژێر هێڵی هەژاری، ژیانی کرێکاران، مامۆستایان و توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگەی خستووەتە ژێر فشارێکی بێوێنەوە. لە وەها بارودۆخێکدا، دابینکردنی سادەترین پێداویستییەکانی خوێندنیش بۆ هەزاران خێزان بووەتە بارێکی قورس.

نرخی کتێب و دەفتەر، قەڵەم و کەلوپەلی خوێندن، جلوبەرگی قوتابخانە، کرێی هاتووچۆ و ئەو پارەیەی بە ناونیشانی جۆراوجۆر لە دایک و باوکەکان وەردەگیرێت، ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبێت. خێزانێک کە لە دابینکردنی نان و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیاندا تووشی کێشەیە، چۆن دەتوانێت تێچووی خوێندنی چەند منداڵێک دابین بکات؟ دەرئەنجامی ئەم دۆخە، زیادبوونی ژمارەی ئەو منداڵانەیە کە ناچار دەبن قوتابخانە جێبهێڵن، زوو بچنە بازاڕی کار، یان بەهۆی نەبوونی دەرفەتی یەکسانەوە لە درێژەدان بە خوێندن بێبەش بن.

لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا باس لە خوێندنی خۆڕایی دەکرێت، بەڵام لە کردەوەدا ئەم بەڵێنە لە نێوەڕۆک بەتاڵ کراوەتەوە. بە کەرتی تایبەتکردنی پەروەردە، گەشەی قوتابخانە ناحکوومییەکان و سەپاندنی خەرجیی جۆراوجۆر بەسەر خێزانەکاندا، مافی خوێندنی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان کردووەتە کاڵایەکی بازاڕی. بەم شێوەیە، کوڕ و کچی خێزانێکی دەوڵەمەند لە دەرفەتی فێربوونی باشتر بەهرەمەند دەبن، بەڵام منداڵی بنەماڵەیەکی کرێکار، کۆڵبەر، جووتیار و خێزانە هەژارەکان لە خراپترین بارودۆخی خوێندندا بەجێ دەمێنن.

## قەیرانێکی قووڵ و پێکهاتەیی

فشاری ئابووری تەنیا بە خێزانەکانەوە سنووردار نییە؛ سیستەمی پەروەردە و فێرکردن خۆی لەنێو قەیرانێکی قووڵ و فرەڕەهەنددایە. کەمیی مامۆستای پسپۆڕ، قەرەباڵغیی پۆلەکان، کۆن و مەترسیداربوونی بینای قوتابخانەکان، نەبوونی پێداویستییە بنەڕەتییەکان و دابەزینی ئاستی فێرکردن، تەنیا بەشێکن لەو کێشانەی سیستەمی پەروەردەیی ئێرانیان گرتووەتەوە.

دەسەڵات لە جیاتی دانانی بەرنامەیەکی زانستی و درێژخایەن، پەنا بۆ چارەسەری کاتی و ناجێگیر دەبات. بەکارهێنانەوەی مامۆستایانی خانەنشین، زیادکردنی کاتژمێری وانەوتنەوە، دامەزراندنی کاتی و بەکارهێنانی مامۆستایانی گرێبەست بە مووچەی کەم، نیشانەی نەبوونی سیاسەتێکی بەرپرسانەیە. ئەم ڕێوشوێنانە نەک هەر قەیران چارەسەر ناکەن، بەڵکوو ماندووبوونی مامۆستایان، لاوازبوونی کوالیتیی فێرکردن و نائەمنیی پیشەیی زیاتر دەکەن.

بارودۆخی ژیان و گوزەرانی مامۆستایانیش بەشێکی جیانەکراوەی ئەم قەیرانەیە. مامۆستا کە ڕۆڵی بنەڕەتی لە پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوودا هەیە، بە مووچەیەک ژیان دەکات کە لەگەڵ تێچووی ڕاستەقینەی ژیان یەک ناگرێتەوە. زۆرێک لە مامۆستایان ناچار دەبن بۆ دابینکردنی ژیانی خێزانەکانیان کاری دووەم و سێیەم بکەن. لە هەمان کاتدا، دەسەڵات لە جیاتی گوێگرتن لە داخوازییە ڕەواکانیان، وەڵامی کۆبوونەوە و ناڕەزایەتیی مەدەنیی مامۆستایان بە بانگهێشتکردن، هەڕەشە، زیندان و دەرکردن لە کار دەداتەوە.

## سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای دواکەوتووانە

یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەروەردەیی کۆماری ئیسلامی، ئایدیۆلۆژیکردنی قوتابخانە و نێوەرۆکی خوێندنە. لە جیاتی ئەوەی قوتابخانە شوێنی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، زانست، داهێنان و لێکگەیشتنی مرۆڤانە بێت، دەسەڵات هەوڵی داوە بیکاتە ئامرازێک بۆ سەپاندنی بیروباوەڕی فەرمیی حکوومەت.

بودجە و سەرچاوەی بەرچاو بۆ بەرنامە و چالاکییە ئایدیۆلۆژییەکان تەرخان دەکرێت، لە کاتێکدا قوتابخانەکان لەگەڵ کەمیی مامۆستا، کەلوپەل، ئامێری گەرمکەرەوە، تاقیگە، کتێبخانە و شوێنی وەرزشی ڕووبەڕوون. بەرپرسانی ڕێژیم لە

کۆنترۆڵکردنی ژینگەی قوتابخانە و چاودێریی هزریی قوتابییان دەدوێن، بەڵام بەرامبەر بە هەژاری، جێهێشتنی خوێندن و دابەزینی ئاستی فێرکردن بێدەنگن.

ئەم سیاسەتە دوژمنایەتییەکی ئاشکرایە لەگەڵ ئەرکی ڕاستەقینەی پەروەردە؛ چونکە فێرکردنی سەردەمیانە دەبێت قوتابی بۆ پرسیارکردن، بیرکردنەوە و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئامادە بکات، نەک بۆ گوێڕایەڵیی بێمەرج و قبووڵکردنی بیرێکی سەپێنراو.

## قوتابی و مامۆستا؛ دەنگی ناڕەزایەتی و گۆڕان

لە ساڵانی ڕابردوودا، قوتابخانە و زانکۆکان تەنیا ناوەندی فێربوون نەبوون؛ بەڵکوو بوونەتە یەکێک لە مەیدانە سەرەکییەکانی دەربڕینی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی. بەشداریی بەرچاوی خوێندکاران و قوتابییان، بەتایبەتی کچان، لە بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی ساڵانی دواییدا نیشانی دا کە نەوەی نوێ ئامادە نییە ستەم، جیاکاری و سووکایەتیکردن بە کەرامەتی مرۆڤ قبووڵ بکات.

نەوەی نوێ داوای ئازادی، یەکسانی، مافی هەڵبژاردن و ڕێزگرتن لە ناسنامەی خۆی دەکات. هەر بۆیە، نیگەرانیی سەرەکیی دەسەڵات نەک چاکسازیی پەروەردە، بەڵکوو کۆنترۆڵکردنی قوتابخانە و خامۆشکردنی دەنگی ناڕازیی قوتابی و مامۆستایە. ئەمنیکردنی ژینگەی خوێندن و بەربەست دروستکردن لەبەردەم چالاکییە مەدەنی و پیشەییەکاندا، بەشێکە لە سیاسەتی گشتیی ڕێژیم بۆ بەرتەسککردنەوەی مەیدانی کۆمەڵگە.

بەڵام ئەزموون نیشانی داوە کە قوتابخانە بە سەرکوت و چاودێریی ئەمنی خامۆش ناکرێت؛ پرسیار و داواکاریی نەوەی نوێ لە ناخی ئەو قەیرانانەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەسەڵات خۆی بەرهەمی هێناون.

## پەروەردە لە کوردستان؛ بێبەشییەکی چەندلایەنە

لە کوردستانی ئێراندا، قەیرانی گشتیی پەروەردە لەگەڵ بێبەشی، نایەکسانی و جیاکاریی مێژوویی تێکەڵ بووە و دۆخێکی ئاڵۆزتر و نادادپەروەرانەتری دروست کردووە. ئەو سیاسەتە ناوەندگەرا و نادێموکراتیکانەی کە لە ماوەی دەیان ساڵدا بەسەر کوردستاندا سەپێنراون، لە بواری پەروەردەشدا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە.

زۆرێک لە شار، گوند و ناوچە سنووری و شاخاوییەکانی کوردستان بەدەست نەبوونی قوتابخانەی ستاندارد، کەمیی مامۆستای پسپۆڕ، بودجەی ناتەواو، خراپیی ڕێگاکانی هاتووچۆ و نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانەوە دەناڵێنن. هەزاران قوتابی ناچار دەبن هەموو ڕۆژێک ڕێگایەکی دوور و مەترسیدار ببڕن تا بگەنە قوتابخانە. لە هەندێک ناوچەشدا، منداڵان لە بینای کۆن و نائەمن، کۆنتێنەر یان ژوورە ناتەواوەکاندا دەخوێنن.

هەژاری، بێکاری، پەرەنەسەندوویی و نەبوونی دەرفەتی ئابووری وای کردووە بەشێک لە منداڵانی کوردستان پێش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن، قوتابخانە جێبهێڵن. هەندێکیان ناچار دەبن بۆ یارمەتیدانی خێزانەکانیان دەست بە کار بکەن و هەندێکیش ڕوو لە کارە مەترسیدارەکانی دیکە دەکەن. ئەمە تەنیا کێشەیەکی ئابووری نییە؛ بەڵکوو دەرئەنجامی سیاسەتی سیستماتیکی بێبەشکردن و نادادپەروەریی ناوەندە بەرامبەر بە کوردستان.

## زمانی دایک؛ مافێکی بنەڕەتی و نکۆڵیلێکراو

یەکێک لە دیارترین ڕووەکانی جیاکاری لە سیستەمی پەروەردەیی ئێراندا، بێبەشکردنی منداڵانی کوردە لە خوێندن بە زمانی دایکی خۆیان. زمان تەنیا ئامرازی پێوەندی نییە؛ بەڵکوو هەڵگری ناسنامە، مێژوو، کولتوور، بیرەوەریی کۆمەڵایەتی و جیهانبینیی هەر گەلێکە. فێربوون بە زمانی دایک، مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤ و یەکێکە لە پێداویستییەکانی دادپەروەریی پەروەردەیی.

منداڵی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەوە ناچار دەکرێت بە زمانێک بخوێنێت کە زۆرجار زمانی ماڵ و ژینگەی ژیانی نییە. ئەم گۆڕانە لە قۆناغێکی هەستیاردا دەتوانێت پرۆسەی فێربوون دژوار بکات، هەستی نامۆیی دروست بکات و باوەڕبەخۆبوونی منداڵ لاواز بکات. لە هەمان کاتدا، نکۆڵیکردن لە زمانی کوردی هەستی بێبەشی و پشتگوێخستنی ناسنامەی نەتەوەیی قووڵتر دەکاتەوە.

داواکاریی خوێندن بە زمانی دایک دژایەتی لەگەڵ هیچ زمان یان گەلێکی دیکە نییە؛ بەڵکوو داواکارییەکە بۆ یەکسانی، دادپەروەری و ڕێزگرتن لە فرەچەشنیی نەتەوەیی و کولتووریی ئێران. دابینکردنی ئەم مافە دەبێت بەشێکی بنەڕەتی بێت لە هەر بەرنامەیەکی دیموکراتیک بۆ داهاتووی ئێران.

## پەروەردە؛ مەیدانی خەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری

چارەسەری قەیرانی پەروەردە بە دروشم، ڕێوشوێنی کاتی و گۆڕینی چەند بەڕێوەبەرێک بەدی نایەت؛ ئەم قەیرانە لە سروشتی نادێموکراتیک، ناوەندگەرا و جیاکارانەی سیستەمی سیاسیی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت. دەسەڵاتێک کە سەرچاوەی گشتی بۆ دامودەزگا سەرکوتکەرەکان و پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکانی خەرج دەکات، بەڵام مامۆستا، قوتابی و قوتابخانە لە سادەترین پێداویستییەکان بێبەش دەکات، ناتوانێت بانگەشەی دادپەروەریی پەروەردەیی بکات.

پێویستە خوێندنی گشتی خۆڕایی، بە کوالیتیی بەرز و بەردەست بێت بۆ هەموو منداڵان؛ بودجەی پەروەردە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت؛ ژیان و کەرامەتی پیشەیی مامۆستایان دەستەبەر بکرێت؛ قوتابخانەکان لە دەستێوەردانی ئەمنی و ئایدیۆلۆژیک بپارێزرێن؛ مافی چالاکیی پیشەیی و مەدەنی بپارێزرێت و منداڵانی نەتەوەکانی ئێران بتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن.

لەگەڵ هەموو فشار و بەربەستەکاندا، مامۆستایانی خەباتکار، قوتابیانی هۆشیار و خێزانە بەرپرسیارەکان هێشتا گرنگترین هێزی بەرگریکردنن لە مافی خوێندن. خەباتی مامۆستایان بۆ مووچەی شیاو، پەروەردەی خۆڕایی و کۆتاییهێنان بە جیاکاری، تەنیا داواکارییەکی پیشەیی نییە؛ بەڵکوو بەشێکە لە خەباتی گشتیی خەڵک بۆ ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کەرامەتی مرۆڤ.

داهاتووی کۆمەڵگە لەنێو پۆلەکانی قوتابخانەدا بنیاد دەنرێت. کۆمەڵگەیەک کە منداڵەکانی لە خوێندن بێبەش بکات، مامۆستاکانی بخاتە ژێر فشار و زمان و ناسنامەی نەتەوەکان نکۆڵی لێ بکات، بناغەکانی داهاتووی خۆی لاواز دەکات. بە پێچەوانەوە، دابینکردنی خوێندنی یەکسان، زانستی و ئازاد، هەنگاوێکی بنەڕەتییە بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک.

لە کوردستان، خەبات بۆ قوتابخانەیەکی باشتر لە خەبات بۆ مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان جیا نییە. مافی خوێندن بە زمانی دایک، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان، کۆتاییهێنان بە بێبەشی و بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا، هەموویان بەشێکن لە پرسی دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس.

ڕەزبەری ٢٧٢٦

بۆیە بەرگری لە مافی خوێندنی یەکسان بۆ هەموو منداڵانی ئێران و کوردستان، ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، بەرگرییە لە داهاتوو؛ داهاتوویەک کە تێیدا هیچ منداڵێک بەهۆی هەژاری، ڕەگەز، شوێنی ژیان، زمان یان ناسنامەی نەتەوەییەوە لە خوێندن بێبەش نەکرێت؛ داهاتوویەک کە قوتابخانە تێیدا نەک ناوەندی سەپاندن، کۆنترۆڵ و زۆرداری، بەڵکوو مەیدانی فێربوون، ئازادی، یەکسانی و گەشانەوەی مرۆڤ بێت.

ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# گوشار بۆ سەر بنەماڵەی ژینا ئەمینی ئەوان پتر خۆشەویستتر دەکات





**مستەفا مەولوودی**

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی خەڵکی کوردستان بە پیر بانگەوازی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتن، مانگرتنێک کە زۆر ڕێکخراو، کەسایەتیی سیاسی و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیان گرتبوو و ئەم مانگرتنەش کە لە چوارەمین تاڵیادی کوشتنی ژینا ئەمینیدا و بۆ بەرزنرخاندنی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» بەڕێوە چوو؛ جارێکی دیکە زیندوویەتیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی پێشان دایەوە.

دوای بەڕێوەچوونی ئەو مانگرتنە، کاک ئەمجەد ئەمینی (باوکی ژینا) پەیامێکی ئەمەگناسیی سەبارەت بە بەشداریی زۆر و هەراوی خەڵکی کوردستان لەو مانگرتنەدا و هاوخەمیی خەڵک و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا بڵاو کردەوە. کاک ئەمجەد لە پەیامەکەیدا سپاس و پێزانینی بنەماڵەکەی بۆ پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان بۆ یادکردنەوەی ژینای جگەرگۆشەیان دەربڕی و جارێکی دیکە تاوانی کوشتنی ژینا و هەزاران تاوانی دیکەی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم کردەوە.

دوای ئەو پەیامە کورت و مانادارەی کاک ئەمجەد ئەمینی، لە هەژمارەکانی ڕێژیم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها نەیارانی کورد کە بەناو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییشن، بە دەمارگرژیی لەڕادەبەدەر و بەزاندنی سنووره ئەخلاقی و مرۆییەکان بێڕێزییەکی زۆریان بەو بنەماڵە بەڕێزه کرد؛ بۆ؟ چونکی وەک ئەوان دەڵێن گۆیا کاک ئەمجەد لە هێمای «تەجزیەتەڵەبی» کەڵکی وەرگرتووە.

بەڵام باسەکە چییە؟ چەند ڕۆژ پێش ٢٥ی خەرمانان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە زمانەکانی کوردی و فارسی کە خەڵک بەرەوپیری ئەو یادە دەچوون و وێنە و پۆستێری ژینا بە زۆری بڵاو دەکرایەوە؛ لە یەکێک لە پۆستێرەکاندا، ئاڵای کوردستان لەسەر شانی ژینا دانراوە و بنەماڵەی شەهید ژینا بۆ بابەتێک کەڵکیان لەو پۆستێره وەرگرتووە و بڵاویان کردووەتەوە. سەبارەت بەوەش کۆمەڵێک تۆمەتی بێبنەمایان داوەتە پاڵیان و دواتر لە هیچ بێڕێزییەک دەرحەق بەو بنەماڵە بەڕێزە دەستیان نەپاراستووە.

ئەو هێرشە دژەمرۆیی و شۆڤێنیستانەیە، ئەوەی وەبیر هێنامەوە کاتێک بەڕێز عوسمان بایدەمیر لە پارلەمانی تورکیادا ناوی کوردستانی هێنا، هێندێک لە پارلەمانتارە ڕەگەزپەرستەکانی تورک بەگژیدا چوونەوە و پرسیاریان لێ کرد: کوا کوردستان؟ شوێنێک نییە بە ناوی کوردستان! بایدەمیریش زۆر جوامێرانە دەستی لەسەر دڵی دانا و گوتی: «ئەوەتا کوردستان، کوردستان لە دڵی مندایە».

جارێ پێش هەموو شتێک پێمخۆشە دەستخۆشی بەو کەسە بڵێم ئەو پۆستێرەی دیزاین کردووە و پێزانینم بۆی هەیە؛ پاشان سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی شەهید ژینا ئەمینی دەکەم بۆ هەڵبژاردنی ئەو پۆستێره مانادارە کە لە کاتی گونجاودا بڵاویان کردەوە. لەسەر ئەو باوەڕەم ئەو پۆستێرە و ئەو وێنەیە، جوانترین و پڕماناترین وێنە بوو لە نێو کۆی ئەو وێنە و پۆستێرانەی لە شەهید ژینام دیتوون. با دوژمن و نەیارانی کورد بزانن کوردستان لە دڵی هەر کوردێکدا هەیە؛ هەروەها بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم زۆربەی نزیک بە تەواوی گەلی کورد، ئەگەر بۆی بڕەخسێت، ئاڵای پیرۆزی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر سەر و شانیان دادەنێن و بە شکۆ و شانازییەوە بەرزی دەکەنەوە هەتا بشەکێتەوە.

دوژمنایەتیی نەیارانی کورد لەگەڵ بنەماڵەی شەهید ژینا ئەمینی کە ئێستا ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی سیاسی - کۆمەڵایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن نابێ بۆ خەڵکی کوردستان نامۆ بێ؛ چونکی سیاسەتی حکوومەتە ناوەندگەراکانی تاران نزیک بە سەدەیەکە بە شێوەی ڕۆژانە، هەر جار لە گۆشەیەکی ئەو خاکەدا ڕق و قینی نەفرەتیی خۆیان بەسەر کورددا دەڕێژن. تەنیا جیاوازییەک کە کوشتنی بەئەنقەستی ژینا لە ژیناکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نوێ و جیاواز لە هەڵوێستی هەراوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرانبەر بەو تاوانە بوو. بەو مانایە کە کەڵەکەبوونی تاوان و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان بە کوشتنی بەئەنقەستی ژینا ئەمینی گەیشتە لووتکە و تووڕەیی لەڕادەبەدەر و پەنگخواردووی کۆمەڵگە، گەیشتە ئاستی تەقینەوە. لەڕاستیدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی، بوونە هەوێنی چەخماخەی یەکێک لە بەربڵاوترین بزووتنەوەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەم، بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی».

ئەم بزووتنەوەیە کە بە ڕچەشکێنی و پێشەنگایەتیی ژنان وەڕێ خرا، یەکگرتوویی، هاوخەباتی و هاوخەمییەکی گەورەی لە ئاستی ئێراندا دروست کرد کە زۆری نەخایاند سنووری جوغرافیای ئێرانی بڕی. ئەم بزووتنەوەیە هەروەها گۆڕانی بنەڕەتیی لە خواستی خەڵکدا دروست کرد و دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەبێ ترس و بەڕاشکاوی لە زۆربەی شارەکانی ئێران بەتایبەتی کوردستان بەرز کرایەوە. خەڵک، ترسیان لە ڕێژیم شکابوو و بزووتنەوەکە شێوەی جۆراوجۆری بە خۆیەوە گرتبوو و ڕێژیم لە کۆنترۆڵکردنی وەزعەکەدا دامابوو، بۆیە ئەو بزووتنەوەیە زۆرترین پانتایی ئێرانی داگرت و زیاتر لە سەد ڕۆژی خایاند.

ئەو بزووتنەوەیە ئەگەرچی بەتوندی سەرکوت کرا و تێچووی مرۆیی زۆری بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو، بەڵام شوێندانەریی زۆری لەسەر ڕەوتی مافخوازیی کورد لە ئێران دانا و بەتەواوی شان و شکۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی شکاند. دواتریش سیاسەتەکانی ڕێژیمی لە هەمبەر حیجابی زۆرەملێ تووشی هەرەسهێنان کرد و ئێمە ئێستا ئەو دارمانە ئایدۆلۆژییەی کۆماری ئیسلامی بە ڕوخسار و سیمای شارەکانی ئێرانەوە دەبینین.

## کۆتا قسە:

گرنگترین کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا «ژن، ژیان، ئازادی» ڕاپۆرتی «کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

یەکگرتووەکان لەسەر ئێران» و ڕاپۆرتە تایبەتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بوو کە بەڕاشکاوی ڕایانگەیاند کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرپرسیاری کوشتنی بەئەنقەستی ژینا ئەمینییە؛ هەروەها بێوێنەترین هەڵوێستی ئەم ڕێکخراوەیە لە بەرامەر ئێران بوو کە سەرکوتی خۆپێشاندەران و مافخوازانی سەرشەقام بەتایبەتی ژنان و کچانی بە «بەرجەستەبوونی تاوان دژی مرۆڤایەتی» ناو برد و کۆمەڵێک نموونەیان هێناوەتەوە کە لە چوارچێوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتیدا جێگە دەگرن. ئەم ڕاپۆرتانە بەتایبەت سەرنجیان خستووەتە سەر کوردستان و بەلووچستان. ئەو کۆمیتەیە تا ئێستا دەیان هەزار بەڵگەی ئامادە کردووە تا بەپێی بنەمای دەسەڵاتی دادوەریی گەردوونی بۆ دادگاییکردنی نێودەوڵەتیی فەرمانبەران و ئەنجامدەرانی سەرکوتکاری کەڵکیان لێ وەرگیرێ.

**ئەوەش هۆکاری ئەوەیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێندێک لە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان، ئەوەندە لە بزووتنەوەی ژینا و بنەماڵەی بەڕێز، خۆشەویست و خۆڕاگری ژینا ئەمینی تووڕە بن. بەڵام شک لەوەدا نییە چەندی گوشار لەسەر بنەماڵەی ژینا ئەمینی و بێڕێزییەکان بەو بنەماڵە خەباتکارە زیاتر بن، ئەو بنەماڵەیە زیاتر لەلای خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان خۆشەویستتر دەبن.**

ی ڕەزبەری ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# کەریم پەرویزی: خەباتێک توانای خۆنوێکردنەوەی سیستماتیکی هەبێ، هەرگیز بە تیرۆری ڕێبەرەکانی تووشی نسکۆ نابێت



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

شەهیدکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە کارەساتی میکۆنۆسدا، زەبرێکی دژوار بوو لە جەستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەڵام نەیتوانی ئیرادەی حیزبی دێموکرات بۆ بەردەوامی لە خەبات ڕابگرێت. لەم وتووێژە تایبەتەدا، کەریم پەرویزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییە هۆشیار و دیپلۆماسییەکانی دوکتور سەعید و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستماتیکبوونی حیزب و ڕەگداکوتاویی قوتابخانەی قاسملوو بووە هۆی تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە قورسە. پەرویزی ئاماژە بە گرنگیی مێژوویی بڕیاری دادگای میکۆنۆس دەکات وەک یەکەم بەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر تێرۆریستبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هاوکارانی. هەروەها جەخت لە زیندووبوونی ستراتیژیی دوکتور شەرەفکەندی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دێموکراتەکانی ئێران و گەیاندنی دەنگی کورد بۆ ناوەندە جیهانییەکان دەکاتەوە، و دووپاتی دەکاتەوە کە توانای خۆنوێکردنەوەی سیستم و ئامادەیی نەوەی نوێ، گەرەنتیی بەردەوامیی ئەم ڕێبازەن.

**شەهرام سوبحانی:** دوکتور سادق شەرەفکەندی لە قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری و پاش دوکتور قاسملووەوە سەرکردایەتیی

**حیزبی گرتە دەست؛ بە ڕای بەڕێزتان، تایبەتمەندییە هۆشیار و دیپلۆماسییەکانی ئەو لە گواستنەوەی خەباتی کورد بۆ ناوەندە ئۆرووپاییەکان چی بوون کە دەسەڵاتی ئێرانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت لەناو ببرێت؟**

**کەریم پەرویزی**: دوکتور قاسملووی نەمر ڕێبەری کاریزماتیک و داڕێژەرەوەی بناغەی سیستمی حیزبی دێموکرات بوو کە وەهای دارشتەوە کە بە وتەی خۆی چیدی خەباتی کورد گرێدراوی تاکێک نەبێت و سیستمی حیزبی دێموکرات بتوانێ توانای خۆگۆڕین و خۆڕێکخستنی لەگەڵ دۆخ و پێشهات و کەشی نوێدا هەبێت. یەکێک لەو دڵڕاوکێیانەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات وەها سیستمێکی خەبات و ڕێکخستنی هەبێت کە بە شێوەی خۆبەخۆیی، بتوانێ لە دۆخە دژوارەکاندا ڕێبەرییەکەی نوێ بکاتەوە و نە چەقبەستوو بێت و نە بە نەمانی کەسێک یان تەنانەت گرووپێک لەو ڕێبەرییەدا خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک تووشی نسکۆ نەبێت.

لەسەر ئەم بنەما بیرکردنەوەییە بوو کە کاتێک کارەساتێک وەک تێرۆری ڤییەن و شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بە دەستی تێرۆریستانی نێردراوی کۆماری ئیسلامی ڕوو دەدات، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەو دۆخە دژوارەی دوای ئاگربەستی شەڕی ئێران و عێراقدا کە گۆڕەپانی هەڵسووڕان بەتەواوی بەرتەسک کرابووەوە، شان دەداتە بەر کارەسات و لێی دەرباز دەبێت و خۆی ساز و ساخ دەکاتەوە و دوکتور سەعید وەکوو هاوڕێی ڕاستەقینە و جێگرەوەی شیاو و بەهەڵوێستی دوکتور قاسملوو دەکاتە سکرتێری حیزبەکە.

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەژنۆشکاندن و ملپێکەچکردنی خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات، پیلانی لە نێوبردنی ڕێبەری بزووتنەوەکە واتە دوکتور قاسملووی بەڕێوە برد و پێی وابوو بە نەمانی دوکتور قاسملوو لە مێشکی بزووتنەوەی داوە و تووشی لەکارکەوتنی مێشکیی دەکات. بەڵام لە مەیداندا، بوونی دوکتور سەعیدی تیژبیر و بەهەڵوێست، ئەو خەونە چەپەڵەی ڕێژیمی داگیرکەری بەتاڵ کردەوە و دوکتور سەعید بە توانا و لێوەشاوەیی و بیری تیژی ڕێبەرایەتیکردنی خەبات، نیشانی دا کە قوتابخانەی قاسملوو ڕەگی داکوتاوە و مامۆستای نوێی تێدا هەیە کە دەتوانێ پێ بخاتە جێ پێی ڕێبەری نەمری.

دوکتور سەعید خاوەن تیۆریی دارشتنەوەی خەبات و ڕێکخستنەوەی جەماوەر و وەسەریەکخستنەوەی هێزە جۆربەجۆرە هاوشانەکانی نێو ئێران و هەروەها گرێدانی بە هەستی گشتیی نێونەتەوەیی بوو، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ببێتە تیشکی ڕووناکیی نەتەوەکەی و ئازاردەری چاوی بیرتەسک و بەتاریکی ڕاهاتووانی ویلایەتی فەقیهی. ئەمە ئەو هۆکارە سەرەکییە بوو کە شەمشەمەکوێرەکانی ڕاهاتوو بە ئەشکەوتی دواکەوتوویی لێی بێزار بوون و بۆیە پیلانی دووبارە

گورزوەشاندنەوە لە مێشکی ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستانیان دارشتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: لە ڕوانگەی بەڵگەنامە و زانیاریە نێوخۆییەکانی حیزبەوە، چ زانیارییەکی ورد یان پەیوەندییەکی نهێنی لەسەر چۆنیەتیی دارشتنی پیلانی تیرۆری میکۆنۆس هەیە کە تا ئێستا لە دادگاکان یان ڕای گشتیدا بە تەواوی باس نەکراوە و پێویستە بۆ مێژوو تۆمار بکرێت؟

**کەریم پەرویزی**: بەخۆشییەوە دادگایەکی دادپەروەرانەی وڵاتێکی دێموکراتیک ڕۆڵی مێژوویی خۆی گێڕا و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی بۆ بێدەنگکردن و بەلاڕێدا بردنی ئەو دادگایە، بەڵام قازیی دادپەروەر و بوێری دادگای میکۆنۆس لەسەر ڕێچکەی دادئەستێنیی خۆی سوور بوو و تەسلیمی پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوو.

وێڕای ئەوەی کە دادگا بڕیاری دا و ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی لە ئاستی هەرە بەرزدا مەحکووم بە بڕیاردەریی تێرۆریستی کرد و بوو بە بەڵگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ سەلماندنی تێرۆریستبوونی ڕێژیمی تاوانباری خومەینی و خامنەیی،

بەڵام یەک دوو خاڵی مێژوویی هەیە کە پێویستە وەبیریان بێنینەوە و ئاماژەیان پێ بدەین:

**یەکەم**؛ بڕیاری دادگای میکۆنۆس یەکەم بەڵگەی نێودەوڵەتیی سەلماندنی تێرۆریستبوونی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژییە تێرۆریستییەکەیەتی.

**دووەم**؛ ڕێکخراوی تێرۆریستیی حیزبوڵڵای لوبنان، کە هی وڵاتێکی دیکە بوو و هیچ گرێدراوییەکی بە پرسی کوردەوە نەبوو، بەڵام چونکە گرووپێکی دژەمرۆیی تێرۆریستییە، بە فەرمانی ڕێبەرانی ڕێژیمی تاران، تیمی تێرۆریستیی نارد تاکوو لە کردەوەی تێرۆرکردنی دوکتور سەعیدی شەهیددا هاوکار و هاوتاوانی کۆماری ئیسلامی بن کە بەخۆشییەوە ڕێبەری حیزبوڵڵا لە بەیرووت بە بۆمبی چەندین تۆنی بە سزای تێرۆریستبوونی گەیشت!

**سێیەم**؛ هەندێ ڕێکخراو و هەندێ دەسەڵات ڕۆڵی باشیان لە گەیاندنی زانیاری بە دادگای میکۆنۆس و یارمەتیدانی ئەو دادگایە و هەروەها ئیفشاکردنی پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بێدەنگکردنی دادگا هەبوو.

کۆماری ئیسلامی گوشاری بۆ هەندێ لە کەسانی نێودەوڵەتیی ئاڵمان هێنابوو کە ئەو پەڕاوەیە لە ڕەوتی خۆی دوور بخرێتەوە و دادگا دابخرێت، بەڵام ئەو زانیارییانەی ئەو ڕێکخراو و دەوڵەتانە، پێش بەو هەوڵە نگریسانەی ڕێژیمی

ئێران گرت.

**شەهرام سوبحانی**: **دوکتور سادق شەرەفکەندی باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی بۆ ئێران و هاوکات مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد هەبوو، و هەمیشە جەختی لەسەر هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان دەکردەوە. لە ئێستادا، کە هەندێک جار ڕەخنە لەم جۆرە هاوکارییانە دەگیرێت، کۆمیتەی ناوەندی چۆن ئەم ستراتیژە سیاسییەی دوکتور سادق وەک میراتێکی فیکری بۆ داهاتوو هەڵسەنگاندن بۆ دەکات؛ ئایا ئەم ڕێبازە هێشتا وەک خۆی زیندووە یان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە؟**

**کەریم پەرویزی**: ئەو ستراتیژییەی کە دوکتور سەعید شەرەفکەندی پێڕەویی لێ دەکرد، هەمان سیاسەتی داڕێژراو و پێڕەوکراوی حیزبی دێموکراتە کە چەندین دەیەیە هەبوو و هەیە و خەتێکی بنەمایی سیاسەت لەم حیزبەدایە. حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای خەبات بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد، لەسەر خاکی خۆی و بە دەستی خۆی داڕێژراوە و هەر بۆیە لە چاوی نیشتمانەوە دەڕوانێتە ڕابردوو، ئەمڕۆ و داهاتوو. هەر لەو چاو و ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە سیاسەت و واقیع و دەوروبەریش.

لەو ئاراستەیەدایە کە بۆ گەیشتن بە مافی ئەم نەتەوە بێبەشکراوە لە سەرەتاییترین مافەکانی، هەم تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ڕێک دەخات و هەم لە نێو گۆڕەپانی ئێراندا بەدوای کەسان و ڕێکخراوی وادا دەگەڕێت کە گوێیان بۆ بیستنی دەنگی ئازادی هەبێت و خەمی مرۆڤیان لە دڵدا هەڵگرتبێت. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بەدوای ئەو قوژبنانەدا دەگەڕێت کە تێیاندا دەکرێ باس لە ئاشتی لەسەر بنەمای یەکسانیی مرۆڤەکان و هاوتاییی نەتەوەکان و دادپەروەری لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا بکرێت.

حیزبی دێموکرات، حیزبێکی پەرلەمانی نییە تا تەنیا لە یاسا باوەکاندا بەدوای مافی نەتەوەکەیدا بگەڕێت، بەڵکوو حیزبێکی شۆڕشگێڕە، بەو مانایە کە دۆخی هەنووکەیی بە نادادپەروەرانە و ستەمکارانە دەبینێت و دەیەوێت لە بنەڕەتەوە بیگۆڕێت.

هەر لە هەمان کاتیشدا واقیعی ژیانی سیاسی لە ناوچەکە دەبینێت و بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی نەتەوەکەی بەدوای هاوپەیماندا لە نێو چوارچێوەی گوتارێکدا دەگەڕێت کە دەتوانێت دادپەروەری و ئازادی هەم بۆ کورد و هەم بۆ نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا وەدی بێنێت.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەوەیە کە دوکتور شەرەفکەندی دەبینین کە هەم لە نێو کورددا بەدوای پێکەوەبوونی سیاسیدا دەگەڕێت و هەم لە نێو ئێراندا حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیی دێموکرات دەبینێتەوە و لەگەڵیان دادەنیشێت تاکوو خەباتی هەمەلایەنە و هاوشان بەڕێوە ببرێت و ڕێک بخرێت.

هەر لە کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا دیەوێت گوتاری جیهانی ئاوڕ لە گوتاری کورد بداتەوە و هەر لەوێوە دەڕواتە نێو کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانییەکان تاکوو هانیان بدات هاوکاریی کردەییمان بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی و گوتاری فیکری لە ئێرانی بندەستی دیکتاتۆری و فاشیستیدا هەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: دادگای میکۆنۆس و بڕیارە مێژووییەکەی لە دژی دەسەڵاتدارانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران خاڵێکی وەرچەرخان بوو؛ حیزبی دێموکرات لەو سەرکەوتنە دادوەرییەدا چۆن توانی دەستکەوتی سیاسی بۆ دۆزی کورد مسۆگەر بکات و ئەم ئەزموونە چۆن بۆ داهاتوو دەپارێزرێت؟

**کەریم پەرویزی**: ئەم بڕیارەی دادگا سەلماندی کە:

**یەکەم؛** ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی تێرۆریستییە و تێرۆریزم لەم ڕێژیمەدا تەوجیە و پاساوهێنانەوەی ئایدۆلۆژیکی بۆ دەکرێت.

**دووەم؛** ڕێژیمی حاکم لە تاران بە زۆرەملێ و کوشتار و تێرۆر حوکمڕانی دەکات و خواستی خەڵک نییە.

**سێیەم؛** ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی ڕێژیمێکە کە هەوڵی لە نێوبردن و سڕینەوەی کەمینە نەتەوەیی و جیاوازەکان دەدات.

**چوارەم؛** کورد لە ئێراندا نەتەوەیەکە کە بەدوای مافی خۆی کەوتووە و قوربانیی دەستی تێرۆریزمی حکوومەتییە.

**پێنجەم؛** داواکان و تێگەیشتنەکانی کورد و کوردستانیان لەگەڵ گوتاری جیهانی و گشتیدا یەک دەگرنەوە و بیری تەسکی حکوومەتی تاران ڕێک پێچەوانەی خێری گشتی و ئاسایشی جیهانییە. هەر بۆیە دەبینین کە لە ئێستادا ڕێژیمی تاران بەر بۆمب و مووشەکی ئەمریکا دەکەوێت و کورد وەکوو هاوپەیمانێکی ئیحتمالیی جیهانی ئازاد چاوی لێ دەکرێت!

**شەهرام سوبحانی**: دوای شەهیدبوونی دوکتور سادق، حیزب ڕووبەڕووی شەپۆلێکی قورسی گوشار بووەوە؛ کۆمیتەی ناوەندی چۆن توانی ڕێگری لە پووکانەوەی ڕێکخراوەیی بکات و پەیامی «خەبات بەردەوامە» بگەیەنێتە دەستی نەوەی نوێ؟

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

**کەریم پەرویزی**: ئەم حیزبە ڕێکخراوێکی موجەڕەد و سازماندەری نێوان تاکەکان بۆ بەرژەوەندییەکی کاتی نییە، تاکوو لە دۆخی دژواردا زۆر ئاسان بکەوێتە ژێر گوشار و وشەی پووکانەوەی بۆ بەکار بهێنرێت.

حیزبێکە کە لە بیری نێو قووڵایی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە و لەسەر بنەمای ڕێکخستنی هێزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە پێناو ئاواتەکانیان و گەیشتن بە دیدگا و خواستە دادپەروەرانە و ئازادیخوازەکانیان دامەزراوە.

حیزبێکە کە بە سیستمێکی دێموکراتیک و خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانە داڕێژراوە و ئەم سیستمە دەبێ و دەتوانێ قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ پێداویستییەکانی هەر پلەیەکدا خۆی بگونجێنێتەوە.

پەیامی «خەبات بەردەوامە»، لە نێو قووڵایی ویستی گەنج و لاو و ژن و پیاوی کۆمەڵگەوە سەرهەڵدەدات و هەر بە پیرەوەچوونی ئەو ڕوانینە و جێخستنەوە و جێگرتنەوەی هێزەکانی خەبات و تێگەیشتنی سیاسی و شۆڕشگێڕانەدا، ئەم سیستمە ئەو کات توانی قورس و قایم لە بیاڤی تێکۆشاندا بمێنێتەوە و لە داهاتووشدا بە لەبەرچاوگرتنی هەمان ڕێڕەوەکانی قوتابخانەی هزری دەتوانێت ڕێبەری خەبات بێت.

خەبات گەر بەسیستم کرا و سیستمێکی ئەمرۆیی بۆ دامەزرا و ئەم سیستمە توانای خۆنوێکردنەوەی هەبوو، بەردەوام دەبێت. خەباتێک کۆسپی دێتە سەر ڕێ و نیگەرانیی بەردەوام نەبوونی لێ دەکرێت کە یان گوتارەکەی بە لاپەڕەکانی مێژوو ئەسپێردرابێت یان توانای خۆنوێکردنەوەی سیستماتیکی نەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر ئەمڕۆ دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ نەوەی نوێی ڕۆژهەڵات قسە بکات، کام پەیام یان ڕستەی لە وتارەکانیدا وەکوو میتۆدێکی ڕزگاریبەخش بۆ داهاتووی ئەم خەباتە پێشکەش دەکەن؟

« **کەریم پەرویزی**: میللەتێک چاومان لێ دەکات.»

ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# ورمێ لە نێوان بەربەستە پێکهاتەییەکان و واقعی ڕاستەقینەی شەقام





**شاڕوخ حەسەنزادە**

ورمێ، وەک شارێکی مێژوویی کوردستان و یەکێک لە ناوەندە ژیۆپۆلیتیکی و ستراتیژییەکانی ناوچەکە، هەمیشە هێمای ڕەنگاڵەیی کولتوور، زمان و ناسنامەی جیاوازی نەتەوەکانی وەک کورد، تورک (ئازەری)، ئاشووری و ئەرمەنی بووە. بەڵام

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

بە تێپەڕبوونی کات و لەژێر سێبەری قورسی چەندین دەیەی حوکمڕانیی ناوەندگەرا، دیکتاتۆر و تاکڕەهەند، ناهاوسەنگییەکی زۆر لە نێوان ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو شەقام و پەیکەرە ڕەق و ئیدارییەکەی پارێزگاکە و شارەکەدا دروست بووە.

وەک لە هەڵوێست و ڕەخنەی ئەم دواییانەی یەکێک لە ئەندامانی کوردی ئەنجومەنی شاری ورمێدا سەبارەت بە پەراوێزخستنی کورد لە ڕووداوە کولتووری و ئابوورییەکانی وەک «فێستیڤاڵی ترێ» ڕەنگی داوەتەوە، کێشەی سەرەکیی ئەم ناوچەیە تەنیا سڕینەوەی زمان و هونەری کوردی لە ڕووداوێکی لەم چەشنەدا نییە، بەڵکوو حاشاکردنێکی ڕێکخراو، هەڵاواردنێکی سیستەماتیک و پرۆسەیەکی داڕێژراوی دەسەڵاتی ئەمنییەتییە کە هەوڵ دەدات دانیشتووانی ڕەسەنی کورد لە شارەکەدا بێکاریگەر بکات و کار بۆ سڕینەوە و سانسۆرکردنیان دەکرێت.

ئەم ڕەوشە مەترسیدارە بەرهەمی هەژموونێکی بیرۆکراتیک و فاشیستییە کە تێیدا جڵەوی بڕیاردان و سیاسەتدارێژیی کولتووری و کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی قۆرخ کراوە. لێرەدا کێشەکە تەنیا ئیدارەی نێوخۆیی شارەکە نییە؛ بەڵکوو سەرجەم دامەزراوە ئەمنییەتی، نیزامی و دادوەرییەکانی پارێزگاکە ئاراستەکراوی ڕەوتێکن بە ڕوانگەیەکی توندی ئەمنییەتی و پانتورکیستیی حکوومیی بەرژەوەندیخواز. ئەم ڕەوتە ناسراوە بە پشتیوانیی بەشێک لە بازنەکانی بڕیار لە ناوەند و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە (بە تایبەت هەژموون و سیاسەتە ئیقلیمییەکانی تورکیا لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیای پانتورکیزمەوە)، هەوڵ دەدەن ورمێ لە دەقە جوگرافی و مێژووییەکەی دابڕن و شۆڤێنیزمی نەتەوەیی بەسەر تەواوی دامەزراوەکاندا بسەپێنن.

لە ڕەهەندی نیزامی و ئەمنییەتیشدا، ورمێ خراوەتە ژێر چاودێرییەکی چڕی دەزگا ئەمنییەتییەکانەوە و ڕوانگەی باڵادەست بەرامبەر بە کورد لە ڕوانگەیەکی هاووڵاتیبوونەوە گۆڕدراوە بۆ هەڕەشە و مەترسیی ئەمنییەتی. ئەم ڕوانگە ئەمنییەتییە نەک هەر مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی کورد بەڵکوو مافی بنەڕەتیی هەموو پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکەشی کردووەتە قوربانیی بەرژەوەندیی خۆی. دامەزراوە ئیداری و سەربازییەکان کە دەبوو چەتری ئاسایش و خزمەتگوزاری بن بۆ هەمووان، کراونەتە قەڵای پاراستنی باڵادەستیی نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیی ڕەوتێکی دیاریکراو و بەم جۆرە هاوسەنگیی سروشتیی ناوچەکەیان شێواندووە.

لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، ئەم جیاکارییە جومگەبەندییە ڕوخسارە ستەمکارەکەی بە ڕوونی پیشان دەدات. لە کاتێکدا هاونیشتمانیانی کورد بەبێ جیاوازی باج،ماڵیات، عەوارز و سەرجەم ئەرکە داراییەکانی خۆیان بۆ شارەوانی و

دامەزراوە حکوومییەکان دابین دەکەن، بەڵام کاتێک نۆرەی دابەشکردنی بودجە، پەرەپێدانی ژێرخان، ئاوەدانکردنەوە، قیرتاوکردن و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان دەگات، گەڕەکە کوردنشینەکان بەرەورووی پەراوێزخستن و دروشمی بێبودجەیی دەکرێنەوە. بودجەی گشتی کە دەبێت سەرچاوەی پەرەپێدانی هاوبەشی هەموو دانیشتووان بێت، بۆ پرۆژەی وەرزشی، کولتووری و میدیایی یەکلایەنە و بڵاوکردنەوەی بیری دەمارگرژانە تەرخان دەکرێت، لە کاتێکدا لاوانی کورد لە سەرەتاییترین مەیدانی وەرزشی، ناوەندێکی سەربەخۆی کولتووری و دەرفەتی دامەزراندن لە فەرمانگە ئیدارییەکان بێبەش دەکرێن. ئەم جیاکارییە ئاراستەکراوە، دروستکردنی هەژارییەکی ڕێکخراوە لە گەڕەکە پەراوێزخراوەکاندا هەتا ڕێگە لە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد بگرێت؛ ئەمەش لە کاتێکدایە کە کەرتە ئابوورییە سەربەخۆکان، بازاڕی شار و هێزی کاری مەیدانی، سەلمێنەری ئامادەیی زەق و کاریگەریی قووڵی کوردان لە شادەماری ئابووریی ورمێدان.

واقعی ڕاستەقینەی ورمێ لە پشت دەرگا داخراوەکانی فەرمانگە ئەمنییەتی و ئیدارییەکان یان لە ڕێگەی ئامارە دەستکاریکراوەکانەوە پێناسە ناکرێت، ئەم حەقیقەتە لە ڕۆحی بازاڕ و شەقامەکاندا زیندووە. بەشداریی سەدان هەزار کەسیی خەڵک لە جەژنەکانی نەورۆزدا بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بوو لە ڕەسەنایەتی، گەشەی دیمۆگرافی، کولتووری زیندوو و بەردەوامیی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەم جوگرافیایەدا. دیارە لە بەرامبەر ئەم وێنە پڕ لە ژیار و درەوشاوەیەدا، ڕەوتە پانتورکیستەکانی دەسەڵات، کە لە وشیاریی نەتەوەیی و گەشەی دیمۆگرافیی کورد تۆقیون، پەنایان بۆ بەکارهێنانی مەزهەب و دروستکردنی مەترسیی دەستکرد برد و هەوڵی تێکدانی پێکەوەژیانی مێژوویی شارەکەیان دا و بە گۆپاڵ و چرینی دروشمی «حەیدەر حەیدەر» دەیانەویست سیناریۆ سەربازی و خوێناوییەکانی وەک کارەساتی نەغەدە دووبارە بکەنەوە کە وشیاری و ژیریی نەتەوەی کورد و بەشێک لە تورکە ئاوەزمەندەکان لەم شارەدا پێشی بەم پیلانگێڕییە گرت.

ئەم هەڵسوکەوتە توندڕەوانەیە تەنانەت بەزەیی بەو توێژەر، مێژوونووس و بیرمەندە تورکە دادپەروەرانەشدا نایەتەوە کە هەوڵ دەدەن بە ڕوانگەیەکی واقیعبینانە و مێژوویی بۆ ڕاستییەکانی ورمێ بڕوانن؛ تەنانەت ئەوانیش دەستبەسەر و زیندانی دەکرێن هەتا دەنگی حەقیقەت و تەبایی کپ بکرێت. کەچی ئەزموونی مێژوویی، وەک سەردەمی هاوچەرخی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد و تورک بەبێ دەستوەردانی ئیقلیمی، ئەمنییەتی و ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکان، توانای دروستکردنی دیالۆگ، لێکتێگەیشتن و هاوپەیمانیی ئاشتییانەیان هەیە.

داهاتووی گەشی ورمێ لە سڕینەوە، توندوتیژی و باڵادەستیی ئەمنییەتیدا نییە، بەڵکوو لە پێویستیی دەستبەجێی گواستنەوە بەرەو مۆدێلێکی دێموکراسیی تەوافوقی و پێکەوەژیاندایە. مۆدێلێک کە تێیدا دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری، سەرمایەی گشتی، ئاسایش و دەرفەتە سیاسییەکان بەپێی کەرامەتی مرۆیی و مافی یەکسانی هاووڵاتیبوون بێت، نەک

رەزبەری ٢٧٢٦

**هەژمونی فاشیستیی نەتەوەیی یان سنووردارکردنی ئەمنییەتی.**

**ورمێ کاتێک دەتوانێت بەرەو لووتکەی گەشەپێدان و ئاسایش هەنگاو بنێت کە وەک باڵندەیەک بە هەردوو باڵی کورد و تورک و بە ئامادەیی چالاکی ئاشووری و ئەرمەنییەکان بفرێت. سڕینەوەی کولتوور و ناسنامەی هەر پێکهاتەیەک، دارمانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەموو شارەکەی لێ دەکەوێتەوە. تەنیا بە کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە، بڕینەوەی دەستی ڕەوتە پانتورکیستە حکوومییەکان، شەفافییەت لە کاروچالاکی و زامنکردنی بەشداریی ڕاستەقینەی کورد لە بڕیارە سیاسی و ژێرخانییەکاندا، ورمێ دەبێتە مۆدێلێکی دەروشاوەی ئاشتی، تەبایی و دادپەروەری لە سەرجەم ئێران و ناوچەکەدا.**

٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# میکۆنۆس، جینایەتێکی لەبیرنەکراو و زامێکی ساڕێژنەبوو!





**هەیاس کاردۆ**

## سەرەتا

مێژوو تەنیا تۆمارکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو تۆمارکردنی ئەو چرکەساتانەیە کە ئاراستەی ژیان و خەبات

دەگۆڕن. هەر ڕووداوێک مێژوو دروست ناکا؛ بەڵکوو ئەو وەرچەرخانانە مێژوو دەخوڵقێنن کە کاریگەری لەسەر چارەنووسی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک یان بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە دادەنێن.

شەوی ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ی زایینی، لە ڕێستۆرانی «میکۆنۆس»ی شاری بێرلینی وڵاتی ئاڵمان، شەوێکی ئاسایی نەبوو؛ بەڵکوو ساتەوەختێکی مێژوویی و چارەنووسساز بوو. لەو شەوەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لووتکەی بێباکیدا، «تێرۆری دەوڵەتی» وەک ئامرازێکی سیاسی بەکار هێنا تا لەو ڕێگەیەوە دەنگی ئازادیخوازیی گەلێکی ڕاپەڕیو کپ بکات. لەو شەوە شوومەدا، دوکتور سادقی شەرەفکەندی، جێنشینی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر و سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لەگەڵ فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە ئورووپا، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان، و نووری دێهکوردی دۆستی نزیکی حیزب، لە کاتێکدا لەگەڵ ژمارەیەک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی خەریکی بیروڕاگۆڕینەوە بوون، کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی تیرۆریستانی نێردراوی ڕێژیم و شەهید کران.

**ئەم جینایەتە، تەنیا تێرۆرکردنی چوار تێکۆشەر نەبوو، بەڵکوو پەلامارێکی ئاشکرا بوو بۆ سەر ئیرادەی سیاسی، ئازادیی بیروڕا و ئەو بەها دێموکراتیکانەی کە شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تەمەنیان لە پێناودا بەخت کرد.**

### میکۆنۆس؛ دڕاندنی پەردەی بێدەنگی و ڕووتکردنەوەی جینایەت!

دەرەنجامی دادگای «میکۆنۆس» لە بێرلین، یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە سیاسی و یاساییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە. ئەو دادگایە بە ڕوونی و ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە بڕیاری ئەو تێرۆرە لە «کۆمیتەی کاروباری تایبەت» لە تاران دەرچووە، کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنیی ئێران پێک دەهێنێت. ئەو بڕیارە ئازایانەیەی دەزگای دادوەریی ئاڵمان، ماسکی دووڕوویی لە ڕوخساری کۆماری ئیسلامی داماڵی و سەلماندی کە تێرۆر تەنیا کاری چەند کەسێکی سەرکێش نەبووە، بەڵکوو سیاسەتێکی ستراتیژی و بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەوڵەت بووە کە لەلایەن باڵاترین بەرپرسانی ڕێژیمەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی، یەکەم هەڵمەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژ بە ئازادیخوازانی ئێران و بەتایبەت بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد نەبوو. لەو نێوەندەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک شێلگیرترین و بەهێزترین هێزی سیاسیی نەیاری ڕێژیم، کەوتبووە بەر زۆرترین شاڵاوی تێرۆر. تەنیا سێ ساڵ پێشتر بوو کە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا (١٣ی ژووییەی ١٩٨٩)، ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئوتریش و ڕێک لەسەر مێزی وتووێژ تێرۆر کران. بوونی دوکتور شەرەفکەندی وەک جێنشینی شایستەی دوکتور قاسملوو، بۆشایی نەمانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی پڕ کردبووەوە؛ چونکە ناوبراو چ لە ڕووی پێگەیشتوویی سیاسی و شارەزایی دیپلۆماسی و چ وەک سەرکردەیەکی مەیدانی، بە تەواوی جێی متمانەی هەمووان بوو. بەداخەوە، دەزگای تێرۆری ڕێژیم مەودای نەدا زیاتر بمێنێتەوە تا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە تواناکانی زیاتر بەهرەمەند بێت.

کاردانەوەی کارەساتی تێرۆری میکۆنۆس، چ لە ڕووی مرۆیی و چ لە ئاستی سیاسی و یاساییدا، دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە. بڵاوبوونەوەی وێنەی نێو خوێنی ئەو شەهیدانە، شەپۆلێکی گەورەی هاوسۆزیی خوڵقاند کە تا ئەو کاتە نە حیزبی دێموکرات و نە بزووتنەوەی کورد لە ئێران وێنەی نەدیبوو. هەرکەس چاوی بە دیمەنەکان دەکەوت، دەیهێنایە پێش چاوی خۆی کە چۆن سەرکردەیەکی خاوەن قەڵەم، دیپلۆمات و خاوەن ڕوانگەی بەرزی سیاسی، بووەتە قوربانیی ڕقی کوێرانەی ڕێژیمێکی خوێنڕێژ و بێبەزەیی؛ ڕێژیمێک کە توانای بیستنی بچووکترین دەنگی جیاوازی نییە و تەنیا زمانی فیشەک و پەتی سێدارە دەزانێت. ئەوەی لە بێرلین ڕووی دا، دەرخەری ترسی قووڵی دەسەڵات بوو لە بیروباوەڕەکانی شەرەفکەندی. شەرەفکەندی دەیزانی کە بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا، بەبێ دێموکراسی و چارەسەری پرسی نەتەوەکان و لەسەرووی هەموویانەوە کورد، هەنگاوێک بەرەو پێش ناچێت. بێگومان بەرجەستەکردنی دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکان، گەورەترین هەڕەشە بوو بۆ سەر بیرکردنەوەی ژەنگهەڵاتووی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

### بەردەوامیی جینایەت لە میکۆنۆسەوە تا ئەمڕۆ!

ئەگەر سەیری ڕەوتی ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردووی دوای تێرۆری میکۆنۆس بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە هیچ گۆڕانێکی بە باری ڕیفۆرم و چاکسازیدا تێدا پێک نەهاتووە. ئەوەی گۆڕاوە تەنیا شێوازەکانی سەرکوت و جینایەتە. تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی بەشێک بوو لە «پلانی تێرۆری دەرەکی» کە دوای ئاشکرابوون و لە قاودرانی، ئیتر ڕێژیم نەیتوانی وەک پێشوو لە وڵاتانی دیکە درێژەی پێ بدات. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین مەحکوومبوونی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دادگای بێرلینەوە و بڕینەوەی حوکمی زیندان بۆ تێرۆریستەکان، دوا ئاڵقەی زنجیرە تێرۆرەکانی ئەو ڕێژیمەی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا پساند.

بەڵام لە بەرامبەردا، دەسەڵاتدارانی ئێران ئەوجار بەربوونە کوشتاری ئازادیخوازانی نێوخۆ و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان لوا

دەستیان نەپاراست. سەرکوتی بەربڵاوی ناڕازییانی وەزعی مەعیشەتی لە ساڵەکانی ١٣٩٦، ١٣٩٨ و بەتایبەت بزووتنەوەی بەربڵاوی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١دا، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ماشێنی کوشتاری ڕێژیم هەروا دەگەڕ دایە. بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە بە کوشتنی کچە کوردی سەقزی سەرەتا لە کوردستان دەستی پێ کرد و دوایە هەموو ئێرانی گرتەوە و تەنانەت بوو بە جیهانییش، ڕووی کۆنەپەرستانە و ماهییەتی دژی گەلیی ئەو ڕێژیمەی زیاتر دەرخست. دیسان ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی ئێران لە بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤دا کوشتاری دەیان هەزار کەسیی لێ کەوتەوە کە ئیتر ئەمجارەیان تەنانەت خودی ڕێژیمیش نەیتوانی بیشارێتەوە.

قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە حاڵی حازردا گەیشتوونەتە ئەوپەڕی خۆیان. ئەگەر لە کاتی تێرۆری میکۆنۆسدا، کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی ڕەفسەنجانیدا بە قەول خەریکی «پەرەپێدانی وەزعی ئابووری»ی دوای شەڕی ئێران-عێراق بوو، ئەمڕۆ ڕەوتی ئابووریی ئێران ڕوو بە دارمانی تەواوە. نەک هەر ئەوە، ئەو زەبرە قورسە نیزامییانەی لە لایەن سوپای ئەمریکا و ئیسرائیلەوە پێی کەوتوون و ئەو ژمارە زۆرەی لە دەسەڵاتداران لێی کوژراوە، قەرەبووکردنەوەیان لە توانا بەدەرە. بەو حاڵەش ڕێژیم هێشتا لە پەلوپۆ نەکەوتووە و هەروا خەریکی قەتڵوبڕی خەڵکی ئاسایی و بێدیفاعی ئێران و کوردستانە.

جیاوازیی گەورە لەنێوان ئەمڕۆ و کاتی تێرۆری میکۆنۆسدا ئەوەیە: ئەمڕۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەت نەوەی نوێ بە باشی لەوە گەیشتوون کە ئەم ڕێژیمە چاکسازیی هەڵنەگرە. ئێستا ئیتر کەس باسی ڕیفۆرم و ئیسڵاحات ناکا و مەقوولەیەک بە ناوی ڕیفۆرمخواز و کۆنەپارێز باوی نەماوە. تێرۆری میکۆنۆس وانەیەک بوو کە نیشانی داین، ڕێژیمێک کە بە تێرۆر بژی، ناتوانێ دەگەڵ ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری هەڵبکا.

## لۆژیکی مێژوویی؛ بۆچی تێرۆر شکست دێنێ؟

لە ڕووی لۆژیکەوە، تێرۆر تەنیا کات بۆ دەسەڵات دەکڕێ کە بتوانێ تەمەنی خۆی کەمێک درێژتر بکاتەوە. لە غەیری ئەوەدا، هیچ یارمەتییەکی درێژخایەن بە سەقامگیریی سیستەمی دەسەڵاتدار ناکا. تێرۆری ڕێبەرانی سیاسیی ڕێبازێکی دادپەروەرانە، نەک ئیدە و ڕێبازیان نافەوتێنێ، بگرە دەیانکاتە سیمبولی بەرخۆدان و لەنێو زەینی خەڵکدا زیندوویان ڕادەگرێ. ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیبای بە تێرۆر و کوشتار پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی قایم بکا، دەبوو ئێستا سەری لە عەرشی فەلەک دابا. مێژوو پێمان دەڵێ ڕێبەرانی ڕێبازێکی مافویستانە چ لە سێدارە بدرێن، وەک پێشەوا قازی محەممەد و چ تێرۆر بکرێن، وەک شەهیدان قاسملوو و شەرەفکەندی، دەبنە سیمبولی خەبات و هەزاران کەس ڕێبازیان

درێژە دەدەن.

کۆماری ئیسلامی بە تێرۆری ڕێبەرانی سیاسی و یەک لەوان دوکتور شەرەفکەندی، ویستی «سەری بڕوا بە ئازادی» بپەڕێنێ. بەڵام هەروەک پێشتر دیترابوو، ئەمجارەش بەپێچەوانە دەرچوو. دەیان ساڵ پێشتر ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران قازی محەممەدی پێشەوای لە سێدارە دا بەو مەبەستەی تۆوی خەبات لەنێو کورددا وشک بکا. کەچی مێژوو دەریخست کوردستانی ڕاپەڕیو دەتوانێ قازی محەممەدی دیکە دروست بکا. دواتریش کە بینیمان کەسایەتییەکی بەرزی وەک دوکتور قاسملووی مەزن پەیدا بوو کە بە وشیاری و لێزانیی خۆی توانی بزووتنەوەی کوردایەتی چەند هەنگاو بەرێتە پێشتر.

ئەگەر سەیری مێژووی چەند دەیەی ڕابردوو بکەین، دەبینین تێرۆر و کوشتار نەک هەر پاشەکشەی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و مافویستانەی کورد نەکردووە، بگرە چالاکتر و پوختەتریشی کردووە. هەروەک ئێستا دەبینین ڕێڕەوانی ڕێبەرانی شەهیدی وەک قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی هەروا لە مەیدانی خەباتدا ماون و ئەوە کۆماری پەت و سێدارەیە خەریکە دوا هەناسەکانی خۆی هەڵدەکێشێ.

## پەیامێک بۆ نەوەکانی داهاتوو!

ساڵڕۆژی تێرۆری میکۆنۆس تەنیا بیرەوەرییەکی سۆزدارانە بە مەبەستی هەڵوەراندنی فرمێسکی حەسرەت نییە. ئەو یادەوەرییە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی درێژەی خەبات لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و سەربەستییە. ئەم یادە، وەبیرمان دێنێتەوە لەگەڵ سیستەمێک بەرەورووین کە هیچ سنوورێکی ئەخلاقی و یاسایی پەیڕەو ناکا. هەر بۆیە دەبێ وەبیرمان بێنێتەوە بۆ ئەوەی چیدیکە تێرۆر و کوشتار نەکرێین و مافمان پێشێل نەکرێ، دەبێ یەکگرتوانە بە گژ دەسەڵاتدا بچینەوە. ئێمە دەبێ بە جیهان بسەلمێنین تێرۆر ناتوانێ دەنگمان کپ بکا. میکۆنۆس برینێکی قووڵە، بەڵام دەتوانێ وانەیەکی باشیش بێ. ئەو وانەیە دەبێ پابەندمان بکا کە ڕێگای شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەبیر نەکەین و درێژە بە ڕێگای خەباتیان بدەین کە ڕێگای ئازادییە.

**لە بیرمان نەچێ کاتێک باسی میکۆنۆس دەکەین، تەنیا لە ڕووداوێکی ئاسایی نادوێین. باسی میکۆنۆس، باسی نێوەرۆک و ماهییەتی تێرۆریستی و تێرۆرپەروەریی ئەو دەسەڵاتەیە کە نزیکەی نیو سەدەیە ژیان و جووڵەی خەڵکی بە بارمتە گرتووە. بیرەوەریی تێرۆری میکۆنۆس، وانەی خەبات و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دنیایەکی بێ تێرۆر و ڕەشەکوژی و تۆقاندنە. خەباتی ڕێبوارانی ڕێبازی قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی، ڕاست بۆ ئەو مەبەستەیە و بەرەی**

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

**ئێستا و داهاتووی کورد لەسەریەتی ئەو پەیامە وەرگرێ و بیکاتە کردەیی. بۆ ئەوەی نەوەکانی دواڕۆژ بە ئاسوودەیی بژین، ئەم نەوەیە دەبێ لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی بەردەوام بێ.**

**٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٦**



سەرچاوە
Serchawe

# گرانەوەی قوتابخانەکان و زانکۆکان؛ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن لە سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا (١٤٠٥ - ١٤٠٦)





**ناسرساڵحی ئەسڵ**

هەموو ساڵێک لە سەرەتای وەرزی پاییز و یەکی ڕەزبەردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، مزگێنیهێنەری ژیانەوە و ئیلهامبەخشی گۆڕان و فێرخوازی، سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ژیانی قوتابییان، خوێندکاران و کۆمەڵگە بەگشتی دەردەخات. بۆیە یەکەم ڕۆژی پاییز لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێمای جموجۆڵی قوتابی و خوێندکارانە کە لەوێدا

ساڵی نوێی خوێندن دەست پێ دەکەن. بە کرانەوەی قوتابخانەکان و زانکۆکان، هیوا و داهاتوویەکی گەش بۆ قوتابی و خوێندکار بونیاد دەنرێت تا ناودارانی دواڕۆژی نیشتمان پێک بێنن. بۆیە پێویستە داهاتووی قوتابی و خوێندکار لە هەر پرسێک لە پێشتر بێت و هەر جۆرە ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕێک لە سیستەمی پەروەردە و بارهێنان و خوێندنی باڵادا، لە قازانج و بەرژەوەندیی ئەواندا ڕەنگ بداتەوە؛ چونکە پەروەردە و بارهێنان مێژووی بە بارستایی مرۆڤایەتی و هەروەها بە بارستایی ژیان و وەدیهاتنی گۆی زەوییە. ئەگەر لەم بوارەدا ڕوانگەی مامۆستایان و شارەزایانی بواری پەروەردە و بارهێنان تاوتوێ و لێکدانەوەی بۆ بکەین، هەموویان کۆکن لەسەر ڕۆڵی بەنرخ، بەها و پێگەی گرینگی پەروەردە لە کۆمەڵگەدا. پەروەردە و بارهێنان لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لە ئاستی ڕاستەقینەی خۆیدا هەیە. بۆیە ڕۆڵ و نەخشی مامۆستا و پەروەردە لە سیستەمە دێموکراتیکەکاندا لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگەیی و هتد بە باشی لەبەرچاو گیراوە.

بەڵام ڕێوڕەسمی کرانەوەی قوتابخانەکان و زانکۆکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت، کە پاش هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر کاربەدەستە باڵا سیاسی، نیزامی و ئەمنییەکان، و کارگە، سەربازگە، بنکە ئەتۆمییەکان و کۆگاکانی مووشەک و درۆنی ڕێژیم، کەشوهەوای ناسالمی دەسەڵاتداریی تۆتالیتار، نیزامی و ئەمنییەتی هێندەی دیکە بەسەر پەروەردە و بارهێنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵ دەبێت. لە ئاکامی ئەم دۆخەدا، گرفتەکانی ژیان و بژێوی ڕۆژانە و ساڵانەی مامۆستایان، نەبوونی ئەمنیەتی پیشەیی و گوشار و چاودێریی ناڕەوای دەزگا ئەمنییەکان بۆ سەر کۆڕ و کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان لە پەرەسەندندایە. دەستێوەردانی بێجێی بیرۆکەی دەسەڵاتدارە نیزامی و ئەمنییەکان لەمەڕ دیاریکردنی هێڵ و نیشان بۆ کتێبە دەرسییەکان، ناچارکردنی وانەبێژان بۆ وتنەوەی کتێبگەلێک بە ناوەڕۆکی کۆن و بێکەڵک، خستنەژێرپێی یاساکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و تەنانەت یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ وەرگرتنی پارەی زۆرەملێ لە قوتابییان، زیادکردنی بێهۆی فێرگە نادەوڵەتییەکان، دۆخی ڕووخاوی بینای قوتابخانەکان و کەمیی پێداویستی و کەلوپەلی خوێندنی قوتابییان، گۆڕینی ناکارناسانەی سیستەمی پەروەردە و بەرنامەی ناسەردەمیانەی کار و چالاکیی قوتابییان، بەشێکی بچووکی ئەو پرسیارانەن کە دەبێت دەسەڵاتدارانی پێوەندیدار بە سیستەمی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڵامیان بدەنەوە. بۆیە لە سێبەری بەڵالێدراوی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری پەروەردە و بارهێنان و خوێندنی باڵادا، لە ماوەی دەسەڵاتداریی نزیک بە پێنج دەیەی ڕابردوودا، بە سیستەمێکی ئایدیۆلۆژیی چەقبەستوو، هەموو ڕێگەیەکی پێشکەوتن و هەموو ترووسکاییەکی گۆڕانکاری و سەردەمیانەبوونی لە بەشی پەروەردە و بارهێناندا بەستووە.

هەروەها لە سایەی ئەم سیستەمەدا، پەیمانی پەروەردە و بارهێنان لە نێوان مامۆستا، قوتابی و خوێندکار لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بە نزمترین ئاستی خۆی گەیشتووە و ڕۆژ نییە کەرامەتی مامۆستایان لەکەدار نەکرێت، و ڕۆژ نییە شاهیدی بەرنامەی سیستماتیکی ئەم ڕێژیمە بۆ دواخستن و داخستنی قوتابخانە و زانکۆکان بە بیانووی جۆراوجۆر و دڕدۆنگکردنی قوتابییان و خوێندکاران بەرامبەر بە قوتابخانە و زانکۆکان نەبین. هەروەها بەهۆی کەلێنی گەورە و هەڵاوسانی سەرسوڕهێنەری نێوان داهات و تێچوو، زۆربەی مامۆستایان لەژێر هێڵی هەژاریدان و توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی بژێوی ژیانیان نییە.

سەرەڕای ئەمانەش، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی فرەنەتەوە، فرەئیتنیک و فرەئایینزای ئێراندا، لە کاتە هەستیار و چارەنووسسازەکاندا هەمیشە هەوڵی چەواشەکارانەی داوە و بە زەقکردنەوەی ماددەی ١٥ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ خوێندنی زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بە هێنانەئارای سیناریۆی چەواشەکارانەی خوێندنی وانەیەک بە زمانی دایکیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت زمانی کوردی، وەهمی کرانەوە لە سیستەمی پەروەردە و بارهێناندا لە لای گەلانی ئێران دروست بکات. بەڵام لە کردەوەدا نەک ئەو ماددەیەی یاسای بنەڕەتی بەڕێوە نەبردووە، بەڵکوو گوشارەکانی تەنانەت بۆ سەر فێرگە و ناوەندە فەرهەنگییەکانی خۆبەخشی فێرکاریی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت بۆ سەر مامۆستایانی ناوەندە فێرکارییەکانی فەرهەنگی بە بیانووی جۆراوجۆر چڕ کردووەتەوە و بەربەست و ئاستەنگیان بۆ دروست دەکات و پێش بە کاروچالاکیی ئەو ناوەندە فێرکارییانە دەگرێت. هەروەها سەرەڕای ئەو گوشارانە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرگیز ڕێگەی بە هیچ چالاکییەکی فێربوونی ڕێنووس و ڕێزمانی زمانی دایکیی نەتەوەکانی ئێران لە قوتابخانە و زانکۆکاندا نەداوە. بۆیە بەرپرسانی باڵای پەروەردە و شۆرای باڵای شۆڕشی فەرهەنگی (شورای عالی انقلاب فرهنگی)، لەباتی جێبەجێکردنی پارادایمێکی پەروەردەی سەردەم، بە گۆڕینی بەردەوامی سیستەمی پەروەردە و فێرکاری، گۆڕینی کتێبە دەرسییەکان، لێکجیاکردنەوەی وانەی کچان و کوڕانی خوێندکار لە زانکۆکان، گۆڕینی کتێبی بەشەکانی زانستە مرۆییەکان و هتد، ئاستی خوێندنیان لە دواکەوتووییدا هێشتووەتەوە.

لە وەها بارودۆخێکدا دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیان، لە کاتێکدا باسی پرسی بردنەسەرەوەی بودجەی وەزارەتی پەروەردە دەکات، کە زیاتر لە ٩٥٪ی ئەم بودجەیە بۆ مووچەی کارمەندانی وەزارەتەکەی دەڕوات و لە ئاکامدا شتێک بە ناوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پێداویستییە فێرکارییەکان بۆ داهاتووی قوتابخانەکان و زانکۆکان نامێنێتەوە. بەو حاڵەش، ڕادەی مووچەی کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ ڕادەی بەرزبوونەوەی هەڵاوسانی مانگانە و ساڵانە یەک ناگرێتەوە. زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایان و وانەبێژان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین؛ بۆیە بەشێکی زۆر لە مامۆستایان لە ڕێگەی کارکردنی دەستی دووەم و سێیەمەوە ژیانێکی نەمر و نەژی بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. بەپێی پێوەرە ستانداردە

جیهانییەکان، کاتی بەتاڵی مامۆستایان بۆ ئەوە تەرخان کراوە کە تێیدا بتوانن زانیاریی زیاتر و تەکنەلۆژیای نوێی ڕۆژ فێر ببن و بۆ پۆلەکانی وانەوتنەوەی بگوازنەوە؛ بەڵام مخابن مامۆستایانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دەرفەتە بە ناچاری و تەنیا بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان کەڵک وەردەگرن، و بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و پێڕاگەیشتن بە خێزانەکانیان، ڕێگەی بازاڕ و کاری دیکە دەگرنەبەر. بۆیە دامەزراوەیەکی وەک وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ئێران، کە ئامانج و بەرنامەی لە پێدانی مووچەی کارمەنداندا تەنیا پێشگرتن بێت لە مردن و هێشتنەوەیان لە ژیانێکی نەمر و نەژیدا، دەزگایەکی چەوسێنەر و ستەمکارە و بێجگە لە دابینکردنی کەمترین حەقدەست، ئەرکی مرۆیی خۆی بەجێ نەگەیاندووە. لە ڕوانگەی وەها سیستەمێکدا، قوتابخانە و زانکۆ دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنان و مامۆستاش تەنیا بیر لە وەرگرتنی کەمترین حەقدەستەکەی دەکاتەوە. لە ئاکامی ئەم سیاسەتە نادروستەدا، پێوەندیی قوتابی و مامۆستا دەبێتە پێوەندییەکی میکانیکی و کۆمەڵێک دیاردەی نەشیاو و توندوتیژ بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە قەرەبووکردنەوەیان لە دواڕۆژدا کارێکی سانا نییە.

ڕاستە کە ویست و داخوازیی مامۆستایان تەنیا لە ڕێگەی پێکهاتە و ناوەندە پیشەییەکانەوە دەستەبەر دەبێت، بەڵام تا ئێستاش مامۆستایان و وانەبێژانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی گوشار و زەختی داپڵۆسێنەری ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، لە بوونی ڕێکخراوێکی ئازاد و سەربەخۆ بەردەوام بێبەش بوون. هەروەک دەبینین، بەو حاڵەش چەرخی خەباتی ڕەوای مامۆستایان لەمەڕ وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانیاندا لە گەڕ نەکەوتووە؛ هەر لەم ڕێبازەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی دەروەست و نیشتمانپەروەر لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی سزای قورسی دەرکردن و وەدەرنان، دوورخرانەوە لە قوتابخانە و زانکۆ، گرتن، زیندان و هتد بوونەتەوە.

هەر بۆیە وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیان، بەردەوام هەوڵ دەدات بە خستنەڕووی هەندێک سیاسەتی چەواشەکارانە، وەک بەڵێنی زیادکردن و هاوسەنگکردنی مووچەی مامۆستایان، نۆژەنکردنەوەی بینای قوتابخانەکان و دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابییان و خوێندکاران، مۆڵەتی کاری پیشەیی و ڕێکخراوەیی، و چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەی مامۆستایان، قوتابخانەکان و زانکۆکان، وەها پیشان بدات کە دیەوێت کەشێکی کراوە و مرۆڤتەوەرانە بخوڵقێنێت. بەڵام هەرچەندە ئەم سیاسەت و بیرکردنەوەیە لە ڕێگەی بەرپرسانی دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر باس دەکرێت و لە ڕواڵەتدا خۆیان جیاوازتر لەوانی دیکە پیشان دەدەن، بەڵام لە کردەوەدا دژی هەر جۆرە کرانەوەیەکی هزری ئازادن لە قوتابخانەکان و زانکۆکاندا، و چاویان بەرایی دیتنی هزری گەشاوە و توانای بونیاتنەری مامۆستایانی ئازادیخواز و پێشکەوتوو، و قوتابی و خوێندکاری چاوکراوە نادات؛ چونکە هەر لە دەوڵەتی پزیشکیاندا، پەرەسەندنی ڕاوەدوونان، گرتن و زیندانیکردن، بێبەشکردن لە وانەوتنەوە و دەرکردنی مامۆستایان

لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە؛ هێرشکردنە سەر قوتابخانە و زانکۆکان بە هێزی تایبەتی سەرکوتکەر بۆ ترساندن و تۆقاندنی مامۆستایان و قوتابییان و خوێندکارانی پێشەنگ، پێشگرتن لە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە قوتابخانە و زانکۆکان بە ئاراستەی کرانەوە و زانستی سەردەمیانە، هەوڵدان بۆ نانەوەی ئاژاوەی مەزهەبی، نەتەوەیی و ئایینی لە کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانە و زانکۆکاندا، بەئەمنییەتیکردن و نیزامیکردنی قوتابخانە و زانکۆکان، پاڵپشتیکردنی هێزەکانی بەسیجی قوتابییان و خوێندکاران و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی نووسینگەی ڕێبەری، گرتنی مامۆستایانی جیاوازبیر، خوڵقاندنی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ کچان و کوڕانی خوێندکار، کۆچی بەردەوامی مێشکەکان لە زانکۆکانەوە، خراپتربوونی هەلومەرجی ئابووری و بژێویی ژیانی مامۆستایان و بێڕێزیکردن پێیان، و دەیان کێشە و کارەساتی دیکە لە بواری پەروەردە و بارهێناندا، نیشاندەری ئەوەیە کە کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردە لە دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیاندا، بەتایبەت لە بواری پەروەردە و بارهێناندا، چەندە ناخیان نەخۆشە و چەندە بێتوانان لە وەدیهێنانی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە و بارهێناندا، و چەندەش نامۆن بە بیرکردنەوەی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە. بۆیە بە گشتی، بەرنامەداڕێژەران و کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە هەموو خولیا و ئارەزووەکانی گۆڕان لە سیستەمی پەروەردە و بارهێنان و باشترکردنی ژیان و بژێویی مامۆستایاندا، سەرابێک زیاتر نین.

لە ئێستادا لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵی نوێی خوێندندا، بە بەراورد بە ساڵی ڕابردووی خوێندن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە هەزاران قوتابی بەهۆی گرانیی پێداویستییەکانی خوێندن و بەرزبوونەوەی ٢٠٠٪ بۆ ٣٠٠٪ی نرخی پێداویستییەکانی خوێندن، لە قوتابخانە و خوێندن بێبەش کراون؛ چونکە تێچووی ئامادەکردنی قوتابی بۆ قوتابخانە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە و نەبوونی کڕیاریش بازاڕی خستووەتە سستییەوە. هەروەها بەهۆی گەمارۆ دەریاییەکانی ئەمریکا لە گەرووی هورمزدا، بەرزبوونەوەی تێچووی هاوردەکردنی پێداویستییەکانی خوێندن لە وڵاتانی وەک چین، مالیزیا و ئیندۆنیزیاوە، نرخەکان ئاستێکی زۆر بەرزیان تۆمار کردووە.

لە وەها بارودۆخێکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دابەزینی توانای کڕینی بنەماڵەکان و ناڕوونی لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی پۆلەکانی خوێندن بۆ ساڵی تازەی خوێندن، وای کردووە خێزانەکان کڕینی پێداویستییەکانی قوتابییان دوا بخەن. بۆیە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان و کارنامەی چەندین ساڵەی دەزگای پەروەردەی ژێر دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەری دەخەن کە داهاتووی مامۆستایان، قوتابییان و خوێندکاران، ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو دەبێتە قوربانیی ئایدیۆلۆژیای ناسەردەمیانە، شەڕخوازانە و ئاژاوەگێڕانەی تاقمێک بەرپرسی بەرژەوەندیخواز، و هیچ هیوایەک بۆ گەشە و بەرەوپێشچوونی سەردەمیانەی خوێندن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدی ناکرێت؛ چونکە لە



سەرچاوە
Serchawe

رەزبەری ٢٧٢٦

سیستەمی هزریی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، قاڵبێکی پڕ لە دەمارگرژیی مەزهەبی و هزری نامرۆڤانە و نامۆ بە ئەخلاق و ئازادیخوازی دانراوە و دەبێت مامۆستایان لەو سیستەمەدا خۆیانی پێ لەقاڵب بدەن. هەر بۆیە باوەڕمان وایە کە ئەرکی سەرشانی مامۆستایانە لە ساڵی نوێی خوێندندا بە هەموو هێز و توانایەک کە هەیانە، هەوڵی تێپەڕین لەم سیستەمە دواکەوتوو و چەقبەستووە بدەن.

لە ئێستادا ئەرکی مامۆستایان و بەتایبەت بزووتنەوەی مامۆستایان و خوێندکاران لە تێپەڕین لەم ڕێژیمە و ئەم سیستەمە پەروەردەییە سەقەتە، زۆر گرینگ و بەرچاوە؛ چونکە مامۆستایان بە پشتیوانیی جەماوەریی کۆمەڵگە توانای خوڵقاندنی ئەوەیان هەیە کە داوای سیستەمێکی دێموکراتیک و سەردەمیانەی پەروەردە و بارهێنان بکەن، تا نەوەی داهاتوو بە ئازادی بژین.

٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# کورد و هاوکێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست!






**عەزیم ئەلیاسی**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ شەڕ و ئاڵۆزی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و زۆر بە کەمی ئاشتی و ئاسایشی بە خۆیەوە دیوە. من لێرە نە دەرفەتی ئەوەم هەیە کە ئاوڕ لەم مێژووە پڕ لە ئاڵۆزییە بدەمەوە، نە پێشم وایە کە لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا دەگونجێ. کەوابوو، تەنها ئەوەندەی کە بۆ ڕوونتربوونەوەی بابەتەکەم یارمەتیدەر بێ، جاروبار ئاوڕێک بۆ دواوە دەدەمەوە.

وەک دەبینین، پاش هێرشەکەی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل، ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە پێیان ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. دەرئەنجامی ئەم هێرشە ئەوەیە کە حەماس بە شێوەیەک تێکشکێندرا کە چیدی لە هاوکێشە سیاسی و نیزامییەکاندا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەمێنێ. ئەوەی کە حەماس چۆن توانی لە حەوتی ئۆکتۆبردا دەوڵەتی ئیسرائیل غافڵگیر بکات، بۆ خۆی پرسێکە کە پێویستی بە لێوردبوونەوەیەکی زیاترە. بە هەڵسەنگاندنی تواناکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل، لەگەڵ لۆژیک ناگونجێ کە ئەم وڵاتە ئاگاداری پێشوەختەی ئەم هێرشە نەبووبێ. ئیسرائیلییەکان پێویستیان بە سۆز و پاڵپشتییەکی نێوخۆیی و دەرەکی هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵاتی حەماس لە غەززە کۆتایی پێ بهێنن. بۆیە خۆیان لە ئامادەکارییەکانی حەماس لەسەر ئەو هێرشە و هەروەها خودی هێرشەکە بێئاگا نیشان دا و بارودۆخێکی لەباریان بۆ حەماس ڕەخساند تا ئەو هێرشە بکات. چەند کاتژمێرێک دوای هێرشەکە، بنیامین نەتانیاهۆی سەرۆکوەزیران لە پەیامێکدا ڕایگەیاند کە ئەوان لە تۆڵەی ئەو هێرشەدا ڕوخساری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگۆڕن. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەوان پێشتر لەسەر گۆڕانی ڕوخساری ناوچەکە بڕیاری خۆیان دابوو و هێرشەکەی حەماسیش تەنها بیانوو بوو بۆ دەستپێکردنی ئەو گۆڕانکارییە.

بەرنامەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرەتا لە دەورانی سەرۆککۆماریی جۆرج بووشی کوڕدا باسی لێوە کرا کە دیارە لەبەر هێندێک هۆ ئەم پلانە دیزەبەدەرخۆنە کرا. ئەمریکا بۆ پاراستنی باڵادەستیی خۆی لە جیهاندا، پێویستی بەوەیە کە دەسەڵاتی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبێ. ئەم دەسەڵاتەش ئەو کاتە مسۆگەر دەبێ کە ئێران بێنێتە ژێر هەژموونی خۆی. کۆماری ئیسلامی تا پێش حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ حوکمڕانیی بەسەر عێراق، سووریە، لوبنان، بەشێک لە یەمەن و غەززەی لە فەلەستیندا دەکرد. کەوابوو ڕاستەوخۆ هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو. سەرەتا دەبوو دەسەڵاتی تاران لەم وڵاتانە کورت بکرێتەوە و پاشان دەست بۆ گۆڕانکاری لە ئێران ببەن. دیتمان کە دەوڵەتی ئیسرائیل چۆن لقوپۆپەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی یەک لە دوای یەک تێک شکاند و لە کۆتاییدا هێرشیان کردە سەر ئێران. ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتنە بەر هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و کوژران، ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی کە ئەم هێرشانە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە تاران ئەنجام دران. بەڵام دیتمان کە ئەم گۆڕینە وەک پلانی بۆ دانرابوو ڕووی نەدا. بە بڕوای من پلانی گۆڕینەکە هەر لە جێی خۆیدا ماوەتەوە، بەڵام تاکتیکەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچەیە بۆ هەموو جیهان گرنگە، کاریگەریی زۆر وڵات لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە هەیە. من لێرەدا تەنها باسی ئەو فاکتۆرانە دەکەم کە بە کردەوە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاراستە دەکەن.

لایەنی ئەمریکایی بۆ ئەوەی وەک هێزی یەکەمی جیهان بمێنێتەوە، پێویستی بەوەیە کە ڕێڕەوە ئاوییەکانی وەک گەرووی هورمز و بابولمەندەب کۆنترۆڵ بکات. دیارە ئەم کارەش بێ ئەوەی دەسەڵاتی تاران بخەنە ژێر نفووزی خۆیان زۆر زەحمەتە. کەوایە پلانی ئەمریکا دەبێ کۆنترۆڵکردنی ئێران بێ و تاکتیکەکانی ئەم وڵاتە لە ئاراستەی ئەوەدا دەبێ کە ئێران لەژێر نفووزی ڕووسیە و چین دەربێنن.

دەوڵەتی ئیسرائیل تا ئێستا زۆرتر لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی بچووکدا بەرگری لە خۆی کردووە و ئەمەش بە باشی وەڵامدەر نەبووە. هەر بۆیە سیاسەتی ئەم وڵاتە لەمەودوا ئەوەیە کە لەو جوغرافیا بچووکە بچێتە دەر و لە ناوچەکەدا هاوپەیمان و پێگەی باشتر بۆ خۆی دروست بکات. هەر لەم ڕوانگەیەوە حەماس لە غەززە دەردەکات و چیدی ڕێگە بە دەسەڵاتێکی بەتەواوی فەلەستینی لە غەززە نادات. نەک هەر ئەمە، بەڵکوو لە لوبنانیش نفووزی خۆی زیاتر دەکات و چیدیکەش ڕێگا نادات حیزبوڵڵا لە سنوورەکانی ئیسرائیل نزیک بێتەوە. وەک دیتمان، بە لاوازکردنی حیزبوڵڵا و هەروەها ڕێگریکردن لە یارمەتیدانی ئەسەد لە لایەن حیزبوڵڵا و کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ئیسرائیلییەکان لەگەڵ ئەمریکا ڕێگایان بۆ ڕووخانی دەسەڵات لەو وڵاتەدا خۆش کرد. دیارە ئەم کارەش بەبێ بەرامبەر نەکراوە و دەسەڵاتی نوێی سووریە پێشوەختە واژۆی لەسەر زۆرێک لەو ئیمتیازانەی کە ئیسرائیلییەکان ویستوویانە کردووە. پاش ڕووخانی ئەسەد، سوپای ئیسرائیل نزیک بە هەموو هێزی بەرگریی ئاسمانی ئەو وڵاتەی لەنێو برد. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەرپرسانی ئیسرائیل زۆر باوەڕیان بە دەسەڵاتی نوێی سووریە نییە. لەم پێوەندییەدا بابەتی کوردانی ڕۆژئاوا، درووزەکان و هەروەها عەلەوییەکانیش بایەخی خۆیان دەبێ بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگایەوە ڕێگری لە دەسەڵاتێکی یەکگرتوو لە دیمەشق بکرێ کە بتوانێ لە داوڕۆژدا مەترسی لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دروست بکات.

دەوڵەتی تورکیەش لە ناوچەکەدا کاریگەریی خۆی هەیە. تورکیە ئەندامی هاوپەیمانیی ناتۆیە، لەمەش گرنگتر خۆی بە پاڵپشتیی سوننەکانی ناوچەکە دادەنێ کە لە لایەن ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامییەوە لە ژێر گوشاردان. خاڵی لاوازی دەسەڵاتدارانی ئانکارا بوونی پرسی ڕەوای کوردە لە باکووری کوردستان و کاریگەریی لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان. دەکرێ هەر لەبەر ئەمەش بێ کە ئێستا باس لە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتییەوە دەکات. ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە لەم بارەوە نییەتی پاکە یان نا، بابەتێکی دیکەیە کە من زیاتر بە تاکتیکی دەزانم تا ئەوەی کە بیانهەوێ پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکەن.

کۆماری ئیسلامیش دەوری خۆی هەیە. وەک وتمان تا پێش هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، دەسەڵاتدارانی تاران حوکمی بەغدا، دیمەشق، بەیرووت، سەنعا و غەززەیان دەکرد. ئێستا چیدی ئەو کاریگەرییەی جارانیان بەسەر غەززە،

دیمەشق و بەیرووتدا نەماوە. لە عێراقیش خەریکن لە ڕێگای بێچەککردنی میلیشیاکانەوە کاریگەریی کۆماری ئیسلامی لەم وڵاتەش کەم بکەنەوە کە لەوانەیە ئەم کارە ئەوەندە ئاسان نەبێ. حوسییەکانی یەمەنیش لەم دواییانەدا زیاتر لەگەڵ خودی یەمەنییەکان و دەوڵەتی سعوودییە لە ململانێدان. ئەم بارودۆخەی دەسەڵاتدارانی تاران لە کاتێکدایە کە زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی ڕەدیفی یەک، دوو و تەنانەت سێهەمی میلیشیاکانی خۆیان لە دەست داوە و بارودۆخیان تا دێت نالەبارتر دەبێ. دەسەڵاتدارانی تاران زۆر بژاردەیان لەبەر دەستدا نییە، یان دەبێ تەسلیمی ئەمریکا بن، یان ئەوەتا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی تەنها لەسەر کات وەستاوە. ئەمریکا و ئیسرائیل هیچ کات نە لە بەرژەوەندییان دەبێ کە کاری ڕووخانی ڕێژیم لە تاران بە ناتەواوی بەجێ بێڵن، نە دەستیشی لێ هەڵدەگرن.

ئێمەی کورد لە نێو ئەم هەموو ئاڵۆزییانەدا هەم دەرفەتی ڕۆڵگێڕانمان لەبەر دەمدایە و هەمیش مەترسی زۆرمان لە پێشە. هەر لە ئێستاوە دەسەڵاتدارانی ئانکارا کار بۆ ئەوە دەکەن کە کاریگەریی دۆزی کورد لەسەر دەوڵەتەکەیان کەم کەنەوە. پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بابەتی ئازەرییەکانی ئێران یەخەی دەسەڵاتی تاران دەگرێ و دەوڵەتی تورکیەش لەم بارەوە دەست لەسەر دەست دانانیشێ و بێگومان پاڵپشتی لە دۆزی ئازەرییەکان دەکات. لێرەدایە کە دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیە بۆ ئەوەی بتوانن بە باشی لە بەرانبەر هەژموونی یەکتر خۆیان ڕاگرن، ناچارن ئاوڕ لە دۆزی کورد بدەنەوە. هیچ کام لە دەسەڵاتەکانی ناوچەکە بێ ئەوەی کورد لەگەڵ خۆیان بکەنە دۆست و هاوپەیمان، ناتوانن لە ناوچەکەدا بەسەر ئەویتردا هەژموونی خۆیان بسەپێنن. وێدەچێ جگە لە کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەسەڵاتدارانی تاران پاش کۆماری ئیسلامی هیچ لایەنێکی دیکەی باشتریان لەبەر دەستدا نەبێ کە وەک هاوپەیمان لەگەڵی ڕێک بکەون. ئانکارا لەم بابەتە باشتر تێگەیشتووە و بابەتی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی دۆزی کورد لە باکووری کوردستانیش دەکرێ هەر لەم ڕووەوە هاتبێتە گۆڕێ. واتە هەر کام لە دەوڵەتانی تورکیە و ئێران زووتر و باشتر کێشەی کورد چارەسەر بکات، پێشوەختە خۆی لە بەرانبەر گۆڕانکارییەکاندا بەهێزتر دەکات.

لە لایەکی دیکەشەوە، دەوڵەتی ئیسرائیل یەکێک لە ئەکتەرە بەهێزەکانی ناوچەکەیە و ڕۆڵێکی کاریگەر لە هاوکێشەکاندا دەگێڕێ. چیدی ئیسرائیل تەنها بەرگری ناکات، بەڵکوو لە چۆنیەتیی داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێ. ئەم دەوڵەتە کێشەی لەگەڵ بەرەی توندڕەوی عەرەبی و بە دیاریکراوی هێزە توندڕەوە سوننەکان هەیە. بۆیە بە هیچ شێوەیەک بەهێزبوونی بەرەی توندڕەو لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندی ئەم دەوڵەتەدا نابێ. لەم ڕوانگەیەوە، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد (نەک وەک لایەنگری مەزهەبی شیعە یا سوننە) حیسابی لەسەر دەکرێ. ئەمەش دەرگایەکی دیکە جگە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بە ڕووی کورددا دەکاتەوە. دیارە ئەم دەرگایەش هەم دەرفەتە و هەم دەتوانێ مەترسی زیاتریش بۆ ئێمەی کورد دروست بکات.

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

**گەر بمانهەوێ بابەتەکە کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئێمەی کورد لەم بارودۆخەدا پێویستە چ بکەین و لە کوێی هاوکێشەکاندایین، ئەم چەند خاڵەی خوارەوە جێگای سەرنجی زیاترن:**

**تەبایی نێو لایەنە کوردییەکان لە هەر پارچەیەک و تەنانەت لە نێوان پارچەکانی کوردستانیشدا جێگای بایەخە. لایەنە کوردییەکان گەرچی هەر یەکە و خاوەنی بەرنامەی سیاسی جیاوازی خۆیانن، بەڵام لەسەر دۆزی ڕەوای کورد ناکرێ ناتەبا بن. وەک چۆن حیزبێکی سۆسیالیست، مەسیحی و ڕاستڕەو بۆ وێنە لە نۆرویژ بەو هەموو جیاوازییە فیکرییەوە لە سەر خاک و نەتەوەی خۆیان ناکۆک نین، لایەنە کوردییەکانیش پێویستە کێبڕکێی بەرنامەکانیان بۆ کاتی دەسەڵاتداری لە کوردستان هەڵگرن، نەک لە کاتی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا.**

**پاشان، لە دروستکردنی دۆستایەتی و هاوپەیمانیدا پێویستە لە ڕێگاچارەی گونجاوتر بگەڕێین. دەیان ساڵە ئێمە هەوڵمان داوە تەنها لە ڕێگەی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤەوە سەرنج و پشتیوانی بۆ سەر دۆزی کورد ڕابکێشین؛ ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن چیدی بەتەنیا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە و پێویستە لەم بارەوە سیاسەتمان بگۆڕین. هاوپەیمانیی سیاسی و پشتیوانیی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بنیات دەنرێ و ئێمە لەسەرمانە ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشە دروست بکەین، نەک چاوەڕێ بین هەمیشە لایەنەکانی دیکە بێن لە دەرگامان بدەن.**

**لە سیاسەتکردندا پێویستە تا ڕادەیەک ریسکی ژیرانەش بکەین. نەک ئەوەی هەموو شتێکمان لەسەر مەترسی دابنێین، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین دەرفەتێکی باشتر بۆ دۆزی گەلەکەمان بکەینەوە، پێویستە ئامادەی بەرپرسیارێتیی قورس بین. ڕاستە دەوڵەتانی ناوچەکە خاوەنی پێگەی نێودەوڵەتین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بارودۆخیان زۆر لەبارە و لە قەیران بەدوورن. ڕێک لەم بارودۆخەدا ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی دیپلۆماتیک لەگەڵ لایەنە کاریگەرەکان باس لە هاوپەیمانی و بەرژەوەندیی هاوبەش بکەین. واتە بە کورتی، ئەگەرچی ئێمە ڕووبەڕووی مەترسیی زۆر دەبینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتی گەورەشمان لەبەردەمدایە کە دەتوانین ڕۆڵی مێژوویی لە هاوکێشەکاندا بگێڕین.**

**٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٦**

# شۆڕشی ژینا لە ڕووی بابەتی و چۆنیەتییەوە هەروا لە لووتکەدایە





**مستەفا مەعرووفی**

لە کۆتایی یەکەم حەوتووی سێپتامبری ئەمساڵدا ناوچەیەکی سەوز لە شاری هامبورگی ئاڵمان بە فەرمی بە ناوی ژینا ئەمینی کرا؛ ئەمە بۆ چوارەمین ساڵە لە سەرانسەری جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی دێموکراتدا شەقام، شوێنی گشتی و پارک بە ناوی ژینا ئەمینییەوە دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی، کچە کوردی شاری سەقز بە

دەستی مەئموورانی کۆماری ئیسلامی کە بوو بە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی هەمەلایەنە لە سەرانسەری ئێراندا، زۆر ڕووداوی گرنگی دیکەش ڕوویان داوە کە گرنگترینیان شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی کۆماری ئیسلامی و ڕاپەڕینی بەفرانباری ڕابردووی خەڵکی ئێران لەدژی ئەم ڕێژیمە بوون. بەوحاڵەش هیچکام لەو ڕووداوە گرنگانە: نە سوورهەڵگەڕانی شەقامەکانی شارەکانی ئێران بە کوژرانی دەیان هەزار کەس لە بەفرانباردا بوونەتە هۆی کاڵبوونەوەی ڕەنگی شۆڕشی ژینا و نە بە تەموتومانی بۆردومانی فڕۆکە و هاژەکەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل تۆزی فەرامۆشی لەسەر ئەم شۆڕشە نیشت.

تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشە چی بوون، پەیام و دروشمەکانی کامانە بوون و هەڵگری چ بابەت و نێوەرۆکێک بوو کە ئەم شۆڕشە و ئامانجەکانیانی هەروا بە زیندوویی و لە لووتکەدا هێشتووەتەوە؟ لەم چەند دێڕەدا هەوڵ دەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. بۆ ئەوەی هەم ڕادەی گرنگیی شۆڕشی ژینا لە ڕووی چۆنیەتییەوە بزانین و هەم تایبەتمەندییەکانی باشتر بناسین، هەوڵ دەدرێ لەو جێگایانەدا کە پێویست بێ، بەراوردێکیش لەگەڵ ڕاپەڕینی گەورە و پڕ تێچووی بەفرانباری ڕابردووی ئێران بکرێ.

## شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و ڕوو لە داهاتوو

لە ساڵی ١٩٧٩ەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر کار، چەندین ڕاپەڕین و نارەزایەتی لەدژی ئەم ڕێژیمە ڕوویان داوە؛ ڕاپەڕینەکان جار لەگەڵ جار بەرینتر، ڕادیکاڵتر و درێژخایەنتر بوون، هەرکامیان لەچاو پێشتر گەورەتر بوون، شۆڕشی ژیناش هەر بەم جۆرە بوو. نزیکەی ٣ ساڵ دوای شۆڕشی ژینا شاهیدی ڕاپەڕینێکی دیکە بووین کە زۆر لە ڕاپەڕینەکانی دیکە خوێناویتر بوو. تەنانەت بە گوێرەی هێندێک سەرچاوە، لە شۆڕشی ١٩٧٩ کە بوو بە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیش خوێناویتر بوو؛ زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە تەنیا لە شەوانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا نزیکەی ٣٠ هەزار کەس لە خۆپیشاندەران لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون. ئەمە ڕاستە کە لە ڕووی چەندایەتییەوە، بەتایبەتی ڕژانی ملیۆنیی جەماوەر بۆ سەر شەقامەکان لەم ڕاپەڕینەی دواییدا، لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە بێوێنە بوو؛ بەڵام لە ڕووی چۆنایەتی و نێوەرۆکی دروشم و ئامانجەکانیەوە، ئەمەیان بە ڕادەی شۆڕشی ژینا پڕنێوەرۆک و شوێندانەر نەبوو. شۆڕشی ژینا شۆڕشێک بوو کە پشتی لە مێژووی دووروودرێژی دیکتاتۆری کردبوو کە لە دروشمی «نەمان بۆ ستەمکار، جا چ شا بێ چ ڕێبەر»دا خۆی دەبینییەوە. بە پێچەوانەی ڕاپەڕینی بەفرانبار کە لە کاردانەوە بەرامبەر بە گرانبوونی دۆلار سەری هەڵدا و هەوڵ دەدرا بە لایەنگری لە ڕێژیمی ڕووخاوی پاشایەتی بە لاڕێدا ببرێ. کاکڵی شۆڕشی ژینا دژی سیستەمی پیاوسالاری و جیاوازیدانانی ڕەگەزی و بۆ لابردنی ستەمی مێژوویی لەدژی ژنان بوو، کە لەگەڵ ئامانج

و بایەخە جیهانییەکان یەکی دەگرتەوە و لە دروشمی سەرەکیی «ژن، ژیان، ئازادی»دا خۆی دەبینییەوە کە خێرا سنوورەکانی کوردستان و ئێرانی بڕی و بوو بە دروشمێکی جیهانی. بە پێچەوانەوە، دروشمی هەرە بەرچاوی ڕاپەڕینی بەفرانبار لە تاران و شارەکانی ئێران بۆ لایەنگری لە «ڕەزا پەهلەوی» کوڕی دیکتاتۆری پێشووی ئێران دران؛ واتە بە پێچەوانەی شۆڕشی ژینا، هەوڵ دەدرا ڕاپەڕینی بەفرانبار لە ڕووی مێژووییەوە بەرەو دواوە بگەڕێنرێتەوە.

## شۆڕشێکی فرەچەشن و بەدوور لە ناوەندگەرایی

فرەچەشن ڕێک بەو واتایە کە پێچەوانەی ناوەندگەرایی بێ. لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەتی لە ئێران، ناوەند (پایتەخت) چەقی ڕووداوەکانە و بڕیار و چارەنووسی هەموو ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک لە ناوەندەوەیە. ململانێکان لە ناوەند یەکلا دەبنەوە و باقیی ناوچەکانی دیکەی وڵات لەژێر کاریگەریی ئەودا بەدوای چارەنووسی خۆیاندا دەگەڕێن. بۆ یەکەمجار بوو لە مێژوودا سەرانسەری ئێران کەوتە ژێر کاریگەریی نەتەوەیەکی پەراوێزخراوی وەک کورد. بۆ یەکەمجار دروشمی «کوردستان چاو و ڕووناکیی ئێران» لە شەقامەکانی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران دەنگی دەدایەوە. لە یەک سەدەی ڕابردوودا، لەو کاتەوە کە نەمامی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکەرەی کردووە، چ لە سەردەمی دیکتاتۆریی پەهلەوی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی فاشیست - مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیدا، کورد و بزووتنەوەکەی جگە لە سەرکوتکرانی خوێناوی، لەژێر ژەهراویترین هێرشی میدیاییدا بووە و ئەم دوو ڕێژیمە زەبری زۆر قورسیان لە هاوپێوەندیی گەلانی ئێران و یەکیەتی و هاوکاریی نێوان ئەوان داوە. بەوحاڵەش لە شۆڕشی ژینادا ناوەند کەوتە ژێر کاریگەریی پەراوێز و، نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی کە لە کۆنەوە وەک دوژمن دەناسێندران، ئەمجارە وەک «ڕزگاریدەر» سەیری دەکرا. لە کاتێکدا لە ڕاپەڕینی بەفرانباردا ڕەزا پەهلەوی هەر کە ناوی خۆی بیستەوە، لە ژێستێکی «دۆن کیشۆت»انە هێرشی کردە سەر کورد و فەرمانی بە سوپا! دا لەدژی «جیاوازیخوازان» ئامادە و لەسەر پێ بن! و لایەنگرانی لە وڵاتانی دەرەوە هێرشیان دەکردە سەر کەسانی جیابیر و ئەو کارەیان دەکرد کە بەسیجی و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات دەیانکرد. تەنانەت کار گەیشتە تیرۆر، بۆ نموونە تیرۆری مەسعوودی مەسجوودی لە کەنەدا کە ڕەخنەگری ڕەزا پەهلەوی بوو.

لە کاتێکدا کە ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا هەروا بە بایەخ و جێی ستایشن، لانیکەم هەتا ئێستا لە باری کۆمەڵایەتییەوە و بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا پاشەکشەیەکی واتاداری کۆماری ئیسلامیی بەدواوە بووە، بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە هێنانە پێشەوەی ڕەزا پەهلەوی و هەڵە و لێدوانە هەڵنەسەنگێندراو و بەپەلەکانی ناوبراو، گەورەترین زەبریان لە -

تا ئێستا - دووەمین ڕاپەڕینی گەورەی مێژووی ئێران دا و دەرفەتێکی زێڕینی لەبەر دەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نا. زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس لە ماوەی ٢ شەودا بوونە قوربانی بۆ ئەوەی دیکتاتۆریی پێشوو جێگەی دیکتاتۆریی ئەمڕۆ بگرێتەوە!

## شۆڕشێکی سوننەتشکێن و ژنتەوەر

شۆڕشی ژینا لە هەناوی کوردستانەوە، لە ئەزموونی ٨ دەیە خەباتی گەلی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو. نزیکەی ٨٠ ساڵ پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان، ڕێکخراوێکی دێموکراتیکی تایبەت بە ژنان لە شاری مەهاباد دامەزرا. ژنان لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کورددا کاری سیاسی دەکەن و لە ئاستی بەڕێوەبەریدا بەرپرسیارەتی وەردەگرن و تەنانەت لە شەڕی داسەپاو بەسەر کورددا، شانبەشانی پیاوان لە مەیدانی شەڕدا ئامادەن و شەهید دەدەن. لە کاتێکدا نەک لە ئێران، تەنانەت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەمە تایبەت بە کوردە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە نەتەوەیەکی بندەست و بێکەس بۆ مانەوەی خۆی پێویست بکا کەڵک لە هەموو توانا و پۆتانسیاڵەکانی وەربگرێ و هێز و پۆتانسیاڵی خۆی لە باوەڕ و سوننەتی نالۆژیکی و بێسووددا خەسار نەکا. ڕۆڵی چالاکانەی ژنانی کورد لە رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کوردستان و ئازایەتی و بوێرییان لە هاتنە مەیدان، ئیلهامدەری ژنانی سەرانسەری ئێران و پیاوانی یەکسانیخواز و وەڕەز لە فێرکارییە دواکەوتووانە و سەدەی ناوەڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، کە شانازییەکانی شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و ڕیشەیی و فرەڕەهەندی وەک «شۆڕشی ژینا»یان خوڵقاند.

لە دوای شۆڕشی ژینا و لەژێر کاریگەرییەکانیدا بوو کە ڕووپۆش و چارشێوی بە زۆرەملێ و چەکی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی لە بەرەو کەوت و بێبایەخ کرا. ئەم شۆڕشە زەبرێکی قورس و مێژوویی لە سوننەت و باوەڕی دژەژن دا؛ شۆڕشێک بوو کە گۆڕانی هزری لە بنچینەوە تێدا دەخوێندرێتەوە و لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی ڕیشەدارتر و قووڵترە؛ شۆڕشێک کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگیی بەدوای خۆیدا هێناوە و دێنێ؛ شۆڕشێک کە ڕێنێسانسێکی بەدوای خۆیدا بەڕێ خستووە کە مەودایەکی مێژوویی دووروودرێژتری لە هەڵگیرسان و کۆتایی شەڕەکان و تاکتیکە سیاسییەکان هەیە و، تەنانەت لە پاش ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیش پەیام و ئامانجەکانی بەردەوام دەبن.

## شۆڕشێک کە خێرا بوو بە ڕووداوێکی جیهانی

کچێکی کورد لە نێو شاری تاران بە ڕۆژی ڕووناک تەنیا پەرچەمی لە سووچی لێچکەوە ڕەها ببوو؛ نەک بە تەنیا یان

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

لەگەڵ ئەغیار! بەڵکوو هاوڕێ لەگەڵ برای خۆی. ئەمە بوو بە هۆی کوژرانی، نەک بە دەستی باند و مافیاوە، بەڵکوو بە دەستی «پۆلیسی ئەخلاق»! ستەمەکە بە ڕادەیەک ڕووت و بێبەزەییانە و، بیانووەکەی بە ڕادەیەک کەمبایەخ بوو کە نەدەکرا هەروا بە ئاسانی و بە بێدەنگی تێپەڕێ. شانۆی ئەم ڕووداوە تراژیدییە سۆز و هاوپێوەندیی سەرەتا لە ئێران و پاشان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لەچکفڕێدان لە شەقامەکانی ئێران بەرینتر لە جاران و، دیاردەی قژبڕین بە نیشانەی هاودەردی لە سەرانسەری جیهاندا، لە نێو ژنانی سیاسی و ئەندامپەرلەمان، هونەرمەند و سینەماکار و چالاکانی بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا بوو بە دیاردە. جگە لە کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ یاد و بیرەوەریی ژینا ئەمینی، کتێبخانەکان، شوێنە گشتییەکان، پارک و سالۆنی زانستگەکان بە وێنەی ژینا و بە جوانترین دەربڕینەکان ڕازانەوە. هونەرمەندان گۆرانییان بۆ دانا و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ خەڵاتیان بۆ یاد و ناوی ئەو دیاری کرد. سەرەنجام شەقام و پارک و مەیدانی شارەکان لە ئورووپا بە ناویەوە کرا. لەم شەپۆلە بەرینە جیهانییەشدا هەوڵ درا ناسنامەی کوردبوونی لەبەر چاوی جیهانیان بدزرێ و ون بکرێ، بەڵام هەوڵی هەمەلایەنە و هەرەوەزیی دڵسۆزانی کورد ڕێگەی نەدا ناوی «ژینا»ش وەک بەخت و چارەنووسی کورد، لە غیابی کورددا لە قووڵایی ڕووداوەکاندا نوقم بێ. ئەمڕۆ ناوی «ژینا (مەهسا) ئەمینی» لە ڕیزی ژنانی ناوداری جیهاندا لەسەر تابلۆی شەقامەکانی ئورووپادا دەبریسکێتەوە؛ دیوێکی ئەم تابلۆیە حیکایەتی چارەنووسی خەماویی کچێکی بێتاوانی کورد و دیوەکەی دیکەی چیرۆکی دەمارگرژی و بێبەزەییی دەسەڵاتی بێگانە بۆ ڕێبوارانی ئورووپایی دەگێڕێتەوە.

بە کورتی، شۆڕشی ژینا شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز، دێموکراتیک و دژەفاشیستی بوو. بە هۆی نێوەڕۆکی یەکسانیخوازانە و گرێدراوی بە نۆرم و بایەخە مرۆییەکانەوە، خێرا بوو بە ڕووداوێکی جیهانی و هاوسۆزی و پشتیوانیی ئازادیخوازانی دژەفاشیزمی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ لای خۆی ڕاکێشا. خێرا بوو بە سەرچاوەی گەلێک ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. زەبرێکی کاریگەر بوو لە سوننەت و مێژووی دووردرێژی چەوسانەوە و جیاوازیدانانی ڕەگەزی کە بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی گەیشتبووە لووتکە.

**بە هۆی ئەوەی کە سەرچاوەی شۆڕشەکە لە کوردستانەوە بوو، هەڵگری مۆرکی نزیک بە یەک سەدە خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی بزووتنەوەی کورد بوو، ئەمەش دەرفەتێک بوو کە جارێکی دیکە وێڕای پەیامە مرۆڤایەتییەکانی، هاواری نەتەوەی ژێردەستی کورد – کە قوربانیی فاشیزمی ناوچەیی و سیستەمی نادادپەروەرانە و ناهاوسەنگی ئەمڕۆی جیهانییە – بە گوێی گرانی زلهێزەکانی جیهاندا بدات.**

٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# گەڕان بە ئەشقی وشەوە (ئاوڕدانەوەیەک لە شێعری سەحەر موعیزی)





**سارۆ خوسرەوی**

لە دنیای شێعری هاوچەرخی کوردیدا، دەنگی ژن وەک باڵێکی نوێیە بەسەر ئاسمانی ئەدەبەوە، باڵێک کە هەم هەست و هەم بوون دەگۆڕێت. ئەگەر شێعری پیاوانە بۆ ماوەیەکی درێژ بە زمانێکی باڵادەست و دیدێکی تاکڕەهەند ناسرابوو، ئەوا هاتنی ژنی شاعیر ئەم یەکدەنگییە دەشکێنێت و ڕەهەندێکی قووڵتر، مرۆییتر و ڕاستگۆتر بە شێعر دەبەخشێت.

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

پێشتر لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا، کەمتر هەست بە بۆن و بەرامەی گوڵی شێعری ژنەشاعیران دەکرا، بەتایبەت ئەو ژنانەی دەیانویست ژنانە شێعر بنووسن.

لەم نێوەندەدا، سەحەر موعیزی وەک نموونەیەکی هەرە جوانی ئەم دەنگە ئازادە خۆی دەنوێنێت. ئەو بە هەستێکی تەواو ژنانە، ناسک و لە هەمان کاتدا بوێرانە دەنووسێت؛ خۆی لەو چوارچێوە تەسکە دادەبڕێت کە تێیدا شێعر تەنیا بە چاوی پیاوەوە دەبینرێت. شێعر لای ئەو تەنیا وەسفی جوانی نییە، بەڵکوو خۆدۆزینەوە و خۆسەلماندنە. ئەو خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ئازادە و هەرگیز ناهێڵێت دیوارە بەرزەکانی نەریتی کۆمەڵگە و فەرهەنگی باوکسالاری، ئاسۆی بێسنوور و جیهانە فراوانەکەی شێعری لێ تەسک بکاتەوە، بەڵکوو لە نێو هەمان جیهانە تەسکەدا، بۆ ڕۆحی ژن بەرینترین ئاسۆ دەڕەخسێنێت.

سەحەر موعیزی، بە شکۆی ژنانە شێعر دەنووسێت و ناسنامەی ژنبوونی خۆی لە جوانترین وێنەی شێعریدا دەخوڵقێنێت. ئارەزوو و ئەوینی ژن لە ڕەنگی سوخمە و گۆبەرۆکدا هەڵدەکێشێت و بەبێ ئەوەی سڵ لە سۆزی دڵداری بکاتەوە، دیمەنێک لە شەکاوەیی ئاڵای ژنبوونمان بۆ دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

«ئاخ
چ مەستە گۆبەرۆک
لە پاکیزەیی سوخمەما
بە نارەزایەتیی ئەوین
لەوەتەی پەنجە دزێکە
بۆ گەستنی سێوی حەوا و
لێو، تاوانێکی ئاڵە
بۆ هەڵمژتنی ئارەزوو،
کەنیشک لێرە ئاڵایەکی شەکاوەیە
بە سێدارەی ئایینەوە» .

بەدەم سەرنجدانم لە شێعری ئەم خاتوونەشاعیرە، چاوی خەیاڵم لەسەر خۆشەویستیی نیشتمان دەخشێت. لە هەناوی ئەم خۆشەویستییەدا، ژنێک لە ڕەگەزی با، دڵداری لەگەڵ باران و خۆرەتاودا دەکات و دەڵێت:

«من لە ڕەگەزی بام

باران،
خاک، خۆرەتاو،
ئەشق و نیشتمان.
هاوڕەگەزخواز نیم و
دڵداریش لەگەڵیا ئەکەم»

گەشبینی خاڵێکی بەرچاوی دنیای شێعریی ئەم شاعیرەیە، بە جۆرێک کە لە ڕەگی وشەی فرمێسکدا، پێکەنین بەدی دەکەیت، وەک ئەوەی دەڵێت:

«گوڵی فرمێسکت بچێنە
لە ڕەنگی پێکەنینێکم
کێ دەزانێت دوا بەشی گەڵا پاییز بێت؟»

شاعیر بۆ ڕەوینەوەی تەمی گومان لە ئیرادەی ژن، بە سیمای ژنانە پەنجە لەسەر بەرچاوترین نیشانەکانی جەستەی خۆی دادەنێت و دەیانکاتە دەستەچیلەی ئاخێزی ژن و دەڵێت:

«چەند سیاسەتڕێژە جەستەم!
ملوانکەکەم فیشەکێکە و
دوو چەکم کردە گوارە و
جلەکانیشم سەنگەرم!»

شاعیر، لە هەر شوێنێک ئاگری نیشتمان گڕ لە دارستانی ئاوەدانی بەربدات، وشە دەکاتە لێزمەی باران و گەڕەکی هەنار پڕ دەکات لە بووژانەوە و دەڵێت:

«ئەمن مێژووی بووژانەوەم
باوەشم دڵ دەکاتەوە
بۆ کەنیشکی باران و
ئارەقەی ڕوان و
دڵداریی شاخ لەگەڵ گەڕەکی هەناردا»

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

شاعیر، لەگەڵ هاژەی ڕووبار ئاوێزانی دڵی چیا دەبێت و مێژووی بووژانەوەی درەختمان بۆ تۆمار دەکات، بۆ ئەوەی ژیان و ئاوەدانی وەک چیاکانی زاگرۆس لە بەرزیدا خۆ بنوێنن. ئەو بەم جۆرە خۆشەویستی تێکەڵ بە زام و ڕەنجی مێژوو دەکات و دەڵێت:

«ڕێنووسی ڕووبار هاژەیە و
دەفتەری نیشتمان کانی!
ئێمە دار دەنووسینەوە
لە نێو دێڕی سەربەستیدا و
لە تۆی زامی سەدان ساڵە
ئاوەدانی»

شاعیر باشتر لە هەر کەس ئازار و مەینەتی ڕەگەزی خۆی هەست پێ دەکات و دەزانێت دەنگی ژنان چۆن لە نێو ژاوەژاوی ژیاندا ون دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو ژنانە خاوەنی بەهرەی هونەری بن،

بۆیە لە مەرگی گۆرانیبێژی بەناوبانگ «فەتانە وەلیدی» دێتە دوان و دەڵێت:

«بێدەنگ نێژرا
چریکەی ژنێک
لە وڵاتێکا
دەنگی مەنارەکان
لە دەنگی ئەو بەرزتر بوو!»

سەحەر موعیزی، لەو جۆرە شاعیرانەیە کە بە ئەوینی وشەوە پەنجەرەیەک بە ڕووی گەشبینی و خەونی ژناندا واڵا دەکات و ژنانە دەنووسێت. کردنەوەی دەلاقەیەکی شێعری بە ڕووی خەون و خەیاڵی ژناندا بە ڕوانگەیەکی ژنانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەنگە هێشتا ئاسان نەبێت، بەڵام من ئەو بوێرییە لە شێعری ئەم ژنەشاعیرەدا دەبینم.

لە ڕاستیدا، هەر چەندە قەڵەمی وەک ئەم خاتوونە لە نێوماندا زۆر بن، ئەوەندەش هونەری ژن دەبێتە چرایەک بۆ ڕووناککردنەوەی جوانییەکانی ژیان لە دیدی ژنەوە. هەروەها دەنگی بوێری و هونەری باڵای ژنان دەبێتە دەلاقەیەکی ڕوون بۆ بینینی جوانییە شاراوەکانی ژیان؛ جوانییەک کە تەنیا لە جەوهەری پاکی بوونی ژندا دەدۆزرێتەوە.

ڕەزبەری ٢٧٢٦

لەدایکبوونی هەر قەڵەمێکی وەک سەحەر موعیزی، لەدایکبوونی دەلاقەیەکە بەرەو جیهانێکی جوانتر، کە تێیدا ژیان بە چاوی پڕ لە هەستی ژنەوە دەبینرێت.

٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## له پەراوێزی قسەکانی مەسعوود پزشکیان له ٨١مین کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا





**مستەفا مەولوودی**

ڕۆژی چوارشەممە ١ی ڕەزبەری ١٤٠٥ی هەتاوی (٢٣ - ٩ - ٢٠٢٦) مەسعوود پزشکیان لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وتارێکی پێشکەش کرد. وا دیار بوو قسەکانی ترامپ کە ڕۆژی سێشەممە لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشکەشی کردبوو، زۆر بێزاری کردبوو. بۆیە هەر کە لە دەرگای هۆڵی کۆبوونەوەکە نزیک بووەوە، هەواڵنێران داوایان لێ کرد کە تەنیا وەڵامی یەک پرسیار بداتەوە، بەڵام ناوبراو وەڵامی هەواڵنێرانی نەدایەوە. نازانم چەندە چاوەڕوانی کرد تا نۆرەی

گوتارەکەی هات، بەڵام کاریگەریی قسەکانی ترامپ بەری نەدابوو و شڵەژانێکی تەواو بە سیما و جووڵەی جەستەیەوە دەبینرا. تەنانەت لە دەستپێکی قسەکانیدا گوتی: «من دەقێکم ئامادە کردبوو لێرە پێشکەشی بکەم، بەڵام قسەکانی ترامپ ناچاری کردم ئاوا قسە بکەم»؛ دواتریش ئەو شێواوییە بە درێژایی گوتارەکەی پێوە دیار بوو. ڕووخساری گرژ ببوو، زمانی تێکەڵ دەبوو و سەرەڕای ئەوەی کەڵکی لە دەقێکی نووسراو و ئامادەکراو وەردەگرت، دیسانیش نەیتوانی گوتارێکی سەرکەوتوو پێشکەشی ئەو ژمارە کەمەی لە هۆڵەکەدا مابوونەوە بکات و هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنیشی لەسەر بیسەران دانەنا.

پزشکیان زیاتر لە هەموو شتێک ڕۆڵی قوربانیی گێڕا و بەردەوام هەوڵی دەدا پێشان بدات کە ئەوان ئازایانە بەرگرییان لە خۆیان کردووە، هاوکات ڕایگەیاند کە ئامادەن هەم بۆ بەربەرەکانێ و هەم بۆ وتوویژ لەگەڵ دوژمنەکانیان. هەروەها بۆ خۆمەزلوومنیشاندان و ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتەکەیان، ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە زیاتر لە دووسەد ساڵە ئێران دەستپێکەری هیچ شەڕێک نەبووە.

ماوەیەک لەمەوبەر چاوێکم بە مێژووی شەڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا خشاند؛ ئەمریکا لە ماوەی ٢٥٠ ساڵدا، جیا لە شەڕی نێوخۆیی، ٤٦٩ شەڕی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی ئەنجام داوە. واتە دەتوانین بڵێین لە مێژووی ئەمریکادا شەڕ بووەتە نەریتێکی باو. ئەگەر سەرنجی دۆخی ٢٥٠ ساڵی ڕابردووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بدەین، دەبینین لەم ناوچەیەشدا شەڕ لە قاڵبی ڕووداوێک یان ئاڵۆزییەکی کاتیی نێوان دوو لایەن تێپەڕیوە و بووەتە دیاردەیەکی باو و بەردەوام؛ ئەم ڕاستییەش بۆ ئێرانیش هەر بە هەمان شێوەیە.

پزشکیان لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گوتی: «ئێران هیچ کات دەستپێشخەری هیچ شەڕێک نەبووە». ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی لێکۆڵەرانی مێژوو، شەڕە نێوخۆییەکانی هەر وڵاتێکیش هەر لە چوارچێوەی دیاردەی شەڕدا پێناسە دەکەن و لە ڕوانگەی سروشت و وێرانکارییەوە شەڕی نێوخۆیی و دەرەکی بە یەکسان دادەنێن. هەر بۆیە پێم باش بوو بەراوردێک لە نێوان شەڕەکانی ٢٥٠ ساڵی ئەمریکا و ئێران و دەرەنجامەکانیان بۆ هەردوو وڵات بخەمە ڕوو.

لە ماوەی ئەو ٢٥٠ ساڵەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سێزدە ویلایەتەوە گەیشتووەتە پەنجا ویلایەت؛ واتە ڕووبەرەکەی زۆر فراوانتر لە سەردەمی دامەزراندنی لێ هاتووە، ئەمەش تەنیا یەکێکە لە دەستکەوتەکانی شەڕەکانی ئەمریکا. بەڵام هەر لەو سەردەمەدا، ئێران بە هۆی شەڕەکانەوە بەردەوام خاکی لەدەست داوە: لە ساڵی ١٨١٣ی زایینیدا قەفقاز، داغستان، گورجستان و بەشێکی بەرفراوانی لە ئازەربایجان لەدەست دا؛ لە پەیماننامەی تورکمەنچایدا

ئەرمەنستان و نەخجەوانی لەدەست دا و چۆمی ئەرەس وەک سنوور بۆ ئێران دیاری کرا؛ ئێران لە ڕێککەوتننامەی پاریس لە ساڵی ١٨٥٦دا هەرات و بەشێکی گەورەی لە ناوچەکانی ئێستای ئەفغانستانی لەدەست دا؛ لە ساڵی ١٨٨١یشدا بە پەیماننامەی «ئاخاڵ»، مەرڤ، خیوە، تورکەمەنستان، بەشێکی ئاسیای نێوەڕاست، بەلووچستانی ڕۆژاوا و بەشێکی بەلووچستانی ڕۆژهەڵاتی لێ جیا کرانەوە؛ هەروەها ئێران شەتولعەرەب (چۆمی ئەروەند)ی لە ساڵی ١٩٣٩ و بەحرەینی لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینیدا لە سەردەمی پەهلەویدا لەدەست دا.

ئەگەر ئەنجامی شەڕەکانی زیاتر لە دووسەد ساڵی ئەمریکا و ئێران هەڵسەنگێنین و بەراوردیان بکەین، دەبینین ئەمریکا خاکێکی زۆر زیاتر لە ڕووبەری سەرەتای دامەزراندنی خۆی خستووەتە سەر وڵاتەکەی، کەچی ئێران زۆر زیاتر لە ڕووبەری ئێستای لەدەست داوە. بە کورتی، ئێران دۆڕاوی سەرەکیی هەموو شەڕەکان بووە؛ کاتێکیش تەنگی پێ هەڵچنراوە، توانای پاراستنی خاکی خۆی نەبووە و ناچار دەستبەرداری بووە.

لێرەدا پێم باشە بەراوردێکی دیکەش لە نێوان شەڕە نێوخۆییەکانی هەردوو وڵاتدا بکەم. ئەمریکا هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە تووشی شەڕی نێوخۆ بووە، بەڵام دەرەنجامی ئەو شەڕانە بووە مایەی چەسپاندنی سیستەمێکی فیدراڵی و دەسەڵاتێکی دیموکراتیک کە ئەمڕۆ کاریگەرییەکی مەزنی بەسەر سەرجەم جومگە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانی جیهانەوە هەیە. بە پێچەوانەوە، ئێران کە زۆرترین شەڕی نێوخۆیی بەتایبەت لە سەد ساڵی ڕابردوودا تۆمار کردووە، ئاکامەکەی بۆ سەر خەڵک و وڵات وێرانکەر بووە.

### لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژە بە چەند شەڕێکی نێوخۆیی دەکەم:

ڕەزا پەهلەوی لە ساڵانی ١٣٠٠ تا ١٣٠٥ی هەتاویدا بزووتنەوەی محەممەدتقی خانی پسیان لە خۆراسان، میرزا کوچک خانی جەنگەڵی لە گیلان و مازەندەران، و شۆڕشی ئەبوولقاسم لاهووتی لە تەورێزی لە خوێندا گەوزاند و سەرکوتی کردن. هەروەها لە ساڵانی ١٣٠٢ تا ١٣١٢ی هەتاویدا، بە سەپاندنی سیاسەتی «تەختی قاپوو» لە لوڕستان (واتە نیشتەجێکردنی زۆرەملێی هۆزە کۆچەرییەکان)، خەڵکی ئەو دەڤەرەی سەرکوت کرد؛ جیا لەوانەش شۆڕشی شێخ خەزعەل لە ئەهواز، ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک لە کوردستان و هەروەها ئێلی قەشقایی سەرکوت کرد. هاوکات لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویدا پەلاماری حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستانی دا و هەردوو حکوومەتەکەی ڕووخاند.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتی سەرکوتی بزووتنەوەکان بە



سەرچاوە
Serchawe

شێوازێکی زۆر دڕندانەتر و مەترسیدارتر درێژەی پێ درا و تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

دەتوانین هەر کوردستان وەک نموونەیەکی بەرچاو وەربگرین؛ لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئێستادا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا داوای خۆبەڕێوەبەری و مافی ڕەوای خۆیان دەکرد و دروشمی خەڵک زۆر ڕوون بوو: «دێموکراسی بۆ ئێران و خۆموختاری بۆ کوردستان». بەڵام ڕێژیم ئەو داواکارییەی قبووڵ نەکرد و خومەینی فەتوای جیهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و فەرمانی هێرشی سەربازیی دا. هەرچەندە گەلی کورد و هێزە سیاسییەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئازایانە بەرگرییان کرد و ڕووبەڕووی پەلامارەکان بوونەوە، بەڵام بەپێی ئامارەکان زیاتر لە پەنجا هەزار هاووڵاتیی سڤیل و پێنج هەزار پێشمەرگە شەهید کران، و ئەو شەڕەش لە کوردستان تا ئێستاش نەبڕاوەتەوە. کوردستان ئێستاش هەر ناوچەیەکی تەواو میلیتاریزەکراوە و سیاسەتی ئەمنییەتیی تێدا پەیڕەو دەکرێت. لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، زیندانەکانی ڕێژیم بەردەوام پڕ بوون لە تێکۆشەرانی سیاسی کە ڕۆژانە لەسێدارە دەدرێن. دیارترین نموونەی کوشتاری بەکۆمەڵ و بێبەزەییانەی ڕێژیمیش، کوشتاری شەوەکانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوییە کە هەندێک گێڕانەوە باس لە کوژرانی نزیکەی ٣٥ هەزار کەس لە هاووڵاتییانی ناڕازی دەکەن.

پزشکیان دەڵێت دووسەد ساڵە ئێران هێرشی نەکردووەتە سەر هیچ وڵاتێک؛ لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتییەوە، بە شەڕفرۆشتن بە عێراق خەڵکی ئێرانی تووشی شەڕێکی وێرانکەری هەشت ساڵە کرد و لە کۆتاییشدا بە خواردنەوەی «پیاڵەی ژەهر» شکستی قبووڵ کرد. ئەم ڕێژیمە هەر بەوەش نەوەستا، بەڵکوو بە دەستوەردانی بەردەوام لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکەدا، سیاسەتێکی بۆ بەناو «قووڵایی ستراتیژی» گرتە بەر کە بە سیاسەتی مەیدان ناودێر کرا. لەم پێناوەدا چەندین گرووپی میلیشیای تائیفیی دروست کرد، بە ملیاران دۆلار لە سەرووەت و سامانی خەڵکی ئێرانی بەبا دا و هەزاران گەنجی بە کوشت دا؛ دەرەنجامەکەشی جگە لە پاشەکشە، خوڵقاندنی گەورەترین قەیران بوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە تا دەیان ساڵی دیکەش چارەسەر نابن.

لەو وتارەدا پزشکیان زۆر زیاتر لە خەڵکی ئێران باسی خەڵکی غەزەی کرد، بەڵام ئەو بوێرییەی نەبوو باسی ئەوە بکات کە سیاسەتی ڕێژیمی ئێران چ کارەساتێکی بەسەر ئەو خەڵکە لێقەوماوەدا هێناوە. ڕێژیمی ئێران بە ئاشکرا دەستوەردانی لە پرسی فەلەستیندا کرد و ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆی لەبار برد؛ گرووپەکانی وەک حەماس، جیهادی ئیسلامی و حیزبوڵڵای دروست کرد و پڕچەکی کردن، تا لە کۆتاییدا جیا لە دەیان کردەوەی تێرۆریستی، کارەساتی تاوانکاریی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی لێ کەوتەوە.

لەو کارەساتەدا پاش ئەوەی حەماس هێرشی کردە سەر ناوچەیەکی ئیسرائیل و بە کەمتر لە شەو و ڕۆژێکدا زیاتر لە هەزار و دووسەد هاووڵاتیی بێتاوان لە ژن و منداڵ کوژران؛ خامنەیی یەکەم کەس بوو کە پیرۆزبایی لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە کرد و گوتی: «دەست و شانی ئەو کەسانە ماچ دەکەم کە ئەو کارە گەورە و پیرۆزەیان ئەنجام داوە». کەچی ئاکامەکەی جگە لە کوژرانی دەیان هەزار فەلەستینی، دارمانی ژێرخانی غەزە و دواخستنی چارەسەری پرسی فەلەستین بۆ دەیان ساڵی دیکە، هیچ دەستکەوتێکی دیکەی نەبوو.

ئاکامی شەڕەکانی ڕێژیمی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ وڵات و گەلانی ئێران، هەمووی نەهامەتی و دارمان بووە کە هاوکات داوێنی وڵاتانی ناوچەکەشی گرتووەتەوە، بە شێوەیەک لە ئێستادا خودی کۆماری ئیسلامی بووەتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر تەناهی و ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

پزشکیان هەروەها گوتی: «ئێمە تیرۆریست نین، بەڵکوو قوربانیی تیرۆرین» و ئاماژەی بەوە کرد گوایە ڕێبەرەکەیان تیرۆر کراوە! لە کاتێکدا خامنەیی هاوشێوەی دەیان بەرپرس، سەردار و فەرماندەی سوپا لە میانی شەڕدا بە مووشەک و بۆمب کوژراوە. پزشکیان دەزانێت پێناسەی تیرۆر ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا لە نێوخۆی ئێراندا بەرامبەر بە داریووش و پەروانەی فرۆهەر، سەرگورد عەبباسی، موحەممەدجەعفەر پوویەندە و سەدان کەسی دیکە ئەنجامی دا. تیرۆر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات بەسەر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، د. سادق شەرەفکەندی، د. شاپوور بەختیار، کازم ڕەجەوی و سەدان کەسایەتیی دیکەی هێنا؛ لە ڕاستیدا «تیرۆری دەوڵەتی» بە کردەوە لەگەڵ مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مانای تەواوی پەیدا کردووە.

پزشکیان دەڵێت: «خەڵکی وڵاتی ئێمە حەوت مانگە شەو و ڕۆژ لەسەر شەقامەکان بەرگری لە خۆیان دەکەن». بێگومان ئەگەر پەلاماری خەڵک بدرێت، بەرگریکردن لە خۆ مافێکی سروشتییە. بەڵام ئەو کەسانەی شەوانە بە ئیمکاناتی حکوومەتەکەی پزشکیان و بە فەرمانی ڕێکخراوی بەسیج دەهێنرێنە سەر شەقامەکان، نوێنەری خەڵکی ئێران نین؛ بەڵکوو بەکرێگیراو و مشەخۆری دەسەڵاتن کە تەنیا بۆ دروشملێدان و مانۆڕی پڕوپاگەندەیی پەنایان پێ دەبرێت و ئارامی لە خەڵک دەشێوێنن.

پزشکیان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: «ئێمە هێزمان پێویستە بۆ بەرگریکردن لە خۆمان». ئەگەر وایە، ئەرکی سوپای قودس چی بوو؟ بۆچی لە سووریە بوون و بەرگریتان لە کام سنووری ئێران دەکرد؟ لە کۆتاییشدا، پاش ئەو هەموو زەرەر و زیانە گیانی و ماڵییە زەبەلاحە، بۆچی بە شەوێک ڕاتانکرد و سووریەتان چۆڵ کرد؟ ئاخۆ سەرکوتکردنی گەلی سووریە و



سەرچاوە
Serchawe

پاراستنی دیکتاتۆرییەتی بەشار ئەسەد، بەرگریکردن بوو لە خەڵکی ئێران؟! هاندان، پڕچەککردن و پەروەردەکردنی هەزاران چەکدار لە نێو ڕیزەکانی حیزبوڵڵا، حەماس و جیهادی ئیسلامیدا، کامەیان لە پێناو پاراستنی خاکی ئێراندا بوون؟

ئاشکرایە کە ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بۆ نێوخۆ جگە لە هەژاری و دارمانی ئابووری، و بۆ گەلانی ناوچەکەش بێجگە لە ماڵوێرانی و ئاوارەیی هیچ بەرهەمێکی نەبووە؛ هەموو ئەمانەش تەنیا لە پێناو هێشتنەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمدا بووە. بەڵام دەبێت پزشکیان دڵنیا بێت کە سەرەنجام هەر ئەو سیاسەتە شەڕانگێزە، سەری کۆماری ئیسلامیش دەخوات.

پزشکیان بانگەشەی ئەوە دەکات: «ئێران بەشداری لە ئاسایشی ناوچەکەدا دەکات و دەمانەوێت دراوسێکانمان بەهێز بن». لە کەس شاراوە نییە و بەتایبەت وڵاتانی ناوچەکە زۆر باش دەزانن کە هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خودی کۆماری ئیسلامییە؛ دەستوەردانەکانی تاران نەک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە، بەڵکوو بەردەوام بۆ قەیرانخوڵقێنی بووە. ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ئەو حەوت مانگەدا ئاگری شەڕێکی ماڵوێرانکەری هەڵگیرساندووە و شەڕی بە وڵاتانی ناوچەکە فرۆشتووە؛ ئەگەر دانبەخۆداگرتنی وڵاتانی دراوسێ نەبووایە شەڕەکە زۆر لەمە پتر تەشەنەی دەسەند. کردەوەکانی ڕێژیم سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە تاران هەرگیز دراوسێی بەهێز و سەربەخۆی ناوێت، بەڵکوو دراوسێی لاواز و بێئیرادەی دەوێت تا خۆی ببێتە باڵادەست و کوێخای ناوچەکە.

ناوبراو دەڵێت: «پرسی فەلەستین لە ناوچەکەدا دەبێت لە ڕێگەی خەڵک و وڵاتانی ناوچەکە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو کات ئاسایش دێتە ئاراوە». پزشکیان لێرەشدا خۆی لە نەزانی دەدات؛ دەنا چۆن دەکرێت باس لە ئاشتی بکرێت لە کاتێکدا دەیان ساڵە نکۆڵی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرێت؟! هەتا پرسی کورد و سەرجەم پرسە سیاسی، نەتەوەیی و یاساییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر نەکرێن و دێموکراسی باڵ بەسەر ناوچەکەدا نەکێشێت، ئاسایش جێگیر نابێت؛ ئەمەش بە مانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرگیز وەدی نایەت.

پزشکیان بە درێژایی قسەکانی ڕۆڵی قوربانیی گێڕا و شەڕەنگێزییەکانی بە مافی بەرگریکردن لە خۆ لەقەڵەم دا؛ بانگەشەی دادپەروەری، ئاسایش و خۆشگوزەرانیی لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەکرد و ڕەخنەی لە سیاسەتی دووفاقەی نێودەوڵەتی دەگرت. لە کاتێکدا چەواشەکاری، درۆ و بێئەخلاقیی سیاسی، جەوهەری سەرەکیی مانەوەی ئەو ڕێژیمەن. بە کورتی، پزشکیان پەنای بۆ هەموو تەڵەکەیەکی سیاسی برد تا دەرچەیەک بۆ دەربازکردنی ڕێژیم لە قەیرانی دارمان بدۆزێتەوە.

بەڕێز پزشکیان!


سەرچاوە
Serchawe

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

هەموو ئەو دادپەروەری و گفتوگۆیەی تۆ ئەمڕۆ بۆ پاراستنی ڕێژیمەکەت هانای بۆ دەبەیت، زیاتر لە ٤٧ ساڵە گەلی کورد لە ئێراندا بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە خەباتی بۆ دەکات. دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ چارەسەری بابەتە سیاسی و یاساییەکان، هەمیشە ڕێگەی ڕەوای هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە کە بەداخەوە تاران گوێی لێ نەگرت؛ بەڵکوو وەڵامی دەستی ئاشتیخوازیی گەلی کورد بە فەرمانی جیهادی خومەینی، هێرشی سەربازی بۆ سەر شار و گوندەکانی کوردستان و تیرۆرکردنی سەرکردە و تێکۆشەرانی کورد درایەوە.

**لە کۆتاییدا بە بڕوای من، پزشکیان لەو سەفەرەدا هیچی نوێی پێ نەبوو بۆ خستنەڕوو و کەم کەسیش هەبوون وتەکانی بە جدی وەربگرن؛ بۆیە لەم گەشتەدا بە تەواوی دەستبەتاڵ و بێدەستکەوت گەڕایەوە.**

٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# فۆرموڵەکانی بێدەنگی و گوللەکانی بێرلین





زانیار حوسێنی

مێژووی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، زیاتر لە هەر شتێک بە ڕووخسارە توندوتیژەکان، دروشمە پڕجۆشەکان، بەیاننامە توندەکان و تیۆرییە کلاسیکییەکانی شۆڕش دەناسرێت. لەم جوگرافیایەدا، سیاسەتمەدار بەزۆری کەسێکە کە لە هەرەتی لاوێتییەوە لە کۆڵانە پڕ لە ڕووداوەکان یان زیندانە تاریکەکاندا، فێری وانەی خەبات بووە. بەڵام لەنێو ئەم

ڕێڕەوە دووبارەبووانەدا، هەندێک جار کەسایەتیگەلێک دەردەکەون کە پێوەرە نەریتییەکان دەخەنە ژێر پرسیار. دوکتور سادق شەرەفکەندی، ئەندام و سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک بوو لەو دەگمەنانە؛ پیاوێک کە بەر لە دانیشتن لەسەر کورسیی ڕێبەرایەتیی یەکێک لە دێرینترین حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، سەروکاری لەگەڵ خشتەی خولیی توخمەکان، گرێبەستە مۆلیکولییەکان و تاقیگەکانی کیمیای زانکۆی تاراندا بوو.

گێڕانەوەی ژیان و مەرگی شەرەفکەندی، چیرۆکێکە لە سەرووی دەستەواژەیەکی سیاسیی باو. ئەم گێڕانەوەیە، یەکگرتنی سەرسوڕهێنەری «ڕێکاری لۆژیکیی زانست» لەگەڵ «ئاژاوەی بێبەزەییانەی سیاسەتی سەرووی سنوورەکانە»؛ گەشتێک لە بێدەنگی و ئارامیی چالاکیی زانکۆییەوە بەرەو تاریکترین و دراماتیکترین دۆسیەی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دڵی ئورووپای مۆدێرندا؛ ژیاننامەیەک کە بنەماکەی تێپەڕینە لە تاقیگەکانی کیمیا لە تاران و پاریسەوە تا دەنگی تەقەی گوللەکان لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆسی بێرلین.

## دیسپلینی ڕەوشت لە سەردەمی پڕئاژاوەدا

بۆ تێگەیشتن لە دوکتور سادق شەرەفکەندی، دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین کە هێشتا سەروکاری لەگەڵ ڕاگەیەندراوە سیاسییەکاندا نەبوو. دەیان ساڵ بەر لەوەی ناوی وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەوێتە سەر زاران و لە جیهانی سیاسیی پڕ لە کێش و هەڵچوونی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا خۆی نیشان بدات، ئەو جیهانی خۆی لە چوارچێوەی وردی زانستە بنەڕەتییەکاندا پێناسە کردبوو. بەدەستهێنانی بڕوانامەی دوکتورای کیمیا لە زانکۆکانی فەڕەنسا، نیشانەی تێڕوانین و ڕەنگدانەوەی هزری پێکهاتەیەک بوو کە باوەڕی بە هۆکار و دەرەنجام، سەلمێنراوی و ڕێز و پێز لە دیاردەکاندا هەبوو.

لە هۆڵەکانی وانەوتنەوەی زانکۆی تاراندا، خوێندکاران ڕووبەڕووی مامۆستایەک دەبوونەوە کە بە وردبینییەکی ئەندازەیی وانەی دەوتەوە، بە هێمنی قسەی دەکرد و دیاردەکانی شیکار دەکرد؛ هەر ئەم هزرە زانستییە بوو کە بناغەی ڕێچکەیەکی ناپۆپۆلیستی لە ڕەفتار و ڕەوشتی سیاسیی ئەودا دانا. لە سەردەمێکدا کە ئەدەبیاتی سیاسی لە ئێران (چ لەنێو دەسەڵات و چ لە توێژە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆندا) پڕ بوو لە هەڵچوونی توند، دروشمی ڕەهاگەرایانە و جەمسەرگیریی توندوتیژانە، شەرەفکەندی بەدوای زمانی بەڵگەهێنانەوە، دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی بناغەییدا دەگەڕا.

کیمیازانبوونی ئەو بە مانای دابڕان لە کۆمەڵگە نەبوو، بەڵکوو بە مانای جۆرێک تێڕوانینی قووڵ بوو بۆ کێشەکان؛

تێڕوانینێک کە تێیدا هەر گۆڕانکارییەک، پێویستی بە کاتالیزۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەکردنی ژێرخانی هزری و تێگەیشتن هەبوو، نەک تەقینەوەی کوێرانە و پڕ لە بیرتەسکی و ئایدۆلۆژی. ئەو بە وردبینییەکی تاقیگەییانە و مامۆستایانە، باجە مرۆیی و سیاسییەکانی بڕیارەکانی دەپێوا و لەنێو ڕووداو و ئاژاوەکانی سەردەمدا لەسەر بنەمای ڕاستییە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بەدوای ئووسوولێکی پێناسەکراودا دەگەڕا. تایبەتمەندییەکی دەگمەن کە جیهانی سیاسیی ئێران بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، هەمیشە بە دەست کەمییەوە ناڵاندوویەتی.

## تاقیگەی مرۆیی و فۆرموڵەکانی سیاسەت

پایتەختی ئۆتریش لە هاوینی ١٣٦٨دا، شایەتی یەکێک لە هەژێنەرترین تیرۆرە سیاسییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران بوو؛ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێکانی لەسەر مێزی دانوستان لەلایەن نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کران. قاسملوو بۆ بەشێکی گەورەی نەتەوەی کورد و ڕەوتە دێموکراسیخوازەکان، تەنیا ڕابەرێکی سیاسی نەبوو؛ ئەو «ئایدیا» و هێمای کاریزمایەکی بێهاوتا بوو کە گوتاری مۆدێرنی داواکارییە نەتەوەییەکانی لەگەڵ چەمکی دێموکراسیی سەرانسەری لە ئێران گرێ دەدایەوە و خاڵی وەرچەرخانی یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی تاران بوو.

مەرگی دوکتور قاسملوو لە لووتکەی هەڵچوونە سیاسییەکان و خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی، هەم لەنێو پێکهاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەم لە بازنەی دژبەرانی ڕێژیمی دەسەڵاتداردا، وەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز بوو. لە خاڵێکی وەرچەرخانی وا هەستیاردا، حیزبی دێموکرات پێویستی بە کەسێک بوو کە ڕێبەریی پێکهاتەکە لەو قەیرانەدا بە ئەستۆ بگرێت و بە دیسپلینێکی ورد، ئارامی و دووربینی، زیانەکانی لایەنی دەروونی، پێکهاتەیی و سیاسی بگەیەنێتە کەمترین ئاست. هەڵبژاردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی نوێی حیزب، هەڵبژاردنێکی مێژوویی و زۆر پڕمانا بوو؛ ئەو بوو بە میراتگری کورسییەک کە پێش ئەو دوو جار بە خوێن ڕەنگین کرابوو.

شەرەفکەندی بەباشی دەیزانی کە پەسەندکردنی ئەم بەرپرسیارێتییە، واژۆکردنی بڕیارێکی نەنووسراو لەسەر نێوچاوانی خۆیەتی و قبووڵکردنی ئەم ئەرکە، بە مانای ڕازیبوون بە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە ڕێڕەوی چارەنووسی سیاسی و کەسیی خۆیدایە. لەگەڵ ئەوەشدا و بە پێچەوانەی چاوەڕوانییە باوەکان لە جیهانی سیاسەتدا، ئەو نەکەوتە داوی گۆشەگیری و کردەوەی توندی بەرپەرچدانەوە، بەڵکوو بە ئەندازیارییەکی زیرەکانە و ورد، وەک ئەندازیارێکی ئارام و پراگماتیک لە تاقیگەکانی کیمیادا، هەوڵی دا گوتاری حیزب بەرەو دیالۆگ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئاراستە بکات؛ لە کۆتاییدا بوو بە یەکێک لە ئەندازیارە سەرەکییەکانی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی نێوان ڕەوتە جیاوازەکانی ئێران،

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

تاکوو نیشان بدات کە بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی کورد، بەشێکە لە پازڵی گەورەتری ئازادی و گەشەپێدانی سیاسی لە سەرانسەری ئێراندا.

لەو سەردەمەدا، شەرەفکەندی لە قاڵبی مامۆستایەکی ئارامی زانکۆ دەرچوو و بوو بە ڕێبەرێکی پراگماتیک کە لەنێو مەترسییە ئەمنییەکانی سەرووی سنووردا، دیپلۆماسیی نهێنی و ئاشکرای بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد بەڕێوە دەبرد. ئەو دەیزانی کە تاقمی تاوانکاری تاران، ستراتیژی لەنێوبردنی فیزیکیی ڕێبەرە شۆڕشگێڕ و هۆشیارەکانی لە بەرنامەدایە، بەڵام پێداگریی ئەو لەسەر هاوتەریبکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ڕێڕەوی مەدەنی و دیپلۆماسی، باجێکی گرانی هەبوو کە خۆی لە هەر کەسێکی تر زیاتر ئاگای لێ بوو.

### ئەو ڕێستۆرانەی مێژووی یاسای نێودەوڵەتیی گۆڕی

لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا و لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆس، دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ چەند کەسێک لە هاوکاران و چالاکانی سیاسی (هومایون ئەردەڵان، فەتاح عەبدولی و نووری دێهکوردی) کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخستبوو تاکوو لە بەرەبەری کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیست لە بێرلین، ستراتیژییەکانی داهاتووی بزووتنەوەکە هەماهەنگ بکەن. بەڵام فەرمانبەران و ئەنجامدەرانی ئەو تیرۆر و کوشتارە، پێشتر ڕێگەی خۆیان لە تارانەوە تا پایتەختی ئاڵمان کردبووەوە.

تێرۆریستەکان بە چەکی بێدەنگکەرەوە چوونە ژوورەوە و کەشوهەوای ئارامی ڕێستۆرانەکەیان، هەر وەک کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەم، کرد بە مەیدانی تیرەبارانکردنی سەرشەقامەکان. دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی تەنیا لە چەند چرکەیەکدا شەلاڵی خوێن کران. تێرۆریستە چەکدارەکان دوای ئەنجامدانی تاوانەکە ڕایانکرد، بەڵام دۆسیەی ئەم تێرۆرە وەک دۆسیەی تێرۆری ڤییەن لە بێدەنگیی دیپلۆماتیک و ڕێڕەوە نهێنییەکانی مامەڵە ڕەشەکاندا ون نەبوو. سیستەمی دادی ئاڵمان، پێداگریی پارێزەران و شایەتحاڵەکان، بوو بە دەستپێکی یەکێک لە درێژخایەنترین، ئاڵۆزترین و پرهەراترین دۆسیە دادوەرییەکانی مێژووی ئورووپا.

دادگاییەکەی میکۆنۆس نزیکەی پێنج ساڵ و نزیکەی ٢٤٧ دانیشتنی خایاند. زیاتر لە ١٧٠ شایەتحاڵ لە دادگادا ئامادە بوون و شایەتییان دا. ئەم دادگایە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاریی ناوخۆیی نەبوو؛ بەڵکوو بوو بە دادگایەک بۆ دادگاییکردنی پێکهاتەی بڕیاردانی نیزامێکی سیاسی. لە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاویدا، دادوەر فریچۆف کوبش



سەرچاوە
Serchawe

بڕیارێکی دەرکرد کە لە مێژووی یاسایی نێودەوڵەتیدا بە زیندوویی و هەمیشەیی مایەوە.

دادگای بێرلین بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە تیرۆری میکۆنۆس کردەوەیەکی خۆسەرانە نەبووە، بەڵکوو لە بەرزترین ئاستەکانی پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دارێژراوە و جێبەجێ کراوە. لە دەقی بڕیارەکەی دادگادا، بە ڕاشکاوی ناوی «کۆمیتەی کاروباری تایبەت» هێنرا کە ڕوکنە باڵاکانی ڕێژیم - لەوانە ڕێبەر، سەرۆککۆمار و وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات - ئەندامی بوون و فەرمانی ئەم تیرۆرەیان دەرکردبوو.

دەرکردنی ئەم حوکمە، گەردەلوولێکی گەورەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دروست کرد. وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئورووپا لە نارەزایەتی بەم تیرۆریزمی دەوڵەتییە ئاشکرایە، باڵیۆزەکانی خۆیان لە تاران کشاندەوە و قەیرانێکی دیپلۆماتیکی بێوێنە بەرۆکی ڕێژیمی دەسەڵاتداری تارانی گرت. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مۆدێرندا، دادگایەکی ڕۆژاوایی توانیبووی بە پێشکەشکردنی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، بەڵگەنامەی فەرمیی تیرۆریزمی دەرەوەی سنووری دەوڵەتێک واژۆ بکات و ئەو بانگەشەیە بسەلمێنێت کە ڕەوایی بەدەستەوەبوونی دەسەڵات، بەتەنیا ڕەنگدانەوەی ڕەوایی دەسەڵاتداری نییە. تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی یەکلاکەرەوەی دەزگای دادی ئاڵمان، پەردەی لەسەر ڕێچکەیەک هەڵدایەوە کە دەیان ساڵ بە شێوەیەکی سیستەماتیک بۆ لەنێوبردنی ڕەخنەگران و نەیاران لە دەرەوەی سنوورەکان جێبەجێ دەکرا.

## میراتی بەجێماو لە تاقیگەی زەمەندا

زیاتر لە سێ دەیە بەسەر تیرۆری خوێناویی میکۆنۆسدا تێپەڕیوە و کاتێک سەیری کارنامەی دوکتور سادق شەرەفکەندی دەکەین، ئەو نەک تەنیا وەک قوربانیی تیرۆرێک، بەڵکوو وەک هێمای ڕێگەیەکی پرتێچوو لە مێژووی سیاسیی ئێراندا دەبینرێت؛ ڕێگەیەک کە تێیدا هزر، دیالۆگ، دیسیپلینی هزری و پابەندبوون بە مافە مرۆییەکان، باجێکی گرانی لە بەرامبەر لۆژیکی لەنێوبردن و توندوتیژیدا هەیە.

دوکتور شەرەفکەندی لەو ڕابەرە دەگمەنانە بوو کە نیشانی دا دەکرێ لە زانکۆ و جیهانی فۆرموڵەکانەوە هەڵسێت و بچێتە نێو تۆزاویترین مەیدانی سیاسەتەوە، بەڵام دیپلۆماسی و زمانی گفتوگۆ بکاتە سەنگەری خەبات. ئەو تا دوایین ساتەکانی ژیانی، لەسەر چارەسەریی ئاشتیانە و دێموکراسیخوازیی گشتگیر لە چوارچێوەی مافی نەتەوەکاندا پێداگری دەکرد.

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

دۆسیەی میکۆنۆس ڕەنگە بە حوکمی زیندانیی جێبەجێکاران و قەیرانە کاتییە دیپلۆماتیکەکان بە ڕواڵەت داخرا بێت، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکەی هێشتا زیندووە: دەسەڵاتێک کە وەڵامی کەسایەتییە هزرپەروەرەکان، کیمیازانە چاکسازەکان و ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان لە ڕێستۆران و شەقامەکانی پایتەختەکانی جیهاندا بە گوللە دەداتەوە، چ داهاتوویەک بۆ دیالۆگ دەهێڵێتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە نە لەنێو دۆکیومێنتە ئەمنییەکان، بەڵکوو لە درێژەی هەمان ئەو ڕێڕەوەدا دەبێت بگەڕێین کە دوکتور شەرەفکەندی لەسەر تەختەڕەشی هۆڵەکانی وانەوتنەوە و مێزەکانی وتووێژ کێشابووی؛ ڕێڕەوێک کە تێیدا، ئەگەرچی فیزیکی مرۆڤەکان دەکرێ بە گوللە لەنێو ببرێن، بەڵام ئایدیای ئازادی و دادپەروەری، لە چینە قووڵەکانی مێژوودا وەک فۆرموڵە جێگیرەکانی کیمیا، دەستلێنەدراو دەمێنێتەوە.

٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

---

# کێشەی بنەڕەتیی ئابووریی ئێران نەبوونی ئازادییە






**فەرهاد سلێمانپوور**

لە ئابووریدا دوو جۆرە شمەک هەیە، شمەکی تایبەتی و گشتی. شمەکی تایبەتی (Private Goods) بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی بەکاربردنی ڕۆژانەی خەڵکە (بەکاربەرە) و لە بازاڕدا دیاری دەکرێ و بەرهەم دەهێنرێت، وەک ڕۆن، برنج، پۆشاک و هەزاران شمەکی تر. ئەگەر ئابووری بەپێی بازاڕی ئازاد بگەڕێ، ئەوا بەرهەمهێن بەپێی حەز و سەلیقەی

بەکاربەر شمەک بەرهەم دەهێنێت، بەکاربەر بەپێی جۆری شمەک، مارکە، نرخ، بڕ و فرۆشیار شمەک دەکڕێت، خواستەکەی بەپێی ئەو چەند فاکتەرەیە، بەرهەمهێنیش دەبێ ئەو فاکتەرانە لەبەرچاو بگرێت، دەنا مایەپووچ دەبێ و بەرهەمهێنەری تر شوێنی دەگرێتەوە، چونکە لە بازاڕدا بۆ سەرنجڕاکێشانی بەکاربەر ڕکەبەرایەتی هەیە، کەواتە لە بازاڕدا بەکاربەر باڵادەستە. بازاڕی ئازاد میکانیزمێکی کارامە و باشە بۆ بەرهەمهێنانی شمەکی تایبەتی، چونکە ڕکەبەرایەتیی تێدا هەیە و بەرهەمهێنان زۆرە و دەبێتە هۆی هەرزانبوونی نرخ و باشتربوونی کوالێتیی بەرهەم کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی بەکاربەر و بەگشتی کۆمەڵگەیە. لە نەبوونی بازاڕی ئازاددا باجەکە دەکەوێتە سەر شانی خەڵک، چونکە دەبێ نرخی زیاتر بدەن و بەرهەمی بێکوالێتی قەبووڵ بکەن. ئەو هۆکارەی کە وا دەکات یەکە و کۆمپانیا لە بازاڕی ئازاددا بەردەوام گۆڕانکاری بکەن ڕکەبەرایەتییە کە لە ئابووریی ئێراندا بە شێوەی سیستماتیک پێشێل دەکرێت. لە ئابووریی ئێراندا ڕکەبەرایەتی نییە و پێچەوانەکەی کە پاوان و قۆرخکارییە لە هەموو بەرهەم و بابەتێکدا بەدی دەکرێت.

قۆرخکاری لە ئابووریدا بۆ سەدەی ١٦ تا ١٨ی زایینیی ئورووپا دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمەدا قوتابخانەی مەرکەنتیلیزم باو بوو، بەگوێرەی ئەو قوتابخانەیە سامانی وڵاتێک بریتییە لە کەڵەکەکردنی زێڕ و زیو و بەگشتی پۆزەتیڤبوونی تەرازووی بازرگانی، واتە هەناردە لە هاوردە زیاتر بێت، لەم چوارچێوەیەدا لە بەرژەوەندیی وڵاتدا بوو هەناردە زیاد بکرێت و هاوردە سنووردار بکرێت، ئەم بەربەستانە بوونە هۆی ئەوەی لە بازاڕی نێوخۆدا قۆرخکاری بێتە ئاراوە، بەرهەمهێن بە نرخی زیاتر لە نرخی ڕکەبەرایەتی بەرهەمەکانی بە خەڵک بفرۆشێت و قازانجێکی زۆری دەست بکەوێت.

قۆرخکاری (Monopoly) بریتییە لە تاکە بەرهەمهێنێک، فرۆشیارێک، یەکەیەک، کۆمپانیایەک، هاوردەکارێک، هەناردەکارێک، پیشەیەک، سەندیکایەک... لە بازاڕدا کە ڕکەبەری نییە و بەدڵی خۆی نرخ دادەنێ و گوێ بە کوالێتیی بەرهەم نادات و لە چەند ڕووەوە زەرەر لە بەکاربەر دەدات، بەرهەمەکەی بە نرخێکی زیاتر لە بەهای ڕاستەقینەی بە خەڵک دەفرۆشێت، ناهێڵێت هەلی کاری تازە بڕەخسێت و بەگشتی خۆرەی ئابوورییە و دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەشە و پەرەپێدانی ئابووری و.

**بەر و بەرهەمی وڵات دەخاتە بەردەست کەسانێکی دیاریکراو؛ زەرەرەکانی ئەمانەن:**

- قۆرخکار ڕکەبەری نییە، بۆیە هەتا پێی بکرێ نرخ بەرز دەکاتەوە، زیاتر لە هاوسەنگیی بازاڕ دایدەنێت (نرخدانەر) و گوێ بە کوالێتیی بەرهەم نادات و کوالێتیی بەرهەم کەم دەبێتەوە، نموونەی زەق ئۆتۆمبێلی ئێرانییە.

- قۆرخکاریی گەورە، کەشی کار و چالاکیی بوارەکەی کۆنترۆڵ دەکا و بەسەریدا زاڵ دەبێ و تەنگ بە کەرتی تایبەت و کارخوڵقێن (کارئافەرین، کاردۆز، کارساز) هەڵدەچنێت و ئابووری بەرەو کاری نابەرهەمهێن و ڕانتخۆری دەبات.

- داهێنان و نوێکردنەوە کە بۆ هەموو یەکەیەکی ئابووری بە گرنگترین بابەت دادەنرێن لە دۆخی قۆرخکاریدا ناخولقێن، لەبەرئەوەی یەکەی قۆرخکار ڕکەبەری نییە تاکوو ناچار بێت لە ئامێر، کەرەستە و کارەکانیدا داهێنان بکات. کاتێک یەکە لەوە دڵنیا بێت بەبێ ڕکەبەر قازانجێکی مسۆگەری هەیە ئیتر هەوڵ بۆ تەکنەلۆجیای نوێ و داهێنان نادات، ڕێ لە کاری (بیزنسی) بچووک و ستارتاپ دەگرێت کە ئەم دووە سەردەمیانە کار دەکەن و بۆ ئابووری زۆر گرنگن.

- سەرچاوەکان بەفیڕۆ دەدات و کارامەیی کەم دەکاتەوە. لە دۆخی ڕکەبەرایەتیدا یەکەی ئابووری ناچارە تێچووی کۆنترۆڵ بکات و سەرچاوەکان بە باشترین شێوە بەگەڕ بخات، لە دۆخی قۆرخکاریدا تێچوون زیاترە، بەشێکی سەرچاوەکانیش بەفیڕۆ دەچن و یەکەی قۆرخکار گوێ بە کارامەیی و بەرهەمداری نادات.

- سەرچاوەیەکی ڕانتە و ڕانت زۆر دەکات و دەسەڵاتی ئابووری لە دەست قۆرخکاردا زیاتر دەبێت؛ کاتێک یەکەیەک بۆ ماوەیەکی زۆر لە بازاڕدا قۆرخکارە، قازانجی ئەم قۆرخکارییەی هانی دەدات دۆخی قۆرخکارییەکەی بپارێزێت و بەر لە هاتنی یەکەی نوێ بگرێت و بۆ ئەم مەبەستە لەنێو دەسەڵاتی سیاسیدا لۆبیگەری دەکات. لەم پێگەیەوە گرێبەست و شەرت و مەرجی خۆی لەگەڵ لایەنەکاندا دەسەپێنێت، بۆیە ڕانت و دەسەڵاتی ئابووری لە دەست قۆرخکاردا زیاتر دەبێت.

- لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە نایەکسانی و نادادپەروەری زیاتر دەکات، لەجیاتی پەرەپێدان و باشترکردنی دۆخی کۆمەڵگە، تەنیا کەمینەیەکی بچووکی قۆرخکار لە دۆخەکە بەهرەمەند دەبن و، دابەشکردنی دادپەروەرانەی بازاڕ لەبار دەبات.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ١٣٥٧دا، بەشێکی بەرچاوی سەرمایەدار، بانکدار، خاوەن پیشە و پیشەسازان ئێرانیان بەجێهێشت، بۆیە لە جۆزەردانی (خۆردادی) ١٣٥٨دا بە بڕیاری شۆڕای باڵای شۆڕش (شورای عالی انقلاب) دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم کار و پیشانە لەلایەن دەوڵەتی کاتیی ئەو کاتەوە دەوڵەتی کران و لە مانگی پووشپەڕی (تیری) هەمان ساڵدا کۆمپانیا گەورەکانی کانزا و پیشەسازیش. ئیتر لێرەوە نزیکەی سەدا نەوەدی ئابووری کەوتە دەست دەوڵەت و لەژێر ناوی دەوڵەتیکردندا قۆرخکاری پێکهات. لە شەڕی ئێران و عێراقیشەوە بەرەبەرە سپای پاسداران هاتە نێو کاروباری ئابوورییەوە و ئێستا ئیتر لایەنی زاڵ و بڕیاردەری سەرەکییە لە ئابووریدا. ئەگەرچی لە ساڵی ١٣٨٠دا ڕێکخراوێک بۆ



سەرچاوە
Serchawe

بەتایبەتیکردنی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان دامەزرا و لە ١٣٨٤دا لەلایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بەپێی بەندی ٤٤ی دەستووردا، بەتایبەتیکردنی کۆمپانیاکانی بە یاسایی کرد، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا نەک هەر ئەم سیاسەتە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکوو قۆرخکاری شێوازی تری گرتووەتە خۆ.

کەواتە قۆرخکاری لە ئێراندا کێشەیەکی سیستمیک و ڕیشەدارە؛ تەنیا ئەوە نییە کە یەکەیەک یان کۆمپانیایەک تاکە خستنەڕووکار بێت، سەرچاوەی قۆرخکارییەکە دەوڵەتە و دەستی سیاسییەکان و کەرتی سەربازی و ئەمنیی (سپای پاسداران، بەسیج، ئیتلاعات...) لە ئابووریدا ئاوەڵا کردووە؛ هۆکاری ئەمەش بۆ ئایدیۆلۆژی و فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە پێی وایە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە دەبێ هەموو شتێکی لە کۆنترۆڵدا بێت. هۆیەکی دیکەی قۆرخکاری ئەوەیە کە ڕانت و ئیمتیازی زۆری بۆ قۆرخکار تێدایە، لەبەر ئەم ڕانتەیە کە ناهێڵن قۆرخکاری لەنێو بچێت و، کار و پیشە بەپێی ڕکەبەرایەتی و ئازادانە بگەڕێن. دەوڵەت خۆی خاوەنی پیشەسازییە قورس و سەرەکییەکانی وەک نەوت و گاز، کانزاکان، پیشەسازیی پترۆکیمیا، شەمەندەفەر، ئۆتۆمبێلسازی، ئاسن و پۆڵا، بانک و بیمەیە... ئەم پیشەسازییانە بە کەرتی تایبەت هەڵدەسووڕان، بەڵام لەبەر بوونی ڕانت و پارەی زۆر و بەلاش تێیاندا، نایانەوێ بەتایبەتییان بکەن؛ (بەشێکی ئەم پیشەسازییانە کە بەتایبەتی کراون، لە ڕاستیدا بە هەمان ئەندامان و خاوەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی فرۆشراون کە پێیان دەڵێن «خصولتی»، بە ڕواڵەت کە سەیری دەکەیت تایبەتین بەڵام کەسانی سەر بە سپای پاسداران و کۆماری ئیسلامی خاوەندارێتییان دەکەن). کەشی بازاڕ بۆ ئەم پیشەسازییانە ڕکەبەرایەتی نییە، چونکە ئەمانە دەستیان بە ڕانتی زانیاری، وامی هەرزان و درێژخایەن، سەرچاوەی هەرزان و پاڵپشتیی یاسایی ڕادەگات؛ دەسەڵات لە یاسا و ڕێوشوێنەکاندا چاوی لەمانەیە و ئاگای لێیانە و جۆرەها ڕانتی بۆ دەستەبەر کردوون؛ لەژێر ناوی پاراستنی پیشەسازیی نێوخۆدا گومرگی لە بەرژەوەندیی ئەوان ڕێکخستووە؛ وامی زۆر و درێژخایەنیان پێ دەدات و زۆریشیان وامەکە نادەنەوە؛ خاوەن بەرژەوەندیی ئەم پیشەسازییانە لەنێو دەسەڵاتدا لۆبیگەری دەکەن و ئەوەی لە قازانجیان بێت بە یاسایی دەکەن.

سەرچاوەیەکی تری قۆرخکاری بۆ کۆسپ و بەربەستی ئیداری و بیرۆکراسیی زۆر دەگەڕێتەوە کە ناهێڵن بە ئاسانی یەکە و کۆمپانیا و کەسی نوێ بێنە نێو بازاڕەوە و کار بکەن، بەمە دەڵێن بەربەستەکانی بەردەم دەستبەکاربوون ( barriers to entry) لە بازاڕدا؛ بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت بەتایبەتی لە کوردستاندا پیشەیەکی بچووکی پەلەوەر بەخێوکردن دابنێی، لەوانەیە زیاتر لە ساڵێک بخایەنێت تا مۆڵەتی کارەکەت پێ بدەن، زۆرجار داواکار لە نیوەی ڕێگەدا پاشگەز دەبێتەوە. خودی پیشەکەش بۆ خۆی بەربەست و کۆسپی بۆ خەڵکی تازە داناوە؛ بۆ نموونە پیشەی پارێزەری، دەبێ لە تاقیکردنەوەی پیشەکە دەربچیت و چەند کەسێکی نێو پیشەکەش دانت پێدا بنێن و دواتر خودی حکوومەتیش زۆری دەوێ مۆڵەتت پێ بدات، بۆ پیشەی پزیشکیش هەروەهایە؛ ئەم کۆسپانە وایان کردووە پارێزەر و پزیشک لە ئێراندا کەم بێت، بەشێکیان

ڕەزبەری ٢٧٢٦

لەبەر ئەم بەربەستانە ناچارن ڕوو بکەنە دەرەوە. لە هاوردەی کەلوپەلیشدا ئیمتیازەکە بە زۆری بە کەسانی دیاریکراوی دەسەڵات دراوە، دەمێک ساڵە بە یاسا ئیمتیازی هاوردەی کۆمەڵێک بەرهەم کە خواستی زۆریان لەسەرە بە یەکە و کۆمپانیای دیاریکراو و کەسانی خاوەن دەسەڵات دراوە، لەم بارەوە وشەی «سوڵتان» بۆ ئەم کەسانە بەکارهێنراوە، وەک سوڵتانی قیر، سکە، گۆشت، شەکر، پۆڵا و دەیان بەرهەمی تر. بابەتێکی تر دراوی پاڵپشتیکراوە (ارز ترجیحی) کە بە کەس و یەکە و گرووپی دەستڕۆیشتووی نێو دەسەڵات دەدرێت و ئەمانیش بەشێکی ئەم دراوە لە شتی تردا خەرج دەکەن نەک لە هاوردەی شمەکدا و، ئەم کارەیان دۆخی ڕکەبەرایەتی بۆ ئەو بەرهەمانە لەنێو بردووە و باجەکەی خەڵک دەیدات و شمەک گران و بێکواڵیتی دەگاتە دەستیان (وەک کەلوپەلی نێوماڵی ئێرانی).

بەگشتی خاوەندارێتیی دەوڵەت، بەربەستەکانی پێدانی مۆڵەتی کار، بەکارهێنانی گومرگ و بازرگانیی دەرەکی و کۆتا (quota)، لۆبیگەریی قۆرخکاران، بەربەستی نێو خودی پیشەکان بە سەرچاوەکانی قۆرخکاری دادەنرێن و ئازادیی کار و هەڵبژاردنی دڵخوازانەی پیشە و بەگشتی ئازادیی ئابووریيان پێشێل کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی دامەزراوەی هێریتیج کە مانگی فێبریوەری ئەمساڵ بڵاوی کردووە نمرەی ٤١,٨ی بۆ ئێران داناوە؛

**ئەو وڵاتانەی نمرەیان لە خوار ٥٠یە، بە وڵاتانی سەرکوتکراو (Repressed) دادەنرێن کە کەمترین ئازادیی ئابووریيان تێدا هەیە.**

- نمرەی گشتی: ٤١,٨
- مافی خاوەندارێتی: ٢٠,٢
- دەستپاکیی حکوومەت: ١٦,٢
- کارامەییی دەسەڵاتی دادوەری: ١٨,٧
- باری باج: ٨١,٣
- خەرجیی حکوومەت: ٩٤,٧
- تەندروستیی دارایی: ٨٣,٣
- ئازادیی کاروکاسبی (بیزنس): ٣٧,٤
- ئازادیی کار: ٤١,٨
- ئازادیی دراو (نەختینەیی): ٤٢,٢



سەرچاوە
Serchawe

- ئازادیی بازرگانی: ٥٥,٨
- ئازادیی وەبەرهێنان: ٥,٠
- ئازادیی دارایی: ٥,٠

جۆری دووەمی شمەک کە ئاماژەی پێکرا شمەکی گشتییە (Public Goods) و لە بازاڕدا بڕ و چۆنیەتییەکەی دیاری ناکرێت. ئەم جۆرە شمەکە بۆ هەموو کەسێکە و کەسی لێ بەدەر نییە، وەک خوێندن، ئاسایش و بەرگری، یاسا، ڕێوشوێن و دادوەری، ڕێگەوبان، پێشگرتن لە قۆرخکاری و پاراستنی ڕکەبەرایەتی، پێشگرتن و کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە، بیمەی بێکاری، یارمەتیی خەڵکی هەژار. ئەم جۆرە شمەکە لە بازاڕدا ناخرێتەڕوو، خستنەڕووی لە ئەستۆی حکوومەتە. لەبەرئەوەی تەنیا حکوومەت دەیانخاتەڕوو، بۆیە پێویستی بە میکانیزمێک (ڕێککەوتنی سیاسی) هەیە تا بە باشترین شێوە بخرێنەڕوو. ئەگەر چۆنیەتی و چەندییەتیی ئەم بەرهەمانە باش بێت، ئەوا کاریگەریی لەسەر جۆری شمەکی تایبەتی دەبێت، واتە کەشی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی شمەکی تایبەتی دەڕەخسێت؛ ئەگەر جۆری شمەکی تایبەتیش باش بێت، ئەوا داهاتی خەڵک بەرز دەبێتەوە و باجی زیاتر بە حکوومەت دەدرێ و شمەکی گشتیش باشتر دەکرێت.

وەک گوترا، بۆ شمەکی تایبەتی میکانیزمی بازاڕی ئازاد هەیە کە لە بازاڕدا ڕکەبەرایەتی هەیە و ڕکەبەرایەتییەکە نرخ هەرزان دەکات و کواڵیتیی شمەک باش دەکات، بۆ شمەکی گشتیش کە لە بازاڕدا ناخرێنەڕوو سیستمی سیاسی هەیە؛ ئەگەر سیستمەکە دیموکراتیک بێت، ئەوا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە حکوومەتی باش و کارامە هەڵدەبژێردرێت و بە کارامەییەوە ئەرکی بەرهەمهێنانی شمەکی گشتی بەڕێوە دەبات، جگە لە هەڵبژاردن کە تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی ئازادە هیچ میکانیزمێکی ترمان نییە بۆ حکوومەتی کارامە و باش(good government) ، بەڵام ئەگەر سیستمەکە دیموکراتیک نەبێت، ئەوا هیچ ئامرازێک یان دەزگایەک نییە کە حکوومەت ناچار بکات ئەرکەکانی بە باشی ڕاپەڕێنێت، بۆیە شمەکی گشتیش بە کارامەییەوە بەرهەم ناهێنرێت، نەبوونی دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئازادیش قۆرخکاریی دەوڵەت دەڕەخسێنێت.

سیستمی سیاسیی دیموکراتیک بە مانای فرەحیزبی، بوونی خەڵکی ڕووناکبیر، ڕاگەیاندنی ئازاد و چاوکراوەییە کە لە کاتی هەڵبژاردندا لەسەر چۆنیەتیی ئەم جۆرە شمەکە قسە دەکەن و خەڵک کێی پێ باش بێ دەنگی پێ دەدات و هەڵیدەبژێرێ، لێرەدا خەڵک باش و خراپ لێک جیا دەکاتەوە و دەنگ بە باش دەدات، حکوومەتی کارامە هەڵدەبژێرێت، کە حکوومەتی کارزان، شارەزا و لێهاتوو مەرجی بنەڕەتییە بۆ پێشکەشکردنی شمەکی گشتی. ئەگەر سیستمەکە دیموکراتیک نەبوو خەڵک ناچارە گوێڕایەڵی حکوومەت بێت، وەک چۆن لە حکوومەتی سۆسیالیستی و دەوڵەتگەرا کلاسیکەکاندا و ئێستای ئێراندا هەیە، ئیتر لێرەدا کواڵیتیی ئەم شمەکە گشتییانە گوێی پێ نادرێ و نرخیشیان بەرز دەبێتەوە، چونکە حکوومەت تاکە

ڕەزبەری ٢٧٢٦

بەرهەمهێنە و هیچ میکانیزمێکیش نییە کە حکوومەت ناچار بکات بە کارامەیییەوە ئەم ئەرکەی بەجێ بهێنێت. کەواتە دێموکراسی میکانیزمە بۆ بەرهەمهێنانی کارامەی شمەکی گشتی و ناهێڵێت قۆرخکاری لە دەستی سیاسییەکان و بواری سەربازی و ئەمنیدا بێتە ئاراوە.

بازاڕی ئازاد و دێموکراسی یەک لۆژیکیان هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە خەڵک بۆ باشترکردنی گوزەرانیان هەوڵ دەدەن؛ ئەگەر هەڵبژاردن و بەشداریی خەڵک (دێموکراسی) لەئارادا بێت، دۆخی ئابووری باشتر دەبێت، واتە پێوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان ئازادی و ئابووریدا هەیە، هەرچەندە ئازادی پێشبکەوێت، گەشەی ئابووری زیاتر دەبێت و زۆر لێکۆڵینەوەی ئاماری ئەمە دەسەلمێنن.

ئەو کێشە بنەڕەتییەی کە لە ئێراندا هەیە نەبوونی ئازادییە کە ڕکەبەرایەتی لە هەموو پیشە و کارێکدا لەبار بردووە و قۆرخکاری شوێنی گرتووەتەوە، لە ڕووی سیاسیشەوە ئازاد نییە و هیچ میکانیزمێک نییە بۆ هەڵبژاردنی حکوومەتی باش، دەسەڵات چۆنی پێخۆش بێت وای ڕادەدات و بەپێی بەرژەوەندیی لۆبیی قۆرخکاران دەچێتە پێش.

٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٦


سەرچاوە
Serchawe

# پێشمەرگە، چەمکێکی گرێدراوی بزووتنەوەی مەدەنی - سیاسیی کورد





د. ئازاد محەممەدیانی

هەر کاتێک باس لە کورد و خەباتی دژ بە ستەم و هەڵاواردن دەکرێت، پێش هەموو شتێک ئەوەی دەستبەجێ بە خەیاڵی بەردەنگی نائاشنا بە کوردستاندا دێت، شەڕی چەکداری و چەمکی «پێشمەرگە»یە. ئەم تێڕوانینە بێهۆکار نییە و بە دڵنیاییەوە پاشخانێکی دەروونی و زەینی لە پشتە؛ کە دەکرێت لە دوو گۆشەنیگاوە لەم بابەتە بڕوانرێت: لە لایەکەوە،

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

ئەم پێشداوەرییە لەوانەیە دەرهاویشتەی دەرکەوتنی بەشێک لە شوناسی خەباتی کورد بێت بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی خۆی؛ لە لایەکی دیکەشەوە، نیشاندەری نەبوونی تێگەیشتنێکی دروستە لە ماهییەت و جەوهەری بزووتنەوەی نەتەوەیی – دێموکراتیکی گەلی کورد؛ بزووتنەوەیەک کە لە تەواوی مێژووی هاوچەرخدا، بە پشتبەستن بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و بە ئامادەبوونی مەدەنی و سیاسیی خۆی، بەردەوام بەرەنگاری دەسەڵاتی ملهوڕ بووەتەوە. ئەم ئامادەبوونە مەدەنییە، جوانترین و بێوێنەترین نموونەکانی بزووتنەوەی مەدەنی و «بەرگریی نەرێنی» لە ئێراندا خستووەتە ڕوو. گەلی کورد هەر کاتێک ناچار بووبێت بۆ بەرگری لە خۆی پەنای بۆ چەک بردووە، هاوکات هەرگیز لە شێوازەکانی دیکەی خەبات غافڵ نەبووە. کەواتە، فەلسەفەی بوونی پێشمەرگە و چەکی دەستی کورد، پێویستی بە تێگەیشتنێکی ورد و گشتگیر لە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی ئەو گەلە هەیە.

لە خوێندنەوەیەکی مێژووییدا بۆ هۆکارەکان و چۆنیەتیی سەرهەڵدانی هێزی پێشمەرگە وەک ڕێکخراوێک یان دامەزراوەیەکی یەکگرتوو و پێکهاتەدار، دەکرێت ئاماژە بە کۆماری کوردستان وەک سەرەتای ئەو ڕەوتە بکەین. کاتێک کۆمار دامەزرا، ئەم حکوومەتە بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و سەروەری و دابینکردنی نەزم و ئاسایش، وەک هەر دەسەڵاتێکی تر پێویستی بە دامەزراندنی هێزێک بوو کە هەم توانای شەڕی هەبێت و هەم لەژێر فەرمانی بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیی کوردستاندا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. بێگومان چەکداربوون، بە هیچ شێوەیەک لە کوردستان و ناوچەکانی تری پەراوێزی ئێراندا دیاردەیەکی نوێ نەبوو؛ لە سەردەمێکی نە زۆر دوور لەو قۆناغە مێژووییەی باس کرا، لە زۆربەی ناوچەکانی ئێراندا چەک هەم لە دەستی خەڵک و هەم لە دەستی هۆز و عەشیرەتە جیاوازەکاندا بوو. لە ڕاستیدا کارێک کە کۆماری کوردستان کردی، ئەوە بوو مەسەلەی چەک و هێزی چەکداری خستە ناو چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی و یەکگرتووییەکی دامەزراوەیی پێ بەخشی؛ هێزێک کە دەبوو لەژێر فەرمانی سەرکردایەتیی سیاسیدا بێت، بۆ سەپاندنی سەروەری و پاراستنی ئەو کیانە نوێیە.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا - جگە لە قۆناغێکی کورت، کە سەردەمی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ٤٦ – ٤٧ بوو - سەرنجی سەرەکی هەمیشە لەسەر خەباتی مەدەنی و سیاسی بووە؛ هەربۆیە زیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەوی پڕ بوون لە جەماوەرێکی بەرفراوانی چالاکانی سیاسیی کورد. هاوکات لەگەڵ ڕووخانی دیکتاتۆریی پەهلەوی، هێزە سیاسییەکانی کورد وەک هەر هێزێکی بەرپرسیار کە نوێنەرایەتیی داخوازییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلی کوردیان دەکرد، هێزی پێشمەرگەیان بۆ سەقامگیرکردنی نەزم و ئاسایش لەو بۆشاییە سیاسییەی کە هاتبووە ئاراوە بەکار هێنا. ئەم هێزە سەرەڕای نائارامی و ناسەقامگیریی سیاسی لە تاران و ناوەندا، توانی بە شێوازێکی سەرکەوتووانە و کاریگەر، هێمنی و ئاسایش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بپارێزێت. بەڵام بەهۆی کردەوەی

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

تێکدەرانەی هێزەکانی سوپای پاسداران و دواتر دەرکردنی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد، ئەم پێکهاتەیە ناچار بوو وەک هێزێکی شەڕکەر و جەنگاوەرانێکی وەفادار بە ئامانجەکانی نەتەوەکەیان مەیدانداری بکات؛ ئەمەش وەڵامدانەوەیەکی سروشتی و ڕەوا بوو کە هەر نەتەوەیەک لە بەرامبەر دەستدرێژی، جینۆساید و تاواندا نیشانی دەدات.

بەم شێوەیە، ئەم هێزە لە ڕوانگەی گشتیی خەڵکی کوردستاندا وەک پاڵپشتێکی لەخۆبوردوو بەرامبەر بە پەلاماری هێزە دژەمرۆییەکانی دەسەڵاتی ئایینی، و هاوکات وەک پاڵپشتی هەمەلایەنە و مانابەخشی خەباتی مەدەنی، ڕێزی لێ گیراوە و بەرز نرخێندراوە. تەنانەت لەو ساڵانەشدا کە خەباتی چەکداری لە پێشینەی کاردا نەبووە، نموونەی بێشومار هەن کە خەڵک لە مەیدانی خەباتی جەماوەری لەسەر شەقام و لە بەرامبەر توندوتیژیی دەسەڵاتدا، داوای هاوکاری و پشتیوانییان لە پێشمەرگە کردووە؛ بەڵام تێگەیشتنی دروستی مێژوویی و واقیعبینیی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەم قۆناغانەدا، بڕیاری بە بەشداریی چەکداری لە شەقامەکاندا نەداوە و هەمیشە ڕێگەی خەبات و بەرگریی مەدەنیی بە پەسەندتر زانیوە. کورت و پوخت، پرسی چەک و هێزی پێشمەرگە تەنیا دیاردەیەکی سەربازیی ڕووت نییە، بەڵکوو یەکێکە لە کۆڵەکە پتەوەکانی گوتاری سیاسیی کورد کە بەردەوام هاوشان لەگەڵ چەمکەکانی تری بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیک، لە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چوارچێوەیەکی مانایی دایە کە زۆر لە خەباتی چەکداری بەرفراوانترە.

**پێشمەرگە ئێستا چەمکێکی ئیلهامبەخش و یەکێک لە پایە پێکهێنەرەکانی ئەو گوتارەیە؛ گوتارێک کە تێیدا ئەم هێزە نەک ئامرازی توندوتیژی و هەڕەشە، بەڵکوو لە لایەکەوە پەیامهێنەری ئازادی و ئاشتییە، و لە لایەکی دیکەشەوە پاڵپشتێکی جێی متمانەی خەباتی مەدەنی – سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە؛ خەباتێک کە هێمن، لەسەرپێ و وشیار بەرەو داهاتووی ڕزگاری هەنگاو دەنێت.**

**١٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٦**

## ئێمە پتر خۆمان بە ئێرانی دەزانین!





**مستەفا مەولوودی**

دوکتور سادق شەرەفکەندی لە وتووێژ لەگەڵ «چشم انداز»دا کە لە ژمارەی ١١ی ئەو گۆڤارە لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا بڵاو کراوەتەوە، ئاماژە بە ڕستەیەک دەکا کە ئەگەر هەر بە تەنیا ئەو دێڕە کورتە بخوێنینەوە، کەمێک ڕادەمێنین و دەڵێین بۆ دەبێ ناوبراو ئەو بابەتەی بەم جۆرە فۆرمۆلە کردبێ؛ بەتایبەت کە لە ئامانجە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێراندا، بە ڕوونی هاتووە کە «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان .»

ئەگەر لە بابەتەکە ورد بینەوە، باسەکە لەسەر کەمینە و زۆرینە لە پێکهاتە و نەتەوەکانی دانیشتووی قەوارەی ئێران کراوە و سەرانسەری مێژووی قەوارەی ئێران نیشان دەدات کە فارس، ئازەری، کورد، بەلووچ، تورکمەن و عەرەبی تێدا بوون و هەر بەو پێیە ناوبراو،

ئێرانیبوون بە واتای فارسبوون نازانێ و ڕوونی دەکاتەوە، چونکە فارس بە ژمارە و حەشیمەت لە نەتەوەکانی دیکە زیاترن، بەو مانایە نییە ئەوان ئێرانیی ڕەسەن و خاوەنی مافی زیاترن.

دوکتور سەعید دەڵێ: «خەڵکی هیچ کام لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، سەبارەت بە پرسێک کە پێوەندیی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە، نابێ خۆیان بە نوێنەر و دەمڕاستی خەڵکی کوردستان بزانن؛ وەک خودموختاریی کوردستان کە دەبێ پێشتر پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ .»

هەروەها دوکتور سەعید لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «فیدایی»دا دەڵێ: «هەڵبەت من قەت فارسەکانم پێ شۆڤینیست نەبووە و تەنیا مەبەستم دەسەڵاتی ناوەندە کە تۆمەتی جیاخوازی لە جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەدات .»

دوکتور سەعید لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەی «فیدایی»دا دەڵێ: «کوردەکان ڕەسەنترین دامەزرێنەری ئێرانن، بۆیە پێویست ناکا کەسانی دیکە ئامۆژگاریی کورد بکەن و ڕووناکبیری ئێرانی دەبێ ڕوانینێکی دێموکراتیکی هەبێ؛ سەبارەت بە ئێران دەبێ وا بیر بکەنەوە و تێ بگەن کە پێکهێنانی وڵاتێک و ژیان لە چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا، تەنیا لە ڕووی ویست و مەیل و هەستێکی قووڵ و ئارەزوومەندانەوە مسۆگەرە، نەک لە ڕووی زەخت و چوارچێوەیەکی لەپێشدا داڕێژراو. »

دوکتور سەعید دەڵێ: «واقیعییەت ئەوەیە کە کوردەکانی ئێران ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی ئێران نەوێ، کەمتریان ناوێ. ئەوە ڕاستە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی نەتەوە جیاجیاکان پێکهاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتاهەتایی نییە. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە، هەزار و پێنجسەد ساڵ پێکەوە ژیابن، ئێستا ناتوانن لێک جیا ببنەوە و بە جیا بژین؟ دونیا لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە و شتێکی سروشتییە کە دۆستایەتییەکان،

ڕەزبەری ٢٧٢٦

ڕێکەوتنەکان و پێکەوەژیانەکان و ڕوانینەکان هەر هەموویان دەگۆڕێن .»

دوکتور سەعید دەڵێ: «هیچ واقیعییەتێکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە نەتەوەکانی ئێران، هەمیشە بەیەکەوە ژیاون.» لەو بابەتەدا نموونە بە ئەفغانستان و تاجیکستان دێنێتەوە و دەڵێ: «ئەوانە جیا بوونەوە و دونیاش خراپ نەبووە؛ بۆچی ئێستا ناکرێ جیابوونەوە بکرێت؟»

کاتێک کۆی ئەو وتوویژ و لێدوانانەی دوکتور سەعید کە لە کاتی خۆیدا کردوویەتی، لەسەر یەکیان کۆ بکەینەوە و لە پەنا یەکتریان دابنێین، بە ڕوونی دیارە کە ئێرانیبوون بە مێژوو دەبەستێتەوە و مانەوەی کورد لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا بە دابینکردنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەستێتەوە؛ و لە درێژەی ئەو جۆرە تێفکرین و سیاسەتەدا، مافی بە خەڵکی هیچ کام لە ناوچەکانی ئێران نەداوە کە خۆیان بە نوێنەر، وەکیل و دەمڕاستی گەلی کورد بزانن.

١١ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پرسێکی نێوخۆییەوە بۆ سەنگ و قورساییەکی ژێئۆپۆلیتیکی!






**ڕەزا دانشجوو**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تۆمارکردنی مێژوویەکی دوورودرێژ لە بەرەنگاربوونەوەی دوو حکوومەتی خۆسەپێنی دەسەڵاتداری تاران، ئێستا خۆی لە هەلومەرجێکی تەواو نوێدا دەبینێتەوە؛ هەلومەرجێک کە بەگوێرەی ڕەوتی ڕووداوەکان و شێوازی هەڵسوکەوت و بڕیاردانی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، دەتوانێت دەرفەتێکی مێژوویی و ناوازە بێت و بێگومان لە ئەگەری بەڕێوەبردنێکی نەشیاو، هەڵەکردن لە بڕیاردان، یان لەدەستدانی کاتی دروستی بڕیاردان، دەتوانێت ببێتە تەڵەیەکی

ژێئۆپۆلیتیکی که دەرئەنجامه نەخوازراوەکانی نەک هەر ڕۆژهەڵات، بەڵکوو تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بگرێتەوە.

«مەمالیکی مەحرووسە» و ئەو وڵاتەی که ساڵانێک وەک شانشینی خێڵەکی و بە شێوەی سیستەمێکی لامەرکەزی بەڕێوە دەبرا و تێیدا میر و حاکمی هەر ناوچەیەک دەسەڵاتێکی بەرچاوی هەبوو، لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجارەوە و بە بڕیاری پاشا گەندەڵ و بێدەسەڵاتەکانی ئەو سەردەمە، بەرەو سانترالیزم و ناوەندگەرایی پاڵ نرا. ئەم سیاسەتە هەڵە و ناڕاستە لە سەردەمی پەهلەویدا بە خێراییەکی زۆر زیاتر پەیڕەو کرا و بە زەبری زۆریش چەسپێندرا؛ بیرۆکەی «یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئاڵا»ی پەهلەوی، خاڵی وەرچەرخانی ناوەندگەرایی ئیداری و هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمییە نێوخۆییەکان بوو؛ سەرەتای هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتەیی، ئاسمیلەکردنی گەلانی غەیرەفارس، سڕینەوەی ناسنامەیان و بەزۆر تواندنەوەیان لە پێکهاتە و شوناسی باڵادەستدا! ئەم گۆڕانکارییە لە ڕاستیدا بوو بە هۆی ئەوەی کە پرسی کورد و کوردستان وەک پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێرانی مۆدێرندا بێتە ئاراوە.

شەڕی دووەمی جیهانی، داگیرکردنی ئێران و ناسەقامگیرییەکانی دوای ئەم شەڕە، بوونە ڕێخۆشکەر بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە پێناو گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین و گەڕاندنەوەی کۆمەڵگەی فرەچەشنی ئێران بۆ پێکهاتەیەکی لامەرکەزی. بەپێچەوانەی خەون و خەیاڵی دەسەڵاتدارانی سەردەمی پەهلەوی، سەرکوتکردنی خوێناوی و بێبەزەییانەی کۆماری کوردستان لە سێبەری زەبروزەنگدا هەرگیز نەیتوانی کۆتاییهێنەری داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ دادپەروەری و دێموکراسی بێت؛ بەڵکوو بەپێچەوانەوە، لەم کاتەوە پرسی کورد بوو بە پرسێکی سیاسیی بەردەوامی نێوان کۆمەڵگەی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی و کێشە و گرێیەکی سەرەکی و هەمیشەیی دەسەڵاتدارانی تاران.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و ڕووخانی سەڵتەنەتی پەهلەوی، کوردی وەک نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران هیوادار کرد کە لەژێر حوکمڕانی و دەسەڵاتی نوێدا دەتوانرێت چارەسەرێکی دێموکراتیک بۆ ئەم کێشە هەڵپەسێردراوەی کورد بدۆزرێتەوە؛ بەڵام ئەم هیواداربوونە زۆری نەخایاند و دیسان کەشی بێهیوایی و نائومێدی زاڵ بووەوە. دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران و ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی، هەر لە سەرەتاوە نیشانیان دا کە هیچ باوەڕێکیان بە مافی گەلان، پەیڕەوکردنی سیستمێکی دادپەروەرانەی لامەرکەزی و بەهادان بە جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی فرەچەشنی ئێران نییە.

هەوڵ و تێکۆشان و دەستپێشخەریی سەرکردە سیاسییەکانی کورد بۆ دانوستان لەگەڵ ڕێژیم بە مەبەستی دۆزینەوەی

ڕێگەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەری پرسی کورد، زۆر زوو گەیشتە بنبەست؛ خومەینی بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد دژ بە خەڵکی بێتاوان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ڕێگای هەر چارەسەرێکی ئاشتییانەی گرت و شەڕێکی زاڵمانە و نەخوازراو بەسەر کوردستاندا سەپێندرا. دەکرێت بگوترێت لە ڕاستیدا هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە فەلسەفەی ناوەندگەرایی پەهلەویدا ڕووی نەدا؛ چەمکی «ئوممەت» جێگەی چەمکی «نەتەوە»ی گرتەوە، زمانی فارسی وەک ڕابردوو تەنیا زمانی فەرمی مایەوە و تەنیا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە ڕواڵەتدا ڕوویان دا.

کۆماری ئیسلامیش بەردەوام بوو لە هەمان پراکتیک و شێوازی هەڵسوکەوتی ڕابردوو: سەرکوتکردنی بەردەوام و بێبەزەییانە، دەرکردنی حوکمی قورس و نادادپەروەرانە، توندوتیژیی پێکهاتەیی، بەردەوامیی پاشکەوتوویی ئابووری، جیاوازیدانان و هەڵاواردنی سیستماتیک. بەڵام هەروەک چۆن پەهلەوی نەیتوانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد بنەبڕ بکات، دەیان ساڵ سەرکوتی پلاندارێژراوی کۆماری ئیسلامیش نەیتوانی ئەم داواکارییە ڕاست و ڕەوایە بێدەنگ بکات و کۆمەڵگەی کوردی وەک یەکێک لە ناوەندە ڕاوەستاو و خۆڕاگرەکانی بەرخۆدان و خەبات دژی زوڵمی دەسەڵاتدارانی تاران مایەوە.

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە خەباتی مەدەنی و سیاسیدا دژ بە کۆماری ئیسلامی. خرۆشی شەقامەکانی کوردستان نەک هەر ئیرادەی نارەزایەتیی ئەم جوغرافیایەی ئاشکرا کرد، بەڵکوو ڕۆڵی کاتالیست، بزوێنەر و پریشکی سەرەتایی ئەم بزووتنەوەیەی گێڕا. کوردستان نیشانی دا کە خاوەنی چ توانایەکی بەهێزە لە پەرەپێدان و گواستنەوەی دینامیکی نارەزایەتییەکان بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران.

جگە لەوەش، بزووتنەوەی ژینا ڕۆڵێکی گرنگی دیکەی نواند لە ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کوردستان؛ بە جیهانیبوونی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» سەرنجی ڕای گشتیی جیهانی بۆ سەرچاوە و زێدی ئەم دروشمە ڕاکێشا. ئەم پێشهاتە، پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بزوێنەرێکی بەتوانا و خاوەن هەڵوێست بۆ لێک گرێدانی نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان لە پێناو گەیشتن بە دێموکراسی لە ئێراندا جێگیر و پتەوتر کرد.

قۆناغی دواتری گۆڕانکارییەکان بە چڕبوونەوەی ئاڵۆزییە ژێئۆپۆلیتیکییە ناوچەییەکان دەستی پێکرد. ئاراستەی ڕووداوەکان و ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکانی دوایی دەریانخست کە دۆکترینی «نە شەڕ، نە دانوستان»ی کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی قەیرانە پەرەسەندووەکاندا لەدەست داوە. ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە نەک هەر حیساباتی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامییان خستە قەیرانەوە، بەڵکوو پرسی کوردیان هێنایە قۆناغێکی زۆر هەستیارتر؛ بە شێوەیەک کە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی سیاسیی هێزە کوردییەکان بوو بە یەکێک لە فاکتەرە سەرنجڕاکێشەکان لە خوێندنەوە و

لێکدانەوەی لایەنەکانی بەشدار لەم شەڕەدا. ئێستا دەکرێت بگوترێت پرسی کوردستان ڕەهەندی زیاتری بەدەستهێناوە و دەرەنجامەکانی دەتوانێت کاریگەریی لەسەر فەزای سیاسیی تەواوی ئێران و تەنانەت دراوسێکانیشی هەبێت.

چاوخشاندنێکی کورت بەسەر هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکاندا، دەرخەری گرنگیی ئەم پێگە تازەیەی کوردستانە. ئاماژە بەردەوامەکانی دۆناڵد ترامپ بە پێگەی هێزە کوردییەکان لە قەیرانەکانی ناوچەکەدا، جەختکردنەوەی بەرپرسانی ئیسرائیل لەسەر بۆشایی و کەلێنی شوناسی و زمانی لە ئێراندا و داواکاریی بەرپرسانی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی لە لایەنە کوردییەکان بۆ هاوئاهەنگ نەبوون لەگەڵ لایەنە بیانییەکان، هەموویان لەسەر یەک ڕاستی دەدوێن: کە جووڵانەوەی کورد وەک سەنگ و قورساییەکی ژێئۆپۆلیتیکی لە هاوکێشە ئەمنییەتییەکان و گوشارە نێودەوڵەتییەکاندا شوێن و پێگەیەکی تایبەتی هەیە.

ڕاستی ئەوەیە کە هاوکێشە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاڵۆزترین و ناسەقامگیرترین دۆخی مێژوویی خۆیاندان؛ تەبایی و هاوبەشی، یان دژبەری و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی ئەکتەرانی ئەم گۆڕەپانە، بە شێوەیەکی بەرچاو سنووربەندی و دابەشکارییەکانی ڕابردووی گۆڕیوە. جووڵەی هاوکاتی هێزە ناوچەییەکان وەک تورکیە، عەرەبستان و پاکستان، بە هاوبەشی لەگەڵ ستراتیژییە ئەمنییەتییەکانی واشنتۆن و تێلاڤیڤ، کەش و فەزایەکی فرەچین و ناهاوسەنگیان دروست کردووە؛ کاتێک کە ئانکارا تێدەکۆشێت بە چالاککردنی کارتە ناوچەییەکان و بەکارهێنانی کەرەستەی ئەمنییەتی، قووڵایی کاریگەرییەکانی فراوانتر بکات، لە کاتێکدا ئەکتەرەکانی دیکە بە وریایی و گومانی ستراتیژییەوە چاودێریی هەر گۆڕانکارییەک لە هاوسەنگیی هێزدا دەکەن و دژبەریی دەکەن!

لەم نێوەندەدا، کورد دەتوانێت بەپێی ڕادەی یەکگرتوویی، پێکەوەبوون، خۆناسین و پێگەیشتن لە دیپلۆماسیدا، لە پێگەی ئامرازێکی کاتییەوە ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر و شوێندانەر. لەم چوارچێوەیەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تۆمارکردنی مێژوویەکی درێژخایەن لە خەبات و بەرخۆدان و پۆتانسیەلێکی ناوازە لە ڕێکخستنی حیزبی و مەدەنیدا، وەک یەکێک لە ناوەندە دیار و بەرچاوەکانی سیناریۆکانی دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕ و قەیرانە سەیر دەکرێت؛ بەڵام ئاشکرایە تەنیا بەردەوامیی گرژییەکان لە ناوچەکەدا، نەک تەنیا بە مانای کرانەوەی خۆکاری دەرگاکان بە ڕووی داخوازییەکانی کورددا نییە، بەڵکوو تەنانەت دەتوانێت ببێتە هۆکاری مەترسیی ئەمنییەتیی زیاتر و تەڵەیەکی ژێئۆپۆلیتیکی بە تێچوویەکی یەکجار زۆر.

«شیکاریی عەقڵانی و واقعبینانە» و «لێکگەیشتنی پراکتیکی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا»، مەرجگەلێکی گرنگ و

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

چارەنووسسازن بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە مەترسیدارە؛ لە کاتێکدا بڕیاری بەپەلە، پشتبەستن بە گۆڕانکارییە کورتخایەن و کاتییەکانی لایەنە دەرەکییەکان و بەتایبەتی دابەشبوونی ڕێکخراوەیی و دوورکەوتنەوە لە یەکگرتوویی نەتەوەیی، دەتوانن ببنە تێکدەر و هۆکاری لاوازبوونی دەستکەوتە مێژووییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

هەرچەند چاودێریکردنی بەئاگا و ژیرانەی ڕووداوەکان مەرجێکی پێویستە بۆ دەربازبوون لەم قۆناغە هەستیارە؛ بەڵام مەرجی بنەڕەتی و تەواوکەر، هەبوون و پەیڕەوکردنی ستراتیژییەکە لەسەر بنەمای واقیعی ڕووداوەکان و بارودۆخی ئێستادا لە ساتەوەختە چارەنووسسازەکاندا و بێگومان بە پشتبەستن بە توانا نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان! چ خوێندنەوەیەکی زێدەڕۆیانە لە توانای کاریگەری و شوێندانان و چ بەکەم سەیرکردنی توانای ستراتیژیی کوردستان لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا، هەڵەیەکی گەورەیە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێتر پرسێکی لاوەکی لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا نییە؛ بەڵکوو فاکتەرێکی شوێندانەرە لەسەر پرۆسەی گوزار و گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا و هەڵبەت هەم کاریگەریی لەسەر هاوکێشە ناوچەییەکان هەیە و هەم کاریگەریشیان لێ وەردەگرێت.

١٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

---

## بەباکردنی خەرمانی کۆمیتەی ئیمداد

**دارسمە**

لە سەرانسەری ئێران، هەر گوتت «کۆمیتەی ئیمداد»، هەموو کەس بە ژن و پیاو و گەورە و بچووکەوە دەزانێت ئەمە کورتکراوەی «کۆمیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی»یە. زۆر کەس مانای ئەم دەستەواژەیە هێندێک بەلاڕێدا دەبەن و باش لێکی نادەنەوە. دیارە وەک گوتم «کۆمیتەی ئیمداد» هەموو کەس دەیناسێت و هەموو وادەزانن ئیدارەیەکە بەپێی شوێن یارمەتی بەسەر کۆمەڵە خەڵکێکدا دابەش دەکات.

پێش ئەوەی باس لە ئەرکی پیرۆزی «کۆمیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی» بکەین، واباشە ماناکەی باش لێک بدەینەوە. دیسان لە ڕووی ئێوە بێئەدەبی نەبێت و پەرژینێکی بەگوڵ بۆ تێگەیشتنی چەوت و چەوێڵ دادەنێم. مەبەست لە تێگەیشتنی چەوت و چەوێڵ ئەمەیە؛ خوای نەخواستە ئێوە وا بزانن خۆم پێ لە جەنابتان زاناترە و وای تێگەیشتووم ئێوە لە مانای دەستەواژەکە تێ ناگەن و پێویستە نەزانێکی وەک بەندەی موخلیستان بۆتانی لێک بداتەوە. نەخێر ناوەڵڵا هیچ وا نییە و ئێوە زۆر لەوە شارەزاترن کەسێکی دیکە وشە و دەستەواژە و ڕستەتان بۆ لێک بداتەوە.

تەنیا لەبەر ئەوەی کۆمیتەی ئیمدادی گۆڕین، مەیدانی پانتایی چالاکییەکانی زۆر لەوە بەرینترە بیری لێ دەکەینەوە، بە پێویستم زانی کەمێک لە کاتی گرانبەهاتان بگرم و وابکەم بۆ چەند چرکەیەک دەست لەسەر شاشەی مۆبایلەکانتان ڕاگرن و

بۆ ماوەیەکی کورت لە بەڕێکردنی پەیجە زۆر و زەوەندەکانی سەر بە تیکتۆک، تێلگرام، فەیسبووک، ئینستا و مینستا ڕابوەستن و هەر سووکەسەرنجێک بدەنە مانای «امداد» لە دەستەواژەی «کمیتە امداد امام خمینی»دا.

هیچ بە پێویستی نازانم وابکەم لە سەیرکردنی لاپەڕە جوانەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بتانوەستێنم. هەر لەبەر ئەوەی باس لە ناوەکانی «کمیتە» و «امام خمینی» ناکەم و ڕێک و ڕاست دەچمە سەر وشەی «امداد». ئەم «امداد»ە بە کوردییەکی خۆمانە دەبێت بە «بە هاناوەهاتن». ئەوەدەم ئەگەر هێنەکەی ئیمام خومەینی بە تەواوی بکەین بە کوردی، دەبێتە «کۆمیتەی بە هاناوەهاتنی ئیمام خومەینی». جا حیکمەتی ڕاسان و خۆ چەلوچۆم کردنی بەندەی موخلیستان لێرەدایە کە ئەو مانایە نزیکەی پەنجا ساڵە لەم کۆمیتەیەمان وەرگرتبوو، بەداخەوە وا نەبوو. یانی بە هەڵە تێگەیشتبووین. بە هەڵەش نا، تەواو بەپێچەوانەوە. ئێمە هەتا دوێنێ و پێرێ وامان دەزانی کۆمیتەی بە هاناوەهاتنی ئیمام خومەینی، بە هانای خەڵکەوە دێت، بەڵام ئێستا بەتەواوی بۆمان دەرکەوتووە، ئەم کۆمیتەیە بە توندی بە هانای ئیمام خومەینی و پاشماوەکانییەوە دەچێت.

ئەوەتا هەر لەم غەززە و لوبنانەی خۆمان، کۆمیتەی ئیمداد ببوو بە ڕێکخراوێکی گەورە و گران. لە غەززە و لە لوبنان و لە هێنیش ئەندامەکانی ئەوەندە فرە بوون هەر خوا دەزانێت. ئەو ئەندامانە هەموویان پارەیان دەگەیشتێ و ڕێکدەخران بۆ ئەوەی بە هانای ئیمام خومەینی و پاشماوەکانییەوە بچن.

ئەوەندەی خۆڵ لەسەر گۆڕی سۆفی حەسەنە، هەزار ئەوەندە تەمەنی ئێوەی بەردەنگان درێژ بێت. ئەرێ لەبیرتان نییە دەیگوت هەتا ئێران فلووسی هەبێت، ئێمە بێپارە نابین. وەباڵ بەم ملە باریکەم لە سەردەمی سۆفی حەسەن و دواتریش ئەندامە هەراوەکانی کۆمیتەی ئیمداد فلوسی خۆیان وەرگرت و بە دڵ و بە گیان بە هانای ئیمام خومەینییەوە چوون و تەنگیان بە جوولەکەکان هەڵچنی. بەڵام داخێک و حەوسەد مخابن زەبری کافران ئەوەندە توند بوو، تونێل و ڕەندیشی بە ئەندامانی کۆمیتەی ئیمدادی ئەوێ نەهێشت.

لە نێو بازرگانان‌دا باوە دەڵێن ئەگەر سەرمایەت لە کەمی دا واباشە ئەوەی بەدەستتەوە ماوە سات و سەودای بچووکتری پێ بکەی، بەڵکوو ڕۆژێک سوودێکی باشی لێ وەرگری. هەر ئەمەش وای کرد کۆمیتەی ئیمداد لە نێوخۆ دەستبەکار بێتەوە و لە شارە هەرەگەورەکان ئەندامان کۆ بکاتەوە. ئێستا بە داهێنانی دەستەواژەی «جانفیدا» لە هەوڵی ئەوەدان بەم سەرمایە بچووکەی نێوخۆ بابەتی بە هاناوەهاتنی خەڵکی نێوخۆ بورووژێنن. هەر لەبەر ئەمەش بەتایبەت شەوانە دوای ئەوەی فێنک دادێت و دەکرێت بە گڵۆپی بەهێزی کارەبا سەرنجی کامێرای وێنەگریی لەسەر گۆشەیەکی شەقام چڕ بکرێتەوە، ئەندامانی

ڕەزبەری ٢٧٢٦

کۆمیتەی ئیمداد بە ئەمری دەستەی سەرۆکایەتی بەپێی توانا لە گۆشەی شەقامان کۆ دەکرێنەوە.

لە وەها کاتێکدا هەرکەسێک چەند ساڵ لەمەوبەر قوتووساندیسێکی لە هەر شوێنێک فڕ کردبێت دەبێ بێتە سەر شەقامی دیاریکراو و بە ئەمری بەرپرسانی زانا و شارەزا ئەنگوستی دۆشاومژەی بخاتە قورگییەوە و هەرچی پێش و پاش ساندیسەکەش خواردوویەتی لەسەر شەقامی دیاریکراو بەرانبەر بە کامێرا بیهێنێتەوە.

دیارە یارمەتییەکی بەرچاویش بۆ ئەو ئەندامانە تەرخان کراوە، ئەویش ئەمەیە؛ ئەوانەی پێیان خۆش نییە لە کامێراکەوە دەرکەون، لە کاتی ڕشانەوەدا دەتوانن لەبەرانبەر کامێرادا سەر و لووتیان داپێچن.

١٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# پزشکیان، گورگێک لە پێستی مەڕدا





عادڵ درەخشانی

وتارەکەی مەسعوود پزشکیان لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کۆمەڵێک لێدوانی دژبەیەک بوو لە چوارچێوەی گوتارێکی ناتەبادا: زمانێکی بازاڕی، تۆنێکی تێکەڵ بە هەڕەشە و پاڕانەوە بۆ گوێگرانی نێوخۆیی و دژبەرانی دەرەکی؛ هاوکات هەوڵدان بۆ نواندنی سیمایەکی بەهێز لە بەرامبەر زلهێزانی جیهاندا، بێگومان بە دەنگێکی لەرزۆکەوە.

پزشکیان دیسان تێکۆشا لە زمانی «خەڵکی ئێران»ەوە بدوێت؛ وەک ئەوەی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و کۆمەڵگەی

وەزاڵەهاتوو، خاوەنی یەک دەنگ و یەک ئیرادەی هاوبەش بن! ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاستی شەرعییەتی ڕێژیم لە نێوخۆی ئێران لە نزمترین ئاستی خۆیدایە و کۆمەڵگە لە لێواری لێکترازاندایە.

**پزشکیان ئیدیعای کرد: «ئێمە تێرۆریست نین، ئێمە قوربانیی تێرۆرین».**

ڕێک لەم خاڵەدایە کە یەکەم پرسیاری بنەڕەتی دێتە ئاراوە: ئایا دەکرێ مرۆڤ خۆی تەنیا وەک قوربانیی تێرۆریزم پیشان بدات و هاوکات پەردەپۆشی کارنامەی خوێناویی نیو سەدە تێرۆریزمی دەوڵەتیش بکات؟

هەر لە یەکەم مانگەکانی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، کوردستان سەرەکیترین مەیدانی سەرکوت و سەپاندنی هێزی ڕێژیم بوو. لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا خومەینی فەتوای جیهادی دژی کوردستان دا و فەرمانی هێرشی زەمینی، ئاسمانی و تەنانەت دەریاییشی بۆ سەر کوردستان دەرکرد؛ چونکە لەو کاتەدا خومەینی وای دەزانی لە ڕێگەی دەریاشەوە دەتوانرێت هێرش بکرێتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان! هێرشەکان لە پاوەوە دەستی پێ کرد و ماشێنی شەڕ و کوشتار و ئیعدامی بەکۆمەڵ لە کوردستان کەوتە گەڕ؛ زنجیرەیەک لە توندوتیژیی سیستماتیک کە هەتا ئەمڕۆش بێوچان بەردەوامە.

دوای چوار دەیە، لە خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاویدا، کۆمەڵکوژییەکی سامناک بۆ سەر نزیکەی ١٥٠٠ هاووڵاتی - لە ژن، پیاو و منداڵ - لەسەر دەستی هێزە ئەمنییەکان تۆمار کرا؛ لەم تاوانەدا، بە بڕینی سەرتاسەریی هێڵی ئینتەرنێت، پەردە بەسەر کۆمەڵکوژیی شەقامەکانی ئێراندا کێشرا و لە چاوی جیهانیان شاردرایەوە.

سێ ساڵ دواتر، ناوی ژینا ئەمینی بووە هێمای بەرخودانی کوردستان و چەخماخەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لە ئێرانی لێ کەوتەوە. دواتر کۆمیتەی بەدواداچوونی ڕاستییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی ڕایگەیاند کە ژینا لە دەستبەسەرگەی گەشتی ئیرشاددا کەوتووەتە بەر توندوتیژیی جەستەیی و حکوومەتی ئێران بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی گیانلەدەستدانیەتی. هەمان سەرچاوە بە پشتڕاستکردنەوەی ئاماری لانیکەم ٥٥١ کوژراو لە ڕەوتی شۆڕشی سەرتاسەریی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، پەردەی لەسەر تاوانگەلێکی وەک ئەشکەنجە، دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە و دەستدرێژی و توندوتیژیی سێکسی هەڵدایەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دواتر ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بە پشتبەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی نێوخۆی ئێران، ڕێژەی کوژراوەکانی بە ١٥٠٠ کەس خەمڵاند. لەوەش زیاتر، لە نوێترین نموونەی سەرکوتی خوێناویدا لە ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ١٤٠٤ی هەتاویدا، هەزاران خۆپیشاندەر لە شەقامەکانی ئێران بە دەستدرێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سەرکوتی ڕێژیم گیانیان لە دەست دا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تووشی شۆکی یەکێک لە دڕندانەترین

کۆمەڵکوژییەکانی مێژووی هاوچەرخ بوو.

ئێستا پرسیار ئەوەیە: کاتێک پزشکیان هەوڵی ناساندنی ئەم ڕێژیمە دەدات وەک «قوربانیی تێرۆریزم»، قوربانیانی بێئەژماری توندوتیژی و کوشتاری دەوڵەتی لە نێوخۆی ئێراندا لە کوێی ئەم ئیدیعا و شانۆگەرییەدان؟

ئەگەر بابەتەکە مافی نێودەوڵەتی و تێرۆریزمە، پەڕاوە تێرۆریستییە سنووربەزێنەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەزاران کیلۆمەتر دوورتر لە سنوورەکانی ئێرانیش هەرگیز لەبیر ناچنەوە؛ لەوانەش تاوانی تێرۆریستیی بۆمبڕێژکردنی ناوەندی جوولەکەکان (ئامیا (AMIA - لە بوێنس ئایرێس.

لە ساڵی ١٩٩٤دا، تەقینەوەیەکی تۆقێنەر ئەو ناوەندەی داڕماند؛ ٨٥ مرۆڤ گیانیان لەدەست دا و سەدانی دیکەش بریندار بوون. سی ساڵ دواتر، لە ساڵی ٢٠٢٤دا، باڵاترین دادگای تاوانەکانی ئەرژەنتین ئەو پەلامارەی وەک نموونەی بەرچاوی «تاوان دژ بە مرۆڤایەتی» پێناسە کرد و بە ڕاشکاوی بڕیاری دا کە ئەم ئۆپەراسیۆنە لەلایەن حیزبوڵڵای لوبنان و لەسەر بنەمای بڕیارێکی ستراتیژی لە تارانەوە جێبەجێ کراوە؛ ڕێک وەک چۆن دۆسیەی تێرۆری ڕەفیق حەریری، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری لوبنان، لەلایەن حیزبوڵڵا و لە پێناو پەرەپێدانی دەسەڵاتی ناڕەوای ئەم گرووپە و پشتیوانەکانی، لە تارانەوە پلانڕێژیی بۆ کرابوو.

پزشکیان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، ناڕەزایەتیی بەرامبەر بە کوژرانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و نەبوونی چوارچێوەی یاسایی بۆ ئەم بابەتە دەربڕی.

بەڵام ئەگەر کوشتنی ڕێبەرێکی سیاسی بەبێ تێپەڕاندنی ڕێکارە یاساییە نێودەوڵەتییەکان مەحکوومە، ئایا نابێ هەمان پێوەر بۆ نەیارانی سیاسی و تێرۆری ڕێبەرانی کورد و خەباتکارانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش پەیڕەو بکرێت؟ تێرۆری ڕێبەرانی کورد لە ڤییەن، بێرلین و هەولێر، تێرۆری سەدان تێکۆشەری سیاسی لە هەرێمی کوردستان و ئورووپا، و ئیعدامە مەیدانییەکان لە چ شوێنێکی لۆژیکی یاسایی ڕێژیمی ئێراندا جێگەیان دەبێتەوە؟

پزشکیان دواتر باسی لە کوژرانی ژنان و منداڵان لە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل کرد. لەم بارەیەوە، تەنانەت کاتێک لێژنەی لێکۆڵەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێکۆڵینەوەی هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا بۆ سەر قوتابخانەی «شەجەرەی تەییبە» لە مینابدا ڕایگەیاند کە بەڵگەی سەلمێنەر هەیە لەسەر ئەگەری ڕوودانی تاوانی جەنگ و گیانلەدەستدانی زیاتر



سەرچاوە
Serchawe

لە ١٥٠ مرۆڤ - کە نزیکەی ١٢٠یان منداڵ بوون - کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕەخنەگران خوازیاری لێپرسینەوە و شەفافییەت بوون.

بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ هەڵبژاردەیی نییە و دەبێ هەمان پێوەرەکان ڕێک بەسەر کارکردی حکوومەتی ئێرانیشدا جێبەجێ بکرێن. هەمان دامەزراوە مافپەروەرەکان چەندین جار ڕاپۆرتیان داوە کە حکوومەتی ئێران لە سەرکوتی نارازییاندا سڵی لە تەقەی ڕاستەوخۆ بە چەکی نیوەقورس، دۆشکە، گازی ژەهراوی، ئەشکەنجەی بێبەزەییانە، دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە و تەنانەت وەرگرتنی «پارەی فیشەک» و باجسەندن لە بنەماڵەی کوژراوەکان بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی ڕۆڵەکانیان نەکردووەتەوە. کەرامەت و مافەکانی مرۆڤ چەمکێکی جیهانیین و ناکرێ مرۆڤ تەنیا کاتێک پەنایان بۆ ببات کە پێشێلکارییەکان بەرەورووی ڕێژیمی ئێران دەبنەوە، لە کاتێکدا پەردە بەسەر تاوانە بێکۆتاییەکانی خۆیدا بکێشێت.

پزشکیان هەروەها ئیدیعای ئەوەی کرد کە ئێران زیاتر لە دووسەد ساڵە پەلاماری سەربازیی نەکردووەتە سەر هیچ وڵاتێک. بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا، دەستدرێژی و دەستتێوەردانی سەربازی تەنیا بە پەڕینەوەی یەکەکانی زرێپۆش و سوپای کلاسیک لە هێڵە سنوورییەکان پێناسە ناکرێت. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا تۆڕێکی چەکداری لە میلیشیا بەکرێگیراو و تائیفییەکان لە لوبنان، عێراق، سووریە و یەمەن پڕچەک کردووە و فەرماندەیی کردوون. بەڵگە باوەڕپێکراوە نێودەوڵەتییەکان بەڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کە دابینکردنی دارایی، کەرەستەی سەربازی و ڕێنوێنیی ئۆپەراسیۆنیی ئەم گرووپانە - لەوانەش حووسییەکانی یەمەن - بەرهەمی ڕاستەوخۆی ستراتیژییەکانی تاران بووە.

کەواتە پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوە نییە کە سوپای کلاسیکی ئێران کەی سنوورەکانی بەزاندووە؛ بەڵکوو پرسیارەکە ئەوەیە کە ڕێژیم بە دروستکردنی تۆڕەکانی تیرۆر و نائارامکردن، چۆن تەناهی و ئاسایشی ناوچەکەی بە بارمتە گرتووە؟ وەرچەرخانی ئەم سیاسەتە وێرانکەرە، لە پڕچەککردن، داڕشتن و پشتیوانیی لۆجستی لە هێرشە تیرۆریستییەکەی حەوتی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر هاووڵاتیانی مەدەنیی ئیسرائیلدا دەرکەوت؛ تاوانێک کە تێیدا نزیکەی ١٢٠٠ مرۆڤی بێپەنا کۆمەڵکوژ کران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستە نێو ئاگری وێرانکارییەوە.

### و دواجار، پرسی دۆسیەی ئەتۆمی.

پزشکیان ئیدیعای کرد ئێران تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی تەنیا بۆ گەشەپێدان و مەبەستی ئاشتیخوازانە دەوێت، نەک بۆ

دروستکردنی چەکی ناوکی.

بەڵام دیواری بێمتمانەیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دووپاتکردنەوەی دروشمی سواو و بێزارکەر ناڕووخێت. ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠٢٥دا ڕاپۆرتی دا کە کۆماری ئیسلامی تەنیا وڵاتی بێ چەکی ئەتۆمییە لە جیهاندا کە ئۆرانیۆم بە ڕێژەی نیگەرانکەری ٦٠ لەسەد دەپیتێنێت؛ بابەتێک کە لە ڕوانگەی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمییەوە، هەڕەشەیەکی نائاساییە بۆ سەر ئاسایشی جیهان. ئەم ژمارە و ئامارە تەکنیکی و حاشاهەڵنەگرانە بەڕوونی نیشانی دەدەن کە بۆچی دروشمی «کەڵکوەرگرتنی ئاشتیخوازانە لە وزەی ئەتۆمی» هیچ کڕیارێکی لە جیهانی ئازاددا نەماوە.

بە دڵنیاییەوە ئەوەی جێگای سەرنجی هەموو لێکۆڵەرانە، سەرۆککۆماری ئێران بە دروشمی مەزڵوومییەت و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە هەڕەشەی لە وڵاتانی دراوسێی ئێرانیش دەکرد؛ باسی لە مافی نێودەوڵەتی دەکرد بەڵام پشتی بە باجسەندنی ناوچەیی دەبەست؛ دەستی دانوستانی درێژ دەکرد بەڵام هۆشداریی دەدا کە بۆ جموجووڵەکانی لە کەس مۆڵەت وەرناگرێت. بەڵام کێشە بنەڕەتییەکە تەنانەت کەسایەتیی مەسعوود پزشکیانیش نییە؛ بەڵکوو هەوڵی پێشاندانی سیمایەکی عاقڵ و ماقووڵ لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو.

### هەوڵێکی چەواشەکارانە کە تێیدا:

- باسی قوربانیانی تێرۆریزم کرا، بەڵام باسی تاوانی تێرۆریستیی ڤییەن، بێرلین و ئامیا نا!
- باسی پێوەرەکانی مافی نێودەوڵەتی کرا، بەڵام باسی کارەساتەکانی خەزەڵوەری ٩٨ و کوشتنی ژینا نا!
- لافی دووسەد ساڵ دەستدرێژینەکردنی سەربازی لێ درا، بەڵام باسی تۆڕە تێرۆریستییە نیابەتییەکان لە ناوچەکەدا نا!
- و ئیدیعای ئامانجی ئاشتیخوازانەی ئەتۆمی کرا، بەڵام لەسەر مەترسییەکانی پیتاندنی ٦٠ لەسەدی وشەیەکیش نەدرکێندرا!

لە پشت مینبەری نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێ وشەکان بچنیت و نمایشێکی ساختە ساز بکەیت؛ بەڵام مێژوو بە چەند ئیدیعایەکی بێبنەما ناگۆڕدرێت:

خوێنە ڕژاوەکانی کوردستان، کارەساتی خەزەڵوەری ٩٨، خوێنی پاکی ژینا ئەمینی و کومار دەریۆفتادە، کۆمەڵکوژیی

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

**دڕندانەی بەفرانباری ١٤٠٤، مووشەکبارانکردنی کەمپەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هەناردەکردنی توندڕەوی و بناژۆخوازی، دروستکردنی تۆڕی میلیشیا تێرۆریستییەکان و بەفیڕۆدانی سەرمایە مرۆیی و ئابوورییەکانی وڵاتێکی دەوڵەمەند لە ماوەی پەنجا ساڵدا، هەموویان بەشێکی دانەبڕاون لە هەمان تابلۆ و ڕووخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی.**

***ئێستا جیهان ڕووی ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمە بەبێ هیچ دەستکارییەک دەبینێت؛ و لە پشت تەواوی ئەم نمایش و لێدوانە پڕوپووچانەوە، تەنیا ڕاستییەک کە لە ڕووخساری پزشکیان بەدی دەکرا، ترسی سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئێران بوو؛ ترس لە ڕووخان و دارمان.***

**١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٦**

---



سەرچاوە
Serchawe

# نوخبەی سیاسی؛ خولقێنەری گۆڕانکاری یان بەڕێوەبەری دۆخی ئارایی؟





سەلام سەدیقی

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەخۆڕایی و لە بۆشاییی ئەجێندادا دروست نابن؛ بەڵکوو زۆرجار لە ئەنجامی بیرکردنەوە، بڕیار، هەڵوێست و کردارەکانی ئەو کەس و گرووپانە سەرهەڵدەدەن کە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا کاریگەری و توانای بڕیاردانیان هەیە. لێرەدا پرسیاری گەورە لەسەر دەور و نەخشی «نوخبەی سیاسی» دێتە گۆڕێ: ئایا نوخبە هێزی تێکشکاندنی کۆسپەکان و خولقێنەری گۆڕانکارییە، یان تەنیا دەبێتە بەڕێوەبەری دۆخی ئارایی؟

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

نوخبەی سیاسی تەنیا کۆمەڵێک کەس نییە کە پۆست یان ناوبانگی سیاسییان هەیە؛ بەڵکوو ئەو توێژەی کۆمەڵگەیە کە توانای کاریگەریدانانی لەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکان، دیاریکردنی ئەولەوییەتەکان و ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی و خەباتگێڕانە هەیە. لەبەر ئەوە، پێوانەی سەرکەوتنی نوخبەی سیاسی لەوەدا نییە کە تەنیا قەیرانەکان بەڕێوە ببات، بەڵکوو ئەوەیە تا چەند دەتوانێت بەسەر دۆخی ئاراییدا زاڵ بێت و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا بخوڵقێنێت.

نوخبەی سیاسیی کارا دەبێت بتوانێت لە دۆخە کاتی و قەیرانە هەنووکەییەکان تێپەڕێت و بە دیدێکی ستراتیژییەوە سەیری داهاتوو بکات. ئەوەی نوخبەیەک لە نوخبەیەکی تر جیا دەکاتەوە، تەنیا مانەوە لە کایەی سیاسەتدا نییە؛ بەڵکوو توانای بەکارهێنانی ئیرادە و هێزە بۆ دەربازبوون لەو دۆخە چەقبەستووەی کە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندوویەتی، هاوکات تەرخانکردنی تواناکانە بۆ بنیاتنانی دامەزراوەی بەهێز، چەسپاندنی دادپەروەری، خولقاندنی متمانەی گشتی و ڕەخساندنی دەرفەتی پێشکەوتن.

لە سیاسەتدا، داهێنان لەوەوە دەست پێ ناکات کە هەموو شتێک وەک خۆی بپارێزرێت؛ بەڵکوو لە ڕەتکردنەوەی دۆخی ئارایی و لەوەوە دەست پێ دەکات کە نوخبەی سیاسی بتوانێت پرسیاری دروست بوروژێنێت و وەڵامی نوێ بۆ کێشە کۆنەکان بدۆزێتەوە. کۆمەڵگەیەک کە بەردەوام لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەمدا دەگۆڕێت، پێویستی بە نوخبەیەکی سیاسی هەیە کە تەنیا پارێزەری دۆخی هەبوو نەبێت، بەڵکوو هێزی خوڵقێنەر و ئاراستەکەری ئاڵوگۆڕ بێت.

ئەم پرسیارە لە کۆمەڵگەی کوردیدا گرنگییەکی تایبەت و چارەنووسساز هەیە؛ چونکە نوخبەی سیاسیی کورد بە پێچەوانەی نوخبەی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتاندا، لە بنەڕەتەوە لەدژی «دۆخی ئارایی» و شەرعییەتی دەسەڵاتی زاڵ خەبات دەکات. ئەگەر نوخبەیەک لە کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا بەڕێوەبەری دۆخی باو بێت، لە کوردستاندا قبووڵکردنی ڕۆڵی «بەڕێوەبەری دۆخی ئارایی» یەکسانە بە سازان لەگەڵ ژێردەستەییدا. بۆیە ئەرکی سەرەکیی نوخبەی کوردی تێکشکاندنی ئەو دۆخە نادادپەروەرەیە. کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە نوخبەیەکی سیاسی هەیە کە بتوانێت لە ئاسۆی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان تێپەڕێت، دۆخی ئارایی ڕەت بکاتەوە و دیدگایەکی دوورمەودا بۆ ئازادی و داهاتوو دابڕێژێت.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، نوخبەی سیاسی ئەگەر بیەوێت ڕۆڵێکی مێژوویی و کاریگەر بگێڕێت، پێویستە لە سنووری بەرژەوەندییە کورتخایەنەکان و دۆخی هەنووکەیی تێپەڕێت و بتوانێت دیدێکی هاوبەش و ستراتیژی بۆ داهاتوو پێشکەش بکات. کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە نوخبەیەکی سیاسی هەیە کە بتوانێت لەگەڵ گۆڕانەکانی نێوخۆ و جیهاندا خۆی بگونجێنێت، لە ئەزموونەکانی ڕابردوو فێر بێت و لە هەمان کاتدا توانای بەرهەمهێنانی بیرۆکە و داڕشتنی ڕێبازی نوێی

هەبێت.

**بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: ئایا هەر نوخبەیەکی سیاسی دەتوانێت خوڵقێنەری گۆڕانکاری بێت؟**

وەڵامەکە بە دڵنیایی «نەخێر»ە. نوخبەی سیاسی ئەگەر لە خەڵک دوور بێت، گوێ لە دەنگی کۆمەڵگە نەگرێت و لەبری ئیرادەی گۆڕانکاری، خۆی لە دۆخی ئاراییدا بدۆزێتەوە، خۆبەخۆ دەبێتە بەشێک لە بەڕێوەبردنی هەمان دۆخی چەقبەستوو؛ لە کاتێکدا نوخبەی ڕاستەقینە نوخبەیەکە کە لە پێناو تێکشکاندنی دۆخی ئاراییدا دەبێتە پێشەنگی شۆڕش و گۆڕانکاری.
ئەم خاڵە بۆ کۆمەڵگەی کوردی گرنگتر دەبێت، چونکە نوخبەی سیاسی نابێت تەنیا بە پێوانەی دروشم و ئامادەیی لە گۆڕەپاندا هەڵبسەنگێنرێت؛ بەڵکوو دەبێت بە توانای خوڵقاندنی بیرۆکە، دارشتنی بەرنامە، بەهێزکردنی دامەزراوەکان، پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و پتەوکردنی متمانەی شۆڕشگێڕانەی نێوان نوخبە و کۆمەڵگەدا هەڵبسەنگێنرێت.

لەبەر ئەوە، نوخبەی سیاسیی نوێ پێویستی بە سێ تایبەتمەندیی سەرەکی هەیە: هۆشیاری، داهێنان و بەرپرسیارێتی؛ هۆشیاری بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵگە؛ داهێنان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی نوێی خەبات و بەربەرەکانی؛ و بەرپرسیارێتی بۆ ئەوەی بڕیارە سیاسییەکان لە خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و گشتیدا بن، نەک تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گرووپێک یان تاکێک.

نوخبەیەکی سیاسیی بەهێز ئەوە نییە کە تەنیا بەڕێوەبەری کێشە و قەیرانەکان بێت؛ بەڵکوو ئەوەیە بتوانێت خەبات و ئیرادەی جەماوەر بگۆڕێت بۆ ئامرازێکی گەورە بۆ ڕامالینی دۆخی ئارایی و بنیاتنانی داهاتوو. دەستەوسانبوون لە بەرامبەر دۆخی سەپێنراودا کۆمەڵگە بەرەو دارمان دەبات، بەڵام ئیرادەی شێلگیرانەی گۆڕانکارییە کە دیاری دەکات کۆمەڵگە بەرەو ڕزگاری و سەرکەوتن هەنگاو دەنێت.

لە هەمان کاتدا، پێوەندیی نێوان نوخبەی سیاسی و کۆمەڵگە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. نوخبەیەکی سیاسی ئەگەر لە واقیعی کۆمەڵگە دوور بێت و گوێ لە دەنگ و خواستەکانی خەڵک نەگرێت، بەئاسانی ناتوانێت گۆڕانکارییەکی بەردەوام و کاریگەر بەدی بهێنێت. سیاسەتی نەتەوەیی لە کۆتاییدا تەنیا دانیشتن لە ژوورە داخراوەکاندا نییە؛ بەڵکوو پێکەوەبەستنی ئیرادەی خەڵک و ئاراستەکردنییەتی لە دژی ئەو دۆخەی کە مافەکانی زەوت کردووە.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەم پێوەندییە دەبێت لەسەر بنەمای متمانە، بەرپرسیارێتی و هاوبەشی بنیات بنرێت. نوخبەی

سیاسی نابێت خۆی بە جێگرەوەی کۆمەڵگە ببینێت؛ بەڵکوو دەبێت خۆی بە پێشەنگ و هاوسەنگەری کۆمەڵگە بزانێت و بڕیار و سیاسەتەکانی لەگەڵ واقیع و داخوازییەکانی خەڵک بۆ گۆڕانکاری بگونجێنێت. ئەگەر ئەم پێوەندییە لاواز بێت، متمانە دەپووکێتەوە؛ کاتێکیش متمانە کەم بووەوە، توانای نوخبەی سیاسی بۆ ڕابەرایەتیکردنی گۆڕانکاری لە دەست دەچێت.

بۆیە، یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی نوخبەی سیاسی ئەوەیە کە بتوانێت لەنێوان واقیعی ئێستا و ئامانجەکانی داهاتوودا پێوەندییەکی دروست پێک بهێنێت. ئەمەش کاتێک وەدی دێت کە بیرۆکەی سیاسی لە سنووری وتار و دروشم تێپەڕێت و ببێتە بەرنامەی کار، دامەزراوە و کرداری بەرجەستە.

کۆمەڵگەی کوردی بۆ داهاتووی خۆی پێویستی بە نوخبەیەکی سیاسی هەیە کە تەنیا وەڵامدەرەوەی ڕووداوەکان نەبێت، بەڵکوو بتوانێت پێشبینیی ڕووداوەکان بکات و بۆیان ئامادە بێت. نوخبەیەکی سیاسی کە بتوانێت لە ئەزموونی ڕابردوو فێر بێت، لە واقیعی ئێستا تێبگات و داهاتوو بە دیدێکی ستراتیژی ببینێت، دەتوانێت لە قۆناغی تەنیا بەڕێوەبردنی کێشەکانەوە بپەڕێتەوە بۆ قۆناغی گۆڕینی هاوکێشەکان و داڕشتنی چارەسەری بنەڕەتی.

لە کۆتاییدا، گۆڕانکاریی سیاسی بە تەنیا بە هەڵوێست و بڕیاری تاکەکەسێک دروست نابێت؛ بەڵکوو پێویستی بە نوخبەیەکی سیاسیی هۆشیار، داهێنەر و بەرپرسیار هەیە. نوخبەی سیاسیی ڕاستەقینە ئەوە نییە کە تەنیا لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ئامادە بێت؛ بەڵکوو ئەوەیە بتوانێت دۆخی ئاراییی تێکبشکێنێت و ئاراستەیەکی نوێی ئازادی بۆ کۆمەڵگە بنەخشێنێت.

ئەوەی مێژوو لە نوخبەی سیاسی چاوەڕوان دەکات، تەنیا مانەوە لە دۆخی ئەمڕۆدا نییە؛ بەڵکوو خوڵقاندنی داهاتوویەکی ئازادە. بۆ کۆمەڵگەی کوردیش، ئەم ئەرکە قورسە، بەڵام پێویستە؛ چونکە داهاتوو بە تەنیا بە ئارەزوو و دروشم وەدی نایەت، بەڵکوو بە بیرۆکەی ڕوون، بەرنامەی واقیعی، دامەزراوەی تۆکمە و نوخبەیەکی سیاسیی بەرپرسیار و دووربین بنیات دەنرێت.

**لەبەر ئەوە، نوخبەی سیاسی نابێت بەڕێوەبەری دۆخی ئارایی بێت؛ بەڵکوو دەبێت خوڵقێنەر، ڕابەر و بەدیهێنەری گۆڕانکاریی بنەڕەتی بێت لە دژی ئەو دۆخە سەپێنراوەی کە ژیان و ئازادیی نەتەوەکەمانی بە بارمتە گرتووە.**

١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# تێپەڕینی کات لە زیانی کۆماری ئیسلامییە





حەسەن شێخانی

دوای ٧ی ئۆکتۆبر و لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای ئەم کارەساتە، کۆماری ئیسلامی زۆر خۆپارێزانە جووڵایەوە؛ ئەم خۆپارێزییە ـ بە حەق ـ وەک لاوازی لێکدرایەوە و بەستێنی بۆ هەنگاوەکانی دواتری ئیسرائیل لەبار کرد.

لە کاتێکدا کە ئیسرائیل هێرشبەرانە و بەپلان و بەچڕی لە هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیمی دەدا و خەریکی لاوازکردن و لەنێوبردنیان بوو، ڕێژیمی ئێران، لەژێر ناوی، یان باشترە بڵێم، بەبیانووی «سەبری ستراتیژیک»، پاسیڤ دەجووڵایەوە و کارێکی ئەوتۆی بۆ پشتیوانی لە گرووپ و میلیشیاکانی سەر بە خۆی نەکرد و بە بەرچاوی ئەوەوە ئیسرائیل خەریکی

کوشتن و لەنێوبردنیان بوو. لەڕاستیدا هێرشەکانی ئیسرائیل لەوە بەهێزتر بوون کە ئەم گرووپانە خۆیان لەبەر ڕابگرن و ڕێژیمی ئێرانیش بتوانێ، بێ ئەوەی کە ڕیسکێکی گەورە بکات، بە شێوەیەکی جیددی یان ڕاستەوخۆ، پشتگیرییان بکات.

ئەوەی پێی دەگوترا «یەکگرتوویی مەیدانەکان» (وحدت ساحات) - واتە ئەوەی کە هەموو گرووپ و میلیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی بەیەکەوە و بە هاوبەشی لە ئیسرائیل بدەن - زیاتر لەسەر کاغەز مایەوە و جێبەجێ نەکرا و کارایییەکی ئەوتۆی لەدژی ئیسرائیل نەبوو؛ چونکە توندی و چڕیی هێرشەکانی ئیسرائیل بەڕادەیەک بوو کە ئەم پیلانەی ڕێژیم و نیابەتییەکانی، دەرەقەتی نەدەهات و لە ئەنجامدا ئیسرائیل بەتوندی لێی دەدان و بەخێرایی دەهاتە پێش. ئەم ڕەوتە دوژمنانی ئیسرائیلی خستە دۆخێکی بەرگریکاری و پاسیڤەوە.

پەردەیەکی دیکەی پێشڤەچوونەکانی ئیسرائیل لەم قۆناخەدا، ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد بوو، کە پێگەیەکی سەرەکیی ترانزیتی و گواستنەوەی چەکوچۆڵ بوو بۆ حیزبوڵڵا و حەماس و جیهادی فەلەستین. ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد زەبرێکی گەورە بوو لە بەرەی بەناو «موقاوەمە» و، کەلێن و مەودایەکی گەورە و کاریگەری لەنێوان بەشەکانی ئەم بەرەیەدا دروست کرد. ئیتر سووریە وەک پێگەیەکی ڕێژیمی ئێران لەدژی ئیسرائیل بوونی نەما کە لەوێشەوە چەکوچۆڵ بۆ میلیشیاکانی سەر بە خۆی لە لوبنان و فەلەستین، بگوازێتەوە. نەک تەنیا ئەمە، بەڵکوو سووریە کە جاران وەک پێگەیەکی ڕێژیمی ئێران وابوو، بە هاتنەسەرکاری ئەحمەد شەرع، ڕەوتەکە بەتەواوی پێچەوانە بووەوە و ئەمجارە سووریە لەجیاتی ئەوەی دژایەتیی ئیسرائیل بکا، کەوتە بەرەی دژی ئێرانەوە.

لە درێژەی دۆمینۆئاسای ئەم ڕووداوانە و پاشەکشەپێکرانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، ئیسرائیل لە ٢٠٢٥دا هێرشێکی لەناکاو و چڕی کردە سەر ئێران و دوازدە ڕۆژی خایاند. کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی پرۆپاگەندە و هەڕەشە گوڕەشەکانی پێشووی، لاواز دەرکەوت و زەبری گەورەی بەرکەوت و زیانی زۆری پێ گەیشت؛ هەم لە کوژرانی فەرماندە باڵاکانییەوە تا دەگاتە بەئامانجگیرانی پێگە ئەتۆمی و سەربازییەکانی. ئاسمانی ئێران بوو بە شاڕێی فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل. ئێران لە ڕووی بەرگریی دژەئاسمانی و هەواڵگرییەوە شکستی ڕەهای خوارد. ئیتر ئەو سیستمە بەرگرییانەی خۆی دروستی کردبوون، بچووکترین کارایییان نەبوو و لە یەکەم خولی هێرشەکاندا، ئیسرائیل لەنێوی بردن. ڕاگیرانی شەڕی دوازدە ڕۆژە لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ناچاری و لەبەر کاریگەریی هێرشە مووشەکییەکانی ڕێژیمی ئێران نەبوو، بەڵکوو ئەم شەڕە پەردەیەکی تاقیکاری و ئەزموونێک بوو بۆ هەنگاوی دواتری ئیسرائیل و ئەمریکا لەدژی ئەو ڕێژیمە.

شەڕی دوازدە ڕۆژە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا. زۆرێک لە لێکدانەوەکانی بەرپرسانی ڕێژیمی بردە



سەرچاوە
Serchawe

ژێر پرسیار و پووچەڵی کردەوە. ڕوانگەی جیهانی دەرەوەی بەنیسبەت ڕێژیم گۆڕی؛ ئەو وێنایەی کە پێشتر کۆماری ئیسلامی لە خۆی نەخشاندبوو جێگەی خۆی دا بە وێنای ڕێژیمێکی لاواز، کە کەلێن و لاوازیی زۆری تێدایە و دەکرێ زەبری گورچکبڕی لێ بدرێ. هەر ئەمەش وای کرد کە ئیسرائیل و ئەمریکا هیوادارتر لە پێشوو لەدژی بجووڵێنەوە و کار بکەن؛ تا ئەو ڕادەیەی کە بەتایبەت ئیسرائیل ڕووخانی ڕێژیمی خستە ئەجێندای کارییەوە و هیوادار بوو کە بتوانێ کۆتایی بەم ڕێژیمە بێنێ.

لەم کەشوهەوایەدا بوو کە ئیسرائیل و ئەمریکا، ئەمجارە بە هاوبەشی، لە ٢٨ی فێورییەی ٢٠٢٦دا، لەناکاو هێرشیان کردە سەر کۆماری ئیسلامی و لە یەکەم ساتەکانی ئەم شەڕەدا خامنەیی و کۆمەڵێکی زۆر لە فەرماندە هەرە باڵاکانی ئەم ڕێژیمەیان لەنێو برد.

وەڵامدانەوەی خێرای کۆماری ئیسلامی بە هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، دەریخست کە ڕێژیمیش لە ماوەی نێوان کۆتایی شەڕی دوازدە ڕۆژە تا دەستپێکی شەڕی چل ڕۆژە، بێکار دانەنیشتووە و ئامادەکاری کردووە و پلانی دارشتووە.

هێرش بۆ سەر وڵاتانی کەنداو و بەناوچەییکردنی شەڕەکە و، بەستنی گەرووی هورمز لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، تاڕادەیەک ئەمریکاشی شۆک کرد؛ پێیان وا نەبوو بەم توندی و بەم شێوەیە وەڵام بداتەوە و پەرچەکردار نیشان بدا. لەم شەڕەدا دەرکەوت کە ئەم ڕێژیمە تا ڕادەیەک توانای بەرگری هەیە. بەتایبەت هەر ئەوەی کە نەڕووخا، تووشی وەهمی مانەوەی کرد و متمانەبەخۆبوونێکی درۆیینی بە سەرانی ڕێژیم دا.

شەڕەکە دوای چل ڕۆژ وەستا بەڵام کۆتایی نەهات. ئەمریکا وەک زلهێزێک کە لەگەڵ کۆسپ و تەنگژەیەک بەرەوڕوو دەبێت، دەستەوەستان نابێت و ئەگەر پێشوەختە بەرنامە و پلانیشی نەبووبێت، پراگماتیکییانە و زیندوو و خولقێنەرانە، پلان دادەڕێژێ و بەرەورووی کۆسپەکان و تەنگژەکان دەبێتەوە. هەنگاوەکانی ئەمریکا لەدوای شەڕی چل ڕۆژەوە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

### ئەمریکا لەدوای شەڕی چل ڕۆژە، لاوازکردن و لێدان لە ئامرازەکانی هێزی کۆماری ئیسلامیی خستووەتە بەرنامەی کارییەوە:

١- دوای بەستنی گەرووی هۆرمز لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، ئەمریکا گەمارۆیەکی دەریایی چڕی خستە سەر ئێران و ئەوەتا

دەبینین کە ناهێڵێ یەک بەرمیل نەوتیشی بە کەنداودا تێپەڕێ و دەرباز بێت. بێجگە لەوە، بە پێچەوانەی سەرەتای داخرانی گەرووی هۆرمز لەلایەن ئێرانەوە، کە نەیدەهێشت کەشتییە نەوتهەڵگرەکان بە گەرووی هۆرمزدا تێپەڕن، ئێستا بە ئیسکۆرتی ئەمریکا نەوتێکی زۆر بە گەرووی هۆرمزدا تێدەپەڕێ، کە بەپێی ئامارەکان لە ڕۆژانی ڕابردوودا گەیشتووەتە سەرووی ئاستی پێش شەڕەکە و داخرانی گەرووەکە. خاڵی وەرچەرخان ئەوەیە کە ئەمریکا کارێکی وای کردووە ئامرازی گەرووی هۆرمزی لە دەستی ئێران هێناوەتە دەر و لانیکەم ئەم کارتە گوشارەی زۆر لاواز کردووە.

٢- لە ڕەوتی شەڕی چل ڕۆژەدا حیزبوڵڵا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە لێدانی ئیسرائیلدا. لەڕاستیدا بەپێی دابەشکارییەک کە کرابوو، ڕێژیمی ئێران تاڕادەیەکی زۆر هێرش بۆ سەر ئیسرائیلی بە حیزبوڵڵا سپاردبوو و بۆخۆی مژوولی هێرش بۆ سەر وڵاتانی کەنداویش بوو. ئیسرائیل و ئەمریکا هەر لە یەکەم ساتەکانی دوای شەڕەکەوە، کەوتنەخۆ کە ئەم ئامرازەش لە دەست کۆماری ئیسلامی بێننە دەر یان لانیکەم زۆر لاوازی بکەن. هەرچەند بەپێی ڕێککەوتنی کاتیی ئێران و ئەمریکا ـ کە زۆر زوو هەڵوەشایەوە ـ دەبوو شەڕ لە هەموو بەرەکان ڕاوەستێ، بەڵام ئیسرائیل گوێی بەمە نەدا؛ هەر لە یەکەم ساتەکانی دوای شەڕی چل ڕۆژەوە هێرشەکانی بۆ سەر حیزبوڵڵا درێژە پێ دا و چڕی کردەوە. ئێستا ئیسرائیل بە بەراورد بە کاتی وەستانی شەڕی چل ڕۆژە، ڕووبەرێکی زیاتری لە باشووری لوبنان داگیر کردووە و چەندین تونێل و شوێنی ستراتیژیی حیزبوڵڵای لەنێو بردووە و بەنیازیش نییە کە بەشێکی گەورە لەو شوێنانەی داگیری کردووە چۆڵی بکا و پاشەکشەی لێ بکا؛ تەنانەت وەک غەززە سیاسەتی زەوی سووتاو لە باشووری لوبنان پێڕەو دەکات. بەکورتی، ئەم ئامرازەش کە لە شەڕی چل ڕۆژەدا لە قازانجی کۆماری ئیسلامی دەوری بینی، لاواز کراوە و پێناچێ لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی دووبارەدا بتوانێ ئەو ڕۆڵەی جارانی هەبێت.

٣- لە عێراقیش پرسی هەڵوەشاندنەوەی گرووپە چەکدارەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت لە ڕۆژەڤدایە و عەلی زەیدی، سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق، عەودالی ئەمەیە و دەیەوێ جێبەجێی بکات. ئەمەش بێگومان لە زیانی کۆماری ئیسلامییە.

٤- ئەمریکا لە ڕێگەی گەمارۆی ئابووری، دەریایی و ئاسمانی، پاژنەی ئاشیلی کۆماری ئیسلامیی بەئامانج گرتووە. دەیەوێ ئابووریی نەخۆشی ئێران خەفە بکا؛ پێی خستووەتە سەر گەرووی ئابووریی ئێران و خستوویەتە دۆخێکی دژوار و بەرەو هەڵدێرەوە. هەموو نیشانە و داتاکانی ئابووریی ئێران، لە چوونەسەری نرخی شتومەک و دۆلارەوە بگرە تا دەکاتە کەرتی بەرهەمهێنان، بە ڕوونی پیشان دەدەن کە کەمپەینی خەفەکردنی ئابووریی ئێران زۆر کاریگەر بووە و ئەمەش وەک داڕێژەرانی گەڵاڵەی گەمارۆکان، دەیانەوێ، بەستێنی بۆ سەرهەڵدانی جەماوەری، لە ئەنجامی هەژاریدا خۆشتر کردووە. لێرەدا ئەمریکا بەستێنی کۆمەڵایەتیی ڕێژیمی بەئامانج گرتووە و بە چڕی و تۆکمە و بە بەرنامە کاری لەسەر دەکا. واتە

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

ئەگەر لە شەڕی چل ڕۆژەدا، بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی ئیسرائیل، خەڵک ڕانەپەڕی، ئەمجارە، لە ئەنجامی خراپتربوونی دۆخی ئابووری بەگشتی و بژێویی ژیان بەتایبەتی، ڕاپەڕینی خەڵک ئەگەرێکی بەهێزترە. ئەم گەمارۆیانە کێشەیەکی گەورەیان بۆ کۆماری ئیسلامی دروست کردووە؛ هەم لەو پێگە کەمە کۆمەڵایەتییەی تا ئێستاش ماویەتی، دەدات و هەم خەڵکی ناڕازی ناڕازیتر دەکا بەچەشنێک کە سەبری خەڵک لە تەواوبووندایە و ئەگەری تەقینەوە لە هەر دەرفەتێکدا لە ئارادایە.

## دەرەنجام

لە ٧ی ئۆکتۆبر بەم لاوە گلۆڵەی کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە لێژی. ڕاستە لە شەڕی چل ڕۆژەدا، وێڕای ئەو زەرەر و زیانە زۆرانەی بە کۆماری ئیسلامی گەیشت، توانییان بەرگرییەیەک لە خۆیان بکەن، ئەمەش وەهمی مانەوەی پێدان و وایان زانی دەربازییان بووە، بەڵام لەدوای شەڕەکەوە، لە ئەنجامی بەرنامە و پلانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە، ئامرازەکانی هێزی کۆماری ئیسلامی یەک لەدوای یەک لاواز دەکرێن و لەدەستی دێنە دەر.

**تێپەڕینی کات لە زیانی کۆماری ئیسلامییە. دۆخەکە ئاڵۆز و پێچەڵپێچە، بەڵام یەک شت ڕوونە ئەویش ئەمەیە: بە لاوازبوونی ئامرازەکانی هێزی کۆماری ئیسلامی، ڕووبەڕووبوونەوەی ئاسانتر و ئاسۆی گەیشتن بە ئامانج ڕوونتر دەبێت؛ لەم هاوکێشەیەدا، ئەرکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و سەرجەم هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمە کە بە هوشیاری و ئامادەیی تەواوەوە، خۆیان بۆ ڕێبەرایەتیکردنی ئەگەرە چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراوەکان ئامادە بکەن.**

**١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٦**



سەرچاوە Serchawe

ڕەزبەری ٢٧٢٦

# ناسر باباخانی: هێرشەکانی ٦ی ڕەزبەر، نیشانەی دەستەپاچەیی و داماویی کۆماری ئیسلامی بوو نەک باڵادەستی






وتوویژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

**لەم وتوویژەدا کە لەگەڵ شرۆڤەکاری سیاسی، کاک ناسر باباخانی ئەنجام دراوە، تیشک دەخرێتە سەر ڕەهەندە جیاوازەکانی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان.**

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

باباخانی بە شیکردنەوەیەکی زانستیانە و سیاسی، پێشێلکارییەکانی سەروەریی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەن تارانەوە هەڵسەنگاندووە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم هێرشانە نیشانەی باڵادەستیی ئەمنی نین، بەڵکوو گوزارشت لە دەستەپاچەیی و داماویی ڕێژیم لەبەرانبەر کۆنترۆڵکردنی شۆڕشی ژینا دەکەن. هەروەها، ناوبراو تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە ئۆرگانیک و قووڵەکەی نێوان شەقامی ڕاپەڕیو لە نێوخۆی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات، و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرەڕای هەموو هەوڵێکی دەسەڵات بۆ چەواشەکردنی گوتاری شۆڕشەکە و پچڕاندنی ئەم پەیوەندییە، هاوخەمی و هاوکاریی نێوان «شاخ و شار» ڕۆژ بە ڕۆژ پۆڵایینتر و بەهێزتر دەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: لە سۆنگەی شیکاریی زانستیی سیاسییەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چۆن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە قەڵای دێموکرات لە جەرگەی شۆڕشی ژینادا، دەتوانێت هاوکێشەی هێز لە نێوخۆی کوردستان بگۆڕێت؟ ئایا ئەم هەنگاوە نیشانەی باڵادەستیی ئەمنی بوو یان گوزارشت بوو لە دەستەپاچەیی لە کۆنترۆڵکردنی شۆڕشە جەماوەرییەکەدا؟

**ناسر باباخانی**: کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسیی جێگیر لە وڵاتێک، هێرشی دەرەکی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەکا، بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆنێک کە دوور خراوەتەوە، ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە دەمێک ساڵە شەڕی چەکداری و ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەسەڵات وەستاندووە، لە ڕاستیدا ئەمە ناکرێ وەک ئامرازێک سەیر بکرێ کە هاوکێشەی سیاسی لە نێوخۆدا گۆڕیوە. ڕێک بە پێچەوانەوە، چونکە بینیمان کە لە نێوخۆدا جۆرێک لە هاوڕایی، هاوتەریبی و جۆرێک لە هاوئاهەنگی لە نێوان خەڵکی نێوخۆ و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات ساز بوو!

بەم واتایە کە لە ماوەی ئەم شۆڕشەدا بەردەوام دەبینیت جۆرێک لە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان خەڵک و حیزبەکاندا دیارە. بۆ وێنە دەنگهەڵبڕین، خۆپێشاندان و مانگرتنەکان لە هەموو ئەم ماوەیەدا - کە پێموایە شەش یان حەوت جار ئەوە داوایە هاتە گۆڕێ - خەڵک بێ سڵکردنەوە و بێ دوودڵی بەدەم بانگەوازی حیزبەکانەوە هاتن. بۆیە پێموایە لە ڕاستیدا ئەمە نەیتوانی هاوکێشەکە لە نێوخۆدا بگۆڕێ و مەبەستی کۆماری ئیسلامی زیاتر ئەوە بوو کە بڵێ ئەم شۆڕشە لە دەرەوەی سنوورەکان لەلایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕێنمایی دەکرێ و هان دەدرێ!

لە ڕاستیدا ڕێژیم دەیویست بە «پەردەپۆشکردن و لادان» لە ئامانجەکانی شۆڕش، زەینی کۆمەڵگەی نێوخۆ و بەتایبەتی کۆمەڵگەی غەیرەکوردی و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو ئاقارێکی تر بەرێ و بڵێ ئەمە کێشەیەکی ئەمنی-نەتەوەییە. ئەمە ئەو لۆژیکە بوو بۆ هێرشی دڕندانە بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە پێموایە زیاتر لە حەفتا مووشەکی بالیستیک و درۆنی خۆکوژ بەکار هاتن و لە ئەنجامیدا چەند کەسێک، تەنانەت سیڤیل، شەهید بوون. بۆیە من پێموایە ئەمە نیشانەی باڵادەستیی ئەمنی نەبوو. دیارە لە باری سەربازییەوە تۆ مووشەک و چەکوچۆڵت هەیە و

دەتوانی بڵێی بە جۆرێک باڵادەستیت، بەڵام باڵادەستیی ئەمنی بەو واتایەی کە بتوانی تەناهی و ئاسایش مسۆگەر بکەی، نا، نەبوو. هەروەک خۆشت لە کۆتایی پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێکردووە، گوزارشت بوو لە جۆرێک دەستەپاچەیی و داماوی بۆ کۆنترۆڵکردنی شۆڕشەکە.

سەیر بکە لە شەقامەکان دروشمی «قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» ببوو بە مۆتیڤی سەرەکی. کەوابوو زۆر ئاساییە کە خاوەنی ئەم دروشمە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بخرێتە بەر ڕەهێڵەی مووشەک و درۆنی دەسەڵاتەوە. بۆیە من ئەو هێرشە - کە دیارە ئێستاش هەر بەردەوامە، بۆ وێنە لە کاتێکدا کە شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئێران وەستاوە یان هێرشەکانی کە ئەوەی لەلای ئێمە پێی دەوترێ شەڕی «شەلم، کوێرم، ناپارێزم» بۆ وڵاتانی کەنداویش ڕاگرتووە، بەڵام لە هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەوەستاوە - ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پرسی کورد کێشەیەکی جەوهەرییە و هەر بۆیە ئێستاش بەردەوامە.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە ڕاپەڕینە ڕەوا و جەماوەرییەکانی نێوخۆ وەکوو «بزووتنەوەیەکی هاندراو لە دەرەوە» یان «دابەشکاری» فۆرمۆڵە بکات. هێرشی ٦ی ڕەزبەر تا چەند هەوڵێک بوو بۆ چەواشەکاریی گوتاری شۆڕشی ژینا و گۆڕینی نێڕاتیڤی شەقام بۆ شەڕی چەکداری و ئەمنی؟

**ناسر باباخانی**: ئەمە ئەو قەوانە کۆنەیە کە ئیتر پێموایە لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکاندا بە تەواوی سواوە، بە حوکمی ئەوەی کە لە گوتاری کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام هەندێک کلیلەوشە و مۆتیڤ هەن کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە. تەنانەت کەسێکی وەک خامنەیی، ئەگەر لەبیرمان بێ، بەردەوام لە قسەکانیدا وشەی «دوژمن»ی بەکار دەبرد و باسی لەوە دەکرد کە ئەوەی لە نێوخۆدا وەک خۆپیشاندان ڕووی دەدا، هۆکارەکە و هاندەرەکەی دوژمنە! بۆیە سیاسەتەکە لەسەر بنەمای چەواشەکردنی گوتاری شۆڕش بوو، بە چ واتایەک؟

بەو واتایەی کە ئەگەر تۆ سەیری ڕاگەیەندراوەکانی سپای پاسداران و میدیای حکوومەت بکەی، ئەو هێرشەیان وەکوو لێدانی بنکەی تیرۆریستی پێناسە دەکرد و دەیانگوت ئەم بنکانە بەرپرسی سازبوونی لەمەترسیکەوتنی ئاسایشی نەتەوەیین و سەرچاوەی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە هێزە سیاسییەکانی کوردستانن.

دیارە ئەم فۆرمۆلەکردنە، فۆرمۆلەیەکی لەمێژینەیە؛ واتە سەرجەم ئەم وردەبزووتنەوانەی لە نێوخۆدا سەریان هەڵداوە بەتایبەتی لە کوردستان، بەردەوام دەسەڵات هەوڵی داوە بە جۆرێک هاوتایان بکا لەگەڵ هاندراوی دەرەوە، تەنانەت ئەو

چەمکەی پێی دەوترێ تەجزیەتەڵەبی یان جیاخوازی، بۆیە هەمیشە ئەو فۆرمۆلاسیۆنە بوونی هەبووە و ئێستاش هەر هەیە! لە ڕاستیدا ئامانجەکەشی هەر ئەوە بوو؛ تۆ کاتێک دیی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» پێناسە دەکەی و ئێلێمانە گرینگەکانی لێ هەڵدەکرێنی، دەبینی کە ڕاستە ئەم شۆڕشە بە شەهیدبوونی کیژۆڵەیەکی کورد لە تاران دەستی پێکرد و لە گۆڕستانی ئایچی خەڵک دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یان بەرز کردەوە، بەڵام دواجار لە هەناوی بزووتنەوەی نەتەوەییدا جێ دەگرێ!

بۆیە دەسەڵات بە تەواوی هێزەوە خەریکە گوتاری شۆڕشی ژینا چەواشە بکا. هۆکارە سەرەکییەکەی وەک باسم کرد دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەم شۆڕشەی کە سازبوو، لە ڕاستیدا ناکرێ وەک شۆڕشێکی تەریککەوتوو یان ئیزۆلە لە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی سەیر بکەی. واتە ئەو ویست و خواستەی کە لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بەدی دەکرا بەتایبەتی لە کوردستان، هەر ئەو کلیلەوشانەن کە لەنێو بزووتنەوە گەورەکەدا، کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییە - و ئەو گوتارە دەکرێ بڵێین بەجۆرێک هەڵگرەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە - بەدی دەکرا.

کەوابوو ئەم شۆڕشە سەرەڕای ئەوەی کە سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و تەنانەت تەشەنەی کرد بۆ دەرەوەی سنوورەکان، بە حوکمی ئەوەی کە لە هەناو و پێناسەی خۆیدا لە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی زۆر نزیکە، ئەوە بوو کە ڕێژیم هەوڵی دا، وەکوو ئاماژەم پێکرد لە پرسیاری پێشووشدا، ئاراستەکە بەرەو شەڕی چەکداری ببات و جلوبەرگێکی ئەمنی لەبەر ئەم شۆڕشە بکا بۆ ئەوەی کە دەستی ئاواڵەتر بێت لە نێوخۆی وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرکوتی زیاتر. بۆیە ئەمە قەوانێکی کۆنە، فۆرمۆلاسیۆنەکە هەمان فۆرمۆلاسیۆنە و هەرچەشنە بزووتنەوەیەک وەک بزووتنەوەیەکی سەر بە هاندەری دەرەکی سەیر دەکا، و مەبەستەکە ئەوە بوو کە ئەم شۆڕشە کە بەشێوەیەکی مەدەنییانە دەستی پێکرد و تەنانەت درێژەی هەبوو، بەرەبەرە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە زیاتر توندوتیژی لەخۆی نیشان دا و بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە شۆڕشەکە بەرەو دۆخێکی خوێناوی بروا تا وا پێناسەی بکات کە ئەوە هاندەرانی دەرەکین ئەم شۆڕشە بەرێوە دەبەن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەم هێرشە مووشەکییە لە ڕوانگەی مافی نێودەوڵەتی و پێگەی ژێئۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستانەوە چۆن شرۆڤە دەکەن؟ ئایا ڕێژیم توانی لە بۆشایی دیپلۆماسی و ئەمنیی ناوچەکە کەڵک وەربگرێت، یان ئەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان تا ڕادەیەک ئامادەیی نیشاندانی کاردانەوەی جیدییان نەبوو؟

**ناسر باباخانی**: ئەمە زۆر پرسیاری چاکە، بە حوکمی ئەوەی کە بەڵێ، لە پێش هەموو شتێکدا دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی مافی نێودەوڵەتییەوە، هێرشەکە پێشێلکردنی سەروەریی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان بوو، ئەمە هیچ شک و گومانی تێدا نییە. دیارە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی چاوەدێریی مافی مرۆڤەوە ئاماژەیان پێ کرا، شوێنی

مەدەنیش هێرشی کراوەتە سەر، کە ئەمە بەخۆی چیرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە چۆن دەکرا بەرامبەر بە هێرشێکی لەم چەشنە لەباری یاسایی و مافی مرۆڤەوە بوەستیت!

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمە یەکەم جاری نییە کە بەم شێوازە تەواوی یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافە نێونەتەوەییەکان پێشێل دەکا؛ ئەمە لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە بە شێوازی جۆراوجۆر دەبینرێ. ئەوەی کە شوێنێک وەکوو وڵاتێک بە ناوی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە یەکەیەکی دانپێنراوە لە باری نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەوە، دەکرێتە ئامانج، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە عێراقێکی لاواز هەیە و هەرێمێکت هەیە کە توانای بەرگریکردنی لە خۆی نییە، واتە وڵامی سەربازیی هاوسەنگی پێ نییە و لەو کاتیشدا سەرنجەکان لە باری نێودەوڵەتییەوە زیاتر لەسەر ئۆکراین و پرسی ناوکی بوو.

با لە کەوانەیەکیشدا باس بکەین کە ئێستا کە ئێمە خەریکی ئەو گفتوگۆیەیین، بە حوکمی ئەوەی ئەمریکا عێراقی چۆڵ کرد و دوایین سەربازەکانی لە هەرێمی کوردستان ڕۆیشتن، نیگەرانی و مەترسیی ئەوە هەیە کە جێپێی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی عێراقدا قایمتر بێت. ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی بەسەر عێراقدا زیاتر مسۆگەر بێت، بە حوکمی ئەوەی کە حکوومەتێکی شیعییش وەکوو هەمیشە لەسەر کارە، و ئەمە بە بڕوای من لە داهاتوودا ئەگەر نەڵێین مەترسی، سەرئێشەی جیدی بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش ساز دەکا!

بۆیە بە گشتی دەتوانم بڵێم ئەوەی کە رووی دا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە عێراق بە تەواوی لەژێر هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامیدایە، هەرێم توانای سەربازی و هێزی هاوسەنگی نییە کە لە بەرامەر کۆماری ئیسلامیدا ڕابوەستێت، و دنیای دەرەوەش (بەتایبەتی ئەمریکا و ئورووپا) سەرنجیان لەسەر پرسەکانی دیکە بوو؛ وەکوو پرسی ناوکیی ئێران و هەروەها پرسی ئۆکراین.

سەرسووڕهێنەرە لە ماوەی ئەم شەڕەی دواییدا — چل ڕۆژە، دوازدە ڕۆژە و ئەو هەڕەشانەی ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل لە یەکتری دەکەن - زۆر بە دەگمەن باسی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێراندا دەکرێ.

ئەوەی کە لە کۆتایی وڵامی ئەم پرسیارەتدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ڕەنگە بۆت سەرنجڕاکێش بێت، نیکی هێیلی باڵوێزی ئەوکاتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پاش هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی، بۆ یەکەم جار ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەحنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هێنا گۆڕێ و باسی لەوە کرد کە چەند کەسێک شەهید

بوون. ئەمە دەیتوانی پۆتانسیەلێکی زۆر باش بێ بۆ ئەوەی لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بەدواداچوونی بۆ بکرێ، بەڵام بەهەرحاڵ بەدواداچوونی بۆ نەکرا و پشتگوێ خرا. ڕاستە دنیا سەرنجی نەدا سەر ئەم تاوانەی کە کۆماری ئیسلامی کردی، بەڵام بۆخۆشمان دەمانتوانی بەڕاستی زیاتر کاریگەر بین و زیاتر ئەو دەرفەتە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی مافی مرۆڤدا بورووژێنین کە بەداخەوە نەکرا.

**شەهرام سوبحانی**: هێرشەکە ئامانجی لێکترازانی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی حیزب و شەقامی ڕاپەڕیو بوو؛ بەڵام لە کاردانەوەکاندا بەپێچەوانەوە هاوپەیوەندییەکی بەهێزتر بینرا. لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەم دیاردەیە چۆن شرۆڤە دەکرێت و هۆکاری شکستخواردنی حیساباتی ئەمنیی ڕێژیم لەم خاڵەدا چی بوو؟

**ناسر باباخانی**: لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر کار، بەردەوام ئامانجەکەی ئەوە بووە کە پەیوەندیی نێوان ڕێبەرایەتیی حیزب یان بزووتنەوەی نەتەوەیی لەگەڵ شەقامی ڕاپەڕیو بپچڕێنێ. بەتایبەتی لە دۆخێکی نائاساییدا کە شەقام هەڵدەستێ، جۆرێک پەیوەندیی «ئەمئەوێتی» ساز دەبێ؛ واتە هەر کات شەقام ڕادەپەڕێ لەوبەریشەوە حیزبەکان دەکەونە جموجۆڵ، و بەپێچەوانەوە، کاتێک دەبینی بۆ وێنە شۆڕش لە هەشتاکاندا لە لووتکەدایە، ئەوا خەڵکیش بە هەمان شێوە دەبنە پاڵپشت و یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگە.

ئەو هەڵەحیساباتییەی کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام کردوویەتی لەوێشدا ڕەنگی داوەتەوە. کێشەکە لەسەر ئەوە بوو کە نەیدەتوانی - یان لە ڕاستیدا باشتر وایە بڵێم دەیزانی کە - ئەو سەرهەڵدانە لە نێوخۆی وڵاتدا لەگەڵ ڕێبەرایەتیدا پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی هەیە؛ نەک لە باری ڕێکخراوەییەوە، بەڵکوو لە باری گوتارییەوە. وەک عەرزم کردی، ئەمە دوو گوتاری هاوتەریب بوون.

کۆماری ئیسلامی نایهەوێ لەو هێما هاوبەشانە تێبگات؛ واتە جیاکردنەوەی خەڵک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەمان هەڵەحیساباتییە کە بە ئەنقەست دەیکا. دیارە شکم لەوەدا نییە خەڵکانێک هەن کە سەمپاتیی حیزبەکانیان نییە یان خولیاکانیان لە نێو ئەو حیزبانەدا نابیننەوە و ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام بە متمانەیەکی زۆر باڵاوە دەڵێم کە ئەم حیزبانە شیلەی ئەم خەڵکەن کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندان.

بۆیە من بە گشتی پێم وایە چونکە ڕێژیم نەیتوانی لەمە بگات، دیسان تووشی شکست بووەوە. باڵادەستیی سەربازی لەگەڵ باڵادەستیی گوتاری زۆر زۆر جیاوازە. ئەوەی کە ئێستا کۆماری ئیسلامی دەیکات ئەوەیە کە لە ڕێگەی سەربازییەوە خەڵک کۆنترۆڵ دەکات، ئەمانە هەموو بەجێگەی خۆی، بەڵام تۆ کاتێک هێما سیاسی و فەرهەنگییەکان، بۆ وێنە ئەو ڕووداوە

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەی کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا ڕوو دەدەن - بۆ وێنە ڕووداوێکی وەک نەورۆز، کە من وەک وردەبزووتنەوەیەک لە هەناوی بزووتنەوەی نەتەوەییدا سەیری دەکەم - ئەمانە هەمووی نیشاندەری ئەوەن کە ڕاستە لە باری باڵادەستیی سەربازییەوە ڕەنگە هێژمۆنی هەبێت، بەڵام ئاکامی ئەو باڵادەستییە لە کوردستاندا بە چی گەیشتووە؟

جگە لەوەی کە خەڵک هەر ئەمساڵ لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینادا دیسان بەدەم بانگەوازی حیزبەکانەوە هاتن؛ سەرەڕای ئەوەی کە خۆت دەزانی دۆخی ئابووری چەندە ئەستەم و دژوارە، بەڵام خەڵک لەم حیزبانە دانەبڕاوە. هەرچەند ئەووش دەسەلمێنم کە لە ڕوانگەی خەسارناسییەوە دەکرێ بێین و باس لە کەموکوڕیی هێزە سیاسییەکانمان بکەین، بەڵام بەهەرحاڵ دەبێ پۆتانسیەلی ئەم هێزانە ڕەچاو بکرێت.

من بە پێچەوانەوە، بەردەوام ئەو هاوپەیوەندییە بە پەیوەندییەکی بەهێزتر دەبینم؛ و هەر کات کە زەبروزەنگ و زۆرەکە زیاتر دەبێت، ئەو هاوپەیوەندی و هاوخەمییە لە نێوان ئەم دوولایەنەدا زیاتر دەبێت. من پێشتر وتارێکم نووسیبوو بە ناوی «سێکوچکەی خەبات»؛ بڕوام وایە کە خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزە سیاسییەکان لە باشوور، و کوردی دیاسپۆرا لە دەرەوەی وڵات، سێکوچکەی ئەم خەباتەن کە هەر یەک لە کات و شوێنی خۆیدا پەیوەندییەکی پۆلاییینیان هەیە و دەتوانن لەسەر هاوکێشەکان بە شێوازی جۆراوجۆر شوێندانەر بن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و شرۆڤەکارانە سەیری ڕووداوەکە بکەین، ٦ی ڕەزبەر چ دەرسێک یان مۆدێلێکی نوێی لە پەیوەندیی نێوان خەباتی چەکداری/سیاسی لە دەرەوەی سنوور و خەباتی مەدەنی لە نێوخۆدا خستە بەردەم حیزبە ڕزگاریخوازەکانی ڕۆژهەڵات؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە سەرەکیترین دەرس و وانە ئەوە بێت کە حیزبەکان - کە لەوەپێشیش کردوویانە - دەتوانن پشتگیریی سیاسی، میدیایی و مرۆیی شەقام بکەن. واتە شاخ وەک پشتیوانیی شار!

پێموایە یەکەم جار من بووم ئەو دەستەواژەیەم بە ئەمانەتەوە لە قسەکانی شەهید مامۆستا شەرەفکەندی هێنایە نێو ئەدەبیاتی ڕۆژنامەوانی و میدیایی کوردییەوە. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شاخ دەتوانێت ئەو پشتگیرییە سیاسی، میدیایی و مرۆییە بکا، بێ ئەوەی خۆی خاوەنداریتیی ڕاستەوخۆی بزووتنەوە مەدەنییەکە بکات.

تۆ سەیر بکە، ئەو هێزانەی کە کۆماری ئیسلامی وەکوو هێزی هاندەر پێناسەیان دەکا (هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، بەبێ ئەوەی کە دەورێکی ئەوتۆ ببینن لە باری ڕێکخراوەییەوە بەس ئەمە دەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی ئەم ڕاپەڕینە مەدەنییە

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

بە شێوەیەکی خوێناوی سەرکوت بکا و دواتر هێرش بکاتە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەتا ئەمڕۆ لە ماوەی ئەم چارەکە سەدەی ڕابردووەدا هیچ جووڵەیەکی چەکدارییان نەکردووە کە کۆماری ئیسلامی دواتر وەکوو ئامرازێک کەڵکی لێ وەربگرێت و بیەوێت ئەم شۆڕشە مەدەنییە بە چەواشەکاری بە شۆڕشێکی دەرەکی نێودێر بکا.

بۆیە ئەمە گرنگترین دەرسە؛ بوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ ئەم بزووتنەوە مەدەنییانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا ڕوو دەدەن. ئێستا ئێمە ڕێکخراوە مەدەنییەکانمان لە نێوخۆی وڵاتدا - لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە بگرە هەتا ژینگەپارێزی، فیلم، مۆسیقا، فێرگەکانی زمانی کوردی و زۆر شتی دیکە - دەبینین کە چەندە توانیویانە بەرامبەر بەم هێژمۆنییەی کە دەسەڵات لە یەکەم ساڵەکانی هاتنەسەرکارییەوە دەیەوێت لەنێوی ببات، ڕابوەستن و بەپێچەوانەوە بوون بە هێمای ناسنامەی نەتەوەیی.

واتە لە ئەدەب، شێعر، مۆسیقا، پەیکەرسازی و زمانی کوردیدا دەبینیت کە خەڵک ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەییانە لەژێر زەخت و گوشاری دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا. ئەوە سەرنجڕاکێشە کە ئەم بزووتنەوانە بەبێ ئەوەی پاڵپشتییەکی ڕاستەوخۆی هێزەکانیان هەبێت، خۆڕسکن لە نێوخۆیاندا، هەرچەند حاشا لەوەش ناکەم کە ئینتیمای نەتەوەیی و ڕەنگە ئینتیمای حیزبیش لە گۆڕێدا هەبێت.

**بۆیە بە بڕوای من ئەوە گرنگترین دەرسە و دەتوانێت بەردەوام بێت. لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە ئەم «دەرەوە» و «نێوخۆ»یە لێک دانەبڕاون. کاتێک بارەگاکانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێنە ئامانج، تۆ شەپۆلی هاوسۆزی و هاوخەمیی ئەم خەڵکە دەبینی؛ و بەپێچەوانەوە، کاتێک خەڵک دەکەوێتە ژێر زەخت و گوشارەوە، ئەوە هێزەکانن کە لە دەرەوەی سنوورەکان لە ڕێگەی جۆراوجۆری سیاسی و میدیاییەوە هەوڵ دەدەن ببنە دەنگی ئەم خەڵکە.**

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## چەند سەرنجێک لەسەر وتارەکەی پزشکیان لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا





**عومەر باڵەکی**

١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ هەشتاویەکەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی بە کار کرد. کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێک لە گرینگترین دامەزراوەکانی سیستمی جیهانییە و سەرەکیترین شوێنی کۆبوونەوەی نوێنەرانی وڵاتانی جیهانە کە تێیدا هەموو پرس و بابەتە گرینگەکان لە لایەن نوێنەرانی وڵاتانەوە دێنە بەر باس. ئەمساڵیش بە نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرکۆماری ئەو ڕێژیمە، پزشکیان لەو کۆڕبەندەدا وتاری خوێندەوە. سەرکۆماری ڕێژیم لە وتارەکەیدا هەوڵی دا ڕوو بە جیهان ئەوە بسەلمێنێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێهۆکار

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

کەوتووەتە بەر هێرش و پەلاماری دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و لەبەرچاوی دنیادا زوڵم و غەدری لێ دەکرێ، بێ ئەوەی باس لە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕەکە بکا. پزشکیان بۆ سەلماندنی مەزڵوومییەتی خۆیان دەڵێ: «ئێمە قوربانیی دەستی تێرۆرین»، قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانمان کەوتوونەتە بەر پەلامار و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی لەو چەشنە لە وتارەکەیدا باس دەکا. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین کە شایەنی قسەکانی پزشکیان لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو، بۆ ئەوەی بزانین قسەکانی پزشکیان چەندە چەواشەکاری و دووڕوویی تێدایە.

پزشکیان سەرکۆماری ڕێژیم ڕوو بە ئامادەبووان لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وتارەکەی خۆی بەو ڕستەیە دەست پێ کرد: «ئێمە تێرۆریست نین، ئەوانەی بە ئێمە دەڵێن تێرۆریست، خۆیان لە ئێران کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام داوە». وا دیارە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی تاران بە پزشکیانەوە، تێرۆر پێناسەی جیاوازی هەیە لەوەی کە هەتا ئێستا لە فەرهەنگی سیاسیدا بۆی کراوە. چونکە ئەگەر بە دوای مانای ڕاستەقینەی تێرۆردا بڕۆین، بە دڵنیاییەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پزشکیان سەرۆکی دەوڵەتەکەیەتی، پلەی سەد لە سەد لە تێرۆریزمی دەوڵەتی بۆ خۆی مسۆگەر دەکا و بە هەموو پێوەرە قانوونییەکانی سەردەمی ئێستا، کارنامەی دامەزرێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و چ دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، پڕە لە تێرۆر و ترس و تۆقاندنی دژبەرانی خۆیان. ئەگەر لە سەردەمی ئێستادا بەگشتی دەوڵەتان هەوڵ دەدەن خۆ بەدوور بگرن لە لایەنگریی کردەوەی تێرۆریستی، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەک کردەوەی تێرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بە ئاشکرا لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە شێوەی ڕەسمی لە کردەوەی ڕەشەکوژی و تێرۆریزم کەڵک وەردەگرن بۆ زیاتر مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا؛ بەو واتایە کە تێرۆری دەوڵەتی بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە هەیکەلی سیاسی و ئیداریی ڕێژیمی ئێران.

پزشکیان دەبوایە پێش ئەوەی لە تریبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە بکا کە ئەوان بوونەتە قوربانیی تێرۆریزم، بیری لەوە کردبایەوە کە بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی دەوڵەتان کە لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دانیشتوون، لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا قوربانیی دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە لە نێو وڵاتەکانی ئەواندا تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام داوە و سەروەریی خاک و ئەمنییەتی وڵاتەکەیانی خستووەتە مەترسییەوە. بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چل وڵاتی دنیا لە ٣٦٠ تێرۆری ئامانجداردا دەستیان هەبووە، ئەوە بێجگە لەو تێرۆر و ڕەشەکوژییانەیە کە لە نێوخۆی ئێران لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیمەوە لەو ماوەیەدا بەڕێوە چوون. بۆیە دەبێ پزشکیان ئەوە بزانێ کە کارنامەی تێرۆر و تێرۆریستپەروەریی کۆماری ئیسلامی بابەتێک نییە بە وتارێک لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوی زەمزەمی بەسەردا بکرێ و پاک بێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە لایەن خومەینی و لایەنگرانی بەناو بەرەی دژی ئیمپریالیزم دەستی بەسەردا گیرا و بەلاڕێدا برا، لەو کاتەوە دنیا شاهیدی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا، لە هیچ کردەوەیەکی نایاسایی و دژەئینسانی کە هەموویان دەچنە خانەی تێرۆرەوە دەستیان نەپاراستووە، بە جۆرێک کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران کاریان بۆ ئەوە کردووە کە تێرۆر و تێرۆریستپەروەری بکەن بە یەکێک لە کەرەستەکانی دەسەڵاتداریەتیی خۆیان. هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، کردەوە تێرۆریستییەکان لە سەرانسەری جیهان کە بە پاڵپشتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٤٧ ساڵەدا بەڕێوە چوون، ئەوەندە زۆر و دیارن کە پزشکیان و دەوڵەتەکەی ناتوانن خۆیانی لێ بێبەری بکەن. چونکە لە چەندین وڵات کە کردەوەی تێرۆریستیی تێدا ئەنجام دراوە، دوای لێکۆڵینەوەکانی دەزگا ئەمنی و پۆلیسییەکانی ئەو وڵاتانە بە بەڵگە دەرکەوتووە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای ماددی و مرۆییەوە لە پشت کردەوە تێرۆریستییەکان بووە؛ لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە حوکمی دادگاکانی ئاڵمان، ئارژانتین، فەڕانسە، عەرەبستانی سعوودی و هتد بکەین کە ڕاستەوخۆ بڕیارەکانی دادگا ڕوویان لە دەسەڵاتدارانی باڵای ئێرانە کە بڕیاردەری سەرەکیی ئەو کردەوە تێرۆریستییانە بوون.

پزشکیان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا وێنەی منداڵانی قوتابخانەی شاری میناب لە پارێزگای هورموزگان نیشانی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە دەدا و دەڵێ: ئەوانە بە مووشەکی سوپای ئەمریکا کوژراون و لە هەمان کاتدا باسی لە کوژرانی منداڵانی غەززە کرد، بێ ئەوەی بۆ چرکەیەک ویژدانی وەئاگا بێتەوە کە چوار ساڵ لەمەوبەر لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١دا، قوتابخانەی منداڵانی ڕۆژهەڵات و نەخۆشخانەی ئازادی لە شاری کۆیە بە بێڕەحمانەترین شێوە کەوتە بەر ڕەهێڵەی درۆن و مووشەکەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و، نزیک ساڵێک لەوەوبەر لە مانگی بەفرانباری ١٤٠٤دا، بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی، زیاتر لە چل هەزار هاووڵاتیی ناڕازی لە ڕێژیم بە دەستی هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر شەقام لە ماوەی دوو ڕۆژدا قەتڵوعام کران. ئەوە دوو نموونەن لە سەدان کردەوەی دژەئینسانیی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تاران دەرحەق بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا. هەتا ئێستا بە سەدان ڕاگەیەندراو لە لایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە پێناو مەحکوومکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەرچوون کە تازەترینیان ڕاپۆرتی شاندی سەربەخۆی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە ڕاپۆرتی خۆیدا کوشتاری خەڵکی ناڕازی لە مانگی بەفرانباری ١٤٠٤دا لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی جەنگ هەژمار کردووە. لێرەدایە دژبەیەکیی قسەکانی پزشکیان دەردەکەوێ و ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی باوەڕیان بە پاراستنی کەرامەتی ئینسانیی هیچ مرۆڤێک نییە مەگەر لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیاندا بێ. بە واتایەکی دیکە باوەڕیان بە سیستمی جیهانی و دنیای پێشکەوتوو نییە، دەنا لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا هەوڵیان دەدا

ڕەزبەری ٢٧٢٦

هەتا ڕادەیەک خۆیان لەگەڵ نۆرمی جیهانیی سەردەمی ئێستا بگونجێنن.

### لێرەدایە دەبێ ڕوو لە پزشکیان بکەین و بڵێین:

جەنابی سەرکۆمار! ئەگەر باس لە بێتاوانیی منداڵەکانی قوتابخانەی میناب و غەززە دەکەی، ئەوە بزانە کە منداڵەکانی قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتیش لە کوێیە، هیچ تاوانێکیان نەبوو بێجگە لە کوردبوون. ئەگەر بۆردومانی قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان لە ئێران و غەززەدا کردەوەی تێرۆریستین کە بێشک وایە، بەپێی هەموو یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی هێرش بۆ سەر قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان لە کوردستانیش تاوانە و کردەوەیەکی تێرۆریستییە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێ.
پزشکیان لە درێژەی وتارەکەیدا باس لە فەلەستین دەکا و دەڵێ: «ئەوە زاتی سروشتیی مرۆڤە ئەگەر مرۆڤێک لە خاک و نیشتمانی خۆی دەربکەن دیفاع و بەربەرەکانی دەکا... و ئەگەر ویستیان لە خۆیان دیفاع بکەن پێیان دەگوترێ تێرۆریست». ئەوە بە تەواوی دروستە کە هەر مرۆڤێک ئەرکە لەسەر شانی کە دیفاع لە خاک و نیشتمانی خۆی بکا. بە گوتەی پزشکیان ئیسرائیلییەکان بە فەلەستینییەکان دەڵێن تێرۆریست؛ بەڵام جەنابی سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران حەتمەن ئەوە باش دەزانێ کە ماوەی ٤٧ ساڵە دەسەڵاتدارانی تاران بە خەڵکی کوردستان کە دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی خۆیان دەکەن دەڵێن تێرۆریست. وا دیارە پزشکیان و دارودەستەکەی لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەبیریان چووەتەوە کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ بە فەتوای خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، شەڕێکی نابەرابەر بەسەر خەڵکی بێدیفاعی کوردستاندا سەپێندرا، تەنیا بە تاوانی ئەوە کە داوای سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان وەک هەموو نەتەوەیەکی سەر گۆی زەوی دەکرد. بەداخەوە بەهۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی تاران لەو کاتەوە هەتا ئێستا، کوردستان لە لایەن هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی حکوومەتی مەزهەبیی ئێرانەوە بووەتە پادگانێکی گەورەی سەربازی کە هەموو ڕۆژێک بە بیانووی جۆراوجۆر خەڵکی کوردستان ئەزیەت و ئازار دەدرێ، تووشی زیندان و ئیعدام و کوشتاری هەڕەمەکی دەبێ. لەسەر سنوورەکان کوشتاری لێ دەکرێ و مووچە و مەزرا و ڕەز و باخی دەکەوێتە بەر ئاگری کوێرانەی تۆپخانەکانی ڕێژیم و تووشی سووتمان و کارەساتی ژینگەیی دەبێ. ئێستا پرسیار لە پزشکیان ئەوەیە: نەتەوەی کوردیش وەک فەلەستینییەکان داوای مافەکانی خۆی دەکا، ئەی بۆچی لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی تارانەوە داواکاریی گەلی کورد بە تاوان هەژمار دەکرێ؟ جیاوازیی گەلی کورد و گەلی فەلەستین کە هەر دووکیان مافپێشێلکراون، لە ڕوانگەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە چییە؟ کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کردەوەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستینییەکاندا؟ لێرەدایە دەبێ دووڕوویی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارانی تاران بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و گەلانی ئێران بەتایبەتی دەربکەوێ کە دیفاعکردن لە مافی فەلەستینییەکان تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی تارانە، دەنا ئەگەر باوەڕیان بە مافی گەلان هەبوایە، لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا

ڕەزبەری ٢٧٢٦

دانیان بە مافی گەلانی ئێراندا دەنا و ئەوجار دەکەوتنە پشتیوانیکردن لە مافی فەلەستینییەکان.

پزشکیان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا باس لەوە دەکا کە دوژمنەکانیان هیچ ئوسوولێکی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو ناگرن، واتە پێشێلی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەن. لە کاتێکدا پزشکیان ئەو قسەیە دەکا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٧ ساڵ دەسەڵاتداریەتیی خۆیدا، پابەندی هیچ ماددە و بڕگەیەکی یاسا نێودەوڵەتییەکان نەبووە؛ چونکە سیاسەتی دەرەوەی ئەو ڕێژیمە کە لەسەر هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامییە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران داڕێژراوە و بەشێکی دانەبڕاوە لە ئایدیۆلۆژیای ئەو ڕێژیمە، و ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئاوەڵا کردووە کە دەست لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ وەربدەن و سەرووەریی ئەو وڵاتانە لە بواری سیاسی و تەنانەت ئەمنییەوە ببەنە ژێر پرسیار و ڕایەڵکە و ڕێکارەکانی دەسەڵاتداری و بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتانە تێک بدەن.

**هەموو ئەوانە سەلمێنەری ئەوەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی نەبووە و لە ڕاستیدا لە سەدەی بیست و یەکدا، بوونی سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پینەیەکی ناجۆرە بە سیستمی جیهانییەوە.**

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# ئازاری کوردبوون لە وڵاتێکدا بە ناوی ئێران!





**هەیاس کاردۆ**

ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی دەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەردی بناغەی لێکترازان و چەنددەستەییە. هەستی لێک جیاکردنەوە، چ ڕەنگی دینی و ئایینی هەبێ، چ لە قالبی نەتەوە، نژاد، زمان، ڕەنگ و جینسدا خۆی بنوێنێ، ماکەی ئاژاوە و دووبەرەکییە و لە ئاکامدا کۆمەڵگە بەرەو ئاقاری کێشە و ئاڵۆزی دەبا. ئەوانەی بۆ گەورە نیشاندانی خۆیان دەفکری چووککردنەوەی خەڵکی دیکەدان، درەنگ یا زوو ئاکامیماڵوێرانکەریی ئەو هەڵوێستە دەبینن. ئەو هەستە نگریسە کاتێک مەترسیدارتر دەبێ کە ڕاستەوخۆ لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەوە بەڕێوە بچێ، یان بە پشتیوانیی ئەو لەدژی

لایەنی دیکەدا بکرێتە کردەیی. لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگەش بەپێی ئەو دیتنە دابەش دەکرێ و ئیتر مەجالێک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و هێمنانە نامێنێتەوە.

بەداخەوە بەشێک لە دانیشتووانی ئێران ئەزموونی تاڵ و زیانهێنەری زۆریان لەو بارەوە هەیە. گەلی کورد بەرچاوترینی ئەو لایەنانەیە کە بە ناشیرینترین شکڵی مومکین تامی ئەو هەڵاواردن و بێڕێزییانەی چێشتووە. هەرچەند نەتەوەی باڵادەست، وڵاتی ئێران بە لانکەی شارستانەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە پێناسە دەکا، بەڵام بەپێی هەموو پێوەرەکانی ئەمڕۆیی، هیچ نیشانەیەکی شارستانەتی دە ڕوانگە و هەڵویستی بەشی باڵادەستی نێو ئەو کۆمەڵگەیەدا بەدی ناکرێ. ئازارێک کە نەتەوەی کورد لە ئێران بە دەست بێڕێزی و بە چووکگرتنەوە چێشتوویەتی لەبڕاننەهاتووە. بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، چ لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا و چ بەر لەویش، خەڵکی کوردستان هیچکات هەستی بە هاووڵاتیی دەرەجە یەک نەکردووە. ئەو هەستە ناخۆشە بەجۆرێک دەگەڵ ژیان و گوزەرانی خەڵک ئاوێتە بووە کە مەجالی هەناسەکێشانی لێ بڕیوە.

ئازاری کوردبوون لە ئێران، تەنیا ئازاری جیسمی و ئێشی جەستەیی نییە. هەرچەند لەو بەشەدا کورد پشکی شێری پێ بڕاوە و بەردەوام خوێن لە جەستەی دەچۆڕێ، بەڵام ئازارە دەروونی و ڕەوانییەکانی کە لە ئاکامی ئەو هەڵاواردنەدا وێی کەوتووە یەکجار بەژانترە. ئازاری جەستەیی بە خۆڕاگری و کۆڵنەدان کەم دەکرێتەوە، بەڵام ئازاری دەروونی چونکە بەردەوامیی هەیە و دەگەڵ ژیانی ڕۆژانە تێکەڵە، سارێژبوونەوەی ئەستەمە.

با نموونەیەکی دیار و ناسراوی ئەو بوارە باس بکەین: لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانێک پێش کچێک لە دایک دەبێ. وەک هەر کوردێکی دیکە، بنەماڵەی ئەو کچەش پێیان خۆشە ناوێکی کوردی بۆ کۆرپەکەیان دیاری بکەن. بە بڕیاری دایک و باب، ژینا دەبێتە ناسنامەی ژیانی ئەو کچە و ئیتر هەموو خزم و ناسیاوان بەو ناوە بانگی دەکەن. بەڵام کاتێک کار دەکەوێتە سەر سەبتی ئەو ناوە لە ئیدارەی پێوەندیداری حکوومەتیدا، مەسیری داستان دەگۆڕدرێ. شتێک بە ناوی ژینا دە فەرهەنگی لۆغاتی زمانی زاڵی سەر کۆمەڵگەی ئێراندا وجوودی نییە و هەر بۆیە بنەماڵە دەبێ ناوێکی دیکەی بۆ دیاری بکەن. سەرەنجام و بە ئیجبار «مهسا»ی مانادار لە زمانی فارسیدا وەپاڵ ئەو نەمامەی کورد دەدرێ. لەوە بەدوا بۆ هەموو ژیانی کورتی ئەو کیژۆڵە نازدارەی کورد، دوو ناو، بە دوو مانا و دوو پاشخانی جیاوازەوە تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەی دەبێ. لە ماڵەوە ژینایە و لە قوتابخانە «مهسا». دایک بە ژینا بانگی دەکا و مامۆستا بە «مهسا». هەر لێرەوە یەکەمین هەنگاوەکانی هەڵاواردن و کوردئازاری دەست پێدەکا.

**ژینای کورد و «مهسا»ی حکوومەتی بە دوو ناوی جیاوازەوە پێ دەگرێ و تێکەڵی دەرد و ڕەنجی لەبڕانەهاتووی نێو کۆمەڵگە دەبێ. ئینجا بە هۆی ژنبوونیشییەوە دەکەوێتە بەر جۆرێکی دەردهێنەرتری هەڵاواردن و لەو بارەشەوە ئەوەی بێحورمەتییە پێی دەکرێ. سەرەنجام لە تەمەنێکدا کە تازە خەریک بوو گوڵی تەمەنی خونچە بکا و باخچەی کۆمەڵگە بڕازێنێتەوە، لە سەفەرێکیدا بۆ پایتەختی وڵات بە تاوانی بێ بنەمای «نەپۆشینی دروستی حیجاب» لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەگیرێ و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیان لە دەست دەدا.**

هەتا ئێرە ژیان و مەرگی ژینا ئەمینی، نموونەی ژیانی تاڵ و تفتی زۆر کچ و کوڕی دیکەی کوردە کە هەم ئازاری دەروونی دەچێژن و هەم جەستە و لەشیان دەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە و تەنانەت گیانیشیان لێ دەستدێندرێ. بەڵام مەرگی ژینا لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی خەبات و بەرخۆدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەدوای ئەویشدا خەڵکی کۆی ئێران بەدژی سەرەڕۆیی و زۆرداری هەڵدایەوە. ئەو بزووتنەوە بەهێز و جەماوەرییەی کە بە «ژن، ژیان، ئازادی» ناوی دەرکرد، هەموو ئێرانی گرتەوە، سنوورەکانی بڕی و بۆ ماوەیەکی زۆر خەوی لە چاوی دەسەڵاتدارانی ڕەشپەرست ڕەواند، بەدوای کوشتنی بێڕەحمانەی ئەو کچە کوردە خۆشینەدیوەدا سەری هەڵدا. لە ڕاستیدا دەکرێ بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بە یەکەم و بەهێزترین بزووتنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتیی هاوچەرخی ئێران بزانین کە هەم لە ئاست بەشداریی جەماوەرییەوە و هەم لە باری ڕێکخەرییەوە دیتراوە.

هەرچەند بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بە داخەوە نەیتوانی درێژەی هەبێ و بە هەموو ئامانجەکانی خۆی بگا، بەو حاڵەش هەم توانی حیجابی زۆرەملی کاڵ کاتەوە و ڕۆڵی واقیعیی ژنان لە خەبات و چالاکیدا زیاتر دەربخا، هەم لەووش گرینگتر کۆمەڵگەی کوردستانی یەکگرتووتر و چاوکراوەتر کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا کە چوار ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ژینای کورددا تێدەپەڕێ، هەموو ساڵێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ساڵیادی کۆچیدا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە و یەک لەوان مانگرتنی گشتی، یادی دەکەن و هاوسۆزیی خۆیان دەردەبڕن. هەر وەک دیتمان ئەمساڵیش بە بۆنەی تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ژینای بێتاواندا و لەسەر داوای هاوپەیمانیی شەش لایەنی سیاسیی کوردستانییەوە خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستان دەستیان بە مانگرتن کرد و بەمجۆرە نارەزایەتیی زیاتری خۆیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان دا.
ئەو شەپۆلە هاوخەباتی و هاوپێوەندییەی خەڵکی کوردستان لە چوارساڵەی بزووتنەوەی ژینادا، جارێکی دیکە ڕووی دزێوی شۆڤینیزمی دەسەڵاتدار لە لایەک و فاشیزمی چاوەڕێی دەسەڵاتی ئێرانی نمایش کردەوە. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دیسان وەک هەمیشە بەربوونە گرتن و تۆقاندنی خەڵک و بە دووپاتکردنەوەی تۆمەتی «تەجزیەتەڵەبی» لە چەکی فاشیزمی مەزنیخوازیی ئێرانیگەری لە دژی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان کەڵکی وەرگرت. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو سەرەتا بە چەکی مەزهەب و دواتر گەڕانەوە بۆ مەزنیخوازیی نەتەوەیی لەبەرامەر ویستی مافخوازانەی کورد ڕاوەستاون، ئەم ڕۆژانە زیاتر لە پێشوو لەو چەکە مەترسیدارە کەڵک وەردەگرن. ڕێژیم کە هیچ ڕێگایەک

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

نەماوە لە دژی مان و مەوجوودییەتی کورد تاقی نەکاتەوە، ئێستا بە ئاشکرا بێڕێزی بە پیرۆزییەکانی کورد دەکا و بێحورمەتیی گەیاندووەتە ئەوپەڕی خۆی. لەو پێوەندییەدا بیرەوەریی شەهیدبوونی ژینا کێچی خستە کەوڵییەوە و دیسان بیانووی کوردئازاریی دیکەی دیتەوە.

هەر وەک دیتمان پاش مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی ژینا ئەمینی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا سوپاسی هاودەردی و هاوسۆزیی خەڵکی دڵسۆزی کوردستانی کرد کە خوێنی بە ناحەق ڕژاوی کچەکەیان لەبیر نەکردووە. ئەو پەیامە هەرچەند سادە و هەڵقولاوی دەردی بنەماڵەیەکی داغدار بوو، بۆ دوژمنانی یەکگرتوویی کورد وەک پەیامێکی مەترسیدار حیسابی بۆ کرا. هەر بۆیە زوو وەخۆ کەوتن و بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی پەیامەکە و کاریگەرییەکانی، هەرچی بۆیان کرا کردیان. لە لایەک هێزی سەرکوتکەر وەگیانی خەڵک کەوتن و دەستیان بە گرتن و ڕاونان کرد و لە لایەکی دیکەش سەدان فاشیستی دژەکوردی ناسراو و نەناسراو کەوتنە بێڕێزی بەو بنەماڵە داغدارە و ئەوەی شیاوی خۆیان بوو وەپاڵیان دا.

جگە لە دەسەڵاتی زاڵ و شۆڤینیزمی نێوخۆیی، فاشیزمی چاوەڕێی گەیشتن بە دەسەڵاتیش لەو بارەوە بێکار دانەنیشت. ئەوانەی دە جلی وتووکراوی ئورووپاییدا باسی ئێرانی سێکۆلاری دوای کۆماری ئیسلامی دەکەن، بۆ دژایەتی دەگەڵ کورد چەند هەنگاویش لە ڕێژیم چوونە پێش. پاشماوەکانی نیزامی نگریسی شایەتی کە بە دروشمی یەک وڵات، یەک ئاڵا و یەک ڕێبەر خەونی گەڕانەوە بۆ سەر تەختی دەسەڵاتیان هەیە، دژایەتی دەگەڵ مافەکانی کوردیان وەک ئەرکی هەنووکەیی داناوە. ئەوان تەنیا بە گۆڕینی ناوی ژینا بۆ «مهسا» قایل نابن، بگرە دەخوازن بنەچەکی بنەماڵەیشی بسڕنەوە و تەنانەت حەق بە باوکی نەدەن وەک کچی خۆی باسی بکا. فاشیستە چاوچنۆکان دەیانەوێ ژینای کورد بکەنە «مهسا»ی ئێران و لە زێد و شار و وڵاتی خۆی داببڕن. دەیانەوێ بەرگی ڕەگەزپەرستانەی ئێرانیگەری بەبەردا بکەن و وەک چۆن مێژوویەکی درۆینیان بۆ ئێران ساز کردووە، لەم ڕووداوەش درۆیەکی دیکە بخەنە سەر مێژووی درۆینیان.

فاشیستەکان بەوە تووڕەن کە باوکی ژینا بە زمانی کوردی سوپاسی خەڵکی کوردستانی کردووە کە لە یادی شەهیدبوونی کچەکەیدا مانیان گرتووە. ئەوان ئەو پەیامە کورتەیان پێ تەحەممول نەکراوە و لافاوی تۆمەت و بێڕێزییان وەڕێ خستووە. دەڵێن «مهسا» کچی ئێرانە و نابێ بخرێتە قەوارەیەکی چووکەترەوە. دەڵێن نابێ بە ناوی ژینا بانگ بکرێ، جلی کوردی بکرێتە بەر و بە زمانی غەیری فارسی باسی لەسەر بکرێ. دەڵێن دەبێ دە ئاڵای شێروخورشیدنیشانەوە بپێچرێ و بە دروشمی «خودا، شا، مەیهەن» یادی بکرێ. ئەو فاشیستانە هێندە داخلەدڵن کە تەنانەت منەتی ئەوەندە هاتنە سەر شەقامەشیان بۆ دژایەتی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە سەر بنەماڵەی ژینادا دەکەن و دەڵێن ئێمە بە خاتری کچێکی ئێرانی

ڕەزبەری ٢٧٢٦

نارەزاییمان دەربڕی، نەک کچێکی «تەجزیەتەڵەب». ئەو فاشیستانە هەر لە ئێستاوە خەت و نیشان بۆ کورد دەکێشن و هەڕەشەی ئەوە دەکەن ئێرانی داهاتوو جێگای هیچ مافخوازییەکی نەتەوەیی تێدا نییە.

نموونەی ژیان و مەرگی ژینا و ئەو ئازارانەی دوای مەرگیشی بنەماڵەکەی و خەڵکی کوردستان دەیکێشن، پێمان دەڵێ ئازاری کوردبوون هەتا چ ڕادەیەکە. ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەستی پاکتاوی مەزهەبی، نەتەوەیی، زمانی، جینسی و هی دیکەی تێدایە، مەرگەساتە. کورد دەو مەرگەساتەدا دەژی. بۆ خۆڕزگارکردن لەو مەرگەساتە، جگە لە درێژەی خەباتێکی یەکگرتوانە و مانادار ڕێگایەکی دیکەمان نییە. بۆ ئەوەی هیچی دیکە ژیناکانمان بێناز نەمرن و بنەماڵەکانیان بێحورمەتییان پێ نەکرێ، لەسەرمانە وەخۆ بێینەوە. دەنگی پێی فاشیزمی مەزنیخوازیی ئێرانی لە بن گوێمانە.

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## تێرۆریست ئێوەن، دنیا دەتانناسن!




### کورتە وڵامێک بۆ بانگەشە و چەواشەکارییەکانی کۆنسوولی ئێران لە هەولێر

قسەکانی فرامەرز ئەسەدی، کونسولی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هیوا جەماڵ لە تۆڕی میدیایی "ڕووداو"دا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٦ی ڕەزبەر (٨ی ئۆکتۆبر) بڵاو بۆوە، جارێکی دیکە جەوهەری دوژمنکارانەی سیاسەتی تاران بەرامبەر بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرخست؛ سیاسەتێک کە لە دژایەتیی ماف و داواکانی کورد، بەئەمنییەتیکردنی پرسی کورد و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک لە داننان بە ڕەواییی خەباتی سیاسی و مافە نەتەوەیی و دیموکراتیکەکانی گەلی کورد لە ئێران.

**ئەسەدی بە بانگەشەی ئەوەی بنکەکانی هێزە سیاسییە کوردییەکان شوێنی پلاندانان بۆ هێرش دژ بە ئێرانن، ئەم حیزبانە بە هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل تۆمەتبار دەکا؛ هەروەها هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە بەرهەمی فشار و دەستێوەردانی دەرەکی دەزانێ.** ئەم تۆمەتانە، درێژەی هەمان سیاسەتی حاشاکردن و بەلاڕێدابردنی پرسی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردە کە لە یەک سەدەی ڕابردوودا هەردوو حکومەتی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بە ئاگر و ئاسن وڵامیان داوەتەوە. پێکهێنانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانیش بڕیارێکی سیاسییە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

هاوکاری و هاوئاهەنگی لەپێناو وەدیهێنانی خواست ڕەواکانی نەتەوەی کورد لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی؛ نەک بەڵگەیەک بۆ ئەو تۆمەتانەی تاران دەیانخاتە پاڵیان.

**ئەسەدی لەو وتوویژەدا بە ناوبردنی حیزبی دێموکرات بە حیزبێکی تێرۆریست داوا دەکا ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی ئینترپۆلەوە ڕادەستی ئێران بکرێنەوە.** جارێ هەر لەجێدا دیارە کە کێ تێرۆریستە و کام لایەن قوربانیی تێرۆر! تێرۆری ڕێبەرانی سیاسی و دژبەرانی ڕێژیم لە دەرەوەی ئێران، کوشتنی پلان بۆ دارێژراوی دژبەرانی سیاسی لە نێوخۆی وڵات، هێرش و کردەوەی تێرۆریستی دژی حیزبە سیاسییەکانی کورد و پشتیوانی ماڵی و پڕچەککردنی هێزە تێرۆریستییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر لە وڵاتانی دیکەی دنیا ئەو بابەتانەن زۆربەی وڵاتانی دنیا سەبارەت بەوە کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کردووە، لە خۆڕاش نییە کە ئەم ڕێژیمە لە ئاستی دنیادا بە پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزمی دەوڵەتی ناو دەبرێ. بۆ زۆر لەو کردەوە تێرۆریستییانەش پەروەندە لە دادگای وڵاتان کراوەتەوە و لە بڕیارەکانی ئەو دادگایانەدا کۆماری ئیسلامی و ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتی و دەزگای بەناو دادی ڕێژیم بە بەرپرسیار زاندراون.

بەڵام لەوەش بترازێ داواکاریی کۆماری ئیسلامی بۆ گەڕاندنەوەی ئەندامانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی ئینتەرپۆلەوە، پێچەوانەی بنەماکانی نێودەوڵەتیی پاراستنی مافی پەنابەران و قەدەغەی گەڕاندنەوەی ناچارەکییە. بەکارهێنانی میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕەوانەکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، هەوڵێکە بۆ شاردنەوە و سڕینەوەی سەرچاوەی سیاسیی کێشەکە و گۆڕینی داواکارییەکی سیاسی بۆ پرۆسەیەکی ئەمنی و قەزایی.

**لە بەرامبەر کۆی ئەم تۆمەتانەدا، پێویستە ئەسەدی پرسیارێک لە خۆی و حکومەتەکەی بکا کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بانگەشەی پاراستنی ئاشتی و ئەمنییەتی ناوچەکە دەکا، چۆن هەڕەشەی بەردەوامبوونی هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان پاساو دەداتەوە؟** بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە سەرەتای شەڕی ئەمدواییانە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، ڕێژیمەکەی ئەسەدی زیاتر لە ١٢٠٠ جار هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان و هەر لەو وتوویژەدا کۆنسوولی ڕێژیم لە هەولێر ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم هێرشانە ڕەت ناکاتەوە؛ بەڵکوو هەوڵ دەدا بە هێنانەوەی پاساوی ئەمنییەتی، هێرشەکانی تاران لە چوارچێوەی بانگەشەی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکاندا، بە ڕەوا پیشان بدا. ئەمە لە کاتێکدایە هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی ئێران بۆ سەر خاکی عێراق، سەروەریی ئەو وڵاتە و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەخەنە مەترسییەوە و ژیانی هاووڵاتیانی مەدەنی دەکەنە ئامانجی مەترسییەکی ڕاستەوخۆ. پاراستنی ئەمنییەت بە هەڕەشە و هێرش مسۆگەر نابێ؛ بەڵکوو بە ڕێزگرتن و دەستەبەرکردنی مافی گەلانی ئێران لە نێوخۆی وڵات، ڕێزگرتن لە سەروەریی

وڵاتان و وەستاندنی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەوان دەست پێ دەکا.

کونسوولی کۆماری ئیسلامی لە بەشێکیتر لە دیمانەکەی لەگەڵ ڕووداودا، ئاماژە بە تیرۆری دوکتور قاسملوو دەکا و زۆر بێشەرمانە ڕەتی دەکاتەوە کۆماری ئیسلامی دەستی لەو ڕووداوەدا هەبێ. نکۆڵیکردنی ئەسەدی لە بەرپرسیارێتیی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری د. قاسملوو لە ڤییەن، ناتوانێ ئەو ڕووداوە لە مێژووی سیاسیی کورد و لە بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوە دادوەرییەکانی پەیوەست بەو تاوانە بسڕێتەوە. تیرۆری د. قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٩ (١٣٦٨) و د. شەرەفکەندی لە ساڵی ١٩٩٢ (١٣٧١) لە بەرلین، دوو ڕووداوی گرنگی مێژووی تیرۆری سیاسی دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانن و بڕیاری دادگای میکۆنۆس لە ئەڵمان لە ساڵی ١٩٩٧یش بەڵگەیەکی گرنگی دادوەرییە لە تیرۆریستبوونی ڕێبەرانی باڵای ئەو ڕێژیمە.

ئەوەی لە مێژووی چەند دەیەی ڕابردوودا ڕووی داوە، نیشان دەدا حیزبی دیمۆکرات و ڕێبەرانی قوربانیی سیاسەتی تیرۆری سیاسی و سەرکوت بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە بوون، هەروەها، سەرکوتی خەڵکی کوردستان، کوشتن و زیندانیکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی دەنگی ناڕەزایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان، بەشێکن لە مێژووی مامەڵەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کوردستان.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەبێ بیزانێ و دەیزانی ئەمەیە خەباتی مافخوازانەی کورد لە ئێران بە تێرۆر و سەرکوت و مووشەکباران نەک لەبن نایە، بەڵکوو بۆ ساتێکیش ناوەستێ. دواجار ڕێژیم دەبێ لە هەمبەر مێژووی سەرکوت و تیرۆرە سیاسییەکانی دەرحەق بە جووڵانەوەی کورد و دژبەرانی سیاسیی لە ئێران وڵامدەر بێت و بێگومان چارەنووس و داهاتووی ڕێژیمێکیش کە بە سیاسەتی تێرۆر و ناسەقامگیری ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی بەبارمتە گرتووە؛ هەر ڕووخان و هەرەسهێنانە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
ناوەندی ئیداری

١٧ی ڕەزبەری ١٤٠٥ی هەتاوی
٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٦ی زایینی

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# دیسکۆرسی نوێ و ئامانجەکانمان





ناهید حوسێنی

هەر نەوەیەک دونیا بە شێوازی خۆی ئەزموون دەکات. کەرەستەکانی پێوەندی، شێوازی ژیان، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت چەشنی پرسیارەکانی بەردەم مرۆڤ، لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت. بەڵام لە نێوان ئەم ئاڵوگۆڕانەدا، هەندێک لە ئامانجەکان بە زیندوویی دەمێننەوە، وەکوو ئازادی، کەرامەتی مرۆیی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەک کە مرۆڤ بتوانێت تێیدا بە شوناس و زمان و بیری خۆی بژی.

**پرسیارەکە لێرەدایە کە، ئەگەر ئامانجەکان دەتوانن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوازرێنەوە، ئایا زمانی دەربڕینی ئامانجەکان نابێت لەگەڵ ئاڵوگۆڕی نەوەکاندا گونجاو بێت؟**

نەوەکانی پێشوو، زۆرێک لە چەمکە سیاسییەکانیان لە دۆخە جیاوازەکاندا ئەزموون کردووە. بۆ ئەوان، خەبات، خۆڕاگری، دوورخستنەوە، زیندان، کوێستان، دووری لە زێد و پاراستنی شوناس بەرامبەر بە فشار و سەرکوت، بەشێک لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی ژیان بووە. سروشتییە کە ئەم ئەزموونە، زمان و ئەدەبیاتی سیاسیی تایبەت بەخۆی بەرهەم هێنابێت.

**بەڵام نەوەی نوێ لە دونیایەکی جیاوازدا گەشەی کردووە.**

گەنجی ئەم سەردەمە ڕەنگە لە هەمان نیشتماندا بژی کە نەوەکانی پێشووتر بۆ ئازادییەکەی خەباتیان کردووە، یان بە هەزاران کیلۆمەتر دوورتر لە زێدی خۆیان لەدایک بووبن. ڕەنگە بەشێکی بەرچاو لە مێژوویان نەک لە ڕێی ئەزموونی کەسی، بەڵکوو لە سۆنگەی کتێب، وێنە، ئینتەرنێت و گێڕانەوەی نەوەکانی پێش خۆیان ناسیبێت. گەنجی ئەم سەردەمە لە دونیایەکی بەربڵاوتر لە بواری پێوەندییەوە دەژی و هاوکات لەگەڵ چەند کولتوور، چەند زمان و چەند جۆر ڕوانگە ئاشنایەتیی هەیە.

ئەم جیاوازییە بە مانای دوورکەوتنەوە لە ئامانجەکان لێک نادرێتەوە، بەڵکوو هەندێ جار تەنیا بە واتای ئەوەیە کە نەوەیەک، هەمان پرسیارەکانی پێشووتر بە زمانێکی جیاواز دێنێتە ئاراوە.

بۆ نموونە، کاتێک باسی ئازادی دەکەین، ڕەنگە نەوەی نوێ پرسۆکی ئەوە بێت کە ئازادی لە ژیانی ڕۆژانەی ئەودا هەڵگری چ پارادایمگەلێکە و چ واتایەکی هەیە؟ کاتێک باسی شوناسی نەتەوەیی دەکەین، ڕەنگە بۆی پرسیار بێت کە ئەم شوناسە چلۆن لە ئەزموونی ژیانی ئەو لە تاراوگە، لە دونیای مەجازی یان لە کۆمەڵگەیەکی فرەکولتووردا گرێ دەدرێت. کاتێک باسی داهاتووی سیاسی دەکەین، ڕەنگە پەیجۆری پێگەی خۆی بێت لەو داهاتوودا.

**لێرەدایە کە ڕۆڵی زمانی سیاسی گرنگی پەیدا دەکات.**

زمانی سیاسی تەنیا کۆمەڵێک دەستەواژە و دروشم نییە؛ زمان کەرەستەی پێوەندیگرتنە. بەو پێیە، ئەگەر بەردەنگ گۆڕابێت، ئاساییە کە شێوازی پێوەندیگرتنیش پێویستی بە پێداچوونەوەی زمانی و دیسکۆرسی سەردەمیانە هەبێت.

ئەمە بە واتای وەلانان یان دوورکەوتنەوە لە ئامانجە مێژووییەکان نییە؛ بە پێچەوانەوە، ئەگەر بڕیار وابێت ئامانجێک بە زیندوویی بمێنێتەوە، پێویستە دیسکۆرسی پێوەندی لەگەڵ نەوە جیاوازەکان ڕەچاو بکات و لە هەر سەردەمێکدا، واتای خۆی بە ڕوونی و بە زمانی سەردەم بۆ بەردەنگی ئەو سەردەمە شی بکاتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، پێوەندی لەگەڵ نەوەی نوێ نابێت تەنیا ڕاکێشانی هێزی مرۆیی نوێ یان هەڵکشانی ڕێژەی ئەندامان بێت؛ گرنگتر لەو بابەتە، بەدیهێنانی دیسکۆرسێکی گونجاوە لە نێوان نەوەکاندا؛ دیسکۆرسێک کە تێیدا نەوەکانی پێشووتر ئەزموونەکانی خۆیان دەگوازنەوە و نەوەی نوێش مافی هێنانەئارای ئایدیا و پرسیارەکانی خۆی هەبێت.

ئەم گوتارە دەتوانێت یارمەتیمان بدات هاوسەنگی لە نێوان «ئەزموون» و «ئاڵوگۆڕ»دا بەرقەرار بکەین. ئەزموونەکانی نەوەکانی ڕابردوو سەرمایە بەنرخەکانمانن و هیچ کۆمەڵگەیەک نابێت لەبەرچاویان نەگرێت. بەڵام ئەو ئەزموونانە کاتێک بایەخی ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرن کە بتوانن وەڵامدەری پرسیارەکانی سەردەم بن، نەک بەرتەسک بکرێنەوە بە دووپاتکردنەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردوو.

لەم پێوەندییەدا، ڕاگەیاندنی کوردی بەرپرسیارەتییەکی گرنگی لە ئەستۆیە. ڕاگەیاندن تەنیا سەکۆیەک نییە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و بابەت و ڕوانگەی سیاسی، بەڵکوو دەتوانێت بەستێنێک بێت بۆ گفتوگۆ، پرسیار، پەروەردە و پێوەندیی نێوان نەوەکان. بەتایبەتی لە دۆخێکدا کە بەشێکی بەرچاوی نەوەی نوێ لە ڕێی دونیای مەجازی و ڕاگەیەنەرە دیجیتاڵەکانەوە لەگەڵ دونیادا پێوەندی دەگرن، چۆنیەتیی ئاخاوتن، هەڵبژاردنی بابەت و تەنانەت شێوازی گواستنەوەی پەیامەکان بایەخێکی تایبەت وەردەگرن.

ڕەنگە یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکانی ئەم سەردەمە ئەمە بێت کە چلۆن دەتوانین بەبێ ئەوەی واز لە ئامانجەکانمان بهێنین یان لێیان دوور بکەوینەوە، زمان و شێوازی پێوەندیگرتنمان لەگەڵ سەردەم بگونجێنین؟

ئامانجەکان دەتوانن قەدی سەرەکیی دارێک بن، بەڵام هیچ دارێک تەنیا بە قەدەکەیەوە ناژی، بەڵکوو بۆ مانەوە، پێویستە لەگەڵ نوێبوونەوەی وەرزەکان، لقوپۆپ و گەڵای تازە دەربکات.

بڕیار نییە نەوەی نوێ تەنیا بیسەری مێژووی ئێمە بێت؛ ڕۆژێکیش دێت کە خۆی دەبێتە بەشێک لە مێژوو. ڕەنگە بەرپرسیارەتیی ئێمە ئەوە نەبێت کە بە نەوەی نوێ بڵێین چۆن بیر بکاتەوە، بەڵکوو ئەوە بێت کە گوتار، زمان و



سەرچاوە
Serchawe

ڕەزبەری ٢٧٢٦

گفتوگۆمان ڕێنوێنی بێت بۆ ناسینی میراتی ڕابردووی خۆی، بۆ ئەوەی پرسیارەکانی بێنێتە بەر باس و پشکی خۆی لە بونیادنانی داهاتوودا بدۆزێتەوە.

ئامانجەکان کاتێک بە زیندوویی دەمێننەوە کە بتوانن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە تێپەڕن و بگوازرێنەوە؛ نەک وەک ڕستەیەکی هەزارپاتەکراو، بەڵکوو لە شێوازی ئەندێشەیەکدا کە هەر نەوەیەک سەرلەنوێ لێی تێدەگاتەوە، ئەزموونی دەکات و بە زمانی سەردەمی خۆی دەریدەبڕێت.

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# کاتێک ئەمریکا دەکشێتەوە



ئێکۆنۆمیست

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

بۆ ماوەی دەیان ساڵ ئەمریکا خاوەن هێژمۆنی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بوو. ئەم دۆخە خەریکی کۆتاییهاتنە. وێدەچێ ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گیری خواردبێت. ئەو هیچ ڕێگایەکی ساکاری بۆ دەربازبوون لە جەنگی دژی ئێران نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، کێشەکە، هەر جۆرێک کۆتایی بێت، لە ڕاستیدا شتێکی تەواو جیاواز پیشان دەدات: لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە، ئەمە بەو مانایەیە کە دواجار ئەمریکا دەستبەرداری هێژمۆنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێت. بۆ یەکەم جار دوای پارچەپارچەکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەلایەن زلهێزانەوە، پاش یەک سەدە، پەرگالی گشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چیدیکە لە دوورەوە ناسەپێنرێت. ئاخۆ ئەمە دەبێتە هۆی دەستپێکی پاکانە حیساب و زاڵبوونی توندوتیژی، یان دەستپێکێکی نوێ؟

لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، شوێنی لەدایکبوونی سێ ئایینی مەزنی تاکخودایی دنیا بەدەست نەهامەتیی یەک لەدوای

یەکەوە ناڵاندوویەتی. عەڕەبەکان کە شانبەشانی لایەنی براوە جەنگابوون، هەستیان بە خیانەت لێکران کرد کاتێک بریتانیا دەستی بەسەر عێراق، ئۆردون و فەلەستیندا گرت و فەڕانسە کۆنترۆڵی سووریە و لوبنانی بەدەستەوە گرت. ڕێبەرە ناسیۆنالیستەکان، وەک جەمال عەبدولناسری میسر، دواتر کەوتنە ژێر سێحری ماڵوێرانکەری سیاسەتی ئابووریی یەکێتیی سۆڤیەت. پێشێلکارییە سەرسوڕهێنەرەکانی دیکتاتۆری وەک سەددام حوسێن دژی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و حافز ئەسەدی سووریە هاووێنەکەی تەنیا لەلایەن توندوتیژییە بنئاژۆخوازانەکەی جیهادییەکانەوە ئەنجام درا کە بەهۆی دەسەڵاتی سادیستی ئەوانەوە گەشەیان کردبوو.

پاش سێ جەنگ، ڕێژەیەکی لەئەژمارنەهاتوو ئۆپەراسیۆنی نهێنی و دیپلۆماسیی بێکۆتایی، هەوڵی ئەمریکا بۆ سەپاندنی نەخشەکانی، گەیشتوونەتە کۆتایی. وەکوو بریتانیا، فەڕانسە و ڕووسیە، ئەمریکا لە داهاتووشدا بەردەوام تێوەدەگلێت. ئەو هێندێک جار هێزی سەربازی بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی بەکار دێنێت، لەنێویاندا بۆ بەرپەرچدانەوە دژی تیرۆریزم. بەڵام ئەمریکا واز لە گێڕانی دەوری مێعمار دەهێنێت.

نیشانەکانی کشانەوەی ئەمریکا بەمزووانە جێگای هیچ گومانێک ناهێڵنەوە، تەنانەت سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ کەڵکی لە کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرت تا هەڕەشەی "لەنێوبردن"ی ئێران کە بووەتە بنێشتەخۆشکە، دووپات بکاتەوە. دوو نیشانە ئاشکراترن. لە سەرەتای ئەم مانگە ئەمریکا خۆی لە بەشداربوون لە هێرشی هاوبەشی عەرەبستانی سعوودی بۆ سەر حوسییەکانی یەمەن بوارد، کە هەڕەشە لە کەشتیوانی لە دەریای سوور دەکەن. لەجیاتی ئەوە بەدزیی سعوودییەکانەوە خەریکی وتوویژ لەگەڵ حوسییەکان بوو بۆ ئەوەی پاپۆرە ئەمریکاییەکان لە هێرشکردن بۆ سەریان بپارێزێت. ڕەنگبێ ئەمە وەک شتێکی بێنرخ بێتە بەرچاو، بەڵام کاتێک زلهێزێک لەگەڵ میلیشیایەکی یاخیبوو ڕێکدەکەوێت، هەموو کەس تێدەگات کە ئەم زلهێزە بەتەمای کەمکردنەوەی ئەرک وەئەستۆگرتنەکانیەتی.

نیشانەی دووهەم چاوەڕوانیی کەمکردنەوەی بوونی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لە کاتی ئاشتیدا ئەمریکا لە نێوان سی هەزار بۆ چل هەزار هێزی لە ١٩ بنکەدا ڕاگرتووە، کە هەشتیان هەمیشەیین. بەڵام، جەنگ ئاشکرای کردووە ئەم هێزانە چەندە لە بەرانبەر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەکاندا قابیلی زیانپێگەیشتنن. بۆیە ئەمریکا ناچار بووە پشت بە پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگر و بنکەکەی لە ئۆقیانووسی ئارام، دییەگۆ گارسیا ببەستێت. هێندێک پسپۆڕ دەڵێن ئەمریکا دەبوو هێزەکانی لە چەند شوێن وەک، ئیسرائیل و ئۆردون کۆ بکاتەوە.

ئەمە لەگەڵ ڕێکخستنەوەی بەرفراوانی دووبارە یەک دەگرێتەوە کە ئێن بی سی ئەم مانگە ئاماژەی پێکرد، کە لە نێوان

بیست هەزار بۆ چل هەزار کەس لە هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئورووپا دەکشێنرێنەوە. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ جەخت لەسەر ئەمریکاییەکان دەکاتەوە. پسپۆڕانی ئەمنییەتی دەیانهەوێت ئەمریکا بۆ ڕکابەریی پەرەئەستێن لەلایەن چینەوە پۆشتە بکەن کە، وەک لە دیداری ئەم حەوتوویەی ترامپ-شی دەرکەوت، ئەم دوو وڵاتە لە نێوان پێکەوەژیانی بەپارێزەوە و دوژمنکاریی ئاشکرادا لە هاتوچۆدان. هیچکام لەم ئامانجانە بە جەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناپێکرێن کە دەبنە هۆی بەتاڵبوونی جبەخانەکانی چەکوچۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکان و دوورکەوتنەوەی هێزەکانی لە ئاسیا.

و بە کام مەبەست؟ هەتا ٢٠٢٠ وڵاتە یەکگرتووەکان هاوردەکاری نەوت بوو؛ ئەمڕۆ ئەو هەناردەکارێکی زەبەلاحە. بە پێچەوانە، چین، بووەتە مەزنترین کڕیاری بەرهەمهێنەرانی وزەی کەنداو و، کاناڵی سوئێز دەروازەی گواستنەوەی شتومەکی چین بۆ بازاڕەکانی ئورووپایە. ئەمە چین دەکاتە لایەنێک کە زۆرترین سوود لە سیاسەتەکانی ئەمریکا ببینێت. بەڵام وێناچێت بیهەوێ ببێتە لایەنی خاوەن هێژمۆنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە کاتێکدا دیتوویەتی بە تریلیۆنان دۆلار و هەزاران گیانی ئەمریکایی بوونەتە تێچووی ئەم ئیمتیازە.

لەجیاتی ئەوە، سێ وڵاتی ئەم ناوچەیە قورسایی ئەوتۆیان هەیە کە بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە و، هیچکامیان عەرەب نین (بڕوانە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست &ئەفریقا). لە هەموویان ترسناکتر ئێرانە. بێتوو ڕژیمی ئێران بڕووخێت، ئەم پێگەیەی نامێنێت کە دەسەڵاتە خراپەکەی بەسەر عێراق، سووریە و لوبنانەوە بپارێزێت. بێتوو، کە ئەمەیان ڕێی تێدەچێت، بمێنێتەوە، هەوڵ دەدات کرێی کۆنترۆڵی گەرووی هۆرمز بستێنێت و وڵاتانی کەنداو ئازار بدات کە هەر ئێستا لە ماوەی جەنگدا هێرشی کردووەتە سەریان. ئەو هەروەها هەوڵ دەدات میلیشیاکانی لە دەرەوەی وڵات بەهێز بکاتەوە. ئێران هەروەها ڕەنگبێ کارەکانی بۆ چەکی ناوکی دەست پێبکاتەوە، کە ئەمە بێگومان هێڵی سووری ئەمریکا دەمێنێتەوە. لە هەمووی ئەمانەدا، ڕەنگبێ ڕووسیە پشتگیریی ئێران بکات.

**دووهەم خاوەن هێزی ناوچەکە تورکیەیە،** کە بە بێدەنگی خۆی لە وڵاتانی عەرەب نزیک کردووەتەوە. ئەو بووەتە پشتیوانی سەرەکیی دەوڵەتی سووریە. لە عێراق، خەریکی کار لەسەر ڕێگا بازرگانییەکان، دابینکردنی ئاو و بەربەرەکانی لەگەڵ جیاییخوازانی کوردە. مانگی ڕابردوو تورکیە لەگەڵ پاکستان ڕێککەوتنێکی لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی واژۆ کرد. ئەگەرچی ئەو دەمڕاستی ئیخوانئەلموسلمینە، بەڵام تورکیە لەمە پراگماتیستترە و هەوڵ دەدات کڕیار بۆ کۆمپانیاکانی پیشەسازیی بەرگری و بیناسازییەکانی بدۆزێتەوە.

**لایەنی سێهەم ئیسرائیلە،** کە هێزی خاوەن دەسەڵاتی سەربازی و هەواڵگرییە. پاش کارەساتی حەوتی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣،

رەزبەری ٢٧٢٦

ئەو خۆی وەک سپارتای مودێڕن سەیر دەکات و دەیهەوێ هەر جۆرە توانایییەک لەنێو ببات کە وەک هەڕەشە بۆ سەر خۆی سەیری دەکات. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئابراهامدا، ئەو پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ئیماڕاتی یەکگرتووی عەرەبی دامەزراندووە، تەنانەت کاتێک کە ئاسۆی ڕێککەوتنێک لەگەڵ فەلەستینییەکان کاڵ بووەتەوە.
ئەم سێ وڵاتە وێناچێ لە شوێنێکدا بەیەکەوە هەڵبکەن. ئیسرائیل و تورکیە هەر ئێستا لە سووریە لەگەڵ یەکتر کێشەیان هەیە. ئیسرائیل و ئێران هێشتا بەهۆی شەڕەوە پاکانە حیسابیان لەگەڵ یەکتر نەکردووە. ئێران و تورکیە ڕکابەری فرە کۆنی سەردەمی ئیمپراتۆریین.

دۆڕاوەکان وڵاتانی عەرەبن. وڵاتانی وەک عێراق و سووریە هێشتا بەدەست ئاسەوارەکانی شەڕی نێوخۆوە دەناڵێنن. میسر، کە سەردەمێک ڕێبەری سروشتیی دنیای عەرەب بوو، هەموو هەوڵ و وزەی خۆی بۆ گەندەڵی و تێکشکاندنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی تەرخان کردووە. سیستەمە پاشایییەکانی کەنداو باوەشیان بۆ بەرنامەی خۆشبژێوی ئاواڵا کردووە کە بەتەمای خەواندنی ئایدیۆلۆژی بە گەشەی ئابوورین. ئەمە هەنگاوێکی ئەرێنییە، بەڵام مۆدێلی بازرگانیی ئەوان بە ئاسایشی دابینکراو لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەستراوەتەوە. ڕکابەریی قەتەری فرە دەوڵەمەند لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی و ئیماڕاتی یەکگرتووی عەرەبی ئاکامێکی بێجگە لە ناسەقامگیری نابێت، ڕەنگبێ دیاریی ماڵئاوایی ئەمریکا یارمەتیدان بە کۆکردنەوەیان بۆ کاری هاوبەش بێت.

**عەرەبەکان ماوەیەکی دوور و درێژە خەون بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی شکۆمەندی دەبینن، ئەو کاتەی کە چەند سەدە لەوەپێش ناوەندی زانست و فێربوون بوون. کشانەوەی ئەمریکا خەریکە ئەو دەرفەتەیان بۆ دەستەبەر بکات. بەڵام دوای کشانەوەی هەر لایەکی خاوەن هێژمۆنی، بێهیوایی و کاردانەوەی بێئەنقەستی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە. ئێستا نەفرەتی قووڵ و حساباتی ناتەواو لە ناوچەکەدا لە ئارادان. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێگایەکی دوور و درێژی بۆ سەلماندنی هەڵەی چاودێرانی بێ‌متمانە لەپێشە.**

تێبینی: ئەم وتارە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکەیەتی و لە چوارچێوەی ئاشنابوون بە ڕوانگە جیاوازەکاندا وەرگێڕدراوە و بڵاو دەکرێتەوە.

**سەرچاوە:**

https://www.economist.com/leaders/2026/09/24/when-america-walks-away

١٨ی رەزبەری ٢٧٢٦



سەرچاوە Serchawe

# ماشێنی مەرگ و قەیرانی مافی ژیان لە ئێران






**ئیبراهیم لاجانی**

## پێشەکی: مافێک کە مەرجی هەموو مافەکانی دیکەیە

١٠ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی سزای لەسێدارەدان، بنەڕەتیترین پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤمان وەبیر دێنێتەوە: مافی ژیان. ئەم مافە لە مادەی سێیەمی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و مادەی شەشەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا دانی پێدا نراوە. بێهۆ نییە کە ئەم مافە بە مەرجی سەرەکی و بنەمای هەموو مافەکانی دیکە

دادەنرێت. ئازادیی ڕادەربڕین، دادگایی دادپەروەرانە و بەشداریی سیاسی تەنیا بۆ مرۆڤێکی زیندوو مانایان هەیە. لەسێدارەدان هەم ئەم مافانە زەوت دەکات و هەم هەر هەڵەیەکی دادوەری دەکاتە زیانێکی قەرەبوونەکراو.

ڕەوتی جیهانی بە ئاشکرا بەرەو هەڵوەشاندنەوە یان ڕاگرتنی ئەم سزایە دەڕوات، بەڵام ئێران بە پێچەوانەوە هەنگاو دەنێت. لە ئێراندا لەسێدارەدان تەنیا سزایەکی دادوەری نییە؛ دەسەڵات کردوویەتی بە ئامرازێکی سیاسی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، تۆقاندنی ناڕازییان و بێدەنگکردنی دەنگە نەیارەکان. ئامارەکان ئەم ڕاستییە بە ڕوونی دەسەلمێنن.

## ١- خێرابوونی لەسێدارەدانەکان؛ لە ئامارەوە بۆ نەخشە

قەبارەی ئەم قەیرانە دەبێت بە ئامار نیشان بدرێت. ئاژانسی هەواڵدەریی چالاکانی مافی مرۆڤ (هەرانا) لە ١ی کانوونی دووەمی (ژانویەی) ٢٠٢٥ تا ١ی ژانویەی ٢٠٢٦ لانیکەم ٢٠٦٣ حاڵەتی لەسێدارەدانی تۆمار کردووە. ئەمە زیاتر لە دوو هێندەی ساڵی پێشوو و بەرزترین ژمارەیە لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵدا. ئەمساڵیش ڕەوتەکە هەمان ڕێڕەوی گرتووەتە بەر. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران لە هەشت مانگی یەکەمی ٢٠٢٦دا لانیکەم ٥٣٢ لەسێدارەدانی پشتڕاست کردووەتەوە. لەنێو لەسێدارەدراواندا ٣١ کەس تاوانیان ئەوە بووە کە لە شەقامەکاندا ناڕەزایەتییان دەربڕیوە، ١٣ زیندانیی سیاسیی سەر بە گرووپە نەیارەکان و ٩١ کەسیش لە کەمینە نەتەوەییەکان بوون. هەمان ڕێکخراو ڕاپۆرتی زیاتر لە ٤٠٠ لەسێدارەدانی دیکەشی پێ گەیشتووە کە هێشتا پشتڕاست نەکراونەتەوە.

لەم ژمارانە گرنگتر ئەو نەخشەیەیە کە لە پشتیانەوەیە. خێرابوونی لەسێدارەدانەکان ڕێک هاوکات لەگەڵ شەپۆلەکانی ناڕەزایەتیدا دەگاتە لووتکە. بۆیە ناتوانرێت ئەو ڕەوتە تەنیا وەک سزادانی قەزایی سەیر بکرێت.

### ئەم ڕەوتە لە سێ ئاستدا پێوەرە نێودەوڵەتییەکان پێشێل دەکات:

**– دادگاییکردنی نادادپەروەرانە:** لە دۆسیە ئەمنییەکاندا تۆمەتباران لە پارێزەری دڵخوازی خۆیان بێبەش دەکرێن و چەندین مانگ لە زیندانی تاکەکەسیدا ڕادەگیرێن. دادگاکانیش پشت بە دانپێدانانێک دەبەستن کە بە فشار و ئەشکەنجە وەرگیراوە. هەموو ئەمانە دژی مادەی چواردەهەمی (١٤یەمی) پەیماننامەکەن.

**– تۆمەتی ناڕوون:** بەپێی بڕگەی دووەمی مادەی شەشەمی پەیماننامەکە، ئەو وڵاتانەی هێشتا سزای لەسێدارەدانیان

هەڵنەوەشاندووەتەوە تەنیا بۆ «قورسترین تاوانەکان» مافی جێبەجێکردنیان هەیە، کە مەبەست لێی کوشتنی بەئەنقەستە. کەچی لە ئێراندا ناونیشانگەلێکی وەک «موحارەبە»، «ئیفساد فی ئەلئەرز» و «بەغی» بە شێوەیەک بەکار دەهێنرێن کە نارەزایەتیی شەقام و بیروباوەڕی سیاسیش دەگرنەوە.

**– تۆقاندن لە ڕێگەی مەرگەوە:** ماشێنی لەسێدارەدان هەم دەستبەسەرکراوە تازەکان دەکاتە ئامانج و هەم ئەو زیندانییانەی کە ساڵانێکە چارەنووسیان ڕوون نییە. ئامانج درێژەدان بە سەپاندنی کەشی پۆلیسی و ترسە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، سەدان کەسی نارەزایەتیدەربڕ، لەوانە زیاتر لە ٧٠ کەس تەنیا لە ئەسفەهان، ئێستا ڕووبەڕووی مەترسیی لەسێدارەدان بوونەتەوە.

## ٢- لەنێوبردنی قەڵغانە مەدەنییەکان

چەرخەی لەسێدارەدان تەنیا کاتێک دەتوانێت درێژە بکێشێت کە کەس نەتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە. هەر بۆیە سەرکوتی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێکە لە هەمان میکانیزم.

پارێزەران و بەرگریکارانی مافی مرۆڤی وەک نەسرین ستوودە ساڵانێکە باجی بەرگریکردن لە زیندانییانی سیاسی دەدەن. پەیامی ئەم هەڵسوکەوتە ڕوونە: هەر کەسێک ببێتە بەربەستێکی یاسایی لە بەردەم لەسێدارەداندا، خۆی دەبێتە ئامانج. مامۆستایان، کرێکاران و خانەنشینانیش کە بۆ سەندیکا و ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ هەوڵیان داوە، ڕووبەڕووی پەروەندەسازیی ئەمنییەتی و زیندانی درێژخایەن بوونەتەوە. ئەم ڕێکخراوانە لەو دەزگایانەن کە دەتوانن دەنگی بنەماڵەی زیندانییان بگەیەنن.

دۆخی زیندانەکانیش ئەڵقەیەکی دیکەی هەمان زنجیرەیە. قەرەباڵغی، ناتەندروستیی ژینگەی زیندان و بێبەشکردنی ئەنقەستی زیندانییان لە چارەسەری پزیشکی، نموونەی ڕەفتاری درندانە و پرسووکایەتین. ئەم ڕەفتارانە بە ئاشکرا دژی «ڕێساکانی نێلسۆن ماندێلا»ی نەتەوە یەکگرتووەکانن، کە لانیکەمی پێوەرەکانی ڕەفتار لەگەڵ زیندانییان دیاری دەکەن.

## ٣- توندوتیژییەک کە سنوور ناناسێت

سیاسەتی لەنێوبردنی جەستەیی تەنیا لەنێو سنوورەکاندا نەماوەتەوە. ئۆردوگا و بنکەکانی حیزبە نەیارە کوردییەکان و



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان چەندین جار کراونەتە ئامانجی هێرشی مووشەکی و درۆنی. لەم هێرشانەدا کەسانێکی وەک نەدا میری، سەمیرا ئەڵلایاری، شاهین ئازەربەرزین و غەزاڵە مەولایی شەهید بوون و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون.

**ئەم هێرشانە لە چەند ڕووەوە پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتین:**

– **یەکەم:** سەروەریی خاکی وڵاتی دراوسێ پێشێل دەکەن و لەگەڵ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناکۆکن.

– **دووەم:** ئەو کەسانە دەکەنە ئامانج کە لە چەوساندنەوەی سیاسی هەڵاتوون و بەپێی کۆنڤانسیۆنی ١٩٥١ لە پاراستنی نێودەوڵەتی بەهرەمەندن.

– **سێیەم:** پرەنسیپی جیاکاری لەنێوان کەسانی سەربازی و سڤیلدا پشتگوێ دەخەن، چونکە ماڵ و شوێنی ژیانی بنەماڵەکان دەکەنە ئامانج. ئەم توندوتیژییە سنووربەزێنە درێژەی لۆژیکیی هەمان سیاسەتی نێوخۆییە: نەیار، چ لە زیندان بێت و چ لە دوورەوڵات، دەبێت لەنێو ببرێت.

## ٤- چی دەکرێت بکرێت؟

**ڕاگرتنی ماشێنی لەسێدارەدان بەبێ فشاری نێودەوڵەتیی هاوئاهەنگ و بەردەوام مومکین نییە. سێ ڕێگا گرنگیی تایبەتیان هەیە:**

**١- میکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:** ڕاپۆرتەکانی ڕاپۆرتێری تایبەتیی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و دۆزینەوەکانی شاندی سەربەخۆی دۆزینەوەی ڕاستییەکان دەبێت ببنە پشتیوانیی دادخوازی. ڕاپۆرتی سێبەر بۆ کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤیش دەتوانێت ڕووداوەکانی زەوتکردنی خۆسەرانەی ژیان بەڵگەدار بکات. ئەم بەڵگەدارکردنە بناغەی لێپرسینەوەی داهاتووە.

**٢- هاوپشتی و هاوپێوەندیی سەندیکایی:** سەندیکا کرێکارییەکان، فیدراسیۆنە جیهانییەکانی مامۆستایان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەتوانن پەرلەمان و دەوڵەتەکان بخەنە ژێر فشارەوە. ئامانج ئەوەیە پەیوەندیی دیپلۆماسی و ئابووری لەگەڵ

ڕەزبەری ٢٧٢٦

ئێران بە ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤەوە ببەسترێتەوە.

٣- بەهێزکردنی کەمپەینی «نا بۆ لەسێدارەدان»: مانگرتن لە خواردن و پەیام و چالاکییەکانی زیندانییانی سیاسی، بەرەیەکی ئەخلاقیی گرنگیان لەنێو زیندانەکاندا کردووەتەوە. ئەم بەرەیە بۆ مانەوەی پێویستی بە دەنگدانەوەی بەردەوامی میدیایی و هاوپێوەندی لەگەڵ بنەماڵە دادخوازەکان هەیە.

## دەرئەنجام

١٠ی ئۆکتۆبر تەنیا بۆنەیەکی ئاسایی نییە؛ ئەم ڕۆژە بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش لە بەرامبەر ستەمکاریی سزادانمان وەبیر دێنێتەوە. لە ئێران، خەبات دژی لەسێدارەدان لە خەبات بۆ سەروەریی یاسا، دادگایی دادپەروەرانە و مافی هاووڵاتیبوون و مافی نەتەوەکان جیا نییە. ڕاگرتنی ماشێنی لەسێدارەدان و لێپرسینەوە لە پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ یەکەم هەنگاوە بۆ شکاندنی چەرخەی توندوتیژی. بێ ئەو هەنگاوە، بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دامەزراو لەسەر بناغەی پاراستنی شکۆی مرۆڤ مومکین نابێت.

١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# نیشتمانپەروەری وەک ڕێباز





**عەلی فەتحی**

دڵپێوەبوون یا دڵبەندی، پێویستییەکی ڕەوانی و عاتفییە. مرۆڤ بە هەبوونی ئەو سۆزە، هەست دەکا لەلایەن کۆمەڵگە، خێزان و دەوروبەرەوە وەرگیراوە و بووەتە ئەندامێکی بەنرخ. بابەتێکە پتر لە ئاشنابوون و ناسینی دەوروبەر، چونکە قبووڵکردن و لەیەکتێگەیشتنیشی لەگەڵدایە و بەرەبەرە ڕێگە خۆش دەکا کەسەکە جێگە و پێگەی خۆی بدۆزێتەوە و هەست بە ئاسایش بکات و کەشێکی لەباری لەبەردەمدا هەبێ بۆ ناسین و دروستکردنی پەیوەندیی قووڵتر و مانادارتر لەگەڵ خەڵکانی دیکە. بە واتایەک، ئیدی لە گۆشەگیری و تەنیایی و لەدەستدانی متمانەبەخۆبوون بێتە دەر و لەوەبەدوا گرینگی بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بدا و بەشداریی چالاکانەی لەگەڵ کەسان و کۆمەڵگەی هەڵسووڕ و کارا هەبێ و بیرکردنەوە

نەرێنییەکان لە خۆی دوور بخاتەوە.

یەکەم ژینگە کە مرۆڤ لە سەرەتای دەستپێکی ژیانیدا وەکوو دڵبەندێک خووی پێوە دەگرێ، هەناوی دایکیەتی. دواتریش کە لە دایک دەبێ، باوەشی هەمان ئەو دایکەیە. کۆرپە لە هەردوو قۆناخدا هەست دەکا بە هەبوونی ئەو نیشتمانە بچووکە، دەتوانێ بژی و وەکوو خۆی نرخێکی هەبێ و هەست بە ئارامی و ئاسایش بکا. ئەو هەستەی دڵبەندی ڕەنگە لە سەرەتادا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن و گەشەی جەستەیی و ڕووحی، پانتایی بیرکردنەوە و دڵپێوەبوونیش بەربەرینتر دەبێ. لەخۆڕا نییە کە یەک لە زاناکان دەڵێ: یەکەمین نیشتمانی مرۆڤ باوەشی دایکیەتی و هەر لەوێشەوە مرۆڤ فێر دەبێ دواتر نیشتمانی پان و بەرینتر وەکوو دایک سەیر بکا.

بە کورتە چاوخشاندنێک بە ئەدەبیات و کولتوور و زمانەکانی جیهاندا، دەبینین کە لە زۆربەیاندا دایک و نیشتمان دوو چەمکی تەواو لێکگرێدراون. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەردوو چەمکەکە ئاخێزگە و سەرچاوەی ئەمنییەت، ژیان و خۆشەویستیی بێمەرجن بۆ مرۆڤ. لە زۆربەی زمانەکاندا وێژەگەلی وەک زمانی دایکی، نیشتمانی دایک و باوەشی نیشتمان دەخوێنینەوە و ئەگەر وەکوو «وطن»ی عەرەبی یا فارسیش بنووسرێ، دیسان بەراورد کراوە بە دایکێک کە منداڵەکان لە هەناوی ئەودا لەدایکبوونە و هەر ئەویش پەروەردەی کردوون.

چەمکی نیشتمان، نیشتمانی دایک یا سەرزەمینی دایکی یا وەتەن لە باری مێژووییەوە وەکوو نووسراو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پازدە. لە فەرهەنگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆرددا هاتووە کە فەڕەنسوویەکان یەکەمجار ساڵی ١٤٨٣ی زایینی «مەوتەنی دایک یا نیشتمانی دایک»یان دەکار کردووە. هەر لەو فەرهەنگەدا باس دەکرێ کە سکاتلەندییەکانیش سەدەی شازدە لە نووسراوێکدا گوتوویانە: «من چیتر تەحەمولی تۆ ناکەم وەختێک بەپێچەوانەی یاساکانی نیشتمانی دایک خزمەت بە شازادەیەکی بێگانە دەکەیت». جیا لە فەڕەنسەوی و سکاتلەندییەکان، یوونانییەکانیش بەردەوام لە نووسینەکانیاندا کەڵکیان لەو وێژانە وەرگرتووە. هەڵبەت ئینسان بە خوێندنەوەی دەقە کۆنەکانی یوونانی و مێژووی دواتریش، پتر تێ دەگا کە ڕەوتی گەشەی ئەو چەمکانە چۆن بووە. وەک دەزانین یوونانییەکانی سەردەمی چەندخودایی، خاوەن وڵاتێکی یەکپارچە نەبوونە و ئیدەی سیاسی و فەرهەنگی (ئێلێنیسم/ هێلێنیسم) باو نەبووە و دەسەڵاتدارییەتیی ئەوان بە شێوەی دەوڵەتشار بەڕێوە چووە. لەو نێوەدا هەر شارێک خاوەن پاشا و فەرمانڕەوایی خۆی بووە و دواجاریش کۆمەڵە شارێکی تەبا و ڕەبا پێکەوە بەرەیەکیان دامەزراندووە، بۆ وێنە بەرەی ئاتێنییەکان یا لاکێدێمۆنییەکان (سپارتییەکان). سەرەڕای نەبوونی وڵاتێکی یەکپارچە، دانیشتووانی هەر شارێک، وەک نیشتمانپەروەرێک سەیری مەوتەنی لەدایکبوونی کردووە و خۆی بە ئەرکدار زانیوە لە پێناو بەرژەوەندیی زێدەکەیدا تێبکۆشێ و بیپارێزێ. تەنانەت، جیا لە دابەشبوونی مرۆڤە یوونانییەکان بەسەر

دەوڵەتشارەکاندا، خوداکانیشیان دابەش بوونە. خوداژنەکان ئاتینا و ئیرا پارێزەری ئاتێنی و ئاخاییەکان بوون و خوداوەند ئاپۆلۆناس و ئاریس و خوداژن ئەفرۆدیت چاویان بەسەر تروواییییەکانەوە هەبوو. ئاتێنییەکان ئەوەندە شارەکەی خۆیان خۆش ویستووە، کە ئامادە نەبوونە بە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە بگۆڕنەوە و تەنانەت خەڵکانی خاوەن ڕەگەزی یوونانی نیشتەجێی دوورگە و شوێنەکانی دیکەیان وەکوو دانیشتوویەک لە ئاتێن کە خاوەن مافی شارۆمەندی بێ، بێ دڵنیابوون لەوەی کە لە پێناو ئاتێندا ئامادەیە گیان بەخت بکا، وەرنەگرتووە.

هەموومان کەموزۆر بەسەرهاتی دەرکرانی حەزرەتی مووسا و شوێنکەوتووانی ئەومان بیستووە. ئەو بەسەرهاتە ئەگەر چیرۆکی ئەفسانەیی بێ یا قەومانێکی ڕاستەقینە، پێمان دەڵێ کە فاکتەرێکی نوێ تێکەڵ بە بنەماکانی یەکگرتوویی نەتەوەیی بووە و ئەویش دینە. کۆچی پێغەمبەر موسا و بەنی ئیسرائیل لە میسر ڕووداوێکی گەورەیە لە مێژووی ئایینەکانی ئیبراهیمدا، چونکە موسا گەلەکەی لە چنگی فیرعەون و ستەمی میسرییەکان ڕزگار دەکا. دواتریش، وەختێک مەسیحییەت دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد، ئایین ڕۆڵی گرینگتری گێڕا و زۆر لە نەتەوەکانی ئەو سەردەم ئەو دیاردە نوێیەیان بۆ یەکگرتوویی خۆیان و ئامانجە نیشتمانییەکانیان قۆستەوە. بەجۆرێک کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئایین و نیشتمانپەروەریدا ساز بوو و تا ئێستاش بەردەوامە. وەختێک یەهوودییەت لە کزی دا و مەسیحییەت جێی گرتەوە، یوونانییەکان خێرا دەرفەتەکەیان قۆستەوە و ئەویشیان کردە یەک لە کۆڵەکە پتەوەکان بۆ ئامانجگەلی نیشتمانی و بەکردەوە لەگەڵ هەستی نیشتمانپەروەری ئاوێتەیان کرد. مەسیحییەتی تازە جێکەوتوو قەوارەی ئەو هێلێنیزمەی بەهێز کرد کە پێشتر دامەزرابوو و تەنانەت لە سەردەمی ئەسکەندەردا گەیشتبووە تەواوی وڵاتانی داگیرکراو. بە واتایەک، ڕەوتێک سەری هەڵدا و ئامانجی ئەویش سەرەتا بوو بە «بەیوونانیکردنی» هەموو ئەو خاکەی یوونانییەکان خستبوویانە ژێر دەسەڵاتیان. لە سەردەمی ژێردەستەییشیاندا بە ئەزموونی دەیان سەدە کەڵکوەرگرتن لەو مەکتەبە فیکرییە، لە بەرامبەر هێرشی تورکە ئیسلامییەکان و داگیرکەرانی تردا خۆیان پاراست.

ئاڵوگۆڕەکانی دوای سەرهەڵدانی سیستەمی یەکخودایی یا باشترە بڵێین تاکڕێبازی، پێمان دەڵێ کە زۆرجار ئایین لە ڕێگەی میکانیزمە کۆمەڵایەتی و دەروونییە جۆراوجۆرەکانەوە خزمەتێکی بەرچاوی بە نیشتمانپەروەریی میللەتان کردووە. وێنەی زەقی سەردەمی نوێتر، دەرکەوتنی ئیسلام لای عەرەبەکان، مەسیحییەتی ئۆرتۆدۆکسی رووس و یوونانی و کاتۆلیکیی لیهستانییە. عەرەب بەهۆی داگیرکارییەکانی خەلیفەکانی ڕاشیدین، ئەمەوی و عەباسی توانی ببێتە هۆی گۆڕانکاریی سیاسی، ئایینی و کولتووری بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و بەشێک لە ئورووپا و ئاسیای نێوەڕاست. ئەوکات گرینگترین دەرئەنجامی ئەو داگیرکارییانە ئەوە بوو کە جیا لە بەربەرینکردنی خاکی دەوڵەتی ئیسلامی و تەعریبی خاکی زۆربەی گەلان، ئایینی ئیسلامییان بە زەبری شمشێر داسەپاند و بەفەرمییان کرد. لەو نێوەدا زمانی عەرەبیش ئەگەر

وەک زمانی یەکەم دانەسەپابێ، وەکوو زمانی دووەم چەسپێندرا. هاوکات، لە زۆربەی شوێنەکاندا کولتوورێک دروست بوو کە تێکەڵەیەک بوو لە فەرهەنگ و مەعریفە و هونەری گەلانی ناوچەکە لەگەڵ کولتووری عەرەبی. کەوابوو نەتەوەی عەرەب تا ئێرە زۆر وریایانە توانی سەرەڕای خۆپارێزی، خاوەن دەسەڵاتێکی بێدەنگ لە ناوچەکەشدا بێ. فارسەکان ڕێگای خۆڕێکخستن لەگەڵ دۆخی نوێیان گرتەبەر و بەرەبەرە ئەزموونی تێکەڵکردنی ئایین و کولتووریان ڕەچاو کرد و بابەتێکی نوێیان خوڵقاند کە لە بەرژەوەندیی مانەوەیاندا بێ و وەک فاکتەرێکی خاوەن دەسەڵات سەیر بکرێن. ئەوان هاوشێوەی یوونانییەکان کە پێشتر گوتمان بە هێلێنیزم خۆیان پاراست، بە جۆرێکی تر ئەو ڕێگەیەیان تاقیکردەوە، بە شیعیزم. فارسەکان دوای ئەو ئاڵوگۆڕە، هەر بەوەندە نەوەستان و بە زیادکردنی ڕێسایەک کە ناسراوە بە تەقیە و بووەتە بنەمای پتەوی باوەڕیان، زۆر ئاسان بەرژەوەندییەکانیان پاراست و لەگەڵ هەموو دۆخە لەبار و نالەبارەکاندا خۆیان گونجاند. تورکەکان، بۆ ئەوەی بەسەر گشت مەکتەبە فیکرییەکانی دەوروبەریاندا زاڵ بن، بێبەزەیی و دڕندەخوویی کە هەمیشە وەکوو سیفەتێکی نیشتمانی لایان گرینگ بوو و وەک بەهێزترین ئامراز بۆ دامرکاندنی هەستی داگیرکاری دەکاریان دەکرد، لە جێوە تێکەڵ بە هەستی پەلاماردەری ئیسلامییان کرد و بە ناوی شەڕ بۆ ئەڵڵا دژی فارس و یوونانی و زۆربەی گەلانی دەوروبەر چوونە دە مەتەرێز. جوولەکەکان، ئەوانیش بە کەڵکوەرگرتن لە باوەڕەکانی ئایینی یەهوودی، بە دامەزراندنی سەهیۆنیزم لە سەدەی نۆزدەدا، جیا لە هەوڵدان بۆ خۆپارێزی، کەوتنە بیری دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆش لە دواڕۆژدا. ئەوان مافی خۆیان بوو بە ئامانجی ڕاگرتن و پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی، خزمەت بە ئایینەکەیان بکەن و بە پتەوی بیهێڵنەوە. پەرتەوازەبوونیان دوای دەرکرانیان لە خاکەکەیان، بە درێژایی مێژوو چەوسانەوەی بۆ ئەوان بە دیاری هێنابوو و نموونەی زەقیش مێژووی سەردەمە، بەتایبەت کوژرانی بە میلیۆنیان بەدەست ئاڵمانییەکان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا.

دراوسێییەکانمان و میللەتانی دوور لە ئێمەی کورد، وەک دەبینین ئەوە ڕەوتی خۆپارێزییان بووە. بە واتایەک هەموو هەوڵیان داوە نیشتمانپەروەری لای خۆیان بکەن بە باوەڕێکی قووڵ و گشت یاسا و ڕێسا و ئایین و کولتوورەکان بخەنە خزمەت پتەوکردنی ئەو هەستە. بۆ شاعیرێکی یوونانی، نووسەرێکی لێهستانی، سوارەیەکی تورک، فەرمانەدەیەکی فەڕەنسەوی، سیخوڕێکی یەهوودی، کاربەدەستێکی ئینگلیزی، مەلایەکی عەرەب، مورتازێکی هیندی و میرزایەکی فارس، بەر لە هەر شتێک بیرکردنەوە لە مەوتەنەکەی لە هەموو شتێک گرینگتر بووە و ئامادە نەبووە بەرژەوەندیی خاکەکەی وەپاش بابەتگەلی لاوەکی بخات. چونکە لای ئەو نیشتمانپەروەری کەموزۆر بووەتە باوەڕێکی قووڵ و لە هەمان کاتدا پیرۆزتر لە پیرۆزییەکانی تر. بەڵام مەخابن، ئەگەر ئایین بۆ زۆر لەو میللەتانە بووەتە یەک لە کۆڵەکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، بۆ ئێمەی کورد خێرێکی نەبووە و بەپێچەوانەوە زیانیشی پێمان گەیاندووە. هێرشەکانی عەرەب تا سەردەمی ئەنفال و داعش بۆ سەر کوردستان مێژوویەکی دووردرێژی نووسراوە و نکۆڵی لێ ناکرێ.

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

هەر وەک دیتمان هەرکام لەو گەلانە بە نۆرەی خۆیان بیریان لە بنیاتنانی قەڵغانێک بۆ خۆپاراستن و پتەوکردنی پەیوەندیی نەتەوەیی کردووەتەوە، بەڵام کورد چی؟ داخوا ئەویش لە فکری بۆرەچارەسەرێکدا بووە یان نا؟ با بەر لە وەڵامدانەوە بە پرسیارەکە، سەیری دیمەنێک بکەین. ماوەیەک لەوە پێش دیتم لە مزگەوتی ئاواییەکدا، مەلایەکی گەنج بەوپەڕی حەماسەتەوە وتاری دەدا. خەڵکی ئاوایی دانیشتبوون و گوێیان هەڵخستبوو. جەنابی سەرکردەی هێزێکی خاوەن مێژوویەکی چەندین ساڵە، ئەویش لە بەردەم مەلا دانیشتبوو. مەلا باسی دۆخی نالەباری ئەمنیی ناوچەکەی دەکرد و نیگەرانی ئەوە بوو دوای جێهێشتنی هێزی هاوپەیمانان و ڕۆیشتنیان لە عێراق و هەرێم، ڕەنگە کوردستانەکەمان دیسان بکەوێتەوە بەر شاڵاوی ڕەشەکوژی. ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، مەلا لەبەر خەڵکەکە دەپاڕاوە کە دینەکەیان بەلایانەوە لە هەموو بابەتێکی تر پیرۆزتر بێ و هەوڵی پاراستنی بدەن و دوعای دەکرد و لە خودا دەپاڕاوە ئەو خاکە بپارێزێ بۆ ئەوەی خەڵک لە ئاسایشدا فەریزە و ئەرکە ئایینییەکانیان بەجێ بگەیەنن. بە واتایەک، مەلای موسوڵمان لە بیلادی ئیسلامی نیگەرانی ئەوە بوو کە عەرەبی موسوڵمان، ئەوەی دینەکەی بەسەردا سەپاندووە، هێرش نەکاتە سەر ئاواییەکەی ئەو. مەلا نزای دەکرد خوا یارمەتییان بدا جەنابیان لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکە و خەڵکە موسوڵمانکراوەکە بێ ترس نوێژی بەجەماعەتی خۆیان بکەن. واتە ترسی نەبوونی ئارامی و تێکچوونی دۆخەکە بەدەست هەمان عەرەبی موسوڵمان، دەغدەغە و خەمی مەلا بوو. ئا لێرەدا بەو نموونەیە و بە پرسیارێک کە ئاخۆ نیشتمان لای ئێمە گرینگترە یا دین و ئایدیۆلۆژییە هاوردەکان، گەرەکمە بڵێم مادام نەمبینی نە جەنابی سەرکردە و نە خەڵکی ئاسایی لە هەمبەر قسەکانی مەلادا هیچ بڵێن، کەوابوو ئاساییە بەو قەناعەتە بگەم نیشتمانپەروەری هێشتا نەبووەتە باوەڕ. نموونەی زەقتریش، سەرنجی خوێنەری بەڕێز ڕادەکێشم بۆ ئاڵوگۆڕەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و هەروەها ڕاپەڕینی باکووری کوردستان لە سی چل ساڵی دواییدا. لەوەی یەکەمدا دیتمان گەنجی خوێندەواری کورد چۆن خۆی و نیشتمانەکەی فیدای دروشم و ئایدیا هاوردەکان کرد و لە باکووریش بە هەمان شێوە جووڵانەوەیەکی مافخوازی بوو بە قوربانیی حەز و خولیا دەرەکییەکان.

**وەختێک مرۆڤ سەرکردەی پشتسەری مەلای ئاوایی و ڕووخانی ئەزموونی ڕۆژاوا و خەیاڵە سوور و ڕەشەکانی گەنجانی سەردەمی نوێی ڕۆژهەڵات و کۆتایی خەونێکی سەدان ساڵەی باکوور بە چاوی خۆی دەبینێ، قەناعەتی لا دروست دەبێ کە ئەگەر خۆمان ئایینی نیشتمانیمان نەخولقاند، لاسایی خەڵکانی دیکەشمان نەکردەوە، چونکە لەخۆڕازیبوونێکی قەڵب سەرتاپای تاکتاکی ئێمەی تەنیوە و ڕێگای ئەویشی لێ گرتووین. ئەگەرنا ئێمەش تا ئەمڕۆ ڕێگایەکمان بۆ دەربازبوون دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی لەو قەیرانەی ژێردەستەیی ڕزگاریمان بێ.**

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

## پاشەکشەی ئیدئۆلۆژیک





**ئاسۆ مینبەری**

پێناسەی ژن لای کۆماری ئیسلامی، بە بەردەوامی ڕەنگدانەوەی ئیدئۆلۆژیی زاڵ و کلێشە ڕەگەزییە باوەکان بووە. لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا، ئەم ڕێژیمە هەوڵی داوە کە پێناسەی ژن بە کۆمەڵێک ڕۆڵی نەریتی و خێزانییەوە ببەستێتەوە و هەر چەشنە بەشدارییەکی کارای ژن لە گۆڕەپانی سیاسی و نیزامیدا بەگشتی و، ئەکتی سەربەخۆی ژن بەتایبەت لە چوارچێوەی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆندا، بە ئاکارێکی «دژەژن» یان «دژەباو» و زۆر

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

جاریش «دوور لە سروشتی ژن» یان «پیاوانە» ناو ببات. بۆ ئەم مەبەستە دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی خوێندنگەکانیش ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە؛ بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە پاشەکشە بە ویست و داخواز و لە هەمووی گرینگتر، شێوازی بیرکردنەوەی ئازادانەی ژنان بکەن.

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵە کە بە هەزاران دۆلار پارەشی بۆ خەرج کراوە، ئەمڕۆ دەبینین کە بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک چالاکی و گەلاڵەی وەک «جان فدا» و بانگەوازی گشتی بۆ سازماندانی ژنان لە چوارچێوەی یەکە نیزامی، دەرمانی و لۆجێستیکییەکاندا، پەردەی لەسەر دووفاقییەکی زەق و ئاشکرا و، لە هەمان کاتدا پاشەکشەی ڕێژیم لە بەهاکانی خۆی، لاداوە!

دەسەڵاتێک کە ٤٨ ساڵە هەوڵی پەراوێزخستنی ژنان دەدات و سەرکوتیان دەکات، ئێستا لەوپەڕی دۆشداماویدا، پەنای هێناوەتە بەر هەمان ئەو کەسانەی کە وەک مرۆڤی پلە چەندیش بەهەند وەرینەگرتبوون. ئەمە ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێت کە ڕێژیم لە بێدەرەتانییەکی قووڵدایە؛ ئەگەرنا چی دەتوانێ ببێتە پاڵنەر کە دەسەڵاتێک ئەمڕۆ بەم شێوەیە ستایشی توانا و لێهاتوویی ئەو ژنانە بکات کە ڕۆژانێک بە «زەعیفە» ناوی دەبردن؟!

لە ماوەی ڕابردوودا، ناوەندە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی گەلاڵەیەکیان بە ناوی گەلاڵەی «جان فدا» خستە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم گەلاڵەیە کە لەلایەن ناوەندە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە دەستی بە کار کردووە، ئامانجەکەی ئەوەیە کە هێزی کۆمەڵایەتی، بەرگری و دەرمانیی ڕێژیم لە دۆخە قەیراناوییەکاندا ڕێک بخات. ئەم گەلاڵەیە دوو لایەنی سەرەکیی هەیە: یەکەم، لایەنی نیزامی و مەدەنی کە بریتییە لە ڕاکێشانی هێزی خۆبەخش لە چوارچێوەی «گوردانی بەرگریی میلیی جان فدا» لەسەر بنەمای فێرکاریی ڕەزمی، بەرگری و ئەمنییەتی و لە کۆتاییشدا بەرەورووکردنەوەی خەڵک لەگەڵ خەڵکدا؛ لایەنەکەی دیکەش لایەنی لۆجستیکی و دەرمانییە کە بریتییە لە پێکهێنانی دەیان هەزار یەکەی ناوچەیی بۆ فریاگوزاری و ڕزگارکردن کە بە هاوکاریی مانگی سوور بەڕێوە دەچێت.

خاڵی سەرنجڕاکێش لەم گەلاڵەیەدا بەشداریی بەرچاوی ژنان و کەڵکوەرگرتن لە ژنانە وەک کاڵای تەبلیغاتی لە ڕیزی یەکەمی تۆمارکردنی ناو و ڕێکخستنەکەیدا. ڕێژیم بە فەرمی داوا لە ژنان دەکات کە لە چوارچێوەی ئەم گەلاڵەیەدا، فێری بەرگری ببن و وەک قەڵغانێکی پشتیوان، لە شەقام و گەڕەکەکاندا ڕۆڵ بگێڕن.

ئەوەی کە ژنان لە گۆڕەپانی لەم چەشنەدا خۆیان ببیننەوە و ڕۆڵ لە ئەستۆ بگرن، لە خودی خۆیدا نە خراپە و نە

نائاسایی؛ بەڵام کاتێک دەسەڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی باسی لێوە دەکات، جێگەی تێڕامانە!

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، سیاسەتی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی خۆی لەسەر بنەمای بندەستکردنی ژنان دامەزراندووە. لەم پرۆسە درێژخایەنە ئیدئۆلۆژیکەشدا، ژنان لە گۆڕەپانی بڕیاردانـدا سـڕدراونەتەوە و دەستڕاگەیشتنیان بە بەرپرسایەتیی باڵای سیاسی، دادوەری و تەنانەت بڕیاردانیش لێیان زەوت کراوە و یاساکانی ئەو وڵاتەش لەسەر بنەمای نایەکسانیی مافی ژنان و پیاوان داڕێژراون.

دەزگا و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمیش بەردەوام هەوڵیان داوە تاکوو بەشداریی ژنان لە گرووپە خەباتکارەکان وەک کردەوەیەکی پێکهاتەشکێن وێنا بکەن؛ بە جۆرێک هەر ژنێک هەنگاوی خستە نێو ئەو ڕێگەیەوە، کارەکەی وەک لادانێکی قورسی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدرێت؛ چونکە لە ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیی زاڵەوە، ژن نابێ خاوەنی ئیرادە، سەربەخۆیی و هێز بێت!

گرینگترین خاڵی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لە شۆڕشی ژینادا بینرا. کاتێک ژنانی کوردستان و ئێران بۆ وەرگرتنەوەی شوناس و مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان هاتنە سەر شەقام، وەڵامی دەسەڵات نەک بیستنی داخوازییەکان، بەڵکوو توندترین جۆری سەرکوتکاری، دەستبەسەرکردنی بەربڵاو، تەقەکردن لە چاو و ئەستاندنی گیانیان بوو.

بەراوردێکی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ ژنان لە دۆخی ئاسایی و دۆخی قەیراناوی، دووفاقیی ئیدئۆلۆژیکی ئەم دەسەڵاتە بە ئاسانی دەردەخات.

ئەم بانگەوازە لە یەکەم هەنگاودا، دانپێدانانی ڕێژیمە بە هێزی ژنان؛ ڕێژیم تێگەیشتووە کە ژنان دەتوانن هێزێکی پێشەنگ بن لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێراندا. لەم ڕووەوە لە ڕێگەی گەڵاڵەیەکی وەک «جان فدا»وە دەیەوێ هێز و توانایان بخاتە خزمەت ئیدئۆلۆژی و خواستەکانی خۆیەوە تاکوو ئامانجی خۆی واتە «مانەوە» بپێکێ.

لە لایەکی دیکەوە، پارادۆکسێکی ئاشکرای ئەمنییەتی دەبینرێ. لە کاتێکدا کە ژنانی کوردستان و ئێران بۆ ئازادی و یەکسانی خەبات دەکەن یان بۆ بەرگری لە خۆیان چەک هەڵدەگرن، ئەکتەکەیان لەلایەن ڕێژیمەوە وەک «تاوان» یان «کردەوەی دژەژن» و «چوونەدەر لە ڕۆڵی نەریتی» پێناسە دەکرێت؛ بەڵام کاتێک کە ڕێژیم دەکەوێتە مەترسیی ڕووخانەوە، هەمان کردەوەی بەرگریکارانە و ئامادەبوونی ژنان لە سەر شەقام، وەک «گیانفیدایی» و «جیهادی پیرۆز»

ڕەزبەری ٢٧٢٦

ناودێر دەکرێت!

ئەم ڕەفتارە دووفاقییە دەیسەلمێنێ کە سەرچاوەی کلێشە ڕەگەزییەکانی ڕێژیم، باوەڕمەندبوون بە ئاکار یان ئایینێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکوو پرسێکی هاوئاهەنگە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ڕێژیمدا.

گەلاڵەی «جان فەدا» لە ڕاستیدا نەک نیشانەیەک لە هێزی ڕێژیم، بەڵکوو بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لە شکستی ئیدئۆلۆژییەکی ٤٨ ساڵە کە لەژێر سێبەریدا، سیاسەتی «سڕینەوەی ژن» و بەرجەستەکردنی کلێشە ڕەگەزییەکان پەیڕەو دەکرا. دەسەڵاتێک کە ساڵانێکی زۆر هەوڵی ئەوە بوو ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز، بێئیرادە و دەستەوەستان پێناسە بکات، ئەمڕۆ پەنای هێناوەتە بەر ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە کە هێزی ڕاستەقینە لە دەستی ژناندایە.

ژنانی کوردستان و ئێران لە ڕێگەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ئیدئۆلۆژییەدا، تێچوویەکی زۆریان داوە و ئەزموونی سەرکوتی خوێناویی شۆڕشی ژینا و نارەزایەتییەکانی بەفرانباریان هەیە؛ ئەمەش وا دەکات کە لە بەرانبەر ئەم پیلانە قیزەونەی ڕێژیمدا، وشیارانە هەڵسوکەوت بکەن. ئەوان باش دەزانن دەسەڵاتێک کە مافی ژیان و ئازادیی لە ژنان زەوت کردووە، قەت ناتوانێ پەناگە و بەرگریکاری مافەکانیان بێت. ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕێژیم دەستەوداوێنی ژنان بووە، تەنیا دەچێتە چوارچێوەی دوایین هەوڵەکانی سیستەمێکی ڕوو لە ڕووخانەوە کە نایەوێ هەقیقەتی کۆمەڵگە ببینێ!

١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# سیاسەت بە وشەکانەوە دەست پێدەکات





ئازاد مستۆفی

لە ململانێ سیاسییەکاندا، وشەکان تەنیا ئامرازێک نین بۆ وەسفکردن، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا، خۆیان گۆڕەپانی ململانێکانن. خەباتی سیاسی تەنیا ململانێی دەسەڵات نییە، ململانێیە بۆ پێناسەکردنی چەمکەکانیش. هەموو پێکهاتەیەکی سیاسی هەوڵ دەدات بە زمانی فەرمی و یاسایی و گشتی، شرۆڤەی واقیعی خۆی بکات؛ بۆیە تێرمینۆلۆژیی سیاسی بەشێکە

لە ژێرخانی فیکریی خەباتی سیاسی. وشیاری لە تێرمینۆلۆژیی سیاسی نابێت بە بابەتی دیکۆراتی لە زانستی وێژەییدا هەژمار بکرێت. لە دیالۆگ، ناکۆکی و دانوستانە سیاسییەکان، هەڵبژاردنەکان، دارشتنی دەستوور، ڕێککەوتنە ئینتقالییەکان و گرێبەستە سیاسی و مەدەنییەکاندا، وشەکان کۆمەڵێک ماف و پابەندبوون و دەسەڵات هەڵدەگرن. وشەیەک دەتوانێت داواکارییەک سنووردار بکات بۆ ئاستی مافی تاک یان بەرزی بکاتەوە بۆ ئاستی مافی بەکۆمەڵ، دەتوانێت ئاماژە بە پرسێکی ئیداری یان سیاسی بکات، هەروەها دەتوانێت کۆمەڵگەیەک بە سادەیی وەک کۆمەڵێک هاووڵاتی یان وەک یەکەیەکی بەکۆمەڵ کە شوناس و داواکاریی سیاسیی هەبێت، پێناسە بکات.

بۆیە یەکێک لە پێشمەرجەکانی دیالۆگێکی جیدی سەبارەت بە داهاتووی نەتەوەکان لە ئێراندا، نەهێشتنی جیاوازیی چەمکەکان نییە، بەڵکوو دیالۆگ و شەفافییەتە. دیالۆگێک کە تێیدا لایەنەکان بە وردی لەوە تێبگەن کە چەمکەکانی وەک نەتەوە، کۆمەڵگە، قەوم، کەمینەی ئایینی، مافی چارەی خۆنووسین، خەڵق، خەڵک، خۆبەڕێوەبەری، فیدراڵیزم، لامەرکەزییەت، یەکپارچەیی خاکی، سەربەخۆیی، جیابوونەوە، هاووڵاتیبوون و هتد هەریەکەیان پاشخانێکی مێژوویی دیاریکراو و بارگرانیی یاسایی و لێکەوتەی سیاسییان هەیە. کاتێک لایەنەکان تێدەگەن کە ئەم چەمکانە مانایان چییە، ئەگەری ئەوە زۆر زیاترە کە بگەنە ڕێککەوتنی ڕوون و پێوانەکراو. لە چوارچێوەیەکی وەهادا شەڕ لەسەر وشەکان یاری نییە بە وشە، بەڵکوو بەشێکە لە شەڕی پێناسەکردنی سیستەمی سیاسیی داهاتوو. هەڵبژاردنی وشەیەک لەبری وشەیەکی تر دەتوانێت مەودای یاسایی و سیاسیی داواکارییەک فراوانتر یان سنووردار بکات. ئەم پرسە لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا دوو هێندە گرنگە، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە ناکۆکی لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و نەتەوە ستەملێکراوەکاندا لەسەر شوناس و مافە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکاندا هەیە. بێگومان تێگەیشتنێکی ورد لە زاراوەی سیاسی بۆ هەر تاکێک و بزووتنەوەیەکی سیاسی و هەموو کۆمەڵگەیەک کە هەوڵی پێناسەکردنی مافی بەکۆمەڵ بدات، گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە. یەکێک لە هەڵە باوەکانی دیالۆگی سیاسی ئەوەیە کە وشەکان بەتاڵ و بێکەڵک بزانین؛ وەها هەڵسەنگاندنێک هەرگیز بەرگریی لێ ناکرێت. چەمکە سیاسییەکان لە چوارچێوەی مێژوو و دامەزراوەکان و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا خۆ دەگرن و مانای ئەوانیش لەم چوارچێوەیەدا دەگۆڕێت. ململانێی سیاسی تەنیا لەسەر خاوەندارێتیی دەسەڵات نییە، بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کە کێ لە بنەڕەتدا بە «سوبژێکت»ی دەسەڵات دادەنرێت و کێ «ئەکتەر»ی سیاسەتە. کاتێک لە ئەدەبیاتی سیاسەتی فارسیدا دەستەواژەی «قەوم/ئێتنیک/کۆمەڵگە» بەکار دێت، زۆرتر مافی فەرهەنگی، مەدەنی و هاووڵاتیبوون دەگرێتەوە؛ بەڵام کاتێک هەمان خەڵک بە «نەتەوە» دادەنرێت، پرسەکانی وەک نوێنەرایەتیی سیاسیی بەکۆمەڵ، خۆبەڕێوەبەری یا مافی چارەی خۆنووسین، جێگە و پێگەیان لە بەشداریی حوکمڕانیدا گرنگتر دەبن. بێگومان ئەم پەیوەندییە میکانیکی و یەکسانە لە هەموو سیستەمە یاساییەکاندا بوونی نییە و بە تەنیا وشەیەک مافێکی دیاریکراو

دروست ناکات؛ بەڵام زمانی یاسایی و سیاسی دەتوانێت بە شێوەیەکی زۆر، کاریگەریی بخاتە سەر بازنەی ئەو پرسانەی کە دەکرێت بورووژێندرێن و دانوستانیان بۆ بکرێت.

## زمانی سیاسی، ئامرازی دەسەڵاتە

دەسەڵات تەنیا لە پەرلەمان، سوپا، حکوومەت یان قەوارەی ئابووریدا جێبەجێ ناکرێت، بەڵکوو بە زمانیش جێبەجێ دەبێت. کاتێک گوتارێک توانای دامەزراندنی پێناسەی باڵادەستی چەمکێکی هەبێت، لە ڕاستیدا پشکێکی لە دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە. بۆ نموونە ئەگەر ناکۆکییەکی سیاسی هەر لە سەرەتاوە لە ڕووی «پرسی کەمینە» پێناسە بکرێت، پرسیاری سەرەکی لەوانەیە ئەوە بێت کە چۆن مافە کولتووری و مەدەنییەکانی کەمینە دەستەبەر بکرێت؟ بەڵام ئەگەر هەمان ناکۆکی لە ڕووی «مەسەلەی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت» یان «نەتەوەگەلی ستەملێکراوی نێو دەسەڵات»دا پێناسە بکرێت، پرسیارەکان سەبارەت بە پێگەی سیاسیی ئەو نەتەوەیە، بەشداریی بەکۆمەڵ، خۆبەڕێوەبەری و مافی چارەی خۆنووسینیش دەچنە نێو گفتوگۆوە. نابێت ئەم جیاوازییە بەو مانایە تێبگەین کە هەرکەسێک زاراوەیەکی دیاریکراو بەکار بهێنێت، ڕاستی و هەقیقەتیشی لایە، بەڵکوو خاڵی جەوهەری ئەوەیە کە «چوارچێوەی چەمک» لە هەر دەمەقاڵەیەکدا دیاری دەکات کە کام پرسیار بە ڕەوا دادەنرێت و دەتوانرێت لە پلەی یەکەمدا بورووژێنرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەتوانین باس لە جۆرێک لە «ناونانی سیاسەت» بکەین. ناوهێنان بەو مانایە نییە کە وشەکان هەمیشە واقیع دروست دەکەن، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ڕۆڵیان هەیە لە ناسینەوەی یەکەی سیاسی و خاوەن ماف و بابەتی ناکۆکی و مەودای چارەسەرە کاتی و ڕاگوزەرەکان کە بێگومان بە ئەنقەست لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێران و ئەدەبیاتی سیاسیی فارسیدا بەلاڕێدا براوە.

دەتوانرێت تێرمینۆلۆژی بە «سیستەمێک لە چەمک و زاراوەی تایبەتمەند لە بوارێکدا» هەژمار بکرێت. بۆیە تێگەیشتن لە تێرمینۆلۆژیی سیاسی تەنیا لەبیرکردنی مانای چەند وشەیەک نییە، بەڵکوو تێگەیشتنە لە پەیوەندیی نێوان چەمکەکان و مێژووی دروستبوونیان و بەکارهێنانیان لە دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان و دەرئەنجامەکانی هەریەکەیان. بۆ نموونە لامەرکەزییەت وەک خۆبەڕێوەبردن نییە. لامەرکەزییەت ڕەنگە تەنیا گواستنەوەی بەشێک لە دەسەڵاتە ئیدارییەکان بێت لە ناوەندەوە بۆ پارێزگاکان، کە لە ئێستادا لە دابەشکردنە ئیدارییەکانی ڕێژیمی ئێراندا هەیە، لە کاتێکدا خۆبەڕێوەبەری / ئۆتۆنۆمی بەزۆری ئاماژەیە بۆ بوونی یەکەیەکی سیاسی کە دەسەڵاتی گەرەنتی و تا ڕادەیەک سەقامگیری هەبێت. یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی نەتەوە ستەملێکراوەکاندا هاتووەتە ئاراوە، «مافی چارەی خۆنووسین»ە. ئەم چەمکە لە یاسای نێودەوڵەتیشدا جێگەیەکی دیاریکراوی هەیە. لە مادەی یەکەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتووە کە هەموو نەتەوەکان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە و بەهۆی ئەم مافەوە ئازادانە

دەتوانن پێگەی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن و بەدواداچوون بۆ گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان بکەن. بەڵام مەرج نییە ئەم چەمکە هاوواتای «سەربەخۆیی» بێت. ئەو فۆرمەی کە بەدی دێت، دەتوانێت بابەتی ناکۆکیی یاسایی و سیاسی بێت و لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا لە بەشداریی سیاسی و خۆبەڕێوەبەرییەوە دەست پێ بکات تا دەگاتە ڕێکخستنی فیدراڵی و جۆرەکانی تری ڕێکخستنی دەسەڵات. کردنی «مافی چارەی خۆنووسین» بە هاوواتایەکی یەکلاکەرەوە بۆ «جیاخوازی» بازنەی ماناسازییەکەی سنووردار دەکات، هەروەک چۆن کردنی بە هاوواتایەکی یەکلاکەرەوە بۆ «سەربەخۆیی» تێگەیشتن و مۆدێلە ئەگەرییەکانی دیکە بەدەر دەکات و شیکاریی زانستی دەبێت ئەم جیاوازییانە بپارێزێت.

## ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی «ملت»ی فارسی

ئەم بابەتە دەربارەی نەتەوە و قەوم/ئێتنیک/کۆمەڵگەش ڕاستە. لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا Nation بە هەڵە بە «ملت» وەرگێڕدراوە، لە کاتێکدا «ملت» (میللەت) وشەیەکی عەرەبییە بە واتای ئایین و شێواز و میتۆد و هیچ مانایەکی نەژادی و چەمکێکی ڕەگەزی لەخۆ ناگرێت. لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا «قوم/شعب/امة» بە واتای Nation دێت. لە قورئاندا وشەی میللەت ١٧ جار بەکارهاتووە و هەموویان بە مانای «ڕێگەی پێغەمبەران» دێت، وەک لە سوورەتی بەقەرە ئایەتی ١٣٥دا هاتووە: «وقالوا كونوا هودا أو نصارى تهتدوا قل بل ملة إبراهيم حنيفا وما كان من المشركين»، یا لە سوورەتی کەهف ئایەتی ٢٠دا هاتووە: «إنهم إن يظهروا عليكم يرجموكم أو يعيدوكم في ملتهم ولن تفلحوا إذا أبدا»، واتە: «ئەگەر دەستی باڵا بەسەرتدا بەدەستبهێنن، بەردبارانت دەکەن یان بە زۆر دەتخەنەوە نێو ئایینەکەیانەوە، دواتر هەرگیز سەرکەوتوو نابیت». تەنانەت لە شیعری فارسیشدا ملت بە واتای ئایین هاتووە، بۆ نموونە: ساقیا باده صبوح بیار/ دانه دام هر فتوح بیار. قبله ملت مسیح بده/ آفت توبه نصوح بیار، «انوری». هر چه گیرد علتی علت شود/ کفر گیرد کاملی ملت شود، «مولانا جلال الدین بلخی». جنگ هفتاد و دو ملت همه را عذر بنه / که ندیدند حقیقت ره افسانه زدند، «حافظ».

چەمکی «ملت» لە سەردەمی مەشرووتییەتەوە سێبەری خۆی خستووەتە سەر ئەدەبیاتی سیاسی فارسی و لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا بە مۆدێلی فەرەنسی «یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە Nation-State» پێناسە کرایەوە، کە لەسەر بنەمای «شیعەگەرایی، زمانی فارسی، مێژووی یەکگرتوو، و پێکهاتەی سیاسیی ناوەندی» دارێژراوە و ساڵانێکە چەمکی باڵادەستی ناسیۆنالیزمی فەرمییە لە ئێراندا. بەڵام ئەم «هەڵە باوە» لە ڕاستیدا مانای چییە؟ نەتەوە واتە کۆمەڵێک مرۆڤ کە زمان و مێژوو و کولتوور و خاکی هاوبەش و یەک شوناسی بەکۆمەڵیان هەیە. واتە لە ئێراندا کورد، فارس، تورکی ئازەری، عەرەب، گیلەک، بەلووچ و هتد نەتەوەی جیاوازن کە لەم وڵاتە ئێستایەی ئێراندا دەژین. وەرگێڕانی

ڕەزبەری ٢٧٢٦

سەردەمی مەشرووتە کە بە فەرمی هەندێک چەمکیان لە زمان و ئەدەبیاتی سیاسی و یاسایی فەرەنسییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی فارسی، لە زۆر حاڵەتی دیکەشدا گرنگییەکی ئەوتۆیان بە وەرگێڕانی دروستی چەمکەکان نەداوە و ئێستا لای بەردەنگ وایە هەر تاک و گەلێک کە خۆیان بە نەتەوە ناو دەبەن، بە تیۆری دەوڵەت-نەتەوە تەماشا دەکرێن کە ئەمەش بە تەواوی هەڵەیە. ئەگەر سەیری لیستی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین، لە جیهاندا چەندین وڵاتی فرەنەتەوەیی هەن. ناوەندگەراکانی ئێران هەوڵیان داوە چەمکەکانی وەک ئێتنیک، قەوم، مللییەت، خەلق و کۆمەڵگە بخەنە نێو ململانێی سیاسییەوە و بیسەپێنن بەسەر نەتەوە ژێردەستەکاندا؛ بەڵام هیچکام لەو چەمکانە ناسنامەی گەیشتن بە مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی «نەتەوە»یان نییە و تەنیا لە بەڕێوەبردنی مافە مەدەنی و کولتوورییەکاندا سنووردارن.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، لە هەر گرێبەستێکی سیاسی، دەستوور، یان ڕێککەوتنێکی ڕاگوزەردا، جیاوازی نێوان مافی تاک و بەکۆمەڵ، مافی هاووڵاتیبوون و مافی نەتەوەیی زۆر گرنگە؛ و یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ڕۆشنبیری و ڕوونکردنەوەی چەمکە سیاسییەکان پێش ئەوەی وەڵامێک بداتەوە، پرسیارکردنە کە «بە چ شەیەک مەسەلەکە پێناسە دەکەین؟» چونکە زۆرێک لە ناکۆکییە سیاسییەکان لە ڕاستیدا لەوەوە سەرهەڵدەدەن کە لایەنەکان باس لە یەک دیاردە ناکەن بەڵکو دوو سیستەمی چەمکی جیاواز بەکاردەهێنن. «مافی هاووڵاتیبوونی پارێزگا پەراوێزخراوەکان» یان «مافی نەتەوەیی گەلانی چەوساوە»؟ لێرەدایە کە تێگەیشتن لە تێرمینۆلۆژی سیاسی بۆ گوتاری کورد و گەلانی دیکەی غەیریفارس لە ئێراندا گرنگ دەبێت. کۆمەڵگایەک کە نەتوانێت جیاوازی دابنێت لە نێوان چەمکەکانی پێشوودا، ڕەنگە لە دانوستانە سیاسییەکاندا داواکارییەک بورووژێنێت کە لە ڕووی چەمکییەوە دووفاقی تێدا هەبێت و لە ئەنجامدا توانای لێکدانەوەی دژبەیەکی هەبێت. بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان، تەسلیمبوون بە تێرمینۆلۆژی ناوەندگەراکان سەرەتایەکە بۆ شکستهێنان لە حوکمڕانیدا؛ چونکە ئەوەی شەڕی زمان بدۆڕێنێت، پێش دەستپێکردنی گفتوگۆ، یارییەکەی دۆڕاندووە، و لە جیهانی سیاسەتدا بێجگە لە هاوسەنگیی هێز، هەرکەسێک ناو بۆ وشەکان دیاری بکات، سبەی ئەویش یاساکان دەنووسێت.

**لە ململانێ سیاسییەکاندا، وشەکان تەنیا ئامرازێک نین بۆ وەسفکردن، بەڵکوو خۆیان گۆڕەپانی ململانێکانن. خەباتی سیاسی تەنیا ململانێی دەسەڵات نییە، ململانێیە بۆ پێناسەکردنی چەمکەکانیش. شەڕ لەسەر وشەکان یاری نییە بە وشە، بەڵکوو بەشێکە لە شەڕی داڕشتنی سیستەمی سیاسیی داهاتوو؛ هەڵبژاردنی وشەیەک لەبری وشەیەکی تر، دەتوانێت مەودای یاسایی و سیاسیی داواکاریی نەتەوەیەک فراوانتر یان بەرتەسک بکاتەوە.**

٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# لە بانگەشەی سەقامگیرییەوە بۆ پەلەقاژە لەپێناو مانەوەی زیاتردا





**عەلی بداغی**

سەبارەت بە قووڵایی گۆڕانکارییەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا، پرسیارێکی بنەڕەتی ئەوەیە: ئاخۆ کۆماری ئیسلامی وەک ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات حکوومەتێکی سەقامگیرە، یان لە لێواری هەڵدێردایە و پەلەقاژە بۆ مانەوەی زیاتر دەکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێش هەموو شتێک پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان «مانەوەی دەسەڵات» و «سەقامگیریی دەسەڵات»دا. کۆماری ئیسلامی لەوانەیە هێشتا کۆنترۆڵی دەوڵەت، هێزە چەکدارەکان و دەزگای سەرکوتکردنی بەدەستەوە مابێت،

**بەڵام ئەمە ناتوانێ بە واتای شەرعییەت و سەقامگیریی سیاسی بێت؛ بۆچی؟**

**یەکەم:** دوای مردنی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم، لە ٩ی ڕەشەمەی زستانی ڕابردوودا بەڕواڵەت موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری نوێ ڕاگەیەندراوە؛ کەچی ناوبراو لە کاتی دەستبەکاربوونیەوە هەتا ئێستا لەبەرچاوی گشتی دەرنەکەوتووە و دوای ٨ مانگ هێشتا هیچ وێنە، ڤیدیۆ یان پەیامێکی دەنگیی جێگەی متمانە لێی بڵاو نەکراوەتەوە، ئەمەش خۆی پەرەی بە بۆشایی دەسەڵات لە لووتکەی ڕێژیمدا داوە. ئەوەی کە ڕێبەری نیزامێکی سیاسی بۆ ماوەی نزیکەی ٨ مانگ خۆی لە چاوی خەڵک بشارێتەوە، تەنیا بابەتێکی پرۆتۆکۆلی نییە، چونکە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا ڕێبەر چەقی بڕیاردانە لە تەواوی سیستەمە سیاسییەکەدا، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و گرنگترین سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسییە. کەواتە کاتێک ڕێبەری نوێ بۆ ماوەی چەندین مانگ نەبینرێت و نەبیسترێت، ئەم پرسیارە جیدییە دێتە ئاراوە: **ئاخۆ دەسەڵات خەریکی چییە جگە لە خاپاندنی خەڵک و زەمینەخۆشکردن بۆ گۆڕینی نیزامی سیاسی لە پێکهاتەی ئایینی – ئەمنییەوە بۆ نیزامی – ئەمنی؟**

کەواتە کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی هێشتا دەسەڵاتێکی لەسەرپێیە، بەڵام هەرگیز دەسەڵاتێکی سەقامگیر نییە؛ بەڵکوو دەسەڵاتێکی ئەمنییەتییە کە زیاتر لە جاران، مانەوەی خۆی لەجیاتی شەرعییەتی سیاسی، بە هێزی سەرکوتکردن و کۆنترۆڵی توندوتیژانەی کۆمەڵگەوە گرێ داوە. خۆ ڕاستە ئەزموونی زۆرێک لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان پێمان دەڵێت کە سەرکوت و توندوتیژی و کوشتار دەتوانێت ڕەوتی ڕووخان دوا بخات، بەڵام قەیرانی شەرعییەت چارەسەر ناکات و چارەنووسی دواجاری ئەو نیزامە سیاسییانە هەر تێداچوون و هەرەسهێنانە.

بەڵام کێشەکە خۆ هەر پرسی ڕێبەری نییە، بەڵکوو بابەتی جەوهەری ئەوەیە کە قەیرانی سیاسی لەگەڵ قەیرانی شەرعییەت و قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتییەکان، هاوکات گەروویان بە کۆماری ئیسلامی گوشیوە. تاکە ڕێگەی ڕێبەرانی ئێستای کۆماری ئیسلامیش بۆ دەربازبوون لەم قەیرانانە، خۆشکردنی زەمینەیە بۆ پێدانی باج و ئیمتیازی زیاتر بە دەرەوە، لە پاڵ سەرکوتێکی خوێناوی و توندتر لە نێوخۆی وڵاتدا. بەڵام درێژەپێدان و بەردەوامیی سەرکوتکردنیش بەو ئاسانییە نییە؛ چونکە هەرچەندە دەسەڵات زیاتر پشت بە سەرکوت ببەستێت، تێچووی پاراستنی ڕێژیمە سیاسییەکەش زیاتر دەبێت؛ هەرچەندێکیش سەرچاوە ئابوورییەکان کەمتر ببنەوە، دابینکردنی تێچووی ئەم دەزگا پانوبەرینەی سەرکوتە قورستر دەبێت.

ئایا ئەم بارودۆخە دەتوانێت بەردەوام بێت؟ لە ماوەی کورتخایەندا، لەوانەیە؛ بەڵام وەک باس کرا درێژەپێدانی دۆخی

ئێستا بە شێوازی هەنووکەیی لە درێژخایەندا زۆر ئەستەمە. هەڵاوسانی بەرز، دارمانی توندی بەهای دراوی نیشتمانی، گەمارۆ ئیفلیجکەرەکان و قەیرانە ژینگەییەکان (وەک کەمئاوی و قەیرانی وزە)، توانای دارایی دەسەڵاتی بۆ بەدیهێنانی ڕەزامەندیی لایەنگرانیشی بە تەواوی کەم کردووەتەوە. هەروەها ئەو زەبرە قورس و گورچکبڕانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە تۆڕەکانی نفووزی ناوچەیی و لە گرووپە نیابەتییەکانی ئێران دراون، وای کردووە کە قووڵایی ستراتیژیی نیزام - کە ساڵانێک وەک قەڵغانێکی بەرگری دەهاتە ئەژمار - ئێستا بوویێتە خاڵی هەرە لاوازی کۆماری ئیسلامی. لەوەش بترازێ، سەرکوتکردنی بەردەوام، وزە و سەرچاوە ئەمنییەتییەکانی وڵات دەپووکێنێتەوە و توانای دەروونی و پێکهاتەیی هێزە ئەمنییەکان تووشی دارمان دەکات.

**ئێستا پرسیارە گرنگەکەی تر ئەوەیە:** چ هۆکارگەلێک خێرایی بە ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم دەبەخشن؟ بێگومان دروستبوونی درز و کەلێن و شەقبردن لە لووتکەی دەسەڵاتدا، زۆر گرنگترە لە خودی خۆپێشاندانەکان و دەرئەنجامە شۆڕشگێڕییەکانی. ئەزموونی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان پێمان دەڵێت کە ناڕەزایەتییەکانی شەقام بەتەنیا ناتوانن دەسەڵات بە چۆکدا بێنن؛ ساتەوەختی هەستیاری ڕووخان کاتێک دێتە پێشەوە کە لە لووتکەی دەسەڵاتدا کێشە و جیاوازیی جیدی لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا سەر هەڵبدات. کەواتە ئەگەر لەنێوان ئەرتەش و سپا، پیاوانی ئایینی، دەوڵەت، ناوەندە ئەمنییەتییەکان و باڵە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا لەسەر داهاتووی سیستم ناکۆکی دروست ببێت، توانای حکوومەت بۆ کاردانەوەی هاوئاهەنگ کەم دەبێتەوە.

کەواتە تا ئەو کاتەی هێزە سەرەکییەکانی سەرکوت وەک سپا و هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان ئامادە بن تێچووی پاراستنی سیستم لە ئەستۆ بگرن، دەسەڵات دەتوانێت بە سەرکوتی خوێناوی پاشەکشە بە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان بکات. بەڵام ئەگەر بارودۆخێک بێتە ئاراوە کە بەشێک لە هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان لە جێبەجێکردنی فەرمانی سەرکوت خۆیان ببوێرن، یان بێلایەنی هەڵبژێرن، یان لەنێوان فەرماندەکاندا ناکۆکی دروست ببێت، یان بەشێک لە هێزەکان پشتی خەڵک و داخوازییەکانیان بگرن؛ هاوکێشەکە بە خێرایی دەگۆڕێت.

دیارە قەیرانی ئابووریش دەتوانێ خێرایی بەم ڕەوتە ببەخشێ. لە ئێستادا دابەزینی بەهای دراوی نیشتمانی، هەڵاوسان، کەمبوونەوەی داهاتەکانی نەوت، کورتهێنانی سەرچاوەکان و فشاری شەڕ، تێچووی مانەوەی دەسەڵاتیان زۆر قورستر و مەترسیدارتر کردووە. لە وەها بارودۆخێکدا، ناڕەزایەتیی خانەنشینان، کرێکاران، خوێندکاران، ژنان، کاسبکاران، مامۆستایان، نەتەوە مافخوازەکان و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، کاتێک بەهایەکی سیاسیی زۆر گەورەتر پەیدا دەکات کە لە داخوازییە پەرتەوازە و چینایەتییەکان تێپەڕێت و ببێتە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ڕێژیم. خۆ ئەگەر



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقام هاوکات لەگەڵ مانگرتنی بەرفراوان لە کەرتە ئابووری و کارگێڕییەکاندا ڕوو بدەن، دەسەڵات بەرەوڕووی قەیرانی دوولایەنەی سەرکوتکردنی سیاسی و پەککەوتنی بەڕێوەبردنی وڵات دەبێتەوە، ئەمەش تێچووی پاراستنی دۆخی هەنووکەیی بۆ ڕێژیم زۆر زیاتر دەکات.

**دواخاڵ ئەوەیە کە بێتوو شکستی سیاسەتی دەرەکی و ناوچەییش بخەینە پاڵ ئەم هۆکارانە، دەبینین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ لە لێواری ڕووخان نزیکتر دەبێتەوە.**

٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

---



سەرچاوە
Serchawe

ڕەزبەری ٢٧٢٦

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمەنی سیاسیی دوێنێ و ئەمڕۆدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان






**حەسەن قارەمانی**

هەشتا و یەک ساڵ لە سیاسەتدا، خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی نائاساییە. کاتێک ڕێکخراوێکی سیاسی زۆربەی تەمەنی خۆی لەژێر قەدەغە، سەرکوتی سیاسی، ململانێی چەکداری، گۆڕانی دەسەڵاتی ناوچەیی و گۆڕانکارییە دووبارەبووەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیدا چالاک بووبێت، زیاتر جێگەی سەرنج دەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەر بەو پۆلە نائاساییەیە.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە مێژووی حیزب تەنیا چیرۆکی ڕێکخراوێکی سیاسی نییە؛ بەڵکوو چیرۆکی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە کە چۆن هەوڵی پاراستنی شوناس، خاک، بەردەوامیی سیاسی و لەنگەری کۆمەڵایەتیی خۆی داوە.

ڕەنگە ئەمە گرنگترین پرسیاری بەردەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێت لە کاتی چوونە نێو قۆناغێکی مێژوویی نوێدا؛ حیزبێک کە بەرپرسیارێتیی مێژوویی بەرچاوی لە بەرامبەر پرسی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگرتووە، چۆن دەتوانێت سەرمایەی مێژوویی خۆی بەردەوام بگۆڕێت بۆ توانایەکی سیاسیی کردەیی (کۆنکرێت) بۆ داهاتوو؟

پرسیارەکە لە ڕێکخستنی نێوخۆیی حیزب گەورەترە. باس لە پەیوەندیی نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و دێموکراتیزەکردن، لە نێوان یادەوەریی مێژوویی و داهێنانی سیاسی، لە نێوان ڕیالیزمی سیاسی و شکۆخوازیی نەتەوەیی و، لە نێوان نەوەیەکی سیاسیی کۆنتر و کۆمەڵگەیەکدایە کە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی بە خێرایی لە گۆڕاندایە.

## حیزبێکی مێژوویی لە ژینگەیەکی سیاسیی گۆڕاودا:

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤) لە شاری مەهاباد دامەزرا و دوای ماوەیەکی کەم، لەو پێشهاتە سیاسییانەدا کە لە ساڵی ١٩٤٦دا بە دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» گەیشتە لووتکە، پێگەیەکی ناوەندیی بۆ خۆی دەستەبەر کرد.

کۆماری کوردستان خاوەنی بایەخێکی مێژوویی و سیاسیی بەرچاو بوو بۆ پەرەسەندنی شوناسی سیاسیی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەرچەند کۆمار بۆ ماوەیەکی کورت تەمەنی هەبوو، بەڵام ئەزموونە دامەزراوەیی و سیاسییەکانی، یادەوەرییەکی سیاسیی بەکۆمەڵی خوڵقاند. لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا، بیرۆکەکان سەبارەت بە نوێنەرایەتیی سیاسی و ڕێکخستنی نەتەوەیی کورد، وەک بکەرێکی سیاسیی بەکۆمەڵ، فۆرمێکی ڕوونی سیاسی و دامەزراوەییان وەرگرت.
لەم ڕوانگەیەوە، کۆماری کوردستان نابێت تەنیا وەک ئەزموونێکی سیاسیی کورتخایەن سەیر بکرێت، بەڵکوو دەبێت وەک ڕووداوێکی مێژوویی ببینرێت کە کاریگەرییەکەی زۆر لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی درێژتر بووەتەوە. کۆمار وەک خاڵێکی ئاماژەی ڕەمزی و ئایدیۆلۆژی بۆ نەوەکانی دواتری ئەکتەرە سیاسییەکانی کورد هاتە کایەوە. لە ڕێگەی ئەم ئەزموونە مێژووییەوە، پرسەکانی شوناسی بەکۆمەڵ، نوێنەرایەتیی سیاسی و مافە نەتەوەییەکان، لەنگەری مێژووییان پێ بەخشرا و لەگەڵ فۆرمەکانی دواتری تێکۆشانی سیاسیدا تێکەڵ کران.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە هێزی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرگیز تەنیا تەمەنەکەی نەبووە؛ لە سەرووی هەموو شتێکەوە، لە توانای حیزبدا پێکهاتووە بۆ گونجاندنی ئامانجە سیاسییەکان و فۆرمە ڕێکخراوەییەکان لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکاندا. حیزبێک تەنیا لە ڕێگەی یەکگرتوویی ئایدیۆلۆژییەوە هەشت دەیە ناژی، بەڵکوو لە ڕێگەی خۆڕاگریی دامەزراوەییەوە دەمێنێتەوە؛ لە ڕێگەی توانای دووبارە داڕشتنەوەی ئامانجەکان، گونجاندنی ستراتیژییەکان و نوێکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەوەی ناسنامەی سیاسیی بنەڕەتیی خۆی لەدەست بدات.

## لە نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و ڕیالیزمی سیاسیدا:

یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی مێژووی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیوەندیی نێوان پرسی نەتەوەیی کورد و پرسی نەزمی دەوڵەتی داهاتووی ئێرانە.

لە کاتە جیاوازەکاندا باسەکە لە نێوان ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزم، دێموکراسیکردن، مافی چارەی خۆنووسین و جۆرەکانی تری نوێنەرایەتیی سیاسی و خاکییدا جووڵاوە. ئەمە بۆ ڕەخنەگران ڕەنگە وەک سنووردارکردنی شکۆخوازیی نەتەوەیی کورد دەرکەوێت، بەڵام لە ڕوانگەیەکی تروەوە هەمان گەشەسەندن دەکرێ وەک دەربڕینی ڕیالیزمی سیاسی لێک بدرێتەوە. پرسیاری بنەڕەتی تەنیا ئەوە نییە کە کام ئامانجی کۆتایی خوازراوە، بەڵکوو کام ستراتیژیی سیاسی دەتوانێت لەژێر هەلومەرجی مێژوویی دیاریکراودا ئەنجامی دامەزراوەیی دروست بکات.

بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی پێویستی بەوەیە کە پەیوەندی بە دابەشکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی ناوچەکە، پێکهاتە ئابوورییەکان و توانای کۆکردنەوەی کۆمەڵگەوە هەبێت. بۆیە ئاڵنگاریی درێژخایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاشتکردنەوەی دوو پرەنسیپی بەڕواڵەت دژبەیەکە: لە لایەک بەرگرییەکی ڕوون لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد و مافی نوێنەرایەتیی سیاسی؛ لە لایەکی دیکەوە ستراتیژییەکی نەرم و پراگماتیک کە بتوانێت لە چوارچێوەی گۆڕانی بارودۆخی سیاسیی ئێران و نێودەوڵەتیدا کار بکات.

هەروەها گرنگە جیاوازی لە نێوان «یەکسانیی مەدەنی» و «یەکسانیی نەتەوەیی»دا بکرێت. کۆمەڵگەیەکی دێموکرات دەتوانێت دانی بە مافە یەکسانەکانی تاکدا بنێت، بەبێ ئەوەی بەو کارە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، ئەو کێشە دامەزراوەییانە چارەسەر بکات کە کاتێک تەواوی دەستەیەک یان نەتەوەیەک هەست بە پەراوێزخستنی سیاسی، کولتووری یان خاکی دەکات. بۆیە ناکرێت پرسی کورد لە چوارچێوەی مافە مەدەنییەکانی تاکدا کورت بکرێتەوە؛ بەڵکوو پرسەکانی

خاک، زمان، کولتوور، نوێنەرایەتیی ناوچەیی، گەشەی ئابووری، دەسەڵاتی سیاسی و دابەشکردنی دامەزراوەیی دەسەڵاتیشلەخۆ دەگرێت.

گەشەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێت لە پاشخانی ململانێکانی سەدەی بیستەمدا لێی تێبگەین. لەو سەردەمەدا کە زۆرێک لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لەژێر کاریگەریی سۆسیالیزم و مارکسیزمدا بوون، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی دا ئاوێتەیەکی تایبەت لە سیاسەتی نەتەوەیی، دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات. پەرەسەندن بەرەو «سۆسیالدێموکراسی» لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت وەک هەوڵێک بۆ تێپەڕاندنی دژایەتییە نەریتییەکەی نێوان ڕزگاریی نەتەوەیی و دێموکراسیی کۆمەڵایەتی لێک بدرێتەوە.

حیزبێکی مۆدێرن دەبێت بتوانێت پرەنسیپەکان لەگەڵ لێهاتوویی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا تێکەڵ بکات. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەبێت پرسەکانی بێکاری، پەروەردە، ژینگە، گەشەپێدانی ناوچەیی، بەشداریی ژنان، دەرفەتی گەنجان، دیجیتاڵکردن و نایەکسانیی ئابووری بخرێنە نێو کارنامەی سیاسیی نیشتمانییەوە. حیزبی دێموکرات کە هەمیشە خاوەنی دیدگایەکی پێشکەوتنخوازانە بووە بۆ داهاتوو، لەم سەردەمەشدا زیاتر لە هەر کاتێک جەخت لەسەر ئەو مۆدێلە دێموکراتیک و مۆدێرنە دەکاتەوە کە دەیەوێت لە کوردستان و ئێرانی داهاتوودا بنیاتی بنێت.

ڕەنگە ئەمە بەرچاوترین گۆڕانکاری بێت لە نێوان دیمەنی سیاسیی دوێنێ و ئەمڕۆدا. بۆ نەوەکانی پێشوو، کۆکردنەوەی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر لە دەوری ناسنامەی نەتەوەیی، بەرخۆدان و یادەوەریی مێژوویی بنیات دەنرا؛

**بەڵام بۆ نەوەی ئەمڕۆ، ئەمە هەمیشە بەس نییە. نەوەی نوێ دەیەوێت بزانێت کۆمەڵگەی داهاتوو چۆن کار دەکات:**

- **کام دامەزراوە گەرەنتیی سەروەریی یاسا دەکات؟**
- **مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان چۆن دەپارێزرێن؟**
- **ئابووری چۆن گەشە دەکات؟**
- **ژنان چۆن کاریگەریی سیاسیی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنن؟**
- **بەرپەرچدانەوەی گەندەڵی چۆن دەبێت؟**
- **چۆن پەروەردە و تەکنەلۆژیا بۆ گەشەپێدانی ناوچەکە بەکار دەهێنرێت؟**
- **پەیوەندیی نێوان ئازادیی تاک و مافی دەستەجەمعی چۆن ڕێک دەخرێت؟**

حیزبی دێموکرات بە وەڵامدانەوەی هوشیارانە و سەردەمیانە بۆ ئەم پرسیارانە، ڕێگری لە هەر چەشنە دابڕانێک لەگەڵ شەقام و کۆمەڵگە دەکات و میراتی مێژوویی خۆی دەکاتە هەوێنی پتەوترکردنی ئەم پەیوەندییە جەماوەرییە.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەمڕۆ:

ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەمڕۆ، ئەو ڕۆژهەڵاتە نییە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هەبووە. کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕاوتر و فرەدەنگتر بووە. ئەکتەرە مەدەنییە نوێیەکان، تۆڕە فیکرییەکان، گرووپەکانی گەنجان، بزووتنەوەکانی ژنان و دەنگە سیاسییە سەربەخۆکان، پێکهاتەی پەیوەندیی سیاسییان گۆڕیوە. هەروەها سۆشیالمیدیا پەیوەندیی نێوان ڕێکخراو و کۆمەڵگەی گۆڕیوە. مۆدێلی کلاسیک، کە تێیدا حیزب وەک بەرهەمهێنەری سەرەکیی زانیاریی سیاسی کار دەکات، لاواز بووە. ئەمڕۆ تاکەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆڕە نافەرمییەکان دەتوانن بە خێرایی گوتاری سیاسی دروست بکەن و ڕای گشتی کۆ بکەنەوە.

ئەمە بەو مانایەیە کە حیزبێکی مێژوویی چیتر ناتوانێت چاوەڕێ بێت دەسەڵاتی مێژوویی بە شێوەیەکی خۆکار ببێتە هۆی دەسەڵاتی سیاسی؛ بەڵکوو دەبێت بەردەوام شەرعییەت نوێ بکرێتەوە. حیزبی دێموکرات کە هەمیشە پێشەنگی بزووتنەوەی ژنان و تواناسازیی لاوان بووە، لەم قۆناغەشدا پێویستی بە قووڵکردنەوە و فراوانترکردنی ئەم میکانیزمانەیە بۆ ئەوەی گەنجان بەردەوام وەک بەرهەمهێنەری چالاکی بیرۆکەی سیاسی لە بڕیارداندا دەوریان هەبێت. هەمان شت بۆ بەهێزترکردنی نوێنەرایەتیی سیاسیی ژنانیش لە ناوەندەکانی بڕیارداندا ڕاستە؛ چونکە حیزبێکی نیشتمانیی مۆدێرن بە باشی دەزانێت کە ڕزگاریی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی بەبێ بەشداریی کارای ژنان نایەتە دی.

شەرعییەتی مێژوویی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» سەرمایەیەکی بەرچاوە، بەڵام سەرمایەی سیاسی زۆر هاوشێوەی سەرمایەی ئابوورییە؛ پێویستی بە بەڕێوەبردن و وەگەڕخستن هەیە. حیزبی دێموکرات هیچ کات تەنیا لەسەر دەستکەوتەکانی ڕابردووی خۆی نەوەستاوە، بەڵکوو بەردەوام سەرمایەی سیاسیی خۆی لە مەیداندا بەگەڕ دەخات. حیزب لە گرنگیی بەڕۆژکردنەوەی ئەم گێڕانەوە مێژووییە تێدەگات تا هەمیشە وەڵامدەرەوەی ئەزموونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نەوەی نوێ بێت و مەودای نێوان ڕێکخراو و کۆمەڵگە ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر بکاتەوە.

هەر بۆیە حیزبی دێموکرات بەردەوام لە هەوڵی دارشتنی فۆرمی نوێدایە بۆ بەردەوامیی مێژوویی؛ لەم دیدگایەدا، ئامانج هەرگیز وازهێنان لە میراتی کۆماری کوردستان یان خەباتی نەوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ئەو میراتە دەکرێتە

بەرنامەیەکی سیاسیی هاوچەرخ؛ ئەمەش واتە گواستنەوە لە «سیاسەتی هێمایی (سەمبۆلیک)» بەرەو «سیاسەتی دامەزراوەیی».

پرسی نەتەوەیی کورد دەبێ بە پرسە کردەییەکانی وەک: دیسانترالیزاسیۆن، سەروەریی یاسا، گەشەی ئابووری، مافە کولتوورییەکان و نوێنەرایەتیی سیاسییەوە گرێ بدرێت. ناسنامەی نەتەوەیی پێویستی بەوەیە لەگەڵ پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتیی جێگەی بڕوا تێکەڵ بکرێت. تەنیا لەو کاتەدا بزووتنەوەی نەتەوەیی دەتوانێت لەوە تێپەڕێت کە تەنیا کاردانەوەیەک بێت بەرامبەر بە سەرکوتی دەوڵەت؛ بەڵکوو دەتوانێت گەشە بکات و ببێتە دیدگایەک بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی دێموکرات لە داهاتوودا چۆن ڕێک بخرێت.

### خەباتی چەکداری و ئامرازە نوێیەکانی هێز:

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ خەباتی پێشمەرگانە و چەکداریدا ئاوێتەیە؛ ئەم ڕەهەندە نەک هەر بەشێکی دانەبڕاوە لە شوناسی بەرگریی گەلی کورد، بەڵکوو وەک کارتی هێز و فاکتەری مانەوە، گرنگی و شەرعییەتی مێژوویی و مەیدانیی خۆی بە پێی قۆناغ و هەلومەرجەکان پاراستووە. بێگومان خەباتی چەکداری لە سەردەمی نوێدا، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی زیرەکانە و دینامیک هەیە لەژێر ڕۆشنایی هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا؛ بە شێوەیەک کە هێزی پێشمەرگە هەمیشە وەک قەڵغانێکی پارێزەر و فاکتەرێکی ستراتیژی بۆ کاتی پێویست و بەگوێرەی دەرفەت ئامادەیی هەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا، خەباتی چەکداری تاکە ئامراز نییە، بەڵکوو تەواوکەری زنجیرەیەک لە ئامرازی نوێی خەباتە. ئەرکی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە لە هێزی بەرگریی پێشمەرگانە و سەرجەم فۆڕمەکانی دیکەی چالاکیی سیاسی، مەدەنی و دیپلۆماسیدا، بە پێی کات و پێویستی کەڵک وەربگرێت تا بتوانێت لە هەموو بەرەکانەوە دەرەنجامی درێژخایەن بەدەست بێنێت. ئەمڕۆ خەباتی چەکداری لە تەک دیپلۆماسی، دروستکردنی بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی، کاری یاسایی، توێژینەوەی ئەکادیمی، سیاسەتی میدیایی، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخستنی جەماوەری، پێکەوە بەشێکی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسیی مۆدێرن پێک دەهێنن. لە جیهانێکی پێکەوەبەستراودا، پاراستنی ئامادەیی سەربازی لە پاڵ توانای بزووتنەوەیەک بۆ دارشتنی پرسەکەی لە ڕووی یاسایی، ئەکادیمی و دیپلۆماسییەوە، گرنگترین فاکتەری هێزە. میراتی مێژوویی، پێگەیەکی تایبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبەخشێت، بەڵام ناتوانرێت بۆ هەمیشە تەنیا بەو پێگەیە قەناعەت بکرێت. پێویستە حیزب، لە درێژەی نەریتی دێموکراتیکی خۆیدا، لە ڕێگەی قووڵکردنەوەی پرۆسەی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

دێموکراتیزەکردنی ڕێکخراوەیی، ئاڵوگۆڕی نەوەکان، پەرەپێدانی زیاتری نوێنەرایەتیی ژنان و نوێبوونەوەی بەردەوامی فیکری، وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی سەردەم بێت. کەواتە هێزی داهاتووی حیزبی دێموکرات بەوە دیاری ناکرێت کە تا چەند بەرگری لە مێژووی خۆی دەکات؛ بەڵکوو بەوە دیاری دەکرێت کە تا چەند دەتوانێت مێژوو بۆ واقیعێکی سیاسیی نوێ بگۆڕێت. ئەمەش بەو مانایە نییە کە لە پرسی نەتەوەیی دەستبەردار بێت؛ بە پێچەوانەوە، دەبێت ئەو پرسە لە ڕووی سیاسییەوە کردەییتر، لە ڕووی دامەزراوەییەوە وردتر و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گشتگیرتر بکرێت.

ئەرکی مێژوویی حیزبی دێموکرات بەرگری لە بوونی دەنگی سیاسیی کورد لە ئێراندا بووە، بەڵام ئەرکی داهاتوو گەورەترە: ئەو دەنگە بکرێتە هەڵگری دیدگایەکی باوەڕپێکراو بۆ داهاتوو. بۆیە دوای هەشتا و یەک ساڵ لە دامەزراندنی، پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە ئایا ئەم حیزبە مێژوویەکی دێرینی هەیە یان نا،

**بەڵکوو پرسیارەکان ئەمانەن:**

– ئایا دەتوانێت بوار بۆ نەوەیەک خۆش بکات کە کۆماری کوردستانیان بە چاوی خۆیان نەدیوە، بەڵام هێشتا بڕوایان بە پەیام و گرنگیی مێژووییەکەی هەیە؟
– ئایا دەتوانێت ئەزموونی دەوڵەمەندی پێشمەرگە دێرینەکان و سەنگەری بەرگری، لەگەڵ وزەی نوێخوازی و سیاسیی لاواندا ئاوێتە بکات؟
– ئایا دەتوانێت یادەوەریی نەتەوەیی بکات بە دیدگایەکی دامەزراوەیی؟
– ئایا دەتوانێت بەرگری لە شوناسی سیاسیی کورد بکات، بێ ئەوەی دەرگای فرەیی و دێموکراسی دابخات؟

## دەرەنجام:

گەشەسەندنی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن دەکرێت بەردەوامیی سیاسی لەگەڵ نوێبوونەوەی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەییدا گرێ بدرێت. مێژووی ٨١ ساڵەی ئەم حیزبە سەرمایەیەکی سیاسیی پڕ لە ئەزموونە کە بە قۆناغە سەختەکانی سەرکوت، ڕێکخستنەوەی سیاسی و گۆڕانی بارودۆخی ناوچەییدا تێپەڕ بووە.

ئەزموونە مێژووییەکانی دوای کۆماری کوردستان و میراتی سیاسیی ڕێبەرانی وەک پێشەوا قازی، دوکتور قاسملوو، دوکتور

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی دیکە، ڕێنوێنمانن بۆ ئەوەی خەبات بەرەو پێش ببەین. دکتۆر قاسملوو ڕێکخستنی حیزبەکەی مۆدێرن کرد و هێڵێکی سیاسیی پێشکەوتنخوازی پەرە پێ دا؛ ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە چۆن ئامانجە مێژووییەکان دەتوانن لەگەڵ سەردەمدا دووبارە دابڕێژرێنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، بوونی بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەنیا خۆڕاگرییەکی سیاسیی ڕووت نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی فێربوونی سیاسیی بەکۆمەڵە. گرنگیی مێژوویی ئەم حیزبە پەیوەستە بە توانای گۆڕینی ئەزموونە مێژووییەکان بۆ زانست و کردەی سیاسی؛ ئەم تێکەڵەیە لە یادەوەریی مێژوویی، ئەزموونی سەنگەر و ڕێکخراوەیی و نوێبوونەوەی ستراتیژی، دەتوانێت گەرەنتیی ئەو سەرکردایەتییە مۆدێرنە بکات کە لەسەر ئیرادە، هۆشیاری و نوێبوونەوە بنیات نراوە.

٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# خالید عەزیزی بۆ ڕووداو: گوشارەکان بزووتنەوەی کورد ناسڕنەوە، ڕیشەمان لەنێو ملیۆنان مرۆڤدایە




**پێشەکی:**

لەم وتووێژە تایبەتەی تۆڕی میدیایی ڕووداودا، کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسە هەنووکەییەکان دەداتەوە. عەزیزی تیشک دەخاتە سەر هەڵوێستی حیزب بەرانبەر بە پرسی دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ڕەهەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی تاران و بەغدا، پرسی چەکدانان و، پێداگری لەسەر ئەوەی کە بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوشاری ئەمنییەتی و سەربازی لەنێو ناچێت.

کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ لە چاوپێکەوتنێکدا باستان لە پەیوەندی و تێپەڕین کردبوو. لەوێدا دوو تا سێ جار باسی پێویستیی دانوستاندنتان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد. پرسیارەکە ئەوەیە:

**ڕووداو:** ئایا ئێستاش ئامادەن بۆ دانوستاندن؟

**خالید عەزیزی:** ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە مێژووماندا هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە پێشوازی لە ڕێگەچارەی ئاشتییانە و ڕێکاری گفتوگۆ و دانوستاندن بکەین؛ ئەوە وەک ئەسڵێک لەلای حیزبی دێموکرات لە هەموو

قۆناغەکاندا بوونی هەبووە. دوای شۆڕشی ئێران کە دانوستاندنەکان نەگەیشتنە ئەنجام و هێرش کرایە سەر کوردستان، دیسان لە بۆنە و سەردەمە جیاوازەکاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە دانوستاندندا بووین. دوایین دانوستاندنی فەرمیش کە لە نۆرویژ بەڕێوە چوو، لەلایەن ڕێکخراوێکی ئاشتیییەوە بە سەرپەرشتیی وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ ڕێک خرابوو. دەنا لەباری بنەمایی (ئوسوولی) و باوەڕییەوە، حیزبی دێموکرات لەسەر ئەوە بەردەوامە کە کێشەکان پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە چارەسەر بکرێن.

**ڕووداو: باشە، بە بڕوای ئێوە ئێستا زەمینەی دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لەم کاتەدا لەبارە؟**

**خالید عەزیزی:** بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای نێوخۆی ئێران و ناوچەکە، هەروەها ناڕوونیی دۆخی دەسەڵات لە تاران کە هەر جارێک کەسێک لێدوان دەدات و نزیکەی ساڵێکە ئاستی شەڕ و ئاشتییان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دیار نییە، من ئەو زەمینەیە نابینم. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر کۆماری ئیسلامی داوا لە حیزبی دێموکرات بکات و داوای گفتوگۆ بکەن، حیزبی دێموکرات ئامادەی وەڵامدانەوەیە. لەوە بەدواوە، سروشتی گفتوگۆکە دێتە گۆڕێ کە لەسەر چ بابەتێک بێت و، هۆکارە تەکنیکییەکانیش کاریگەرییان لەسەر پرۆسەکە دەبێت.

**ڕووداو: ئایا هاوپەیمانیی نێوان لایەنە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات، دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران قبووڵ دەکات، یان ئەمە تەنیا هەڵوێستی ئێوەیە؟**

**خالید عەزیزی:** تا ئەم ساتە، ئەو بابەتە لەنێو هاوپەیمانیدا نەهاتووەتە ئاراوە تا ئەوەندەی من ئاگادار بم. بەڵام سروشتییە ئەگەر ڕۆژێک داوا لە حیزبی دێموکرات بکرێت، بێگومان لەگەڵ هاوپەیمانییەکەدا باسی دەکات. لە ڕابردووشدا و لە دانوستاندنەکانی نۆرویژدا، لایەنەکانی دێموکرات و کۆمەڵە پێکەوە بابەتەکەمان تاوتوێ کرد و پێکەوە چووینە نێو پرۆسەکەوە، هەرچەندە هیچ ئەنجامێکیشی نەبوو.

**ڕووداو: کێ لەنێو ئێوەدا بڕیار لەسەر دانوستاندن دەدات؟ ئایا سەربەخۆیانە وەک حیزب بڕیار دەدەن، یان لە دەرەوەی ئێوە بڕیارەکە دەدرێت؟**

**خالید عەزیزی:** بە درێژایی مێژوو و لە تەواوی دانوستاندنەکانی دوای شۆڕش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی بڕیاری داوە. حیزبی دێموکرات لەو حیزبانەیە کە سەرەڕای پەیوەندییەکانی لە ڕابردوودا لەگەڵ عێراقی سەردەمی سەددام حسێن، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، ئەمریکا، ئورووپاییەکان و لایەنە

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

کوردستانییەکان؛ هەمیشە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بڕیاری داوە. بڕیارەکانی ئێمە نێوخۆیین و پشتئەستوورن بە بڕیاری دامەزراوەیی حیزب کە لە ڕێگەی کۆمیتەی ناوەندی و دەستەی کارگێڕییەوە تاوتوێ دەکرێن و بڕیاریان لێ دەدرێت.

**ڕووداو: کۆنسوڵی گشتیی ئێران لە هەولێر، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕووداو ڕازیبوون بە دانوستاندنی لەگەڵ ئێوە و پارتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات ڕەت کردووەتەوە. ئایا ئێران لەم دواییەدا هیچ هەوڵێکی داوە بۆ دانوستاندن یان ئێوە داواتان کردووە؟**

**خالید عەزیزی:** یەکەم، کۆنسوڵی ئێران لە هەولێر وەک تەواوی دیپلۆماتکارەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە دانپێدانانی جەواد زەریف کە ٨ ساڵ وەزیری دەرەوە بوو، دەڵێت: «ئەو باڵیۆز و کۆنسوڵانەی ئێمە لەو وڵاتانە هەموویان نوێنەری سپای قودسن، نە دیپلۆماتکارن و نە بازرگان». قسەکانی کۆنسوڵی ئێران لە هەولێر لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی بۆچوونی کاربەدەستانی سپای پاسدارانە کە ئێستا بڕیار بەدەستن.

**ڕووداو: لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤیەن و لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئاڵمان، دوو سکرتێری حیزب (د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی) تیرۆر کران. کۆنسوڵی ئێران دەڵێت لە ڤیەن هێرش کراوەتە سەر هەردوولا و ئەوان قاسملوویان تیرۆر نەکردووە. ئایا دادگاکانی ڤیەن و میکۆنۆس هیچ شتێکیان سەلماندووە؟**

**خالید عەزیزی:** بەداخەوە، سەبارەت بە تیرۆری د. قاسملوو لە ڤیەن، تا ئێستاش دادگایەک پێک نەهاتووە. لەو سەردەمەدا دۆسیەکە بووە قوربانیی مامەڵەی سیاسیی دەوڵەتی ئۆتریش لەگەڵ ئێران. بەڵام ڕاستییەکە ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دا و ئەوەش کە بریندار بوو، لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بوو. هیچ کات حیزبی دێموکرات باوەڕی وای نەبووە کە لایەنی سێیەم یان چەکدارێک پەلامارەکەی دابێت؛ ئەوانە پاسداری تیرۆریست بوون لەژێر ناوی دیپلۆماتکار. دووەم، دەربارەی دۆسیەی میکۆنۆس، دادگایەک لە ئاڵمان پێکهێنرا و دوای ٤ بۆ ٥ ساڵ کارکردن بڕیاری دا کە ئەو تاوانە لەلایەن بەرزترین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە ئاراستە و بەڕێوە براوە.

**ڕووداو: ئێران ئێوە بە تیرۆرکردنی خەڵکی سڤیل لە نێوخۆی وڵاتدا تۆمەتبار دەکات. بۆچی ئەو تۆمەتەتان ئاراستە دەکرێت؟**

**خالید عەزیزی:** مێژوو سەلماندوویەتی: ئەوان د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی و دەیان کادیری ئێمەیان لە هەرێمی کوردستان تیرۆر کرد، خەڵکیان لەسێدارە دا و کەمپەکانیان مووشەکباران کرد. بەڵام حیزبی دێموکرات هەرگیز تیرۆری بە تیرۆر وەڵام نەداوەتەوە. ڕێبەران و دیپلۆماتکارانی ئێمە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک لایەنێکی سیاسیی ناسراو پێشوازییان لێ دەکرێت.



سەرچاوە Serchawe

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

ئەو تۆمەتانە تەنیا لە خۆیان دەوەشێتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە حیزبی دێموکراتەوە نییە.

**ڕووداو:** دوای وتووێژەکەی ئێمە لەگەڵ کۆنسوڵی گشتیی ئێران هێرش کرایە سەر کەمپەکانتان؛ ئایا لەو کەمپانەی هەرێمی کوردستاندا پێشمەرگە و هێزی چەکدار هەن؟

**خالید عەزیزی:** سەبارەت بەو کەمپانە، ئێمە ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ حکوومەتی عێراق، حکوومەتی هەرێم و نەتەوە یەکگرتووەکان لە گفتوگۆداین. ئەو شوێنانە هەرگیز کەمپی سەربازی نەبوون؛ بەڵکوو شوێنی مەدەنی، بنکەی ڕێکخراوەیی (وەک لاوان و ژنان)، قوتابخانە و نەخۆشخانە بوون. پێکانی (بۆردومانکردنی) ئەم شوێنانە لەلایەن ئێرانەوە تاوانێکە دژی بنکە مەدەنییەکان و بانگەشەکانی ئێران ناڕاستن.

**ڕووداو:** ئایا پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە دەنێرنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**خالید عەزیزی:** ئێمە بە حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێممان ڕاگەیاندووە کە خاکی هەرێمی کوردستان ناکەینە پشتی جەبهە. دووەم، لە نێوخۆی وڵاتدا بزووتنەوەیەکی مەدەنیی بەهێز هەیە. حیزبی دێموکرات بە پێویستی نازانێت تیمی پێشمەرگە بنێرێتەوە نێوخۆ لە کاتێکدا جەماوەر خۆیان لە مەیداندا خەبات دەکەن.

**ڕووداو:** کەواتە خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات پشتیوانیتان دەکەن، بەرامبەر ئەو بانگەشەیەی دەڵێت کەس لەگەڵتان نییە؟

**خالید عەزیزی:** بانگەشەی بەرپرسانی ئێران ناڕاستە؛ چونکە:

- نزیکەی ٤٧ ساڵە فشاری جۆراوجۆر دەهێنن، زیندانی دەکەن و لەسێدارە دەدەن، بەڵام حیزبی دێموکرات هەر ماوەتەوە.
- لە شۆڕشی ژینادا جەماوەری ڕۆژهەڵات بە ڕوونی پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزبەکان نیشان دا.
- کۆماری ئیسلامی دەیەوێت بزووتنەوەکە تەنیا کەم بکاتەوە بۆ حیزبەکان، بەڵام ئەم حیزبانە ڕیشەی جەماوەرییان لەنێو ملیۆنان مرۆڤدا هەیە کە داوای مافەکانی خۆیان دەکەن.

**٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٦**

# لە بڕیاری تاکەوە بۆ سەقامگیریی ئابووری؛ شۆڕشی زانستیی دوو براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئابووریی ٢٠٢٦





ئەمیر سوڵتانی

لە جیهانی ئابووریدا، هەندێک جار وەرچەرخانێکی قووڵ نەک لە بازاڕ و کارگەکاندا، بەڵکوو لە نێو بیر و تێڕوانینی زاناکاندا سەرهەڵدەدات. ئەوەی لە ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٦دا ڕووی دا، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستییە بوو. ئەکادیمیای

شاهانەی سوید بۆ زانستەکان، خەڵاتی نۆبێلی ئابووری بە دوو ئابووریناسی دیاری ئەمریکی، ڕۆبێرت هۆڵ (Robert E. Hall) و مایکڵ وودفۆرد (Michael Woodford) بەخشی؛ دوو بیرمەند کە بە توێژینەوە قووڵەکانیان، بنەمایەکی نوێیان بۆ تێگەیشتن لە جووڵە گشتییەکانی ئابووری و داڕشتنی سیاسەتی سەقامگیری دامەزراند.

گرنگیی کارەکانیان لەوەدایە کە چەمکی ئابووریيان تەنیا لە ڕێگەی ژمارە و ئامارە گشتییەکانەوە قەتیس نەکرد، بەڵکوو لە بڕیاری ڕۆژانەی خێزانەکان، بەکاربەر و کۆمپانیاکان ورد بوونەتەوە. لە ڕوانگەی ئەم دوو زانایەوە، ئابووریی گەورەی نەتەوەیەک بریتییە لە کۆی ملیۆنان بڕیاری بچووکی تاکەکەسی کە لەژێر کاریگەریی داهات، نرخ، متمانە و چاوەڕوانییەکانی داهاتوودا شێوە دەگرن. ئەم شۆڕشە فکرییە، زانستی ئابووریی بەرەو قۆناغێکی نوێ برد کە بە «بنیاتە میکرۆئابوورییەکان» (Microfoundations of Macroeconomics) ناسراوە.

## پاشخانی مێژوویی: لە کینزیزمەوە تا قەیرانی چەقبەستوویی

بۆ ئەوەی قووڵایی ئەم گۆڕانکارییە باشتر دەربکەوێت، دەبێت ئاوڕێک لە مێژووی هاوچەرخی زانستی ئابووری بدەینەوە. دوای قەیرانی قووڵی ئابووری لە دەیەی ١٩٣٠دا، تیۆرییەکانی جۆن مەینارد کینز بوونە بنەمای داڕشتنی سیاسەتی ئابووری لە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازیدا. کینز پێی وابوو کە دەوڵەت دەتوانێت لە ڕێگەی زیادکردنی خەرجییە گشتییەکان و هاندانی خواست و داواکاریی بازاڕ، ڕێگری لە قووڵبوونەوەی سستبوونی ئابووری بکات.

بەڵام لە دەیەی ١٩٧٠دا، تەنگژە نەوتییەکان ئەو مۆدێلە کلاسیکییەی کینزیان ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی گەورە کردەوە. لەو سەردەمەدا هەڵاوسانی بەرز، بێکاری و دابەزینی گەشەی ئابووری بە یەکەوە سەریان هەڵدا؛ دیاردەیەکی ئاڵۆز کە بە «چەقبەستوویی هەڵاوساو» (Stagflation) «ناسرا. ئەم دۆخە پرسیارێکی بنەڕەتیی هێنایە ئاراوە: ئایا دەکرێت بە پشتبەستن بە ئامار و ڕەفتارەکانی ڕابردوو، ئاراستەی ئابووریی داهاتوو پێشبینی بکرێت؟ ڕۆبێرت لووکاس (Robert Lucas) و زانایانی دیکە وەڵامیان دایەوە کە «سیاسەتە ئابوورییە نوێیەکان خۆیان ڕەفتاری مرۆڤەکان دەگۆڕن»؛ بۆیە هیچ مۆدێلێکی ئابووریی تەڤ (ماکرۆئابووری) سەرکەوتوو نابێت ئەگەر بڕیاردان و چاوەڕوانییەکانی تاک پشتگوێ بخات.

## ڕۆبێرت هۆڵ: هاوسەنگکردنی بەکاربردن و ژیریی چاوەڕوانییەکان

لە نێو ئەم وەرچەرخانە زانستییەدا، ڕۆبێرت هۆڵ ڕۆڵێکی پێشەنگانەی گێڕا. ئەو لە توێژینەوەکانیدا سەبارەت بە دیاردەی

بەکاربردن و پاشەکەوتکردن، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە خێزانەکان تەنیا بەپێی داهاتی هەنووکەیی ئەمڕۆیان بڕیاری خەرجکردن نادەن، بەڵکوو چاویان لە ئاسۆی داهات و ئاستی سەقامگیری سبەینێیە. بەپێی ئەم تیۆرانینە، مرۆڤ بەردەوام هەوڵ دەدات ئاستی ژیان و بەکاربردنی خۆی لە درێژایی تەمەنیدا بە هاوسەنگی ڕابگرێت (Consumption Smoothing) ئەگەر چاوەڕوانیی داهاتێکی مسۆگەر و باشتر بکات، ئاستی خەرجییەکانی بەرز دەکاتەوە؛ بەڵام ئەگەر مەترسیی بێکاری یان ناسەقامگیریی دارایی لە ئارادا بێت، دەست بە پاشەکەوتکردنەوە دەگرێت.

هۆڵ توانی ئەم تیۆرییە لە ڕێگەی مۆدێلێکی بیرکاری و ئاماریی پێشکەوتووەوە بسەلمێنێت و دەریخست کە گۆڕانکارییەکانی بەکاربردن، لە ژێر سایەی گریمانەی چاوەڕوانیی عەقڵانیدا، تەنیا بە پێشهات و زانیارییە نەبینراوە نوێیەکانەوە بەستراونەتەوە. دواتر توێژینەوەکانی جۆن کامپبێڵ و گریگۆری مانکیو لە ساڵی ١٩٨٩دا ئەم ڕاستییەیان دەوڵەمەندتر کرد کە هەموو چینەکان وەک یەک هەڵسوکەوت ناکەن؛ هەندێکیان بەپێی داهاتی درێژخایەن و هەندێکی دیکەیان دەستبەجێ بەپێی دەستکەوتی ڕۆژانەیان خەرج دەکەن. ئەم جیاوازییە بۆ بڕیاربەدەستان یەکلاکەرەوەیە، چونکە کاریگەریی کەمکردنەوەی باج یان دابەشکردنی یارمەتییە داراییەکان لەسەر هەموو چینەکانی کۆمەڵگە وەک یەک دەرناکەوێت.

### مایکڵ وودفۆرد: ئەندازیاریی چاوەڕوانییەکان و سیاسەتی دراوی

لە بەرامبەردا، براوەی دووەمی خەڵاتی نۆبێل مایکڵ وودفۆرد، تیشکی خستە سەر ڕۆڵی بانکە ناوەندییەکان و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی چاوەڕوانییەکانی بازاڕ. ئەو لە پەرتووکە شاکارەکەیدا بە ناوی «سوود و نرخەکان» (Interest and Prices) کە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوی کردووە، چوارچێوەیەکی تۆکمە و سەردەمیانەی بۆ سیاسەتی دراوی (Monetary Policy) پێشکەش کرد.

لە ڕوانگەی وودفۆردەوە، ڕێژەی سوودی ئەمڕۆ تەنیا فاکتەرێک نییە بۆ بڕیاردانی بەکاربەر و وەبەرهێنەر؛ بەڵکوو گرنگترین شت ئەوەیە کە خەڵک و کۆمپانیاکان چاوەڕوانی چ ئاستێک لە ڕێژەی سوود و هەڵاوسان بۆ داهاتوو دەکەن. ئەگەر بانکی ناوەندی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕوون، شەفاف و باوەڕپێکراو ستراتیژی داهاتووی خۆی ڕابگەیەنێت، دەتوانێت پێش ئەوەی تەنانەت دەستکاریی ڕێژەی سوودیش بکات، ئاراستەی بازاڕ کۆنتڕۆڵ بکات. ئەم ڕێبازە کە بە «ڕێنماییی پێشوەختە (Forward Guidance)» ناسراوە، بەتایبەت دوای تەنگژەی داراییی ٢٠٠٨ بووە فریادڕەسی ئابووریی جیهان؛ چونکە لە کاتێکدا ڕێژەی سوود دابەزی بۆ نزیک سفر و چەکی باوی بانکەکان لە کار کەوت، بەڕێوەبردنی دەروونی و پێشوەختەی چاوەڕوانییەکان ئابووری لە داڕمان ڕزگار کرد.



سەرچاوە
Serchawe

## کۆکردنەوەی بڕیاری تاک و هاوکێشەی گشتی: مۆدێلی نیۆکینزی

دەستکەوتی مەزنی ئەم دوو زانایە تەنیا پێشکەشکردنی ئامرازێکی تەکنیکی بۆ بانکەکان نەبوو، بەڵکوو دروستکردنی پردێکی تۆکمەی زانستی بوو لە نێوان ڕەفتاری تاکەکەسی و سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەتدا. لە سایەی توێژینەوەکانی ئەواندا، چەمکەکانی وەک «داکوتاویی نرخەکان»، «کەلێنی بەرهەمهێنان» و «چاوەڕوانیی هەڵاوسان» بوونە کۆڵەکەی مۆدێلە مۆدێرنەکانی ناسراو بە «نیۆکینزی.(New Keynesian Economics) »

ئەم هاوکێشە نوێیانە یارمەتیی داڕێژەرانی سیاسەت دەدەن تا بە وردی جیاوازی بکەن لە نێوان قەیرانێک کە سەرچاوەکەی «کەمبوونەوەی خواستە» لەگەڵ قەیرانێک کە بەهۆی «بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنانەوە» سەری هەڵداوە؛ چونکە چارەسەری هەردوو حاڵەتەکە لە یەکتر جیاوازن. لەگەڵ ئەم سەرکەوتنانەشدا، ئەزموونی قەیرانە داراییە سەردەمییەکان پێمان دەڵێن کە مۆدێلە ماتماتیکییەکان (بیرکارییەکان) هێشتا سنووردارن، بەتایبەت لە بەرامبەر پرسی «نایەکسانیی داهات»، کەڵەکەبوونی قەرزەکان و جیاوازیی قووڵی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا. لەبەر ئەوە، ئەم دەستکەوتانە کۆتاییی زانستی ئابووری نین، بەڵکوو بناغەیەکی پتەون بۆ تێگەیشتنێکی واقیعیتر.

### پوختە: پەیامی نۆبێلی ٢٠٢٦

لە کۆتاییدا، خەڵاتی نۆبێلی ئابووریی ٢٠٢٦ پەیامێکی ئیپستمۆلۆژی و زانستیی ڕوونی هەیە: تێگەیشتن لە ئابووریی گەورە (ماکرۆ)، بەبێ شیکردنەوەی دەروونناسی و ڕەفتاری تاکەکان (میکرۆ) ناتەواوە. ڕۆبێرت هۆڵ و مایکڵ وودفۆرد، هەر یەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە پیشانیان دا کە متمانە، بڕیاردان و چاوەڕوانیی مرۆڤەکانە کە چارەنووسی بازاڕ و نەتەوەکان دیاری دەکات.

ئەگەر لە سەدەی بیستەمدا سیاسەتی ئابووری زیاتر هونەری کۆنترۆڵکردنی ئامار و ژمارە گشتییەکان بوو‌بێت، ئەمڕۆ زانستەکە دەچێتە نێو هۆشیاریی تاکەکان و لێکدانەوەی هۆکارەکانی پشت ئەو ژمارانە. لێرەدایە کە گرنگیی شۆڕشی بنیاتە میکرۆئابوورییەکان دەردەکەوێت؛ شۆڕشێک کە هاوکێشە بیرکارییە وشکەکانی ئابووری هێنایەوە نێو واقیعی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان.

٢٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# د. جەواد دانشپەژووە: ئەگەر بەپەلە شایەدیی شایەتحاڵەکان تۆمار نەکرێت، تووشی کارەساتی سڕینەوەی مێژوو دەبینەوە





وتوویژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

ئەم وتوویژە لەگەڵ توێژەر و مێژووناس د. جەواد دانشپەژووە ئەنجام دراوە، کە تێیدا تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندە نەبینراو و هەستیارەکانی کارەساتی کۆمەڵکوژیی ١١ی خەرمانان لە گوندەکانی قاڕنێ و قەڵاتان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان. د. جەواد لە ئاخاوتنەکانیدا بەڕاشکاوی جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت ئەم تاوانانە وەک ڕووداوی دابڕاو و سەربەخۆ سەیر بکرێن، بەڵکوو بەشێکن لە پرۆسەیەکی سیستماتیک کە دوای فەتواکەی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ دەستی پێکردووە. هەروەها تیشک دەخاتە سەر کەمتەرخەمی لە دۆکیۆمێنتکردنی مێژووی زیندووی شایەتحاڵەکان، ئاستەنگە یاساییەکانی دادگاییکردنی ئەنجامدەران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، و ئامادەنەبوونی بەڵگەی پێویست بۆ سەلماندنی جینۆساید. لە کۆتاییشدا جەخت لە گرنگیی دامەزراندنی ناوەندێکی سەربەخۆ یان تریبوناڵێکی خەڵکی دەکاتەوە بۆ بەبەڵگەکردنی ئەم تاوانانە، تا ببێتە هەوێنێک بۆ دادپەروەریی ڕاگوزاری و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی هاوشێوە.

**شەهرام سوبحانی**: لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانتاندا سەبارەت بە ١١ی خەرمانان، تا چەند دەستتان بە بەڵگەنامەی فەرمی یان شایەتحاڵەکانی نێوخۆی ڕووداوەکە گەیشتووە، و گرنگترین ئەو زانیاریيانەی کە هێشتا لە ئەرشیفە مێژووییەکاندا بە تەمومژاوی ماونەتەوە چین؟

**د. جەواد دانشپەژووە**: سەبارەت بە شایەتحاڵەکان، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێستا دوای ٤٧ ساڵ، زۆر سەختە زانیارییەکان کۆبکرێنەوە؛ لەکاتێکدا لە ماوەی ئەم ٤٧ ساڵەی ڕابردوودا کاری جیددی لەسەر نەکراوە. بە بڕوای من گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم بابەتە وەک پێویست بەبەڵگە نەکراوە و تا ئێستا کەس پێشەنگ نەبووە تا بە شێوەیەکی گشتگیر کار لەسەر دۆکیۆمێنتکردن و بەبەڵگەکردنی ئەم کۆمەڵکوژییانە بکات.

ئەمە خەسارەتێکی گەورەیە، چونکە بە تێپەڕبوونی کات شایەتحاڵەکان نامێنن تا دەرفەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی قاڕنێ و گوندەکانی دیکە و ناساندنی کەسایەتییەکان بڕەخسێنن. ئێستا ٤٧ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیوە؛ بەشێکی زۆریان کۆچی دواییيان کردووە، ئەوانەشی لە ژیاندا ماون، پەیوەندیکردن پێیانەوە و کەڵکوەرگرتن لە شایەدییان تا ڕادەیەک دژوارە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە دەستکەوتنی بەشێک لە شایەتحاڵەکان کە ئێستا لە وڵاتانی ئەورووپی دەژین، دەکرێت وەک سەرچاوەی زیندووی شایەدی کاریان لەگەڵدا بکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی ئەو کاتەی ئێران لە ڕاگەیەندراوە فەرمییەکانیدا چۆن پاساوی بۆ ڕووداوەکانی قاڕنێ و قەڵاتان دەهێنایەوە، و ئەدەبیاتی بەکارهاتوو بۆ ناساندنی دانیشتووانی ئەو گوندانە چ جۆرە گوتارێک بوو؟

**د. جەواد دانشپەژووە**: پەیوەست بەم پرسیارەوە کە لە ڕاگەیەندراوە فەرمییەکاندا چۆن پاساو بۆ ئەم ڕووداوانە (بەتایبەت قاڕنێ و قەڵاتان) دەهێننەوە، پێم خۆشە تیشک بخەمە سەر ئەوەی کە ئەگەر ئێمە تەمەنی ئەم کۆمەڵکوژییانە (لە دوای

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

فەتواکەی خومەینییەوە، تا زەبروزەنگ، سێدارەدان، کوشتنی کۆڵبەران و قەتڵوعامی گوندنشینان) لە یەکتر جیا بکەینەوە، تووشی هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی و یاسایی دەبین.

لە دوای فەرمان (یاخود فەتوا)کەی خومەینی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، تاوەکو ئەمڕۆ پرۆسەی کۆمەڵکوژی بە شێوازی جۆراوجۆر لە ڕێگەی کوشتنی کۆڵبەران، زینـدانیکردن و سێدارەدانەوە بەردەوامە. ئەگەر تەواوی ئەم زنجیرەیە بە یەک بەستراوەیی لەبەرچاو نەگیرێت، ڕووبەڕووی هەڵەی تێگەیشتن دەبینەوە. هەر بۆیە پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە سەرجەم ئەم کۆمەڵکوژییانە دوای فەتواکەی ٢٨ی گەلاوێژ دەستیان پێکردووە و تا هەنووکەش بەردەوامن.

بڕوای من وایە، سەرەڕای جیاوازی لە کات، شێواز، چەندێتی و چۆنێتیی ئەم کوشتارانە، دەبێت هەموویان لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا ببینرێن. لە یادمانە کاتێک لە ٢٨ی گەلاوێژدا خومەینی فەرمانەکەی دەرکرد، لە هەمان ڕۆژدا ٤ مەرجەعی شیعەی ئێران (ئایەتوڵڵا مەرعەشی نەجەفی، ئایەتوڵڵا قومی، محەممەد سادقی ڕۆحانی و محەممەد باقر شیرازی) بە نووسراو پشتگیرییان لە فەرمانەکەی خومەینی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان کرد.

خاڵی گرنگتر لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە کە «محەممەد سادقی ڕۆحانی» تەنانەت چەمکی «جیهاد»ی بەکار هێنا، لەکاتێکدا لە فەرمانەکەی خومەینیدا وشەی «جیهاد» بەڕاشکاوی نەهاتبوو. کۆی ئەم فەتوایانە (فەرمانی خومەینی و پشتگیریی نووسراوی ئەم چوار مەرجەعە شیعەیە) بووە هۆی هاندانی هێزە چەکدارەکان و تەنانەت کۆکردنەوەی بەشێک لە خەڵکی ئاسایی بەرەو کوردستان، کە ئەنجامەکەی دەستپێکردنی قەتڵوعام بوو.

ڕاستەوخۆ دوای ئەوە، هێرش کرایە سەر کوردستان؛ لە ٢٩ی گەلاوێژدا (تەنیا ڕۆژێک دوای فەتواکە)، خەڵخاڵی ڕووی کردە کوردستان و تەنیا لە ماوەی ٦ ڕۆژدا زیاتر لە ٦٠ کەسی بە شێوەی بەکۆمەڵ لەسێدارە دا. دوو هەفتە دواتریش (١٣ ڕۆژ دواتر) هێرش کرایە سەر گوندەکان، کە گوندی «قارنێ» یەکێک بوو لەوانەی کرایە ئامانج.

لەبەر ئەوە، پێم وایە دەبێت تەواوی ئەم کۆمەڵکوژییانە وەک یەک دۆسیەی پێکەوەبەستراو سەیر بکرێن. لە ڕوانگەی یاساییەوە دەکرێت بەو جۆرە بڕوانرێت کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٧ بۆ ٤٨ ساڵی ڕابردوودا (لە ٢٨ی گەلاوێژەوە تا ئەمڕۆ) بە شێوازێکی سیستماتیک هەوڵی داوە گەلی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر کۆمەڵکوژ بکات و لەناوی ببات.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

**شەهرام سوبحانی: لە پاش کارەساتی قارنێ، هەندێک هەوڵ و سەردان لەلایەن کەسایەتییە ئایینی و سیاسییەکانەوە (وەک لیژنەکانی ناوچەکە) بۆ بەدواداچوون درا؛ ئەرشیفی مێژوویی سەبارەت بە ئەنجام و ئاستی کاریگەریی ئەو بەدواداچوونانە چی دەڵێت؟**

**د. جەواد دانشپەژووە**: پەیوەست بەم پرسیارەوە کە ئاماژە بە بەدواداچوونی ڕووداوەکان دەکات، دەکرێت بگوترێت بەرپرسانی سەرەکیی پلاندانان و ئەنجامدانی ئەم قەتڵوعامانە بریتی بوون لە: مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی نەغەدە، سەرتیپ زەهیرنەژاد (فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمێ)، عەزیم مەعبوودی (ئەندام و بەرپرسی شۆرای نەغەدە) و سەرهەنگ شەهبازیان.

دوای ڕوودانی هێرشەکان و بڵاوبوونەوەی دەنگدانەوەیان لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا، ڕووحوڵڵا خومەینی ناچار بوو نوێنەرێک بە ناوی «مەهدی بەهادۆران» بنێرێتە کوردستان تا بەدواداچوون بۆ بابەتەکە بکات. بەهادۆران نزیکەی مانگێک لە ناوچەکە مایەوە و ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی ئامادە کرد و بۆ خومەینی نارد. لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردبوو کە هەندێک دەسەڵاتدار و کەسایەتیی سەر بە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵێک ساواکیی پێشوو دەستیان لەم قەتڵوعامانەدا هەبووە، هەروەها زانیاریی ناڕاستیان بڵاو کردووەتەوە تا وا نیشان بدەن قوربانییەکان لە شەڕدا کوژراون. بەهادۆران لە کۆتاییی ڕاپۆرتەکەیدا پێشنیاری بۆ خومەینی کردبوو کە دادگایەک بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە پێک بهێنرێت، بەڵام لە کردەوەدا هیچ ئەنجامێکی نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، نوێنەرایەتییەک لە خەڵکی گوندەکان و کەسووکاری قوربانییان دوو جار سەردانی خومەینییان کرد؛ هەرچەندە بەڵێنی بەدواداچوونیان پێدرابوو، بەڵام لە ڕووی یاسایی و دادوەرییەوە هیچ هەنگاوێکی کردەیی نەنرا.

لە لایەکی ترەوە، لەبارەی بەشێک لە گوندەکانی ناوچەی هەوشار، دوای سکاڵای بنەماڵەی قوربانییەکان، دوو تا سێ دادگا پێکهێنران. گرنگیی ئەم دادگایانە لەوەدا بوو کە لە حوکمەکاندا بە شێوەیەکی بەڵگەدار دانپێدانان (ئیقرار) کرا بەوەی کە قەتڵوعام لە ناوچەکەدا ڕووی داوە و لەلایەن دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراون و پێویستە سزای یاسایی وەرگرن. ئەگەرچی ئەم حوکمانەش نەبرانە سەر، بەڵام دانپێدانانی دادگا سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی خۆی بەڵگەیەکی مێژوویی و یاسایی گرنگە.

**شەهرام سوبحانی: وەک توێژەرێک، سەرلەبەری ڕووداوەکانی ١١ی خەرمانان لە قارنێ و قەڵاتان لەژێر کام زاراوەی یاسایی نێودەوڵەتیدا دەگونجێنین؟ ئایا بەڵگە مێژووییەکان توخمەکانی تاوانی داڕێژراو دەسەلمێنن؟**

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

**د. جەواد دانشپەژووە**: سەبارەت بەم پرسیارە و گونجاندنی زاراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان؛ ئەگەر سەرجەم ڕووداوەکانی کوردستان لەبەرچاو بگرین، دەتوانین لەسەر چەمکی «جینۆساید» بدوێین. بەڵام بۆ سەلماندنی جینۆساید، پێویست بە بەڵگەی سەلمێنەر دەکرێت کە نیشان بدات دەسەڵاتداران بە نووسراو یان بە ئاخاوتن نییەتی لەناوبردنی تەواوەتی یان بەشێک لە گەلی کوردیان هەبووە، کە دەستکەوتنی ئەم جۆرە بەڵگانە ئاسان نییە. بەڵام بابەتی «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی» خاڵێکی یاسایی زۆر بەهێزە و بە ئاسانی دەسەلمێندرێت.

لەلایەکی دیکەوە، لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) یان لاهەی ناتوانرێت ئەم کەیسە بورووژێندرێت، چونکە یەکەم: کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئەندامێتیی فەرمی نییە؛ دووەم: دادگای ICC بەپێی ئەو پەیماننامەیەی کە خۆیان پەسەندیان کردووە، تەنیا پێڕاگەیشتن بەو تاوانانە دەکات کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ەوە ڕوویان داوە، لەکاتێکدا ئەم قەتڵوعامانە پێش ئەو بەروارە ڕوویان داوە.

**شەهرام سوبحانی: لە ئامادەکردنی مێژووی زارەکی و بەڵگەدارکردنی ئەم کۆمەڵکوژییەدا، گەورەترین ئاستەنگی مێژوونووسان چییە؟ چۆن دەکرێت ڕێگە لە سڕینەوە یان شێواندنی ئەم بەشە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان بگیرێت؟**

**د. جەواد دانشپەژووە**: گەورەترین ئاستەنگی بەڵگەدارکردن (دۆکیۆمێنتکردن) ئەوەیە کە ئەم ڕووداوانە بە دروستی و بە بەڵگەی زانستی تۆمار نەکراون. بەشێک لە شایەتحاڵەکان کۆچی دواییان کردووە و بەشێکی دیکەشیان تەمەنیان هەڵکشاوە؛ ئەگەر بەزوویی وتووێژیان لەگەڵدا نەکرێت و زانیارییەکان تۆمار نەکرێن، ڕووبەڕووی کارەساتێکی مێژوویی لەدەستدانی بەڵگەکان دەبینەوە.

**شەهرام سوبحانی: لە کۆتاییدا دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بەسەر کارەساتی قاڕنێ و قەڵاتاندا، ڕوونکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکان لە ئاستی ئەکادیمی و گشتی، چۆن دەکرێت ببێتە هەوێنێک بۆ بەدیهاتنی دادپەروەریی ڕاگوزاری و دروستبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژیی هاوشێوە؟**

**د. جەواد دانشپەژووە**: بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ئامادەکاری بۆ داهاتوو، گرنگترین کار، سەرەڕای هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دادگا لە داهاتوودا، بریتییە لە دامەزراندنی ناوەندێک، دادگایەکی ڕەمزی، یان تریبونالێکی سەربەخۆی خەڵکی. ئەرکی ئەم ناوەندە تۆمارکردن، بەڵگەدارکردن و گەیاندنی دەنگی قوربانییان و ئازارەکانیان دەبێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

٢٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ پێویستییەک لە قۆناغی گۆڕانکاریی ئێراندا





**شەهێن زادئەحمەد**

هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکان خۆبەخۆ گەرەنتیی گۆڕانکاری ناکات، بەڵکوو مەرجی سەرەکییە بۆ کۆتاییهێنان بە پەرتەوازەیی، دارشتنی گوتارێکی هاوبەش و، بەشداریکردنی کاریگەر لە داڕشتنەوەی چارەنووسی سیاسیدا.

ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدات کە هاوپەیمانی کاتێک دەتوانێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی بخوڵقێنێت کە پشتبەستوو بە پەیوەندیی پتەو لەگەڵ جەماوەر، بەرنامەیەکی تۆکمەی کار و توانای بڕیاردان و مانۆڕی سیاسیی هاوبەش بێت. لەو

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

ڕوانگەیەوە، پێکهاتنی هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەنگاوێکی مێژوویی و گرنگە؛ بەڵام کاریگەری و سەنگەکەی بە کردار و بەردەوامیی ئەو هاوپەیمانییە لە گۆڕەپانی خەباتدا دیاری دەکرێت، نەک تەنها بە ڕاگەیاندنی دامەزراندنی.

**ئەم بابەتە پێویستە لە سێ ئاستی سەرەکیدا هەڵبسەنگێندرێت:**

**یەکەم:** یەکڕیزی و هاوئاهەنگیی نێوخۆیی حیزبەکانی کوردستان؛
**دووەم:** هاوکاری و دیالۆگ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران و نەتەوە بندەستەکانی دیکە؛
**سێیەم:** پەیوەندی و دیپلۆماسیی کاریگەر لەگەڵ وڵاتان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان.

ئەم سێ ئاستە تەواوکەری یەکترن، بەڵام جیاوازن و پێویستە لە هەر یەکەیاندا بە شێوازێکی پرۆفیشناڵ و بەرپرسیارانە هەنگاو بنرێت.

### هاوپەیمانی لە مێژوودا

نموونەی بزووتنەوەی «سۆلیداریتی» لە لەهێستان نیشان دەدات کە هاوپەیمانیی سیاسی دەتوانێت دەروازەی سەرەکیی گۆڕانکاری بێت کاتێک لەسەر بنەمای هاوکاریی فراوان، دیالۆگی نیشتمانی و ڕێککەوتنی ستراتیژیک بنیات بنرێت. گفتوگۆکانی مێزی بازنەیی لە ٦ی فێوریە تا ٥ی ئاوریلی ١٩٨٩ بەڕێوەچوون و بە ڕێککەوتن لەسەر ڕیفۆرمی سیاسی و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی نیمچەئازاد کۆتاییان هات. لە هەڵبژاردنەکانی ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩دا، کاندیدەکانی سۆلیداریتی هەموو ئەو کورسییانەیان بردەوە کە لە پەرلەمانی خواروودا ڕێگەی کێبڕکێیان پێدرابوو و، ٩٩ کورسی لە کۆی ١٠٠ کورسیی ئەنجومەنی سێناتیشیان (پیران) بەدەستهێنا. ئەو سەرکەوتنە گەورەیە پرۆسەی گۆڕانی سیاسیی لەهێستانی خێراتر کرد و کۆتایی بە دەسەڵاتی تۆتالیتێر هێنا.

ئەم نموونەیە بە مانای ئەوە نییە کە هەمان ڕێڕەو بە هەموو وردەکارییەکانیەوە لە ئێرانیش دووبارە دەبێتەوە؛ چونکە بارودۆخی مێژوویی، پێکهاتەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی هەر وڵاتێک جیاوازن. بەڵام وانەیەکی گشتگیر و حاشاهەڵنەگر پێشکەش دەکات: هاوپەیمانی کاتێک دەگاتە ئامانج کە ڕەگی لە نێو کۆمەڵگەدا بێت، لە ئاستی نەتەوەییدا خاوەنی هێزی دیالۆگ بێت و، بۆ قۆناغی دوای ڕووخان بەرچاوڕوونی و ڕێڕەوی سیاسیی دیاریکراوی هەبێت. هاوپەیمانییەک کە لە



سەرچاوە Serchawe

سنووری ڕاگەیاندنی هاوبەشدا قەتیس بمێنێتەوە، ناتوانێت بە تەنیا هاوسەنگییە سیاسییەکان لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بگۆڕێت.

## قەیرانی ئێران و دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە چاوخشاندنێک بە قەیرانی گشتیی ئێران و دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبینین کە ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت لە کۆتایی ٢٠٢٥ و سەرەتای ٢٠٢٦، پێی ناوەتە قۆناغێکی چارەنووسساز و شەپۆلێکی فراوانی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی بەخۆوە بینیوە. ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش ڕاپۆرتی حکوومەتی بریتانیا، ئاماژە بەوە دەکەن کە نارەزایەتییەکان لە ٢٨ی دێسامبری ٢٠٢٥ لە بازاڕەکانی تارانەوە بەهۆی دارمانی ئابووری و خراپبوونی بژێوی ژیان سەریان هەڵدا و بە خێرایی تەواوی جوغرافیای ئێرانیان گرتەوە. ئەم نارەزایەتییانە تەنیا داخوازیی کاتیی ئابووری نین، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ویستێکی گشتگیر و شۆڕشگێڕانەی زۆرینەی ڕەهای خەڵکن بۆ تێپەڕین لە تەواوی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی.

لەو نێوەندەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرباری هاوبەشی لە قەیرانە گشتییەکانی ئێراندا، بەهۆی ستەمی نەتەوەیی و سیاسەتی سیستماتیکی دەسەڵات، بارودۆخێکی تایبەت و هەستیارتری هەیە. هەڵاواردن، بێکاریی بە ئەنقەست، گەشەپێنەدراوی و هەژاریی سەپێنراو بەسەر شار و ناوچەکانی کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ سنووردارکردنی دەرفەتەکانی کار، خوێندن بە زمانی دایک و بەشداریی سیاسی، پرسی کوردستانی لە بابەتێکی سادەی ئابووری و کولتوورییەوە گۆڕیوە بۆ کێشەیەکی بنەڕەتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس، دابەشکردنی عادڵانەی دەسەڵات و سامانی وڵات و، چەسپاندنی دادپەروەری.

لە لایەکی ترەوە، شوێنی ژێئۆپۆلیتیکی و ستراتیژیکی کوردستان لەسەر سنوورەکان و دۆخی ئەمنیی ناوچەکە، خەباتی سیاسی ئاڵۆزتر و لە هەمان کاتدا کاریگەرتر دەکات. هەر بۆیە دارشتنی سیاسەتی هاوپەیمانی پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە هەیە کە هاوکێشە ناوچەییەکانیش لەبەرچاو بگرێت.

## هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانیی ئێران

لە ٢٢ی فێوریەی ٢٠٢٦دا، پێنج حیزبی سەرەکیی کوردستانیی ئێران دامەزراندنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

کوردستانی ئێران»یان ڕاگەیاند. ئەندامانی ئەم هاوپەیمانییە بریتین لە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان، ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (کە لە درێژەدا حیزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیشی پێوە پەیوەست بوو). پلاتفۆرمی ئەم هاوپەیمانییە لەلایەن بەرپرسانی باڵای حیزبەکانەوە واژۆ کرا و دوای زنجیرەیەک گفتوگۆی چڕ و بەرپرسیارانە بە فەرمی ڕاگەیەنرا.

لەم پرۆسەیەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی دیاریکەری لە داڕشتنی بیرۆکەکە، لێکنزیککردنەوەی دیدگاکان و پێداگری لەسەر پێویستیی حاشاهەڵنەگری یەکریزی گێڕاوە. بێگومان واژۆکردنی پلاتفۆرمەکە لەلایەن سەرجەم لایەنەکانەوە، سەرمایەیەکی نیشتمانی و دەستکەوتێکی هاوبەشە بۆ تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم هاوپەیمانییە لە بەهێزکردنی یەکریزی و هاوئاهەنگیی مەیدانی، بەرگریکردن لە مافە نەتەوەیی و ئازادییە دیمۆکراتیکەکان و، مسۆگەرکردنی بەشداریی کاریگەری گەلی کورد لە دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی ئێران کورت دەبنەوە؛ ئامانجگەلێک کە دەبێ لە ڕێگەی کرداری شۆڕشگێڕانە و کاری بەردەوامەوە بخرێنە واری جێبەجێکردنەوە.

### پێنج خاڵی بەهێزی هاوپەیمانی کە پێویستە بکرێنە بنەما

**پێنج خاڵی بەهێز و بنەڕەتی لەم هاوپەیمانییەدا هەن کە پێویستە بکرێنە سەنگەری سەرەکیی خەباتی هاوبەش:**

– **یەکخستنی گوتار:** پەیامی حیزبە بەشداربووەکان بەرامبەر بە ڕووداوەکان و لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا یەکگرتوو و کاریگەرتر دەکات.

– **بەهێزکردنی سەنگی دانوستان:** توانای نوێنەرایەتیکردنی مافەکانی گەلی کورد لە هەر گفتوگۆ و هاوکێشەیەکی سیاسیی چارەنووسسازدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە.

– **هاوکاری لەگەڵ پاراستنی فرەڕەنگی:** بوار بۆ بەکارهێنانی خاڵە هاوبەشەکان دەکاتەوە، بە شێوەیەک کە تایبەتمەندی و ناسنامەی سیاسیی هەریەک لە حیزبەکان پارێزراو بێت.

**– چەسپاندنی پرسی کورد:** دۆزی ڕەوای کوردستان و خواستە نەتەوەییەکان دەخاتە چەقی هەموو گفتوگۆیەکی پەیوەندیدار بە داهاتووی سیاسیی ئێران.

**– پلاتفۆرمی هاوبەش بۆ دیالۆگ:** دەبێتە چوارچێوەیەکی بەهێز بۆ هەڵوێستوەرگرتن و دیالۆگ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەری و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران.

## سێ ئاستی پێویستیی هاوپەیمانی بۆ حیزبەکانی کوردستان

### – ئاستی یەکەم؛ هاوئاهەنگیی نێوان حیزبەکانی کوردستان:

ئەم ئاستە پێویستی بە بەرنامەیەکی کاری هاوبەش، میکانیزمی بڕیاردانی خێرا و لێکتێگەیشتن لەسەر بەڕێوەبردنی جیاوازییەکان هەیە. جیاوازیی بیروباوەڕ و شێوازی خەبات لە نێو بزووتنەوەیەکی فرەڕەنگدا دیاردەیەکی سروشتییە؛ گرنگ ئەوەیە ئیرادەی سیاسی بۆ پاراستنی هاوپەیمانییەکە لە سەرووی هەموو جیاوازییەکانەوە بێت.

### – ئاستی دووەم؛ هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران و نەتەوەکانی دیکە:

هەر چەشنە دیالۆگ و پەیمانێک لەم ئاستەدا دەبێت لەسەر بنەمای دانپێدانانی ڕوون بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، دێموکراسیی ڕاستەقینە، سیستەمی فیدراڵ و مافی یەکسانی نەتەوەکان بێت؛ بە جۆرێک کە کوردستان وەک هاوبەشێکی سەرەکی و بڕیاردەر لە هاوکێشەکەدا ئامادە بێت.

### – ئاستی سێیەم؛ پەیوەندی و دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان:

وتاری یەکگرتووی دیپلۆماسی و دیپلۆماسییەکی چالاک دەتوانن دۆزی کورد بگەیەننە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهان. پشتیوانیی نێودەوڵەتی ئەو کاتە بەدەست دێت کە هاوپەیمانییەکە وەک ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراتیک، یەکگرتوو و خاوەن پێگەی بەهێزی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربکەوێت.

## سنوورەکان و پێوەرەکانی سەرکەوتن لە هاوپەیمانیدا

سەرکەوتنی هاوپەیمانی تەنها لە ڕاگەیاندنی سەرەتاییدا کورت نابێتەوە. پێوەری سەرەکیی سەرکەوتن بریتییە لە:

ڕەزبەری ٢٧٢٦

بەڕێوەبردنی هاوبەشی قەیرانەکان، بەکرداریکردنی بڕیارەکان لە مەیداندا، بەردەوامیی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە نێوخۆی وڵات و، بەرفراوانکردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکان و چالاکوانانی مەدەنی.

ئەم ڕوانگە واقیعی و نیشتمانییە ئێستا لە هەنگاوەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا بەدی دەکرێت، بەڵام پێویستی بە بەردەوامی، چاودێری و تۆکمەکردنی زیاتر هەیە تا بتوانێت وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانییە بەرزەکانی گەلی کورد لەم قۆناغە هەستیارەدا بێت.

## کۆتایی و دەرەنجام

لە کۆتاییدا، قەیرانی هەمەلایەنەی ڕێژیمی ئێران، ڕاپەڕینی بەردەوامی جەماوەر بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و، هەستیاریی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکە، پێویستیی یەکڕیزی و هاوپەیمانیی سیاسییان لە هەموو کات زیاتر کردووە.

پێکهاتنی هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستان وەڵامێکی بەرپرسیارانە بوو بە داخوازیی مێژوویی کۆمەڵگە. وانەی مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەرکەوتنی کۆتایی مسۆگەر دەبێت کاتێک بەرنامەی سیاسیی هاوبەش، ئیرادەی حیزبەکان و پشتیوانیی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری گەلی کوردستان لە یەک سەنگەردا یەک دەگرنەوە. ئەم هاوپەیمانییە خاڵی وەرچەرخانە بۆ مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ئایندەی سیاسیی ئێراندا.

٢٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

---

ڕەزبەری ٢٧٢٦

# بۆچی ئەنتێگرە نابین؟





**کەریم پەرویزی**

لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا قەیران لەسەر قەیران کەڵەکە بووە و هێشتا قەیرانێک دانەمرکاوەتەوە، قەیرانی دیکەی لەسەر داتەپیوەتەوە. هەر ئەم وێنا دێرینەی ئەم ناوچەیە وای کردووە کە هەرچی بیرۆکەی دونیایە تێیدا تاقی بکرێتەوە و دوای چەند سەدە، لەمڕۆکەدا دەبینین کە ڕەوتی وەها پەیدا دەبێ کە لیبراڵێکی مارکسیستییە و دژەئیمپریالیستییەکی ستایشکاری ئیمپریالیزمی نوێ دەست دەکەوێ، یان پاڵپشتی مافی نەتەوەیی فەلەستینییەکان دەبینی کە خوازیاری سەرکوتی کوردەکانە!

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

لەم ئـاڵۆزییە سیاسییەدا کە لە ئـاڵۆزیی بیـر و هـزر و ڕوانینـەوە سەرچاوە دەگرێ، پرسی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست هەروا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و لەمسەری ئەم مەنشوورەوە کە داوای کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دەکـا تـا ئەو سەری کە داگیرکەرێکی دڕندەیە و کوردی پێ خـاوەن مـاف و بـوون نییە و تەنیـا کوشتار و جینۆسایدی بـۆ بە ڕەوا دەزانـێ، هەڵوێستی جۆربەجۆر و ڕوانینی جیاواز بۆ پرسەکە دەبینی.

سەرەڕای بیرۆکە و ڕێگە سیاسییە پێشووەکان و هی نوێ و هەڵقوڵاوی دۆخی نوێ، لەم نێوەدا باسێکی بەنـاو تـازە بەڵام لە مێژوودا کۆن، هاتووەتە ئاراوە بە ناوی ئەنتێگراسیۆن! گوایە ئەم ڕوانینە ڕێگەی تـازەی پێیە بـۆ چارەسەری پرسی کـورد و هەندێک جار بۆ ڕازاندنەوەی وشەکە ئاوەڵناوی دێموکراتیکیشی پێوە دەلکێنن و بە ناوی ئەنتێگراسیۆنی دێموکراتیک، گوایە دەرگایەکی جیاوازیان دۆزیوەتەوە.

باس لەسەر ئەنتێگراسیۆن تـا ماوەیەک لەمەوبەر تەنیـا سەبارەت بە دۆخی کـورد لە تـورکیە دەهـاتە بەر بـاس و لایەنـی سیاسـی ئەو بەشـەی کوردسـتان، واتە ڕەوتـی پەکەکە و لقوپـۆپ و نـاوە جیاوازەکـانی باسیان دەکـرد؛ تـا ئەو کـاتەی پێوەندیدار بە پرسی باکووری کوردستان بوو، نەمویستووە قسەی تێدا بکەم و پرسەکانی ئەو بەشەم بەلاوە گرنگ بـووە، بەڵام لێدوان لەسەر پرسەکە و ڕێگەچارەکەیم بە ماف و ئەرکی چالاکانی ئەو بەشە زانیوە و زۆرم خۆ تێوەنەگلاندوە.

بەڵام لەم دواییەدا باس لەسەر ئەنتێگراسیۆن لە ڕێگەی هەندێک لە چالاکـان و ڕەوتـی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشەوە هاتووەتە بەر باس و وەکوو ڕێگەیەک بۆ پرسی نەتەوەی کورد لەم بەشەشدا پێشنیار کراوە. تا ئێرەشم بە ئاسایی زانیوە و مـافی هەر کەسێکە کە ڕوانـین و ڕوانـگەی خـۆی بـۆ پرسـی نەتەوەکەی بێنێـتە بەر بـاس و بەشـکوو ڕێگەیەکـی تـازە بـۆ چارەسـەری پرسـی کـورد بـدۆزرێتەوە. بەڵام کە کـار گەیشـتە ئەوەی کە حیزبێکـی نێـو هاوپەیمـانیی هێـزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران باس لە ئەنتێگراسیۆن بکا و وەکوو ڕێگەیەک بۆ دواڕۆژی چارەسەری پرسی کورد پێشنیاری بکا،

**بە ئەرکم زانیوە کە وەکوو تاکێک ڕای خۆم لەسەر ئەو بەناو ڕێگەچارەیە دەرببڕم.**

### ئەنتێگراسیۆن چییە؟

پـێش ئەوەی قسـە لەسـەر ئەم بـابەتە بکەیـن و هەڵوێسـتی لەسـەر دەرببـڕین، پێویستە لە پێشدا بـزانین ئەوانەی لە کوردستان بـاسی ئەنتێگراسیۆن وەکوو ڕێگەچارە دەکەن مەبەستیان چییە و چییان پێیە بۆ خەڵک؟



سەرچاوە Serchawe

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

لەم ڕۆژانەدا وتەبێژی ڕەسمیی پژاک باسی لەوە کردووە کە پێشنیاری ڕێگەچارەیەکی ستراتیژیکیان بۆ ئێرانییەکان هەیە و لەو ڕێگەیەوە ئێران دیموکراتیک دەبێتەوە. لەوێدا ڕێوار ئاودانان باس لە ئەنتێگراسیۆنی دیموکراتیک دەکا.

**دەقی قسەکەی لەم بارەوە ئاوایە:**

"تێکەڵبوونی دیموکراتیک(Democratic Integration) ؛ ئەم بنەمایە بە تەواوی کۆتایی بە سیاسەتی تواندنەوەی زۆرەملێ (ئاسمیلاسیۆن Assimilation – دەهێنێت کە بریتییە لە سڕینەوە و لەنێوبردنی کولتوور و زمانی ناسنامە جیاوازەکان لە ناوچەکەدا، تێکەڵبوونی دیموکراتیک سەرلەنوێ پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت و پەیوەندیی نێوان سەرجەم پێکهاتە نیشتەجێبووەکانی نێو وڵات دادەڕێژێتەوە و لە ڕێگەی داڕشتنی دەستوورێکی دیموکراتیکەوە، سەرجەم ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانیان بە یاسا گەرەنتی دەکات".

ئەوەی لێرەدا لەسەر ئەنتێگراسیۆنی ڕازاوە بە دیموکراسی دەیڵێ، هەرچەند هەندێک کۆدی دیار لەخۆ دەگرێت کە باس لە پێوەندیی دەوڵەت و کۆمەڵگە و هەروەها پێکهاتەکانی وڵات دەکا و ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانیان لە یاسادا جێگیر دەکا و ئەمە دەمانباتە سەر سەرچاوەی تێڕوانینەکە؛ بەڵام لەبەر لێڵی و ناڕوونیی باسەکەی، ویستم بزانم خودی تێگەیشتنی کەسانی سەر بە ڕەوتی لایەنگری ئەنتێگراسیۆن چییە و دواتر بتوانین لەسەر قسەی ڕوونی خۆیان بدوێین. بۆیە سەردانێکی ماڵپەڕی فورات نیوزی سەر بە تەڤگەری ئاپۆییم کرد و لەوێدا بابەتێکی مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٢٥م بینی کە گوایە ئەنتێگراسیۆنی دیموکراتیک شی دەکاتەوە.

لە وتارەکەدا بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگە و لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی پێداگری لەسەر جۆری ڕوانینی تەڤگەری ئاپۆیی بۆ کۆمەڵگە بکاتەوە، نموونە لە قسەکانی ژان ژاک ڕۆسۆ دێنێتەوە و دەڵێ بە ڕوانینی ڕۆسۆ مرۆڤ سەرەتا وەک تاک دەژیا و دواتر بۆ پاراستنی خۆی، بە دەوری یەک کۆ بوونەوە و کۆمەڵگەیان پێک هێنا و، کۆمەڵگەش جیاوازیی تێدا هەیە و دەبێ جیاوازییەکان پارێزراو بن!

**لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا ئاوا دەڵێ:**

**"بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئەنتێگرەبوون پێویستە شرۆڤەی دوو جۆری سیاسەت بکەین:**

١- سیاسەت لەسەر بنەمای ناسنامە (ئێتنیک و ڕەگەز و ئایین)، ئەمە دەکرێت دەمارگرژیی لێ بکەوێتەوە و کۆمەڵگە دابەشی

سەر (ئێمە و ئەوان) بکات. جا ئەو تاقمەی دەسەڵاتی لەدەستە، بە ئامانجی پاراستنی سیستەمەکەی خۆی گرووپەکانی دەرەوەی دەسەڵات دەتوێنێتەوە.

٢- سیاسەت بە پێودانگی کۆمەڵگە، ئەویش بەپێی پاراستنی جیاوازییەکان، لەم شێوازەدا گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە گۆڕەپانی سیاسیی جیاوازدا دەجووڵێنەوە و دەبنە خاوەنی چەندین ناسنامەی جیاواز".

**لە درێژەی وتارەکەدا ئاماژە بە سەرچاوەی فیکریی ئاپۆ و ڕەوتی ئاپۆیی دەکا و ناوی ئاکسێل هۆنێت، بیرمەندی ئاڵمانی دێنێ و دەڵێ:**

"ئەنتێگراسیۆن بەو چەشنەی ئاکسێل هۆنتی فەیلەسووفی ئاڵمانی پێناسەی دەکات بە واتای دەرفەتی پێکهێنانی ئازادیی کۆمەڵایەتی دێت".

ئاکسێل هۆنێت، لە بیرمەندانی درێژەدەری مەکتەبی فرانکفۆرتە و باس لە فرەکولتووریی کۆمەڵگە دەکا. ئاکسێل هۆنێت پێی وایە کە بەپێچەوانەی تیۆرییەکانی تێکئاڵاندنی کولتووری و "تیۆریی مەنجەڵی کولاندن" کە دەیانەوێ کولتوورێکی گشتی کە هەموو بەشە گرنگەکانی کولتوورە جیاوازەکانی تێدایە پێک بێنن، یەکدەستکردنی کولتووری بە ئاکام نەگەیشتووە و تەنیا ئاسمیلاسیۆن و سڕینەوەی بەرهەم هێناوە.

هۆنێت دەڵێ کە کولتووری جیاواز لە کۆمەڵگەدا هەیە و ئەو گرووپە کولتوورییانە دەبێ پارێزراو بن و، پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەدا پێویستی بەوەیە کە ناسنامەی ئەو گرووپانە بە ڕەسمی دانی پێدا بنرێت.

بەو پێیە ڕەوتی ئەنتێگراسیۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر وتەکانی سەرچاوەکەیان واتە ئاکسێل هۆنێت، بریتییە لەوەی کە بۆ ئەوەی ئاسمیلاسیۆن ڕوو نەدا، گرووپە کولتوورییەکان بە ڕەسمی بناسرێن و ماف و ئازادییان ڕەچاو بکرێ و بەتایبەت زمانیان بە ڕەسمی بناسرێ و مافی زمانیان پێ بدرێ.

ئەنتێگراسیۆنی تەڤگەری ئاپۆییش کە بە دێموکراسی ڕازاوەتەوە، لە کۆتاییدا هەر ئەوە دەڵێ کە گرووپی کولتووریی جیاواز بە ڕەسمی بناسرێ و ڕێگری لە ئاسمیلاسیۆن بکرێ و مافی زمانیان پارێزراو بێ و، مافی بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان پێ بدرێ.

## گرفتەکانی ئەنتێگراسیۆن چین؟

لە چەند سەدەی ڕابردوودا و بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە لە شۆڕشی فەڕانسەدا، مافی مرۆڤی هەڵقوڵاو لە کولتووری فەڕانسەیی بوو بە بنەمای هزری سیاسی و دەسەڵاتداری لە زۆر شوێن. لەسەر بنەمای ڕوانینی ژان ژاک ڕۆسۆ، کۆمەڵگە بریتییە لە پێکەوەبوونی تاکەکان بەدەوری یەکەوە کە ڕۆحێکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دروست دەکەن. ئەم ڕوانینە بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتە تازەکان کە چاویان لە فەڕانسە دەکرد، لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و یەکدەستکردنی کۆمەڵگەدا بن. لائیسیتەی فەڕانسەیی بیاڤی گشتی و بیاڤی تایبەتی لێک جیا دەکردەوە و هەر جۆرە ڕەنگ و بۆیەکی ئایینی و کولتووریی لە بیاڤی گشتی دەسڕییەوە و پێی وابوو کە دەوڵەت بێلایەنە و نابێ ڕێگە بدا کولتوور بێتە نێو بیاڤی گشتی، با تەنیا لە بواری تایبەت و تاکەکەسیدا بمێنێتەوە.

ئەمە بوو بە هۆی پەراوێزخستنی کولتوورە جیاوازەکان و لە هەندێک وڵاتیشدا ئاسیمیلاسیۆنی پێک دەهێنا. لە شوێنێکی وەکوو ئەمریکاش بە تیۆریی مەنجەڵی کوڵاو، دەیانگوت ئەو بیانییانەی دێنە نێو ئەمریکا لە نێو مەنجەڵی کولتووری ئەمریکاییدا دەکوڵێندرێن و بەرهەمەکە دەبێتە بەرهەمی هەموو کولتوورەکان!

ئاکسێل هۆنێت لە نەوەی سێیەمی مەکتەبی فرانکفۆرت دەیگوت کە ئەمە تەنیا و تەنیا ئاسیمیلاسیۆنی لێ کەوتووەتەوە و هەڵاواردن دژی کولتوورەکانی دی بەڕێوەچووە و کۆمەڵگە پڕە لە کێشە. بەتایبەتی لە ئاڵمان کە حەشیمەتێکی زۆری کۆچبەری تورکی لێیە، ئەو کۆمەڵگە تورکەی نێو ئاڵمان نەک نەسڕدراوەتەوە، بەڵکوو لە ژێر هەڵاواردندا ماونەتەوە و هۆنێت باسی لە کۆمەڵگەی فرەکولتووری دەکرد.

**ئەم ڕوانینەی ئاکسێل هۆنێت و بیری ئەنتێگراسیۆن هەرچەند هەڵوێست دەگرێ بەرامبەر بە ئاسیمیلاسیۆن و دەیەوێ کۆمەڵگە لە هەڵاواردن دوور بخاتەوە، بەڵام چەند کێشەی بنەمایی هەیە و ڕەخنەی لێ گیراوە:**

**یەکەم:** لە ڕوانینی هۆنێتدا، چەمکێک هەیە بە ناوی بەڕەسمی ناسین، یانی گرووپی کولتووریی جیاواز لەلایەن کولتووری دەسەڵاتدارەوە بە ڕەسمی بناسرێ.

ئەم ڕوانگەیە هەرچەند بە شتێکی ئەرێنیی دژ بە ئاسیمیلاسیۆن دەناسرێ، بەڵام لە خۆیدا گرووپی کولتووریی جیاواز بە پلە

دوو دادەنێ کە پێویستیان بە دانپێدانان لەلایەن کولتووری دەسەڵاتبەدەستەوەیە! لە ڕاستیدا لە چەمک و بنەمای هزریدا هێشتا کۆمەڵگەی سەردەست و کۆمەڵگەی پەراوێزخراوی داواکاری ڕەسمییەت، دەهێڵێتەوە.

ئەم ڕوانینەی هۆنێت گەر بۆ وڵاتێکی وەکوو ئاڵمان ڕەچاو بکەین ڕەنگە وەڵامدەر بێ، چونکە لەوێدا نەتەوەی ئاڵمانی خاوەن دەسەڵاتن و کۆمەڵگەی وەکوو تورک یان کورد یان ئەفریقی یا هەر گرووپێکی تر، کۆچبەرن و پەنایان هێناوەتە بەر ئەو وڵاتە و ڕەنگە لەوێدا ئاسایی بێ کە ئەو گرووپانە داوای بەڕەسمیناسینی کولتووریان بکەن. بەڵام لەو وڵاتانەی کە لە ڕەگ و ڕەسەنایەتیدا فرەکولتوورین، ئیدی ئەو کولتوورەی کە دەسەڵاتی بەدەستە، ڕەسەنایەتیی زیاتری نییە تاکوو داوای ڕەسمییەتپێدان و دانپێدانانی لێ بکرێ.

**دووەم:** کێشەیەکی گرنگتری تیۆریی ئەنتێگراسیۆنی هۆنێت، ئەوەیە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو گرووپە کولتوورییانەی کە لە نێو شارە جیاوازەکانی وڵاتێکدا بڵاو بوونەتەوە لەگەڵ ئەو گرووپانەی کە خاوەنی ژینگەیەکی لێکگرێدراون و خەڵکی ڕەسەن و خاوەن بوونێکی مێژوویی لە ناوچەی خۆیانن دانانێ و لێکیان جیا ناکاتەوە و هەموویان بە گرووپی کولتووری دەناسێنێ.

بۆ وێنە ئیسپانینەژادەکان یان ئەفریقینەژادەکانی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ژینگەیەکی جوغرافیایی لێکگرێدراویان نییە و لە شارەکانی ئەمریکادا بڵاو بوونەتەوە، بە گرووپی کولتووری ئەژمار دەکرێن و، شوێنێکی وەکوو هەرێمی باسکی ئیسپانیا لە نێو وڵاتی ئیسپانیادا هەر بە گرووپی کولتووری دەبینرێ.

ئەوانەی کە لە وڵاتێکەوە کۆچیان کردووە و ڕۆیشتوونە وڵاتێکی دیکە، بۆ وێنە تورکەکان لە ئاڵمان هەر بە گرووپی کولتووری دەبینرێن و، نەتەوەیەک وەکوو ئەرمەنی کە خاکەکەیان داگیر کراوە و وەکوو کەمینەیەک لە نێو وڵاتی ئازەربایجان دەورە دراون، هەر بە گرووپی کولتووری دەبینێ!

**سێیەم:** ئەنتێگراسیۆن ڕەنگە لە وڵاتێکدا کە کولتووری بەهێزی ئەزموونی دێموکراتیکی هەیە و گرووپی کولتووریی دیکە هاتوونەتە وڵاتەکەیەوە بە چاوی ڕێزەوە لێیان بڕوانێ، بەڵام ئەو گرفتە سەرەکییەشی تەنانەت لە وڵاتانی دێموکراتیک و خاوەن ئەزموونی سەرکەوتووشدا هەیە کە دەسەڵاتی زاڵ بە ڕێگەی شاراوە هەوڵی جۆرێکی تر لە ئەنتێگرەکردنیان دەدات! مێکانیزمەکانی دەسەڵات و ئابووری و دەرفەتی باشتری خوێندن و ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها شتێک بە ناوی پرستیژی کۆمەڵایەتی، کولتوورە پەراوێزخراوەکانی خوازیاری بەڕەسمیناسین، بەرەو توانەوەی خۆبەخۆ دەبات!



سەرچاوە
Serchawe

کەم نین ئەو بنەماڵانەی لە وڵاتانی دیموکراتیکیش دەژین و نەوەی دواتریان بەرەو کولتووری زاڵ ڕادەکێشرێن و لە پرۆسەیەکی چەند دەیەییدا دەتوێندرێنەوە.

جا ئەمە بیهێنە نێو وڵاتێکی خاوەن ئەزموونی شۆڤێنیستی کە لە بنەڕەتدا نەتەوەی دەسەڵاتدار خۆی بە گەورەتر لە هەموو مرۆڤەکان دەزانێ و خۆی بە خاوەنی خوێنی پاکی ئاریایی دەناسێنێ! چۆنی لەگەڵدا ئەنتێگرە دەبی و میکانیزمەکانی دەسەڵات و ئابووری و پرستیژی کۆمەڵایەتی و دەرفەتە قۆرخکراوەکان دوای چەند سەدەی دیکە وردەوردە دەکرێنەوە بە ڕووی نەتەوەکانی خوازیاری بەڕەسمیناسیندا؟

**چوارەم:** لە بیرۆکەی ئەنتێگراسیۆندا و لە تەڤگەری ئاپۆیی و لە قسەکانی وتەبێژی پژاکیشدا، چەمکی خۆبەڕێوەبەری دێ.
ئەم چەمکە بە وشەی دیموکراتیکیش دەڕازێنرێتەوە و دەڵێ ئەم خاڵە جێبەجێکردنی حوکمڕانیی خۆماڵی لە سەرجەم ناوچە و هەرێمە جیاوازەکاندا مسۆگەر دەکات؛ واتە بۆ ئیدارەکردن و حوکمڕانی لە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکان وشەی خۆبەڕێوەبەری بەکار دێنن.

دوو چەمکی جیاواز بۆ ئیدارەدانی خۆ لە ناوچەیەک هەیە: یەکێکیان خۆبەڕێوەبەرییە (Self-Administration) و ئەوی دیکەیان حکوومەتی خۆجێیی و خۆحوکمکردنە(Self-Governance) ؛ ئەم دوو چەمکە بە ڕواڵەت نزیک لە یەکن، بەڵام لە بنەمای ڕوانیندا کە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن زۆر جیاوازن.

خۆبەڕێوەبەریی ئیداری (Self-Administration)، یانی ئیدارەدانی کاروبار لەلایەن خۆتەوە؛ ئەم چەمکە لە وڵاتێکدا کە ئیدارەکردن ئاڵۆز بووە و دەسەڵاتی دەوڵەتی ناتوانێ لە هەموو شتدا دەستێوەردان بکا، هەندێ لە ئەرکە ئیدارییەکان بە دەست ئیدارە ناوچەییەکان دەسپێرێ؛ جا لە حاڵەتی کۆمۆنەکانی گەڕەک و گوند و شارەکانی نۆرویژەوە بگرە تا دەسەڵاتی خۆجێیی شارەکانی ئەمریکا و تا دەگاتە ئەنجوومەنی شار و گوند لە ئێران. ئەمانە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرن کە حکوومەت و سەروەری هی دەوڵەتە کە نوێنەری نەتەوەیە و ڕەوایی لە کۆمەڵگەوە وەردەگرێ، بەڵام کاروباری ناوچەیی و گوند و گەڕەک و هەر یەکەیەکی ئیداری کە دەوڵەت بە ڕەوای بزانێ، بە خۆیان دەسپێرێ کە خۆیان کاروباری ئەو شوێنە وەکوو ڕێگەوبان و ئاو و ئاوەڕۆ و خزمەتگوزارییەکان ئیدارە بکەن، بەڵام ئەوان مافی دەستێوەردان لە پرسی سەروەرییان نییە و لە حاڵەتی تایبەتدا کە دەوڵەت بە پێویستی بزانێ هێزی دەوڵەتی دەتوانێ تەنانەت ئەو دەسەڵاتە ئیدارییەشیان لێ بستێنێتەوە.

رەزبەری ٢٧٢٦

نموونەی هەرە زیندووی بۆ کورد، ئەو ئەنتێگراسیۆنەیە کە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە سووریە خەریکە بەڕێوە دەبرێ! لەکاتێکدا چەمکی خۆحوکمکردن (خودموختاری ) لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕەوایی دەسەڵات و حوکمکردن تەنیا هی دەوڵەتی ناوەندی نییە و نەتەوەی خاوەنی ژینگەی لێکگرێدراو ئەو مافە سروشتییەی سەروەریی بەسەر خۆی و ناوچەکەیدا هەیە و لە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لە چوارچێوەی یاسای گشتیدا بوونی دوو دەسەڵات (فیدراڵ و خودموختار) بە ڕەسمی ناسراوە.

**پێنجەم:** ئەنتێگراسیۆنی دێموکراتیک، پرسەکە تەنیا بە پرسێکی کولتووری دەبینێ و کێشە سەرەکییە مێژووییەکانی دیکەی وەکوو چەوساندنەوەی ئابووری و هێزی نیزامیی سەرکوتکەر و سیاسەتە ئەمنییەکان فەرامۆش دەکا و لە بیری دەچێ کە ئەوانە ڕەوتێک و پرۆسەیەکی مێژوویین و داهاتوو تەنیا بە بەڕەسمیناسینی کولتووری جیاواز لەو ڕابردووە خوێناوی و تاوانبارییە نابێ.

## کێشە سەرەکییەکانمان چین؟

ئەوەی کە باسمان کرد، خوێندنەوەی ئەنتێگراسیۆنی بەناو دێموکراتیک و هەندێ ڕەخنە گشتییەکان بوون کە لەو ڕوانینە بە شێوەی گشتی دەگیرێن کە دەتوانێ لە ئاستی هەموو وڵاتانی جیهانیدا ببینرێن، بەڵام لێرەدا باسەکەمان ئۆبژێکتیڤتر دەکەین و دەچینە سەر پرسی کوردستان و کورد لە ئێراندا و بزانین دەتوانێ ئەنتێگرە ببێ یان نە؟

### لە ئێران و سەبارەت بە کوردستان چەند خاڵی سەرەکیمان هەیە کە دەبێ بیانبینین:

**یەکەم:** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەرچەند کولتوورمان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەت لەگەڵ نەتەوەی باڵادەستی فارس، جیاوازە، بەڵام پرسەکەمان تەنیا پرسی کولتووری جیاواز نییە.

ئێمەی کورد وەکوو بانگەشەی هەندێ شۆڤێنیست و چەواشەکار کە مێژووی دەستکرد دەنووسنەوە، میوان و گرووپێکی کۆچبەر یا خێڵ و عەشایری کۆچبەر نین کە لەبەر قاتوقڕی، لە شوێنێکی نادیارەوە کۆچمان کردبێتە نێو ئێران و لەوێدا چاوەڕێی خێر و خێرات بین و داوای بەڕەسمیناسین بکەین.

کوردستان بوونێکی جوغرافیایی دیار و خاوەن مێژووە و لەم جوغرافیایەدا بە سەدان ساڵ دەسەڵاتی جۆربەجۆری کوردی

لەسەر حوکم بوون و لە برگەیەکی مێژووییدا بە شەڕی دوو ئیمپراتۆری، بەشێک لەم خاکە کەوتووەتە ژێر دەستی حاکمانی ئێسفەهان و تاران.

لەم خاکەدا خەڵکێک دەژین کە سەدان ساڵ ئەزموونی هێرشکردنەسەر و تاڵانکران و کاولکردنی شار و دەسەڵاتەکانیان لەلایەن هێرشبەرە جۆربەجۆرەکانەوە کردووە و ئەمە پێناسە و بوونێکی مێژوویی بە ناوی نەتەوەی خۆڕاگری کوردیان پێ بەخشیوە. خاک و خەڵکێکی جیاواز کە بە ڕێککەوتنە ئیمپراتۆرییەکان ژێردەستە کراون. لێرەدا ئیدی تەنیا باسی جیاوازیی کولتووری نییە، بەڵکوو باسی نەتەوەیەکە کە بە زۆر بە ئیمپراتۆرییەتێکەوە لکێندراوە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، وەکوو نەتەوەیەک ماوەتەوە و نەسڕاوەتەوە.

**دووەم:** پرسی خاک و خەڵکی کوردستان و کورد، دەمانگەیەنێ بە پرسێکی سیاسی بە ناوی ئیرادەی سیاسیی نەتەوەیەک کە نەک نەتەوەیەکی نەحاواوە و ئاژاوەگێڕ و گرفتی ئەمنی نییە، بەڵکوو نەتەوەیەکە کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی لێ زەوت کراوە و دەسەڵاتە ملهوڕەکان ئەو مافەیان لێ زەوت کردووە و وەکوو مێژوویەکی تێکۆشان، دەیان ساڵە بۆ سەلماندنی ئیرادەی سیاسیی خۆی خەبات دەکا. بۆیە پرسی کوردستان تەنیا پرسێکی کولتووری نییە، بەڵکوو هەم پرسی خاک و هەم پرسی ئیرادەی سیاسییە.

**سێیەم:** لە ئێراندا، لانیکەم لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی قاجارەوە تاوەکوو ئێستاش بیری شۆڤێنیستی زاڵە و ڕۆژانە لە دەیان هەزار تریبۆنی جیاوازەوە ئەو گوتارە شۆڤێنیستییە بەرهەم دەهێنرێتەوە، بۆیە تەنیا ئەنتێگراسیۆن چارەسەر نییە و مێکانیزمە قۆرخکراوەکان، دووبارە و سەدبارە هەوڵی سڕینەوەی کولتووری بەقەولی خۆیان "ئەقوامی دواکەوتوو" دەدەن!

**چوارەم:** لە ئێراندا بە دامەزرانی سوپای پەهلەوی و دەسەڵاتی ساواک، تاوەکوو ئێستا کە ئەرتەش و سوپا و سوپای قودس و بەسیج و ئیتلاعات و دەیان دەزگای داپڵۆسێنەری دیکە هەیە، سەرجەم ئامرازی کوشتار و ملکەچکردن بوون و لە بەرامبەریشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکوو چەمکێک کە دەرخەری ئیرادەی سیاسیی نەتەوەیەک بۆ مانەوە و حوکمکردن لەسەر بنەمای سەروەریی خۆی بووە دامەزراوە.

سوپای نیزامی بە هەموو لقەکانییەوە، ئامرازی شۆڤێنیزم و کوشتار و ئاسمیلاسیۆن بوون و پێشمەرگە باسکی بەهێزی مانەوەی نەتەوەیەک و بونیاتنانی نیشتمان.

بۆیە تەنیا ئەنتێگراسیۆنی کولتووری وەڵامدەر نییە و دەبێ ئەو سوپایە هەڵبوەشێندرێتەوە و سوپای داهاتوو لەسەر بنەمای سڕینەوەی بیری شۆڤێنیستی و یەکسانیی هەموو نەتەوەکان لە ئێران دابمەزرێتەوە.

**پێنجەم:** لانیکەم لە ڕەزاخان بەملاوە، لە ئێراندا کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بەڕێوەچووە و لەو پێناوەدا سەرچاوەی سروشتی و ماددیی نەتەوەکان و بەتایبەت کوردستان تاڵان کراوە و ناوەندی ئێرانی پێ ئاوەدان کراوەتەوە و چەکوچۆڵی پێ کڕدراوە و کوردستانی پێ وێران کراوە.

ئەو کۆلۆنیالیزمە نێوخۆییە، تەنیا بە دوو ڕستەی ئەنتێگراسیۆنی کولتووری قەرەبوو ناکرێتەوە. وشەی یەکسانیی تاک لەباری ئابوورییەوە زۆر لێڵتر لەوەیە کە وەڵامی بۆ ئەو کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییەی سەدەی ڕابردوو پێ بێ.

**شەشەم:** گرنگتر لە هەمووی، ئێمە لە ئێراندا بە چاوەڕوانیی بەڕەسمیناسینەوە ناژین. وەکوو چەندین نەتەوەی جیاواز خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسین کە لە سەروەریی سیاسیدا مانا دەکرێتەوە. ئەو سەروەرییە سیاسییەی هەموو نەتەوەکان لە ئێران، تەنیا لە خودموختاری و خۆحوکمکردن لە نیشتمانی خۆیان و سەروەریی هاوبەش و هاوتا لە ئیدارەی گشتیی ئێراندا دەتوانێ مانا بکرێتەوە. دەتوانین بۆ هەموو یاساکانیش وشە و ئاوەڵناوی دێموکراتیکی پێوە گرێ بدەین تاکوو لە داهاتوودا هیچ دەسەڵاتێک بەرەو ملهوڕی و خۆسەپێنی نەچێ.

**حەوتەم:** لە بیری ئەنتێگراسیۆنی کولتووریدا، ئەو مافە بە شێوەیەکی شاراوە بۆ نەتەوەی باڵادەست بە ڕەسمی ناسراوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێ و دەوڵەت و سەروەریی نەتەوەیی لە جوغرافیایەکدا کە زۆربەی لە ئاکامی شەڕ و شکست و داگیرکاری و ئەوانەدا سنوورەکانی پێکهاتووە بە ڕەسمی و دانپێدانراو دەزانێ. بەڵام هەر جۆرە کردەوەیەکی سیاسیی نەتەوەکانی نێو وڵات بە ئەمنییەتی و جیاوازیخوازی و تازەییش بە ناوی هەژموونخوازییەوە لەلایەن ڕەوتی ئەنتێگراسیۆنەوە ڕەت دەکرێتەوە.

ئەو مافە ئەزەلییە چییە کە بە نەتەوەی سەردەست دراوە کە دەوڵەتی خۆی هەبێ و کولتوورەکەی بە کولتووری زاڵ ببینرێ و ئەو خاوەنی ئەو مافە بێ کە کولتووری دیکە بە ڕەسمی بناسێ یان نە؟ بەڵام هیچ گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیکە و هیچ نەتەوە و ئێتنیکێکی دیکە خاوەنی ئەو مافەش نەبێ کە تەنانەت باس لە ئاوات و مافە سیاسییەکانی بکا؟ ئایا تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی کە نەتەوەی سەردەست لە بڕگەیەکی مێژوویدا هێزی هەبووە و دەوڵەتی خۆی پێکهێناوە، ئیدی بەپێی لۆژیکی هێز، ئەو خاوەنی مافی دەوڵەتە و نەتەوە بندەستەکان چونکە هێزیان نەبووە، بە لۆژیکی هێز ئیدی خاوەنی ئەو

مافە نین؟ خۆ تەڤگەری ئەنتێگراسیۆن بانگەشەی ئەوە دەکا دژی لۆژیکی هێز و هەژموونییە! ئەی بۆ کە دێتە سەر باسی مافە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد، ئیدی بە پێی لۆژیکی هێز ئەو مافەشی پێ ڕەوا نابینرێ!؟

ڕەنگە کەسێک یا نەتەوەیەک لاواز بێ و نەتوانێ خۆی بسەپێنێ، بەڵام لاوازبوون لە خاوەن ماف بوونی ناسڕێتەوە.

## کورت و پوخت:

گەر باسی ئەنتێگراسیۆنی دێموکراتیک تەنیا باسێکی ئەکادیمی و لە نێوان خاوەن ڕایان و پسپۆڕاندا بوایە، پێویستی بە هەڵوێستگرتن نەدەبوو؛ بەڵام کاتێک دەهێنرێتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت لایەنێکی سیاسی دەیەوێ لەگەڵ ئێرانییەکان لەسەری ڕێک بکەوێ، ئیدی ئەوە پێوەندیی بە مافی گشتیی سیاسیی نەتەوەیەکەوە هەیە و بۆ هەموو تاکێکە کە بەرامبەری قسە بکات.

زانایەکی وەکوو ژان ژاک ڕۆسۆ دێ نەتەوەی فەڕانسەیی بە مێژوویی و هەتاهەتایی دەزانێ و بە بیرۆکەی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی بەرژەوەندییەکانی فەڕانسە دابین دەکا کە لە ئێران، تورکیە، عێراق و سووریەدا ئەو بیرۆکەیە ئاسیمیلاسیۆنی لێ دەکەوێتەوە. یان ئاکسێل هۆنێتی ئاڵمانی، باسی فرەکولتووری و ئەنتێگراسیۆن دەکا تاکوو گرفتی نەتەوەی ئاڵمان لەگەڵ کۆچبەراندا چارەسەر بکا و هەندێ مافی مرۆیی و کۆمەڵایەتییان پێ بدرێ.

بەڵام ئەو بیرۆکانە کاتێک ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ملهوڕدا باسیان بکەین، لە ڕاستیدا خۆمان بە دەستی سەرکوتی ئەوانەوە داوە.

ڕەنگە باسکردن لە ئەنتێگراسیۆن وەکوو ڕێگەچارە، بۆ نەتەوەی فارس بەکەڵکیان بێ تاکوو سەروەری و دەسەڵات و هەژموونیی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی دی لە ئێراندا درێژە بدەن و هەندێ وردە مافیشیان بۆ دابین بکەن، بەڵام ئەسڵی سەروەری و باڵادەستییەکەیان لە جێی خۆی دەبێ تا دوایی لە دەرفەتێکی تردا ئەوەش کە داویانە بستێننەوە!

بەڵام ئەوە ڕێگەچارە نییە کە ئێمەی نەتەوەی خاوەن خاک و نیشتمان و ئیرادەی سیاسی، بەو جۆرە مافە کولتووری و هەروەها ئیدارەکردنی خزمەتگوزاریی شار و گوندەکانمان پێی قایل بین و وەکوو سەنەدی وتوویژ بیبەینە سەر مێزی دەسەڵاتداری خۆسەپێن. من نوێنەری نەتەوەی باڵادەست بم لەو مێزە فەرزییەدا، بابەتی ئەنتێگراسیۆن وەکوو هەلێکی

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

**زێڕین دەقۆزمەوە بۆ سڕینەوە و داماڵینی نەتەوەکان و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە هەرچی مافی سیاسی و نەتەوەییە و، هەندێ مافی کولتووری و خۆبەڕێوەبەریی گوند و شارەوانییەکانی بۆ دابین دەکەم!**

**ئێمەی کورد گەر کەسێکی خاوەن ڕا و بیرمەندی وەکوو دوکتور قاسملوو ناکەین بە بنەما کە دەیگوت لە ئێراندا سێ ستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی هەیە و دەبێ ڕێگەچارە بۆ ئەو سێ ستەمە بدۆزرێتەوە و گرنگ ئەوەیە کە خەڵکی کورد لە نیشتمانی خۆیدا هەست بە بڕیاردەربوون لەسەر چارەنووسی خۆی بکا و، بیرەکوردیەکەمان پێ هەو نەبێ وهەر حەزمان لێ بێ کەسانی بیانی بدۆزینەوە و قسەکانیان وەربگرین، با بگەڕێین بە دوای ئەو نموونانەی کە هاوشێوەی کوردستانن. لانیکەم دەتوانین جەیمز تالی، بیرمەندی کەنەدایی بخوێنینەوە کە لە کەنەداش شوێنی وەکوو کێبێک هەیە و جەیمز تالی باس لەو ڕێگەچارانە دەکا و بیری "سەروەریی هاوبەش" دێنێتە ئاراوە کە ڕەنگە بە قازانجی نەتەوەکان لە ئێراندا بێ.**

**٢٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٦**

# کوردستان؛ لە پێشەنگایەتیی شۆڕشەوە تا نەخشەڕێگای داهاتووی ئێران (ڕۆڵی حیزبەکانی کوردستان لە قۆناغێکی چارەنووسازدا)



**ئەهوەن ڕۆژهەڵات**

## ١- دۆخی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٦: ئاوێتەبوونی قەیرانە فرەڕەهەندەکان

ئێران لە ساڵی ٢٠٢٦دا بە یەکێک لە هەستیارترین، نائاساییترین و پڕتەنگژەترین قۆناغەکانی مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێ. وڵاتەکە لە لێواری وەرچەرخانێکی بنەڕەتی و لەبەردەم نەخشەیەکی نوێی ژێئۆپۆلیتیکیدایە. کەڵەکەبوونی قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، دارمانی ئابووری، پەرەسەندنی بەردەوامی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و، گەمارۆ و تێکهەڵچوونە نیزامییەکان، داهاتووی کۆماری ئیسلامییان زیاتر لە هەر کاتێکی تر ڕووبەڕووی قەیرانی ڕەوایی و پرسیاری جیدیی مانەوە کردووەتەوە.

لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا، ئاستی ژیانی هاووڵاتییان گەیشتووەتە نزمترین ئاستی مێژوویی خۆی؛ هەڵاوسانی بێپێوانە، بێبەهاوبوونی کەموێنەی تمەن، دارمانی توانای کڕینی خێزانەکان و قەیرانی کەرتی بەرهەمهێنان، ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی

خستووەتە ژێر گوشارێکی تاقەتپڕووکێنەوە. بەڵام تایبەتمەندیی بێوێنەی ئەم قۆناغە تەنیا سەرهەڵدانی تەنگژەیەکی ئابووریی ڕووت نییە، بەڵکوو بریتییە لە «ئاوێتەبوونی زنجیرەیەک قەیرانی پێکهاتەیی» لە یەک کاتدا؛ بە جۆرێک کە قەیرانی ئابووری، سیاسی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بوون و بەسەریەکدا کەوتوون و بەستێنێکی لەباریان بۆ تەقینەوەی دۆخەکە خوڵقاندووە.

لەلایەکی دیکەوە، دۆخی دەرەکیی دەسەڵاتی تاران لە هەر کاتێک لێڵترە. ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، هاوکێشە ئەمنییەتییەکانی گۆڕیوە و بڕی تێچووی سەربازی و دیپلۆماسیی دەسەڵاتی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کردووەتەوە. هاوکات توندتربوونی ئابڵۆقە نێودەوڵەتییەکان و کەمبوونەوەی داهاتی هەناردەکردنی نەوت، دەستی دەسەڵاتی لە دابینکردنی تەنانەت سەرەتاییترین پێداویستییە گشتییەکان کورت کردووەتەوە.

بۆ سیستمێکی سەرکوتکەر، ترسناکترین سیناریۆ کاتێک دەست پێ دەکات کە دارمانی ئابووری، لەگەڵ تووڕەیی سیاسی و خەباتی دژی ستەمی نەتەوەیی یەک بگرنەوە. لە وەها دۆخێکدا نارەزایەتییەکان لە جووڵەیەکی کاتییەوە دەگۆڕێن بۆ ڕاپەڕینێکی بەرفراوانی جەماوەری. ئەگەرچی دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان بەپێی ئەزموونی مێژوویی، بە ئامرازی سەرکوت و توندوتیژی هەوڵ دەدەن تەمەنی خۆیان درێژ بکەنەوە، بەڵام ئەم سەرکوتکارییە ناتوانێت چارەسەری کەڵەکەبوونی قەیرانەکان بکات، بەڵکوو تەنیا کاتی تەقینەوەی گەورە دوادەخات. لەم دۆخەدا، پرسیاری چارەنووسساز ئەوەیە: ئەگەر دەسەڵاتی ناوەند بەرەو دارمان یان داتەپین بڕوات، کام هێز دەتوانێت لە نەخشەی ئایندەی ئێراندا دەوری سەرەکی بگێڕێت؟ لێرەدایە کە کوردستان وەک جەمسەرێکی هۆشیار و پێشەنگ خۆی دەردەخات.

## ٢- کوردستان: لە شۆڕشی ژیناوە تا نەخشەڕێگای داهاتووی ئێران

کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەرگیز تەنیا ناوچەیەکی جوغرافیایی پەراوێزخراو و نارازی نەبووە؛ بەڵکوو سەنگەرێکی نەپساوەی بەرەنگاربوونەوە، هۆشیاریی سیاسی و مەکۆی تێکۆشان بووە دژی ناوەندگەری، دیکتاتۆری و چەوسانەوەی نەتەوەیی. لە هەر وەرچەرخان و ڕاتەکاندنێکی مێژووییدا، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پیشاندانی ئیرادەیەکی پێشکەوتوو، دەنگی بەرەنگاربوونەوەی دژی نادادپەروەری بەرز کردووەتەوە. هەربۆیە لە هەر هاوکێشەیەکی پاشەڕۆژی ئێراندا، دەنگی کوردستان لە سەرووی هەموو هاوکێشەکانەوە دەبێت.

شۆڕشی بەشکۆی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە و بە کوشتنی ناڕەوا و زۆردارانەی ژینا ئەمینی

سەریهەڵدا، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو کە سنوورەکانی کوردستانی بڕی. ئەم شۆڕشە پیشانی دا کە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» دەربڕینی فەلسەفەیەکی قووڵی ژیانخوازی و ڕزگاریبەخشانەیە کە بۆ دەیان ساڵ لە نێو کولتووری خەباتی ئازادیخوازیی کوردستاندا پەروەردە کرابوو و دواتر هەموو گەلانی ئێرانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە.

گرنگیی ستراتیژیی ئەم قۆناغە لەوەدایە کە کوردستان لە ئاستی ئێراندا پێگەی پێشەنگی فکری و سیاسیی خۆی سەلماند. ئەم پێشەنگییە تەنیا بەرهەمی هەلومەرجی لەناکاو نەبوو، بەڵکوو دەرئەنجامی بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی هۆشیار، تێکۆشانی فیداکارانەی بزاوتی ڕزگاریخوازی و ئامادەیی ڕێکخراوەیی بوو لە مەیداندا. کوردستان سەلماندی کە نەک تەنیا خاوەنی سەنگەری پێشەوەی بەرگرییە، بەڵکوو خاوەنی نەخشەڕێگا و ئەڵتەرناتیڤێکی دێموکراتیکیشە بۆ پێکهێنانی سیستمێکی فرەنەتەوە، فیدراڵ و دادپەروەر بۆ داهاتوو.

### ٣- حیزبی دێموکرات: لە کەلەپووری خەباتەوە بۆ سیاسەتی هاوچەرخ

لە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی پێشەنگ و خاوەن ڕەگێکی مێژوویی قووڵ لە دڵی خەڵکدا، خاوەنی پێگە و ڕەواییەکی جەماوەریی تایبەتە. ئەم حیزبە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتا شۆڕش و بەرگریی نەتەوەیی لە قۆناغە جیاوازەکاندا، هەڵگری ئاڵای داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بووە. بەڵام لە ئاسۆی ئەمڕۆی دنیای سیاسەت و لە ژێر تیشکی پێشکەوتنە خێراکانی سەردەمدا، سەرمایەی مێژوویی بە تەنیا بەس نییە، بەڵکوو پێویستە ئەم ڕابردووە زێڕینە لەگەڵ ئامراز و گوتاری مۆدێرندا ئاوێتە بکرێت.

پرسیاری بنەڕەتی و ستراتیژی ئەوەیە: حیزبی دێموکرات چۆن دەتوانێت ئەم سەرمایە گەورە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بکاتە هێزێکی کرداری و بڕیاردەر لە گۆڕانکارییەکاندا؟

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە تەواوی نوێ بوونەتەوە. هاتنەمەیدانی نەوەی نوێی خوێندەوار و چاوکراوە، بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی و گۆڕانی چەمکی چالاکیی سیاسی، شێوازی تێکۆشانی لە فۆرمە نەریتییەکانەوە پەڕاندووەتەوە بۆ شێوازگەلی مۆدێرن و دینامیک،

**لەوانە:**

- مانگرتنە سەرتاسەرییەکان، خۆپێشاندان و جووڵەی ڕێکخراوی شەقام

- بەکارهێنانی ژێرانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە شەڕی گێڕانەوە و بەرەنگاربوونەوەی پرۆپاگەندەی دەسەڵاتدا

- بزووتنەوە مەدەنییەکان و ڕێکخراوە خۆڕسکە پیشەیی، جێندەری و ژینگەییەکان

ئەگەر حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای ئەزموونی دەوڵەمەندی ڕابردوو، بەردەوام بێت لەسەر نوێکردنەوەی گوتار، بەهێزکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسی و نێونەتەوەییەکان و، پەرەپێدانی فۆرمەکانی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆدا، بێگومان دەبێتە یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی هەر دیالۆگ و پرۆسەیەکی سیاسی بۆ ئایندەی ئێران.

### ٤- هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستان: زەروورەتێکی مێژوویی و ستراتیژی

یەکێک لە خاڵە دیاریکەرەکان لە هاوکێشەی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا، پرسی یەکریزی، تەبایی و پێکەوەکارکردنی حیزبەکانی کوردستانە. لە هەلومەرجێکی وەها پڕ لە گۆڕانکاریدا، پەرتەوازەیی گوتار و ناتەبایی دەتوانێت پێگەی نەتەوەیی لە دانوستان و بەرەنگاربوونەوەکاندا لاواز بکات. بە پێچەوانەوە، ئەزموونی مێژوویی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هەر کات حیزبەکانی کوردستان لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتووی نەتەوەییدا جووڵاونەتەوە، گەلی کورد بەهێزترین پێگەی بەدەستهێناوە.

**کاتێک کوردستان بیەوێت لە ئاستی سەرتاسەریدا وەک جەمسەرێکی بەهێز ڕۆڵ بگێڕێت، تەنیا بوونی حیزب و ڕێکخراوی جیاجیا بەس نییە، بەڵکوو پێویستە:**

- هاوپەیمانییەکی ستراتیژی و تۆکمە لە نێوان حیزبەکانی کوردستاندا پێک بهێنرێت یان بە دربڕینێکی تر ئەم هاوپەیمانییەی ئێستا تۆکمە بکرێت.

- گوتارێکی سیاسیی هاوبەش کە مافی چارەی خۆنووسین، دێموکراسی و دادپەروەری بکاتە بنەما، ئامادە بکرێت.

- زمانێکی دیپلۆماسیی یەکدەست بەرامبەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بگیرێتە بەر.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

**پەرتەوازەیی، دەرفەت دەداتە ناوەندگەرایان و نەیاران کە مافەکانی گەلی کورد پشتگوێ بخەن؛ بەڵام یەکگرتوویی و هەماهەنگیی کارای حیزبەکانی کوردستان، ئەو گەرەنتییە حاشاهەڵنەگرەیە کە دەتوانێت مافە مێژوویی، نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان لە هەر دەستوور و پێکهاتەیەکی سیاسیی داهاتووی ئێراندا بچەسپێنێت. ئەمە هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو ئەرکێکی مێژوویی و نیشتمانییە کە قۆناغی ئێستا دەیخاتە بەردەممان.**

**٢٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٦**

# ئێران لە بەردەم گۆڕانکاریی مێژووییدا





**ئیبراهیم لاجانی**

ئێران لە یەکێک لە ئاڵۆزترین و چارەنووسسازترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی خۆیدا دەژی. قەیرانی قووڵی سیاسی، لاوازبوونی بەردەوامی بناغەکانی ئابووری، فراوانبوونی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، توندترکردنەوەی سەرکوت و زیادبوونی گرژییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، کۆماری ئیسلامییان لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی پێکهاتەیی و پێکەوەبەستراو ڕووبەڕوو کردووەتەوە.

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

ئەم بارودۆخە تەنیا بەرهەمی ناکارامەیی لە بەڕێوەبردن یان گوشارە دەرەکییەکان نییە، بەڵکوو ڕیشەی لە سروشتی دیکتاتۆری، ئایدیۆلۆژیک و ناوەندگەریی نیزامێکدایە کە لە ماوەی نزیکەی نیو سەدە دەسەڵاتداریدا، مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی پشتگوێ خستووە.

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بە قۆرخکردنی دەسەڵات، سڕینەوەی هێزە سیاسییە سەربەخۆکان و نکۆڵیکردن لە فرەچەشنیی نەتەوەیی و کولتووری، پێکهاتەیەکی سیاسیی دامەزراند کە تێیدا ئیرادەی کۆمەڵگە لەژێر دەسەڵاتی دامەزراوە دەستنیشانکراوەکان، ئۆرگانە ئەمنییەکان و ناوەندە ئایدیۆلۆژییەکاندا بووە.

چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی دامەزراوەی ویلایەتی فەقیه، پەرەسەندنی دەستێوەردانی سپای پاسداران لە ئابووری و سیاسەتدا، گەندەڵیی پێکهاتەیی و لاوازکردنی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان، دەرفەتی چاکسازیی بنەڕەتی و بەرپرسیارێتیی دێموکراتیکیان بە توندی سنووردار کردووە.

قەیرانی ڕەوایی دەسەڵات لە کەمبوونەوەی متمانەی گشتی، فراوانبوونی یاخیبوونی مەدەنی، نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوان نەوە نوێیەکان و نیزامی سیاسیی باڵادەستدا خۆی دەردەخات.

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» خاڵێکی وەرچەرخان بوو لەم ڕەوتەدا؛ بزووتنەوەیەک کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و بە گرێدانی ئازادیی ژنان، کەرامەتی مرۆڤ و خەبات دژی دیکتاتۆری پێکەوە، بوو بە گوتارێکی سەرتاسەری لە ئێراندا. ئەم ئەزموونە نیشانی دا کە ویستی گۆڕانکاری چیتر تەنیا لە چاکسازی لە نێو پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێستادا کورت نابێتەوە، بەڵکوو بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەرچوون لە بنبەستی ئێستا، پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک هەیە.

ئابووریی ئێران لەژێر کاریگەریی گەندەڵیی پێکهاتەیی، سیاسەتە چەوتەکانی دەوڵەت، سزا نێودەوڵەتییەکان، خەرجییە زۆرەکانی بواری سەربازی و زاڵبوونی دامەزراوە سەر بە ناوەندەکانی دەسەڵات، تووشی قەیرانێکی قووڵ بووە. هەڵاوسان، دابەزینی توانای کڕین، بێکاری و فراوانبوونی هەژاری، ژیانی ملیۆنان هاووڵاتییان خستووەتە ژێر گوشارێکی تاقەتپڕووکێنەوە.

لە پێکهاتەیەکی وەهادا، سامان و داهاتی گشتی لەبری ئەوەی بۆ بەرهەمهێنان، پەروەردە، تەندروستی و گەشەپێدانی

هاوسەنگ تەرخان بکرێت، بەشێکی بەرچاوی لە خزمەت پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییە قۆرخکراوەکان و پێکهاتە ئەمنییەکاندایە. ئەنجامی ئەم سیاسەتەش فراوانبوونی کەلێنی چینایەتی و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی دەرفەتە ئابوورییەکان بووە.

بەڵام قەیرانی ئابووری لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا کاریگەرییەکی یەکسانی نییە؛ کوردستان و هەندێک لە ناوچە نەتەوەییەکانی دیکە، سەرەڕای گرفتە گشتییە ئابوورییەکان، ڕووبەڕووی بێبەشکردنی مێژوویی، هەڵاواردن لە دابەشکردنی سەرچاوەکان، لاوازیی ژێرخانە بەرهەمهێنەرەکان و زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنی بەسەر داواکارییە گەشەپێدانییەکاندا بوونەتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، هەژاری و پاشکەوتوویی ئابووریی کوردستان ناکرێت تەنیا بە هۆکارە جوغرافییەکان یان کەمیی سەرمایە لێک بدرێتەوە؛ ئەم بارودۆخە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێکهاتەی ناوەندگەریی بڕیاردان و سیاسەتەکانی سنووردارکردنی بەشداریی خەڵک لە بەڕێوەبردنی سامان و دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی گەشەپێدانی ناوچەییەوە هەیە.
لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، یەکێک لە هۆکارە مێژوویی و بنەڕەتییەکانی قەیرانی سیاسیی ئێران، چارەسەرنەکرانی پرسی نەتەوەیی و بەردەوامبوونی سیاسەتی ناوەندگەریی سیاسی و ئیدارییە.

دەسەڵاتە ناوەندییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، لەبری دانان بە ڕاستیی فرەنەتەوەیی و فرەکولتووریی کۆمەڵگە، هەوڵیان داوە فرەچەشنیی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ناسنامەیەکی یەکدەستدا بتوێننەوە. ئەنجامی ئەم سیاسەتەش سنووردارکردنی مافە زمانی و کولتوورییەکان، پەراوێزخستنی بەشداریی سیاسیی نەتەوەکان و ئەمنیەتیکردنی داواکارییە ڕەواکانیان بووە.

خەڵکی کوردستان لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی خەباتی کردووە و لەم پێناوەدا قوربانیی بێشوماری داوە. سەرکوتی سیاسی، لەسێدارەدانی چالاکوانان، تیرۆری ڕێبەرانی سیاسی و میلیتاریزەکردنی کوردستان، نەیانتوانیوە ئیرادەی ئازادیخوازی و ویستی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەناو ببەن.

ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە ئارامی و سەقامگیریی سیاسیی بەردەوام لە ڕێگەی نکۆڵیکردن لە ناسنامەکان و قۆرخکردنی دەسەڵات لە ناوەندێکدا بەدی نایەت.

لەسەر ئەم بنەمایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەخت لە پەیوەندیی دانەبڕاوی نێوان دێموکراسی، مافە نەتەوایەتییەکان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیەکی سیاسیی نامەرکەزی دەکاتەوە.

فیدرالیزمی دێموکراتیک لەم تێڕوانینەدا، چارەسەرێکی بنەڕەتییە بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات، دەستەبەرکردنی بەشداریی سیاسی و پێکهێنانی پێکەوەژیانێکی ئازادانە لەسەر بنەمای یەکسانیی مافەکان.

ڕووداوە سەربازییەکانی ساڵی ٢٠٢٦، توندبوونەوەی ململانێی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و قەیرانی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕەهەندی نوێیان بە بنبەستی سیاسی و ئابووریی ئێران بەخشیوە.

بەردەوامبوونی شەڕ و گوشارە ئابوورییەکان، جگە لە وێرانکردنی ژێرخانەکان و قووڵترکردنەوەی قەیرانی بژێوی، دەتوانێت ببێتە هۆی فراوانبوونی کەشی ئەمنی و سنووردارترکردنی دەرفەتی چالاکیی ئازادانەی هێزە مەدەنی و سیاسییەکان.

لە لایەکی دیکەشەوە، ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە دەستێوەردانی سەربازیی دەرەکی، خۆی لە خۆیدا ناتوانێت دەستەبەری دێموکراسی، سەقامگیری یان ڕێزگرتن لە مافە نەتەوایەتییەکان بێت.

داهاتووی سیاسیی ئێران دەبێت لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازادی خەڵک، یەکگرتوویی هێزە دێموکراتیکەکان و ڕێککەوتن لەسەر بنەماکانی نیزامێکی سیاسیی نوێ دابمەزرێت.

لە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی، ڕێککەوتنێکی ناوچەیی یان پرۆسەیەکی گواستنەوەی دەسەڵاتدا، پێویستە ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە فەرمی بناسرێن.

ئاشتیی بەردەوام تەنیا بە واتای کۆتاییهاتنی شەڕ نییە؛ بەڵکوو پێویستی بە کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن، دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکان و بنیاتنانی دامەزراوە بەرپرسیار و وەڵامدەرەوەکان هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پشتبەستن بە مێژووی خەباتی خۆی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی دێموکراسی، پرسی کورد بە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی دێموکراتیزەکردنی ئێران دەزانێت.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەرکی بنەڕەتیی هێزە دێموکراتیکەکان تەنیا دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو پێشکەشکردنی پرۆژە و ئاسۆیەکی سیاسیی ڕوون و کردارییە بۆ قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامیش.
ئەو ئاسۆیە دەبێت لەسەر بنەماکانی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، سەروەریی ئیرادەی گەل، هەڵبژاردنی ئازاد، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، یەکسانیی ژن و پیاو، دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و دانان بە مافە نەتەوایەتی و ئایینییەکان دابمەزرێت.

هاوکاریی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەهێزکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پێکهێنانی پەیوەندییەکی بنیاتنەر لەگەڵ هێزە دێموکراتیکەکانی دیکەی ئێران، لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغەن.
بەڵام هاوپەیمانیی سیاسی تەنیا کاتێک دەتوانێت بەردەوام بێت کە مافە نەتەوایەتییەکان وەک بنەمایەکی سەرەکی و نەگۆڕ پەسەند بکرێن، نەک وەک پرسێکی لاوەکی کە چارەسەرکردنی بۆ داهاتوویەکی نادیار دوابخرێت.

پێکهێنانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٦دا دەتوانرێت لە چوارچێوەی هەمان پێویستیدا هەڵبسەنگێنرێت؛ هەوڵێک بۆ پەرەپێدانی هاوئاهەنگیی سیاسی، بەهێزکردنی پێگەی خەڵکی کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا و فراوانکردنی هاوکاری لەسەر بنەمای پرەنسیپە دێموکراتیکەکان.

ئێران لە بەردەم هەڵبژاردنێکی مێژوویدایە: یان بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆری لە شێوەیەکی نوێدا، یان گواستنەوە بۆ نیزامێک کە لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و دابەشکردنی دێموکراتیکانەی دەسەڵات دامەزرابێت.

گۆڕینی دەسەڵاتداران، بەبێ گۆڕینی ئەو پێکهاتانەی کە هەڵاواردن و قۆرخکردنی دەسەڵات بەرهەم دەهێننەوە، ناتوانێت وەڵامدەرەوەی قەیرانە مێژووییەکانی ئێران بێت.

ئەزموونی دیکتاتۆریی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی، بە هەر ناو و پاساوێکی ئایدیۆلۆژییەوە بێت، لەگەڵ ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی کۆمەڵگەدا ناتەبایە.
لەبەر ئەوە، گواستنەوەی ڕاستەقینە پێویستی بە ڕێککەوتنێکی فراوان لەسەر بنەماکانی نیزامی داهاتوو، دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکان، دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوە، ڕێگریکردن لە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی تاکڕەو و ڕەخساندنی زەمینەی بەشداریی یەکسانی هەموو هاووڵاتییان هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ئازادیی کوردستان و دێموکراسی لە ئێراندا دوو داواکاریی دژبەیەک نین، بەڵکوو دوو ڕەهەندی پێکەوەبەستراوی خەباتێکن بۆ کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری و هەڵاواردن.

داهاتوویەکی سەقامگیر و دێموکراتیک کاتێک دێتە دی کە هیچ نەتەوە، زمان، کولتوور و ناسنامەیەک نەخرێتە پەراوێزەوە و، دەسەڵاتی سیاسی، نەک لە دەستی ناوەندێکدا، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئیرادەی خەڵک، یەکسانیی مافەکان و بەشداریی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە ڕێک بخرێت.

ئێران لە بەردەم گۆڕانکارییەکی مێژووییدایە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە نە خۆبەخۆ ڕوودەدات و نە قەیرانی کۆماری ئیسلامی بە تەنیا دەستەبەری سەرکەوتنی دێموکراسی دەکات.

چارەنووسی ئەم قۆناغە بە ئاستی هۆشیاریی سیاسی، ڕێکخراوەیی، یەکگرتوویی و توانای هێزە دێموکراتیکەکان بۆ پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕوون و متمانەپێکراووە گرێ دراوە.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی ئێران دەبێت لە ئەزموونەکانی ڕابردوو وانە وەربگرن. گواستنەوە بۆ دێموکراسی نابێت تەنیا بە گۆڕینی شێوەی دەسەڵات کۆتایی پێ بێت، بەڵکوو دەبێت ببێتە دەرفەتێک بۆ بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ماف، ئازادی، دادپەروەری و فرەچەشنیی نەتەوەیی.

لەو ڕوانگەیەوە، ڕێگەی دەرچوون لە قەیرانی ئێران نە گەڕانەوەیە بۆ دیکتاتۆریی ڕابردوو و نە بەردەوامبوونی دەسەڵاتی تاکڕەوی ئێستا، بەڵکوو دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک، سێکۆلار، نامەرکەزی و پێکهاتوو لەسەر بنەمای مافە یەکسانەکانی هەموو نەتەوەکان و هاووڵاتییانی ئێرانە.

**بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چارەسەری پرسی کورد و دامەزراندنی دێموکراسی دوو ئامانجی لێکدانەبڕاون. داهاتوویەکی ئازاد و سەقامگیر تەنیا کاتێک دەتوانێت بەدی بێت کە مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئازادی و یەکسانیی نەتەوەکان و بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک لە دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی خۆیاندا دەستەبەر بکرێت.**

٢٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# کلکی سەرۆکی ئەشکەنجەگەران بە تەڵەوە بوو!





**هەیاس کاردۆ**

ساڵی ڕابردوو سێ ئێرانیی نیشتەجێی ئەیالەتی کالیفۆڕنیای ئەمریکا شکایەتی خۆیان بردە بەردەم دادگای مەدەنیی فلۆریدا. داوای ئەو سێ کەسە وەرگرتنی خەسارەتێکی نەغدیی ٢٢٥ میلیۆن دۆلاری لە پەرویز سابیتی، سەرۆکی ئیدارەی سێیەمی ساواک و جێگری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە ترسخوڵقێنە بوو. بەپێی ئیدیعای ئەو سێ کەسە، لە کاتی بەرپرسایەتیی سابیتی لە ئیدارەی ساواکدا و بە دەستووری ڕاستەوخۆی ناوبراو لە نێو زیندانی سیستمی شایەتیدا ئەشکەنجە کراون و هەر

بەو هۆیەش تووشی زیانی جیسمی و دەروونی بوون.

دادگای مەدەنیی فلۆریدا لە دوو قۆناغدا بڕیاری وەگەڕخستن و درێژەی پێڕاگەیشتن بەو پەروەندەیەی دا: لە قۆناغی یەکەمدا، ڕۆژی ١٢ی ئووتی ٢٠٢٥ بڕیاری دا فایلێکی تایبەت بۆ ئەو داوایە بکرێتەوە و لێکۆڵینەوە بکرێ داخوا داواکە بایی ئەوە دەبێ دادگا خۆی پێوە ماندوو بکا یان نا. لەو ڕۆژەوە هەموو زانیارییەکانی پێوەندیدار کۆ کرانەوە و پاش هەڵسەنگاندنی تیمی پسپۆڕ و قازیی تایبەتی ئەو پەروەندەیە، سەرەنجام لە قۆناغی دووەمدا و ڕۆژی ٧ی ئوکتۆبری ئەمساڵ، ٢٠٢٦، بە پێچەوانەی داوای تۆمەتبار، پەرویز سابیتی، بۆ ڕاگرتنی پرۆسەکە، قازی بڕیاری دا دادگایی وەڕێبخرێ. وا چاوەڕوان دەکرێ لە سەرەتاکانی ساڵی ئایندەی زایینییەوە ئەو پرسە بخرێتە دەستووری کاری دادگاوە.

لەبەر ئەوەی شکایەتەکە لە دادگای مەدەنی هاتووەتە گۆڕێ و تەنیا داوای خەسارەتی ماڵی کراوە، ئەگەر تۆمەتبار تاوانەکانیشی بسەلمێندرێن و کەیسەکەش بدۆڕێنێ دیسان ڕێی ناکەوێتە زیندان و تەنیا ناوی وەک تاوانبار سەبت دەکرێ و بە پێی توانا جەریمە دەکرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە دواتر خەڵکی دیکە ناتوانن لە دادگای جینایی شکایەتی لێ بکەن و داوای سزای زیاتری بۆ بکەن.

پەرویز سابیتی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی وەک کارمەندی ڕەسمی لە نێو دەزگای داپلۆسێنەری ساواکدا دەستی بە کار کرد و بەهۆی خۆشخزمەتییەکانی و گرتنەبەری ڕێگای زۆر نائینسانی بەرامبەر گیراوان، بە توندی پلەکانی سەرکەوتنی بڕی. ناوبراو ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی بەرپرسایەتیی ئیدارەی سێیەمی ساواکی وە ئەستۆ گرت و لە هەمان کاتیشدا بوو بە جێگری سەرۆکی گشتیی ساواک. سابیتی هەتا بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا لەو پۆستە گرینگەدا مایەوە و ڕیکۆردی جینایەت و وەحشیگەریی لە مێژووی ساواکدا شکاند. دەیەی پەنجای هەتاوی بە دەیەی ئەشکەنجە و کوشتاری ئازادیخوازان ناسراوە و بەرپرسی هەموو ئەو جینایەتانەش بە پلەی یەکەم خودی شا و دوای ئەویش پەرویز سابیتی بوو. سابیتی بە جۆرێک ببووە سیمبولی وەحشیگەری کە لەلایەن سیستمی دەسەڵاتەوە بە (مقام امنیتی) ناسرا و ئیتر کەس قسەی لە قسە نەدەکرد. تێکۆشەرانی کورد و بەتایبەت ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ئەندام و لایەنگرانی ڕێکخراوە چەپەکان و موجاهیدینی خەڵق بەشی هەرە زۆری ئازار و ئەشکەنجەکانیان وەبەرکەوتبوو. یەک لە جینایەتە هەرە بەرچاوەکانی ساواک لەو سەردەمەدا کوشتاری بێدادگایی بەکۆمەڵی بیژەنی جەزەنی و هەشت کەس لە هاوڕێیانی لە بەرزاییەکانی پشتی زیندانی ئەوین لە ڕۆژی ٣٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٤ بوو کە دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوە.

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

دەنگدانەوەی ئەشکەنجە و ئـازاری زینـدانیانی سیاسیی ڕێژیمـی شـایەتی بە جۆرێک لە ڕادەی جیهانیـدا دەنگی دایەوە کە دەوڵەتی جیمی کـارتێر لە ئەمریکـا گوشـاری خستە سەر شا هەتـا نەرمتر بجووڵێتەوە و فەزای ئێران کراوەتـر بکـا. هەر بەهۆی ئەو گوشارە نێودەوڵەتییانە بـوو کە شا ڕێگـای دا خـاچی سووری جیهـانی نوێنەرانی خۆی بنێرێتە ئێران هەتـا لە وەزعی ئازاری زیندانییان بکۆڵێتەوە. سەرەنجام ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی و دوای ڕاگەیاندنی (فەزای کراوەی سیاسی) لەلایەن دەسەڵاتەوە، نوێنەرانی خاچی سوور ڕێگایان درا بێنە ئێران و لێکۆڵینەوەی خۆیان دەست پێ بکەن. دوای لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەکی زۆر زیندانی و بەتایبەت لە زیندانەکانی قەسر و ئەوین، دەرکەوت ئەشکەنجەی جیسمی و ڕووحی لە ڕادەیەکی زۆردا بەڕێوە چووە. بەپێی ڕاپۆرتەکە دەرکەوت یەک لە سێی زیندانییان، واتە نیزیکەی ٩٠٠ کەس لەوانەی پرسیاریان لێ کرابـوو، بە جۆرێـک لە جۆرەکـان ئەشـکەنجە دراون. لە هێنـدێک سـەرچاوەدا باسـی لانیـکەم مەرگـی ٣٤٤ کەس لە ژێـر ئەشکەنجەدا کرابـوو. یەک لە نـوێنەرانی خـاچی سـوور دوای دیتنـی شـوێنەواری سەرسـوڕهێنەری ئەشکەنجە لەسـەر لەشـی زیندانییان ڕایگەیاندبوو ئەوانە دەبێ وەک (ئەشکەنجەی ئاریامێهری) لە مێژوودا تۆمار بکرێن.

لە دوا مانگەکانی بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە کاتێکدا نارەزایەتییەکان هەروا پەرەیان دەستاند و ڕێژیم گلۆڵەی کەوتبووە لێژی، شا ناچار دەزگای ساواکی لابرد و ئیقراری کرد هەڵەی زۆر کراوە. پەرویز سابیتی کە کارنـامەیەکی یەکجار ڕەشی بـۆ خۆی تۆمـار کردبـوو، هیچ ڕێگـایەکی نەمـا جگە لە خۆشاردنەوە و ڕاکردن لە وڵات. ئەو کـابرایە کە لە ماوەی دەسەڵاتی تۆقێنەری خۆیدا سامانێکی زۆری وەسەریەک نابوو، بە بیست میلیۆن دۆلارەوە، لە ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵـوەری ساڵی ١٣٥٧ بە ئاسانی سنووری بڕی و سەرەتا خۆی گەیاندە وڵاتی فەڕانسە و دواتـر لە ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا گیرسایەوە. ناوبراو زۆر زوو خۆی دەگەڵ وەزعی مەوجوود گونجاند و بە گۆڕینی ناوی پەرویز بۆ (پیتر) خۆی لە کۆمەڵگـای ئێرانییەکـان حەشـار دا. دواتـر بە وەرێخسـتنی ئاژانسی ساتوسـەودای موڵـک و مـاڵ، سـامانی خـۆی زیـاتر کـرد و ژیـانێکی ئاسـوودەی بـۆ خـۆی و ماڵومنـداڵی پێکهێنـا. بەپێی ڕاپـۆرتی ڕۆژنـامەی (گـاردیەن)، سـابیتی لە کـاتی ئاشکرابوونیدا لە ئاپارتمانێکی شیکی سێ میلیۆن و شەشسەد هەزار دۆلاریی شاری ئۆرلاندۆ دەژیا.

بە دەرکەوتنـی زیـاتری لایەنگرانـی گەڕانەوەی نیزامـی شـایەتی و ڕاست لە میـانەی شۆڕشـی ژن، ژیـان، ئازادیـدا، پەرویـز سابیتی بە خۆی و بنەمـاڵەوە لە خۆنیشـاندانی سـەڵتەنەتخوازەکاندا دەرکەوت و وێنەی بڵاو بـووەوە. دواتـر چەند وتـوێژی دەگەڵ تەلەڤیزیـۆنی ئێرانییەکـان ئەنجـام دا و دیفـاعی لە کردەوەکـانی سـاواک کـرد. پێشـتریش وتـوێژێکی دوور و درێـژی دەگەڵ خۆفرۆشێک بە نـاوی (عیرفـان قـانعی فەرد) کردبـوو کە لە دووتـوێی کتێبێکـدا بە نـاوی (در دامگە حـادثە) بـڵاو ببووەوە. لەو کتێبەشدا سابیتی بە ئاشکرا باسی فرت و فێڵەکـانی سـاواک دژی خەباتکـارانی کردبـوو. هەروەهـا لە سێبەری تاریکی ئەو دەزگا تۆقێنەرە بەسەر کۆمەڵگای ئێران دوابوو و بە ئاشکرا ڕایگەیاندبوو ساواک ئاگای لە هەموو شتێک

هەبوو.

بە بڵاوبوونەوەی وێنەی سابیتی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا، ئەوانەی ساڵانێک بوو وەدوای پێ و شوێنی كەوتبوون هەتا دە داوی بخەن، جرجە مشكیان هاتە بەردەست. دوای ئەوەی ناسنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی دروستی سابیتی ساغ بووەوە، سێ ئێرانیی دانیشتووی ئەمریكا بە هاوئاهەنگی دەگەڵ یەک، تەرحی شكایەتێكیان بردە لای دادگای ئەیالەتی فلۆریدا و بە ڕەسمی داوای خەسارەتیان لە ناوبراو كرد. ئەوان بە سەنەد و بەڵگە دەریانخست لە كاتی سەرۆكایەتیی سابیتیدا ئەشكەنجە كراون و زیانی قورسیان وێكەوتووە. بەپێی قانوونی ئەو ئەیالەتەی ئەمریكا داوای لەو جۆرە تەنیا هەتا تێپەڕینی دە ساڵ لە كاتی ڕوودانیدا وەگەڕ دەخرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی سابیتی بە گۆڕینی ناوی خۆی و خۆشاردنەوەی دووراوەی، ئیمكانی دۆزینەوەی نەبوو، قازی قبووڵی كرد كە پەروەندەكە وەگەڕ بكەوێ.

بەمجۆرە بۆ یەكەمجار دوای نیزیكەی نیو سەدە لە گۆڕنانی نیزامی شایەتی و ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی دەرحەق بە خەڵكی ئەم وڵاتەی كرد، كلكی سەرۆكی ئەشكەنجەگەرانی ئەو سیستەمە خۆسەپێنە بە تەڵەوە بوو. بڵاوبوونەوەی ناوی سەرۆكی ئیدارەی سێیەمی ساواک كە ڕاستەوخۆ بەرپرسی گرتن و ڕاونان و زیندانیكردن و ئەشكەنجەی ئازادیخوازان بوو، هەستێكی زۆر خۆشی دە نێو خەباتكارانی ڕێی ئازادی و بەتایبەت بەرگریكارانی مافی مرۆڤدا ساز كرد. ئەو كەسانەی لە ژێر ئەشكەنجەی ساواكدا گیانیان لەرزی و خوێنیان دە لەشی چزی، فرمێسكی شادییان دە چاویاندا گەڕا. ئەو دایک و باوكانەی ڕۆڵەكانیان بەدەستی ئەشكەنجەگەرانی ساواک جەستە و ڕووحیان ئازار درا، هەناسەیەكی ئاسوودەیان هەڵكێشا. هەموو ئەو كەسانەی ساڵانێكی زۆر بوو چاوەڕێی دەركەوتنی حەقیقەت لە بەردەرگای عەداڵەت بوون، پشوویەكیان هاتەوە بەر.

بەڵام لەلایەكی دیكەوە دوو دەستەی بە ڕواڵەت دژ بەیەک، بەڵام هاودەست و هاوسۆز، بەو لەداوكەوتنە شۆک بوون و ترسیان لێ نیشت. بەرەی سەڵتەنەتخواز و فاشیستی ئێرانی كە هەتا ئێستاش قبووڵی نەكردووە ساواک دەزگایەكی سەركوتكەر و ترسناک بووە، هاواری لێ بەرز بووەوە و ئەوەی بە تەوهین بە نیزامی (شاهەنشای والامەقام) حیساب كرد. شاپەرستەكان كە جگە لە جنێو و تەوهین بە دژبەرانیان زمانێكی دیكە نازانن، دیسان دەستیان بە هەڕەشە و سووكایەتی كرد. ترسی شاپەرستەكان زیاتر لە شكانی شكۆی قەت نەبووی نەزم و نیزامە پووچەكەیانە هەتا جەریمەی مۆرەیەكی سووتاوی وەک سابیتی. لە ڕاستییشدا درێژەی ئەو دادگایە و ڕوونبوونەوەی هەموو ئەو تاوانانەی دەزگای ساواک دژی ئەو سێ ئێرانییە كردوونی، ڕووی دزێوی نیزامی شایەتی سەت هێندەی دیكە دەردەخا.

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

لەلایەکی دیکەشەوە جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی کێچیان کەوتووەتە کەوڵی و هەر لە ئێستاوە ترسی محاکەمەی خۆیان لێ نیشتووە. بێگومان ڕۆژی خستنەبەری دادگای بەرزی عەدالەتی هەموو ئەو جینایەتکارانەی ماوەی نیو سەدەیە گۆمی خوێنیان لە لەشی ئازادیخوازان وەڕێخستووە، زۆر نیزیکە. بەڵام ئیدی دەورانی ئێستا وا نەماوە جینایەتکارانی ڕێژیم بتوانن وەک سابیتی بە کۆڵێک پوولەوە و بە ئاسانی سنوور ببڕن و خۆیان بشارنەوە. حەتمەن دادگای ئەوانە لە نێوخۆی ئێران دەبێ و هەر لەلایەن خەڵکیشەوە محاکەمە دەکرێن.

٢٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# نەبوونی «هەیئەتی حاکمە» لە ئێران؛ شیکاریی ناسیستمیێکی قەیرانساز






**حەسەن شێخانی**

یەکێک لەو باسانەی لە فەزای سیاسیی ئێراندا باو بووە، نەبوونی یەکگرتوویی لەنێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدایە. ململانێ و دووبەرەکی لەنێو سیستمدا، پانتاییەکی بەرچاوی میدیاکانی بۆ خۆی تەرخان کردووە و بووەتە جێی باس و گەنگەشەیەکی زۆر لەنێوان شرۆڤەکاران و ڕۆژنامەنووساندا؛ بەتایبەتی لەو قۆناغانەدا کە بەشێک لە دامەزراوەکانی دەسەڵات بەدەست بەناو ڕێفۆرمخوازانەوە بووە، ئەم باسە زۆر گەرموگوڕتر بووە. بەو حاڵەش، زۆر جار بە گومانەوە لە

ڕاستیی ئەم کێشمەکێشانە ڕوانراوە؛ کەسانێک هەبوون کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان بەم دووبەرەکییە نەبووە و بە «شەڕی زێڕینگەری» و «کایەی دەسەڵات» ناویان بردووە؛ کایەیەک کە گوایە ڕێژیم بۆ بەڕێوەبردنی ئاسانتری خۆی و بۆ خاپاندنی کۆمەڵگە سوودی لێ وەردەگرێت و لە پشت پەردەوە لەلایەن «ناوکی سەختی دەسەڵات»ەوە دادەڕێژرێت.

بێگومان ئەو ڕوانگەیەی شەڕ و کێشمەکێشی نێوان باڵ و باندەکانی ڕێژیم بە ناڕاستەقینە دەزانێت، حەقیقەتی تێدایە و نامەنتقی نییە؛ چونکە لە ئاست خەڵک و مافەکانیاندا، هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت و هەردوو باڵ، بەتایبەت بەرانبەر بە پرسی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، خاوەن هەمان ڕوانگەی شۆڤێنیستانەن. هەردوو باڵ نوێنەرایەتیی نەتەوەی سەردەستی فارس دەکەن و لە خزمەت پاراستنی هێژمۆنیی ئەوان. حاشاهەڵنەگرە کە ئەم خوێندنەوە و لێکدانەوەیە بەڵگەنەویستە و پێویستی بە سەلماندن نییە.

ڕاستە ئەو شەڕ و کێشمەکێشەی لەنێو سیستمی زاڵدا دەبینرێت، شەڕە لەسەر پشکی دەسەڵات، هێز و بەرژەوەندی؛ بەڵام ئەمە بە مانای ناواقیعبوونی کێشەکە نییە و نایکاتە شتێکی تەواو ڕواڵەتی کە شانۆگەریی ناوکی سەختی دەسەڵات بێت.
تێز و سەرنجی بنەڕەتیی ئەم وتارە ئەوەیە کە ئەم ناکۆکییە نەک تەنیا ناواقعی نییە، بەڵکوو قووڵاییەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویيشی هەیە؛ بە چەشنێک ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی و فەزای سیاسی و ڕۆشنبیریی نەتەوەی زاڵە. ئەم جیاوازییانە لە ئەنجامی بەریەککەوتن و هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات و، لە ئەنجامی هاوکێشە و ململانێی دەسەڵات، بەم شێوەیە لە سیستمی دەسەڵاتداری و کایەکانی دەسەڵاتدا ڕەنگ دەدەنەوە. بە واتایەکی دیکە، گواستنەوەی نایەکگرتوویی هەناوی کۆمەڵگەیە بۆ نێو سیستم.

ڕاستە هەموو کۆمەڵگەیەک فرەچەشنە و هیچ کۆمەڵگەیەک نییە کە بە ڕێژەی جیاواز فرەڕەنگ نەبێت؛ «یەکگرتوویی» بە مانای وەکیەکی و یەکدەستیی تەواوی کۆمەڵگە، تەنیا وەهمی ئایدیۆلۆژیاکان و خەیاڵپلاویی سیستمە تۆتالیتێرەکانە. بەڵام مرۆڤەکان ناتوانن لە دەرەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەتەنیا بژین، بە جۆرێک کە هەر کەسە و چۆنی ویست ئاوا هەڵسوکەوت بکات و پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەکی گشتی نەبێت. لێرەدایە کە «ڕێککەوتن و پەیمانی کۆمەڵایەتی» دێتە ئاراوە؛ تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک بە میکانیزمی دیاریکراو لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە کۆمەڵگە لە گشتییەتی خۆیدا چۆن بەڕێوە بچێت و بەرەو چ ئاقارێک هەنگاو بنێت. ئەم ڕێککەوتنەش لە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە. بە واتایەکی دیکە، سیستمی حوکمڕانی بەرهەمی ململانێی ڕەوتەکانی کۆمەڵگەیە و یەکلابوونەوەی ئەو ململانێیانە شێوازی بەڕێوەبردن دیاری دەکات.

سیستمە سیاسییەکان لە ئەنجامی دەیان و سەدان هاوکێشەی نێو کۆمەڵگە و هەوڵی بژاردەکان بۆ ساغکردنەوە و فۆرمولەکردنی ئەم هەمەچەشنییە لەدایک دەبن؛ ڕەوتگەلێک دێنە پێشەوە و مۆری خۆیان لە پێکهاتەی دەسەڵات دەدەن و ئەوانی دیکەش دەخرێنە پەراوێزەوە. بەم شێوەیە، ئەم هاوکێشانە وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو دەجووڵێن و بەرەیەک دەکەون و لە هەر قۆناغێکدا ڕەوتێک ئاراستە بە دەزگای بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە دەدات. جیاوازیی نێوان سیستمە سیاسییەکان لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا شتێکی سروشتییە؛ بەشێکیان تا ڕادەیەکی زۆر نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە دەکەن و بەشێکیشیان لە ئەنجامی قۆرخکاری و دەستبەسەرداگرتنی زۆرەملێی دەسەڵاتدا، تەنیا نوێنەری بەشێکی بچووکی کۆمەڵگەن و لە خزمەت پاراستنی بەرژەوەندیی ئەواندا کار دەکەن.

جیاوازییەکانی کۆمەڵگە لە فەزای گشتیدا لەگەڵ یەکتر کارلێک دەکەن و بە ڕێڕەوی تەسکی دەسەڵاتدا تێدەپەڕن تا لە پێگەی فەرمانڕەواییدا جێگیر دەبن. لێرەدایە کە جیاوازیی بنەڕەتی سەر هەڵدەدات؛ لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، ئەم ڕێڕەوە کۆدەنگییەکی گشتی لەسەرە و یاسامەند کراوە. ئەوانەش کە بەم ڕێڕەوەدا تێدەپەڕن و پێکهاتەی «هەیئەتی حاکمە» یان دەستەی دەسەڵاتدار و بەڕێوەبەر پێک دەهێنن، هەم نوێنەرایەتیی خواستەکانی کۆمەڵگە دەکەن و هەم پێشوەختە، لە ئەنجامی دیالۆگی نێو کۆمەڵگە و پاشانیش لە نێوخۆیاندا، لەسەر کۆمەڵێک هێڵی سەرەکی ڕێککەوتوون و کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەبەن.

ئەوەی سیستمی حوکمڕانیی ئێران لە وڵاتانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە میکانیزمی گەیشتن بە دەسەڵات، هیچ کۆدەنگییەکی ڕێژەیی کۆمەڵگەی لەسەر نییە؛ ئەم دەسەڵاتە لە ئەنجامی ململانێیەکی تەندروست و ئاساییدا دروست نەبووە و بەرهەمی ڕێککەوتن و پەیمانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو کەمینەیەک بە زەبری زۆرداری و پەراوێزخستنی تەواوی کۆمەڵگە سەپاندوویەتی. ئێمە لە ئێراندا بەرەورووی دەسەڵاتێک دەبینەوە کە بە شێوەیەکی نامەدەنی و بەپێی «دۆخی سروشتی»ی هابزی، گورگئاسایانە لەگەڵ کۆمەڵگە مامەڵە دەکات؛ لە کەمینندایە و هەر جووڵەیەک وەک مەترسی لێک دەداتەوە و پەلاماری دەدات.

**لێرەوە بە ڕوونی دوو دیاردەی سەرەکی دەردەکەون کە دەیسەلمێنن ئەم وڵاتە بێبەشە لە «هەیئەتی حاکمە»:**

**یەکەم:** «هەیئەتی حاکمە» بەو مانایەی لە زانستی سیاسی و وڵاتانی دیکەدا باوە، لە ئێراندا بوونی نییە تا نوێنەرایەتیی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگە بکات و کۆدەنگییەکی ڕێژەیی لەسەر بێت؛ ئەوپەڕەکەی تەنیا بەشێکی بچووکی کۆمەڵگە خۆی تێدا دەبینێتەوە. ئەوانەی لە سەرەتای شەڕی چل ڕۆژەوە بە شێوەیەکی دەوڵەتی ڕێک دەخرێن و شەوانە لە

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

هەندێک گۆڕەپانی شارەکاندا کۆ دەکرێنەوە، سەر بەو بەشە کەمەن کە سیستمی زاڵ بە هی خۆیان دەزانن و دەستیان پێوە گرتووە تا لەسەر پێ ڕایبگرن. لە ڕاستیدا، سیستم وەک کەسێکی داهێزراو وایە کە لە دۆخێکی نائاسایی و ناتەندروستدایە و، ئەوانەی نێو گۆڕەپانەکانیش هەوڵ دەدەن بە زۆر لەسەر پێی ڕابگرن تا نەکەوێت.

**دووەم؛** هەیئەتی حاکمە کاتێک مانا پەیدا دەکات کە هەم لە ئەنجامی کۆدەنگیی کۆمەڵگەدا لەدایک بووبێت و هەم لە قۆناغی دواتردا لەسەر کۆمەڵێک هێڵی گشتیی بەڕێوەبردن لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتبن، تا بە سوودوەرگرتن لە تواناکانی سیستم و پشتیوانیی خەڵک، وڵات بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو ببەن. کەواتە هەیئەتی حاکمە لە نەبوونی ئەم دوو ئاستە لە کۆدەنگیدا مانای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات؛ هەم لە نەبوونی کۆدەنگیی کۆمەڵگەدا و هەم لە نەبوونی ڕێککەوتنی نێوخۆیی خۆیاندا.

ئەوەی لە ئێراندا وا دەکات بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم وڵاتە بێبەشە لە «هەیئەتی حاکمە»، یان ئەو تاقمەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە بە مانای ڕاستەقینەی وشە هەیئەتی حاکمە نین، ئەوەیە کە هیچ ڕەزامەندی و کۆدەنگییەکی ڕێژەیی کۆمەڵگەیان لەسەر نییە. لە بنەڕەتدا ئەو ڕێڕەو و میکانیزمەی پێیدا تێپەڕیون و بە دەسەڵات گەیشتوون، بەرهەمی ڕێککەوتنی کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو میکانیزمێکی پێش مەدەنی و دۆخێکی سروشتییە، بە مانا هابزییەکەی.

جێگەی سەرنجە کە ئەم تاقمە لە نێوخۆشیاندا کۆک نین لەسەر ئەوەی ئێران بەرەو چ ئاقارێک ببەن؛ ناکۆکی لە هەناوی ئەم سیستمەدایە. هەموو ئەو باس و گەنگەشانەی سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا و جیهانی دەرەوەدا دەیانبینین، لە پاڵ هەموو ئەو بڕیارە پێکناکۆکانەی لەسەر ئەم پرسە و مژارە هەستیارەکانی دیکەی وەک ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری دێنە ئاراوە، لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن. کێشەی سیستمی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوە نییە کە نوێنەرایەتیی فرەنەتەوەیی و فرەچەشنیی کۆمەڵگەی ئێران ناکات، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە کە سیستمێکی تۆکمەش نییە و ئەو کۆدەنگییەی پێناسەی «هەیئەتی حاکمە»یە، لێرەدا بوونی نییە. ئەوەی پێی دەڵێن ناکۆکیی جەوهەری لەسەر هێڵە گشتییەکانی دەسەڵاتداری و بەڕێوەبردن، لەم پێکهاتەیەدا دەبینرێت؛ سیستمێکە بەڕواڵەت یەکگرتوو، بەڵام لە هەناوی خۆیدا ناکۆک. ئەوان دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە، بەڵام لە جەوهەردا پەرشوبڵاون؛ هابز گوتەنی، وەک گورگ پەلاماری کۆمەڵگە دەدەن و هاوکات پەلاماری یەکتریش دەدەن!

هۆکاری سەرەکیی دواکەوتوویی و داڕمانی ئابووریی ئێرانیش پێش هەموو شتێک بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕێتەوە؛ چونکە تەنانەت کۆک نین لەسەر ئەوەی چۆن و بە چ ڕێگەیەک ئابووری بەرەو پێش ببەن. لەمبارەیەوە پەرشوبڵاوییەکی سەیر

دەبینرێت؛ هەریەکە و ڕەچەتەیەک دەپێچێتەوە و بە ئارەزووی خۆی کێشە و ڕێگەچارەکان دەستنیشان دەکات، بێ ئەوەی لەسەر هێڵێکی زانستی یان هاوبەش ساغ بووبنەوە. ئەوان لە ڕاستیدا وەک چەند باندێکی مافیایی وان کە لەسەر پشکی بەرژەوەندی شەڕ دەکەن و تەنانەت لە دژی یەکتری پەنا بۆ کردارگەلێک دەبەن کە لە هیچ وڵاتێکی ئاساییدا نابینرێت؛ ئەو نفووزە زۆرەی ئیسرائیل کە لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، ڕیشەیەکی بۆ ئەم نایەکگرتووییە دەگەڕێتەوە.

لە ڕاستیدا، ئەوەی ئێمە لە ئێراندا دەیبینین «سیستم» نییە، بەڵکوو «ناسیستم»ە؛ «هەیئەتی حاکمە» نییە، بەڵکوو چەند باندێکی مافیایین کە شەڕیان لەسەر قۆرخکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامانی وڵاتە. تەنیا لە کاتی ڕاپەڕینی کۆمەڵگەدا بۆ پاراستنی مانەوەی خۆیان یەک دەگرن و پەلاماری خەڵک دەدەن، دواتریش بێباک لە مافی خەڵک، دەکەونەوە شەڕی نێوخۆیان.

هەر بۆیەشە زۆر جار، بەتایبەت لە کوردستان، لە کاتی قەیران و کارەساتەکاندا، خەڵک و ڕێکخراوە مەدەنییەکان خۆیان جڵەوی کاروبارەکان بەدەستەوە دەگرن، هەر وەک ئەوەی دەوڵەتێک بوونی نەبێت. لێرەدایە کە دەگەینە چەمکی «بێدەوڵەتی» لە ئێراندا؛ نەبوونی دەوڵەتێک کە کۆدەنگیی خەڵکی لەسەر بێت و بەرپرسیارانە کاروباری هاووڵاتییان ڕایی بکات.

جیاوازییەکی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە ئەوەیە کە سیستمێکی سیاسیی بەرتەسکە و تەنیا لەسەر بنەمای تاکەشوناسیی نەتەوەیەک بنیات نراوە؛ نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران هیچ جێگە و پێگەیەکیان لەم سیستمەدا نییە، نوێنەرایەتی ناکرێن، پەراوێز خراون و دەچەوسێندرێنەوە. تەنانەت دەسەڵات لە نێو ئەو بەشەشدا کە نوێنەرایەتیی دەکات، کۆدەنگی لەسەر نییە و لە نێوخۆشیاندا کۆک نین کە چۆن وەڵامی داواکارییەکانیان بدەنەوە. هەرکەسە و شتێک دەڵێت، هەرکەسە و ڕێکارێک دەخاتە ڕوو، هەر باندە و لە خەمی بەرژەوەندیی خۆیدایە و لە دەلاقەی بەرژەوەندیی خۆیەوە لە مەسەلەکان دەڕوانێت. بۆیە کێشەکان نەک چارەسەر نابن، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ کەڵەکە دەبن، قووڵتر دەبنەوە و پەرە دەستێنن.

ئابووریی داتەپیوی ئێران، ڕێک بەرهەمی ئەم ناسیستمبوونەی کۆماری ئیسلامییە؛ بەرهەمی شێوازێک لە بەڕێوەبەرییە کە هی قۆناغی پێش مەدەنییەت و پێش پەیمانی کۆمەڵایەتییە و بەرهەمی بەریەککەوتنی بەردەوامی باندەکانە لەگەڵ یەکتر. نە کۆدەنگییان لەسەرە و نە لە نێوخۆشیاندا کۆدەنگن.

## ڕەزبەری ٢٧٢٦

ئەمڕۆ ئەوەی بە ڕوونی لە ئێراندا دەبینرێت، دروستبوونی «کۆدەنگییەکی نەرێنی»یە لە دژیان؛ کۆدەنگییەک بۆ کۆتاییهێنان بە تاقمێک کە هەیئەتی حاکمە نییە و، بۆ ڕەتکردنەوەی ناسیستمێک کە خۆی وەک سیستم دەنوێنێت. ئەگەر تا ئێستاش ماوەتەوە، لە تۆکمەیی خۆیەوە نییە، بەڵکوو تەنیا بەرهەمی زەبروزەنگی گورگئاسایەتی بەرانبەر بە کۆمەڵگە و لاوازیی یەکگرتوویی دژبەرانی ئەم ڕێژیمەیە؛ پێکهاتەیەکی بێڕیشە کە لە بەرانبەر ڕاپەڕینی ڕێکخراوی خەڵکدا، دادەڕمێت.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

# خاونکار، خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی کورد و یارسان





**سارۆ خوسرەوی**

مێژووی کورد مێژووی ئەو بێدەنگییانەیە کە بەسەریدا سەپێنراون؛ حەقیقەت تێیدا زۆرجار ناچار بووە پەنا بۆ ئەشکەوت ببات بۆ ئەوەی لە سێبەری ئینکار و لە ئاگری تەکفیر دەرباز ببێت. بەڵام هەر لە دڵی ئەو تاریکییەدا، ساتێک هەیە ئەشکەوت خۆی دەگۆڕێت بۆ مەکۆی حەقیقەت.

مەرنۆ ئەشکەوت نییە، وێستگەیە؛ وێستگەیەک لەنێوان فەنا و بەقادا. چیرۆکی مەرنۆ چیرۆکی شمشێر و شەڕ نییە،

چیرۆکی لەدایکبوونەوەی نەتەوەیەکە لە دڵی بەرددا. ئەو شوێنەی ئەگەر سوڵتان سەهاک و سێ یارە وەفادارەکەی بەرگرییان نەکردایە، ڕەنگە ئەمڕۆ نە زمانێک مابایە، نە تەمبوورێک و نە ناوێک لە یارسان.

چیرۆکی مەرنۆ یەکێکە لە گرنگترین و شکۆدارترین گێڕانەوەکانی مێژووی یارسان، ئەو ساتە مەزنەی کە تێیدا سوڵتان سەهاک، پیر بنیامین، داود کەوسوار و پیر مووسی لە هەناوی یەک ڕووداودا لە مەرنۆ کۆ دەبنەوە.

لە دڵی ئەشکەوتی مەرنۆدا، لە ساتێکی چارەنووسسازدا، چوار چرای هەڵگیرساوی حەقیقەت لە یەک کۆڕدا کۆ بوونەوە. ئەوان بە سێ شەو و سێ ڕۆژ خۆڕاگری لە بەرامبەر سوپای چیچەکدا تەنیا بەرگرییان نەکرد، بەڵکوو مۆری نەمریی خۆیان لەسەر ناوچەوانی چارەنووسی کۆمەڵگەیەک نەخشاند؛ کۆمەڵگەیەک کە لەسەر شانی باری هەزاران ساڵ شارستانییەت و کۆڵەباری ناسنامە و فەرهەنگی نیشتەجێیانی زاگرۆسی هەڵگرتبوو. ئەو خۆڕاگرییە بوو بە میراتێکی نەمر لە مەعریفەت، لە خۆبەخشین و لە مانەوە لەسەر حەق.

خاونکار تەنیا جەژنێک نییە، خاڵی وەرچەرخانێکی چارەنووسسازە لە مێژووی یارساندا.

دەعوەتی پاشایەتی هەمان ئەو ڕۆژەیە کە چارەنووسی کۆمەڵگەی یارسان، دوای سەدان ساڵ بێدەنگی و شاراوەیی و نهێنی، گۆڕدرا و ڕێگەی حەقیقەت بە دەنگێکی بەرزتر جاڕ درا.

خاونکار هێمای ئەو حەقیقەتەیە کە حەق هەرگیز لە ئەشکەوتدا نامێنێتەوە. ئەو ڕۆژە لە مەرنۆدا، سوڵتان سەهاک و یارانی، حەقیقەتی یارسیانیان لە دڵی تاریکییەوە هێنایە ڕووناکی. دوای سەدان ساڵ بێدەنگی، دەنگی نیزامی پیر و پاشایەتی لە مێژوودا زرنگایەوە.

لە کاتێکدا دەیان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە چیاکانی زاگرۆسدا لە بەرامبەر هێزی فیزیکی و فەرهەنگی داگیرکەر و بێگانەدا تووشی شکست و لەناوچوون بوون، پیران و دانایانی یارسان بە پشتبەستن بە میراتە هەزاران ساڵەکەیان جارێکی تر سەریان هەڵدایەوە.

کاتێک سوڵتان و یارانی دوای سێ ڕۆژ خۆڕاگری لە ئەشکەوتی مەرنۆدا بە سەلامەتی ڕزگاریان بوو و ڕوویان کردە هەورامان، دەعوەتی پاشایەتی یان هەمان جەژنی خاونکار بەڕێوەچوو و ئەمەش بووە سەرەتای پەیمانی «بیاوبەس» و

**ڕەزبەری ٢٧٢٦**

ڕاگەیاندنی نیزامی پیر و پاشایەتی لە کۆمەڵگەی یارساندا.

گرتنی سێ ڕۆژ ڕۆژوو و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەزر و نیاز هەموو ساڵێک لە وەرزی پایزدا لەلایەن کۆمەڵگەی یارسانەوە، بۆ بەرزڕاگرتنی سێ ڕۆژ خۆڕاگریی سوڵتان و یارانی لە ئەشکەوتی مەرنۆدا، وەک نەریتێکی ئایینی جێگەیەکی پیرۆز و بەرزی هەیە. بەڵام هەرگیز نابێ لەبیر بکەین کە گرنگیی ئەم ڕۆژە تەنیا لە ڕۆژووگرتن و نەزر دابەشکردندا کورت نابێتەوە. ئەم ڕۆژە، ڕۆژی ڕزگارییە؛ ڕۆژی تواندوە و کاڵبوونەوە لە فەرهەنگی بێگانەدا نییە، بەڵکوو ڕۆژی قۆناغێکی سەختی خەباتە بۆ زیندوو هێشتنەوەی میراتێکی هەزاران ساڵەی خۆمان لە دڵی چیاکانی زاگرۆسدا.

لە ڕۆژی دەعوەتی پاشایەتیدا، زۆر گرنگە ڕۆحی بەرگری و تێکۆشانی ماندوونەناسانەی یارانی مەرنۆ بکەینە چرای ڕێگامان و بیکەینە هەوێنی گۆڕانکاری و چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە ژیانی خۆماندا. ئەم ڕۆژە دەبێ وەک ڕۆژی لەدایکبوونەوە، ڕۆژی ئازادی و ڕۆژی خۆڕاگری وێنا بکەین، نەک تەنیا وەک یادەوەرییەکی مێژوویی و باوەڕێکی سوننەتی و ئایینی.

## دەستکەوتەکانی بەرگریی مەرنۆ بۆ گەلی کورد و کۆمەڵگەی یارسان

لە کاتێکدا بەهۆی داگیرکاری و وێرانکارییەکانی خەلافەتی ئیسلامییەوە، زۆربەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی زاگرۆس بەرەو نەمان و لەناوچوون دەچوون و ئەو بەڵگەنامە و دەستنووسانەی کە میراتی فیکری و فەرهەنگیی کوردان بوون دەسووتێنران و لەناو دەبران، بزووتنەوەی یارسان وەک چرایەک لە دڵی تاریکی و بێئومێدیدا، دوای ڕووداوە گەورەکەی مەرنۆ سەری هەڵدا و بووە هەوڵێکی بوێرانە بۆ زیندووکردنەوە و پاراستنی ئەو میراتە.

## لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەم قۆناغە دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین:

١- **جاڕدانی نیزامی پیر و پاشایەتی:** بنیاتنانی بارەگا و جەمخانە وەک کۆڕی ڕاوێژ و ڕێکخستنی کۆمەڵگە، لەسەر بنەمای ئەنجومەنی جۆراوجۆر و کاری بەکۆمەڵ.

٢- **زیندووکردنەوەی زمانی کوردی:** زمانی کوردیی گۆرانی کە ڕەگی کۆن و پشتیوانی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردییە، دوای ڕووداوی مەرنۆ و ڕاگەیاندنی ئایینی یاری، بووە زمانی فەرمی و ئایینیی کوردان.



سەرچاوە
Serchawe

ڕەزبەری ٢٧٢٦

**٣- تەمبوور و حەفتا و دوو مەقام:** تەمبوور وەک ئامێرێکی پیرۆز، و حەفتا و دوو مەقامە ڕەسەنەکەی، لە گەورەترین و گرنگترین دەستکەوتە فەرهەنگی و هونەرییەکانی دوای ڕووداوی مەرنۆن.

**٤- یەکسانی و ئەخلاقی بێهاوتا:** یەکسانیی تەواو لەنێوان ژن و پیاودا و، پێناسەیەکی نوێ و بەرز لە ئەخلاق و مرۆڤایەتی، لە بەنرخترین دەستکەوتەکانی یارسانە کە لە مێژووی کورد و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی زاگرۆسدا کەموێنەیە.

**بەکورتی، ئەگەر بەرگرییە مەزن و مێژووییەکەی سوڵتان و یارانی لە ئەشکەوتی مەرنۆی شنرویێی هەورامان نەبووایە، هەرگیز ئەو هەموو دەستکەوتە گەورەیە بەدی نەدەهات. ئەم بەرگرییە تەنیا مانەوە و بوون نەبوو، بەڵکوو سەرەتای ژیانێکی دووبارە بوو.**

**ئێمە ئەمڕۆ میراتگرانی ڕاستەوخۆی ئەو سێ ڕۆژەین لە مەرنۆدا. خاونکار بە ئێمە دەڵێت ناسنامە دیارییەک نییە کەس پێمانی ببەخشێت؛ ئەمانەتێکە دەبێ بە خۆڕاگری بیپارێزین.**

**سەرچاوەکان:**

١- یار وریا «هفتاد و دو شرط یاری»، گردآوری، تحقیق و تدوین: سید محمد حسینی و سید حشمت آژنگ.
٢- طاهری، طیب (٢٠٠٩). تاریخ و فلسفه سرانجام فرهنگ یارسان: شرحی بر نحله‌های فکری و اعتقادی در کردستان. هەولێر: موکریانی.
٣- عالینژاد، سید خلیل. تنبور از دیرباز تاکنون.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ٢٧٣٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

